


# مەیخانەکەی ئۆرتینە

(عەشقەکەی شێخی سەنعان و کچەی گاور)

نەبەز گۆران


Search in نووسینی\'s posts
ئامادەکردنی
نووسینی کتێبەکان
EDIT
I
EDIT
نووسینی کتێبەکان
What city are you from?
Activity Log
Update Info

## سێ غەریبەکە

"هەر کەسێک گوتی من هەموو شت دەبینم، کوێرێکی تەواوە."

لەسەر دارێکی داتاشراو، دارەکە لە دیمەکێکی ئاسۆیی ناو دیوارێک دەچوو، کەمێک باریکتر، بە دوو گوریسەوە بەسترابوو بە کۆڵەکەکانی ئەمبەر و ئەوبەری دەروازەکەوە، لەسەر دارەکە بە خەتێکی کوفیی گەورە ئەو دێڕەی سەرەوە نووسرابوو، لە ژێر ئەویشدا بە خەتێکی شکستەی وردی هەڵکۆردرا و نووسرابوو "شاری *سەمعا*".

لەمبەر و ئەوبەری دەروازەکەوە، دوو ئەسپسوار چاودێریی ئەو ڕێبوارانەیان دەکرد کە دەهاتن و دەچوون، ئەسپسوارەکان بە دەستێکیان ڕەشوەی ئەسپەکانیان گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەیان شمشێری ناو کەلانەکەی قەدیان. یەکی کڵاوێکی ڕەش بەسەر سەریانەوە، لە ناوەڕاستی کڵاوەکەدا بە پەڕی سوور شێوەی کڵاوەکەی بۆ بورجێکی پڕ لە گوڵاڵەسووره گۆڕیبوو؛ کە باش لێیان ورد دەبوویتەوە لە کەڵەشێریش دەچوون. دیمەنی وەستانەکەیان و ڕەنگی جلەکانیان و عەبا سوورەکەی سەرشانیان، سەرنجی ڕێبوارەکانی بۆ خۆیان ڕادەکێشا.

شێخ بە خۆی و عەبا ڕەش و خامە سپییەکەی سەری، بەسەر ئەسپەکەوە ویقاری کەسێکی ئەفسانەیی دەهێنایە بەر دیدە. من و

غەرقانیی تەنبوورژەن بە دەموچاوێکی ماندوو و عارەقاوییەوە ئەملا و ئەولای شێخمان گرتبوو، لە دوورەوە تەماشات بکردینایە پێمانەوە دیاربوو ڕێبواری دوورین و غەریبین بەم مەملەکەتە. لە دەستەچەپی دەروازەکە هۆدەیەکی بە دار دروستکراو سەرنجی ڕاکێشام، پەنجەرەی هۆدەکە کەوتبووە سەر ڕێگە سەرەکییەکەوە. پاسەوانێکی شمشێرلەقەد بە هەمان جلوبەرگی ئەسپسوارەکانەوە لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستابوو، یەک دوو کەسیش بە دوای یەکدا ڕیزێکی بچووکیان لە بەردەم پەنجەرەکە دروست کردبوو. کە دوو هەنگاو چووینە ئەودیوی دەروازەکە، یەکێک لە ئەسپسوارەکان هاتە بەردەممان و بە زمانێکی پڕ لە ڕێزەوە لە شوێنی خۆمان وەستاندینی. پاشان ڕووی کردە شێخ و داوای لێ کرد پێویستە بەر لەوەی بچینە ناو شارەکەوە، سەرێک لەو هۆدەیە بدەین و لەوێ ڕێوشوێنی چوونە ناو شارەکەمان پێ دەگوترێت و بەبێ ئەو ڕێوشوێنانە چوونە ژوورەوە قەدەغەیە.

شێخ بە داواکە ڕازی بوو و سوپاسی ئاگەدارکردنەوەی کرد، هێواش لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و ڕەشوەکەی دایە دەستی من و پێشمان کەوت بۆ بەردەم پەنجەرەی هۆدەکە. گەنجێکی سەرتاشراوی ڕووخۆش لە ناو هۆدەکە لە پشت مێزێک دانیشتبوو، کە شێخی بینی لە شوێنی خۆی هەستایەوە و دەستی درێژ کرد، دەستی گوشی و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کرد. سەرەتا وام زانی دەیناسێت، کە دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لە شێوازی قسەکانی و هەڵسوکەوتی، بۆم دەرکەوت بە هۆی تەمەن و ڕیشە سپییەکەیەوە ڕێزی بۆ نواندووە. لە پوختەی ڕێپیشاندانەکانیدا بۆمانی ڕوون کردەوە، هەر میوانێکی بێگانە دێتە شارەکەوە پێویستی بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ڕێوشوێن و کاروبار هەیە؛ یەکێک لە ڕێوشوێنەکان بۆ میوانداری، دەبێت کەسی میوان دیاری بکات چەند ڕۆژ دەمێنێتەوە، یان چەند هەفتە و مانگ، تا ئەوانیش بە پێی داخوازیی میوانەکە ڕێگەی مانەوەی پێ بدەن.

جەنابی **شێخی سەنعان** بۆ گەنجەی ڕوون کردەوە: "ئێمە سێ کەسی بڕوادارین، هاتووین بۆ ئەم شارە تا یەکێک لە خانەقاکاندا خزمەتی بڕوا و خودا بکەین." گەنجەی سەرتاشراو لە وەڵامدا گوتی: "**شێخ** بە هۆی تەمەنەکەیەوە پێویست ناکات هیچ ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر، لە فەرمانی میوانداری لەم شارە لە ئەنجوومەنی شارەوە دەرچووە، لە فەرمانەکەدا تەنیا باسی ئەوانە دەکات کە تەمەنیان لە سەرووی بیست ساڵ و خوارووی شەست ساڵەوەیە. پێیان وایە مرۆڤ بیەوێت خراپەیەک ئەنجام بدات، لەم تەمەنەدا ئەنجامی دەدات." بۆیە **شێخ** پێویستی بەوە نییە هیچ بکات و ئێمەی دوو شاگرد دەبێت بەو ڕێوشێنانەدا تێپەڕین.

پەڕاوێکی کردەوە و لە ناو پەڕاوەکەدا تیانووسێکی هەڵدایەوە و خستیە بەردەممان، یەکەم جار من نەخشەی ناو تیانووسەکەم بە پێی پرسیارەکانی ناوی پڕ کردەوە. نەخشەی ناو تیانووسەکە چەندین پرسیاری تێدا بوون، لەسەر ناو، تەمەن، شوێنی لەدایکبوون و هۆی هاتن بۆ شارەکە. هەموو پرسیارەکانم بە ڕێکوپێکی وەڵام دانەوە و گەنجەی سەرتاشراویش بە وردی بە وەڵامەکانی مندا دەچووەوە و سەرنجەکانی خۆی لەسەر وەڵامەکان دەدایە من.

بە دوای مندا **غەرقانیی تەنبوورژەن** هەمان پرسیارەکانی منی لێ کرا و بەشەکەی خۆی پڕ کردەوە. کە تیانووسە پڕ لە پرسیارەکانمان پڕ کردەوە، مۆرێکی دەرهێنا و داوای کرد قۆڵی کراسەکانمان هەڵبکەین و یەکی مۆرێکی شینی دا لە مەچەکمان؛ زانیاریی پێ داین ئەو مۆرە دوای پانزە ڕۆژ کاڵ دەبێتەوە، گەر نیازمان بوو زیاتر بمێنینەوە، گەرەکە بۆ تازەکردنەوەی بگەڕێینەوە هەمان شوێن و جارێکی دی مۆر لە مەچەکمان بدەینەوە، بە سەرپێچیکردن لەم فەرمانە بە هەڵهاتوو هەژمار دەکرێین. ڕەنگی مۆرەکە سوورێکی تۆخ بوو، لە شێوەی ئەستێرەیەکی پێنجپاڵووی داودی. لە ناو ئەستێرەکەدا خاچێک

و مانگێک بەسەر خاچەکەوە دیار بوون، لە خوارەوەی خاچەکەش بە نووسینێکی بازنەیی نووسرابوو "شاری سەمعا".
کارەکانمان تەواو کرد و بەرەو ناوەوەی شارەکە وەڕێ کەوتین. کەمێک لە دەروازەکە دوورکەوتینەوە و شێخ مەچەکی گرتم و سەرنجێکی مۆرەکەی سەرمەچەکمی دا، بە پێکەنینەوە گوتی: "غەزنەوانی بنووس، خورت و خۆڕا مۆری هەموو ئایینەکانیان لە دەستت دا، تا پانزە رۆژی دیکە پیاوێکی فرەئایینیت. دەبێت ڕۆحی خۆت پارچەپارچە بکەیت بەسەر ئایینەکاندا، تازە تۆ وەک شارەکەت لێ هاتووە؛ چۆن شارەکەیان شوێنی ئایینە جۆراوجۆرەکانە، ڕۆحی تۆش دەبێ شوێنی گشت ئایینەکانی تێدا ببێتەوە. بڕواداری ڕاستەقینە لە شار دەچێت، ڕۆحی پڕە لە ئایینەکان و نایەوێت ئایینێک هەڵبژێرێت و نەفرەت لەوانی دیکە بکات. تا ڕۆحت وەک شاری لێ نەیەت و شوێنی گشت بڕواکانی تێدا ببێتەوە، لە ڕێبازەکەی من تێناگەیت؛ بڕوادار لە خۆی ڕازی نابێت ئایینێک ڕەت بکاتەوە ئاینی خودابێت. مۆری شارەکە نیشانەیە بۆ شارێک کە شوێنی بڕوا جیاوازەکانە، دەی تۆش ڕۆحت بکە بەو شارە." پێکەنینێکم بۆ کرد و بە شەرمەوە قۆڵی کراسەکەم دادایەوە و مۆرەکەم شاردەوە.
نازانم کێ یەکەم جار بڕیاری دروستکردنی شارەکەی دابوو، هەر کەسێک بووبێت ژیرانە شوێنەکەی هەڵبژاردووە؛ شارەکە بە کەناری چیایەکی بەرزەوە بوو، ڕووبارێک بە بەردەمیدا تێدەپەڕی و ڕووبارەکە ببووە پەرژینێکی گەورە لە بەردەم شارەکەدا. بە هۆی ڕووبارەکەوە سوپا گەورەکان نەیاندەتوانی بە ئاسانی بێنە ناو شارەکەوە. تاقە ڕێگە و دەروازەش کە شارەکەی دەبەستەوە بە زەوییەکانی دەرەوەی خۆی، ئەو دەروازەیە بوو ئێمەی لێوە هاتینە ژوور. دەروازەکەش پردێکی بە تەختە دروستکراو بوو، پردەکە بە وردەکارییەکەوە دروست کرابوو. شەوان ڕایان دەکێشایەوە دواوە و ئیتر بۆ کەس نەبوو تا بەیانی بێتە ناو شارەکەوە. میوان و

کاروانچییەکان فریا نەکەوتنایە بە ڕۆژدا بێنە ناوەوە، شەویان بەسەر بهاتایە دەبایە تا بەیانی لەوبەر ڕووبارەکەوە چاوەڕێ بن پردەکە بکرێتەوە. بەیانیان پردە دەکرایەوە و میوان و کاروانچییە چاوەڕوانکراوەکان ڕێگەیان بۆ خۆش دەکرا بێنە ژوور.
لە دوورەوە کۆشکە سپی و بەرزەکەی نزیک لوتکەی کێوەکە و خانووە لەسەر یەک هەڵچنراوەکانی دەوروبەری کێوەکە، دیمەنی شارەکەیان بەو قەتپاڵەوە کردبووە دیمەنی کوورەی هەنگێک بەسەر لقی درەختێکەوە. لە دوورەوە خانووەکانی دەوری کێوەکە، چۆن دەفرێک هەنگوین دەڕژێت و دەوروبەری دەفرەکە دەتەنێت، ئاوا ماڵەکان، پەرستگەکان، مزگەوت و کڵێسەکان دەوری کێوەکانیان تەنیبوو. لە ناو ماڵەکانیشەوە منارە و زەنگی کڵێسەکان سەریان دەرهێنابوو، لە قولەی پاسەوانی نزیک دەروازەی شارەکە دەچوون.
دەرختە بەرز و پڕ لە ڕەنگەکانی سوورەچنار ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگە بەبەردچنراوەکەی چوونە ناو شاریان داپۆشیبوو، درەختەکان بەشێک لە لقەکانی خۆیان شۆڕ کردبووە سەر ڕێگەکە و خۆیان دەکێشا بەسەری ڕێبوارە ئەسپسوارەکاندا. بەدەم ڕۆیشتنەوە، جاربەجارە بایەکی فێنک دەهات و گەڵا هەڵوەریوەکانی لە تەک خۆیدا هەڵدەگرت و دەیئالاند لەو ڕێبوارانەی بەسەر ڕێگەکەوە بوون. یەکێک بەسەر ئەسپەوە گۆرانی دەگوت، یەکێک کۆڵ بە کۆڵیەوە، یەکێک بەسەر عەرەبانەکەوە قامچی لە ئەسپەکانی ڕادەوەشاند و لێی دەخوڕین، یەکێک پاڵی بە عەرەبانەیەکی پڕ لە دانەوێڵەوە دەنا؛ لەو کاتانەی خەریکی وردبوونەوە بووم لە ڕێبوارەکان، **شێخ** لایەکی بۆم کردەوە و لێی پرسیم:
- **غەزنەوانی بنووس**، هەست بە چی دەکەیت؟
- چی بڵێم قوربان! لە تەمەنمدا یەکەم جارە شاری وا ببینم. خەتای منە لە شارەکەی خۆمان مەیلی چوونە دەرەوەم نەکردووە، دونیا لای من تەنیا شارەکەی خۆمان بوو، کەچی دونیا لەوە گەورەترە لە

شارێکدا تەمەنت تەواو بکەیت. داخەکەم بۆ دایک و باوکم، بە منداڵی تا پیری لە یەک شوێندا ژیان و شوێنی جیاوازیان نەبینی. خۆزیا ئێستا هاوسەفەرمان بوونایە و بە دڵی خۆیان تەماشای دیمەنی ئەم شارە جوانەیان بکردایە.

- نا کوڕم، شارانی زۆر هەن لەم شارە جوانترن، گوناهی تۆ نییە سەرسامی بەم دیمەنانە و گوناهی تۆش نییە هەنگاوێک لەودیو شارەکەی خۆتت نەدیوە؛ گوناهی ژیانە دونیای لە بەرچاوت کردبووە یەک شار، گوناهی ئەوەیە تۆی پەڕوباڵ کردووە و لە یەک شاردا قەتیسی کردویت. ئەو چۆلەکەیەی ئارەزووی فڕین ناکات و بە شوێن قەفەزدا دەگەڕێت، باڵندەی وڵاتەکەی منە. ئەو مرۆڤەی نایەوێت دونیا ببینێت و شارەکەی خۆی دەکاتە قەفەزی تەمەنی، خەڵکی وڵاتەکەی منە. تەنیا خەڵکی وڵاتەکەی تۆ وا نین کە لەشارەکەی خۆیان نەچنە دەر، خەڵکی وڵاتەکەی من لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆشیان هەست بە غەریبی دەکەن. کەسێکم نەبینی خەڵکی وڵاتی من بێت و جگە لە ماڵەکەی خۆی شوێنێکی تری ئەم سەرزەمینە بە شوێنی خۆی بزانێت و خۆی بە غەریب نەبینێت. بۆیە لەگەڵ خۆمم هێنای، ویستم بۆ یەکەم جار تامی فڕین بکەیت، سەفەر فڕینە. ئەمەش بوو وای کرد لە ناو شاگردەکانمدا تۆ هەڵبژێرم، نیازم بوو لەو قەفەزە بتهێنمە دەرەوە. تەنها وانە و کتێبەکان چاو و مێشک ناکەنەوە، سەفەر باشتر لە کتێبەکان چاو و مێشک دەکاتەوە. پەلەت نەبێت، ماوەیەکی کە دەزانیت چیم گوتووە و بۆچی تۆم هێناوە. ئەمە سەرەتای سەرسامیتە، ئەوەی نەتبینوە و نەتبیستوە، دەیبینیت و دەیبیستیت.

بەدەم قسەکردنەوە دەستی ڕاکێشا بۆ ماسیگرەکانی ناو ڕووبارەکە، بە خۆیان و بەلەمەکانیانەوە سەرقاڵی گەرانبوون بە شوێن ماسیدا. گوتی: "دەزانی غەزنەوانی **بنووس**، مرۆڤ لە بەلەم دەچێت، گەر لە شوێنێک بیهێڵیتەوە و نەهێڵی بجوولێت، پاش ماوەیەک دەڕزێت و کەڵکی هیچی نامێنێت. تا نەبیتە بەلەمێکی ڕزیوو، دەبێ ڕووبار و

دەریاچەکان تەی بکەیت. مرۆڤ بە گەڕان بە شوێنەکاندا ڕۆحی تازە دەبێتەوە و مەیلی تامکردنی ژیان دەکات. لەگەڵ ئێوەمە، تامکردنی ژیان بە خوانی ڕازاوە و کۆشک و گیرفانی پڕ نییە، تامکردنی ژیان چێژبینینە لەو سروشتە ئاساییەی دەیبینیت. سۆفییەکانی سەر بە تەریقەتی ئێمە، پشت لە دونیا ناکەن، خەڵک هەڵە تێگەیشتووە، پشت لە چێژ ناکەن، ڕوو لە دونیا و لە چێژێک دەکەن خۆراکی رۆحە، تامی ڕاستەقینەی ژیانە و بە هەموو کەس ناکرێت. بۆ خۆتان تامی ژیانە ئاساییەکە بکەن، با بە ڕزیوی ئەم دونیایە جێ نەهێڵن. چێژ لە خواردندا نییە، لە سروشتدایە. گۆشەگیری پشتکردن نییە لە دونیا، وردبوونەوەیە لە دونیا. خەڵک سۆفییەکان بە گۆشەگیر و دوور لە دونیا دەبینن، لە کاتێکدا سۆفییەکان ئەوانەن کە بە ڕاستی چێژ لە ژیان و لە تێگەیشتن لە دونیا دەبینن."

پێکەوە من و **غەرقانی** بە باشی گوێمان لێ گرتبوو و سەرمان بۆ ڕادەوەشاند. گوێگرتن لە قسەکانی ئەو، حەپەسانی خۆم لەو دیمەنە جوانانەی شارەکەم بۆ نەدەشاردرایەوە. ڕاستە **غەرقانیی** **تەنبوورژەن** خزمەتکار بوو، منیش تەنیا میرزایەکی بنووسی **شێخی سەنعان** بووم، بەڵام هەڵسوکەوتی **شێخ** شێوەیەک بوو، هەستم بەوە نەدەکرد **غەرقانی** خزمەتکارە و من شاگردێکی بنووسم. وەک دۆستێک، وەک کوڕی خۆی لەگەڵمان دەجووڵایەوە، ئارەزووی بوو چی بزانیبایە پێمان بڵێ. ئەو سەرتاپای تەمەنی پیاوێکی زاهیدی گۆشەگیر بوو، نەوەیەکی پاش خۆی جێ نەهێشتبوو، تەنیایی و ڕەبەنییەکەی گەیاندبوویە دۆخێک بەس لە کاتی نوێژەکان و زیکرەکاندا لە ناو خەڵکدا دەبینرا، باقی کاتەکانی کەی لە گۆشەیەکی هۆدەکەی خۆی، بە ناو کتێبە ئەستوور و زەردەکاندا دەگەڕا، یان منی بانگ دەکردە لای خۆی ئەندێشەکانی بۆ بکەم بە پیتی جوان و لەسەر تیانووسێک بۆی بنووسم.

هێشتا کۆڵانی ماسیفرۆشەکانی قەراغشارەکەمان جێ نەهێشتبوو، لوتمان تەقی بە کۆڵانێکدا، لەسەر خشتە سوورەکانی نووسرابوو

"کاروانسەرای شار". کۆمەڵێک کۆشکی گەورەگەورە لە تەنیشت یەکەوە ڕیزیان بەستبوو، چەندین کەس لە حەوشە و بەرحەوشەی کۆشکەکاندا، لەسەر مێزی خڕخڕ کە بە تەختە دروست کرابوون، دەوری یەکتریان دابوو و بادەیان دەنۆشی. بە سەیرکردنێکی بادەنۆشەکان تەزوویەک هات بە سەرتاپای گیانمدا، ئاخر لە شارەکەی ئێمە هەرگیزا و هەرگیز چاوت بە دیمەنی وا و خەڵکی وا نەدەکەوت، وا ڕاهێنرابووین بادەنۆشین هیی کەسانێکە لەم دونیایەدا دۆڕاون، بۆ پڕکردنەوەی دۆڕانەکەی خۆیان بادە دەنۆشن تا کەمێک دۆڕانەکەیان بەو مەستییە لە بیر بکەن. وا درابوو بە گوێماندا بادە هیی ئەم ژیانە نییە و بۆ کەسێکە لەم دونیا بە پاکی گوزەراندبێتی و لەو دونیا بە کەیفی خۆی بنۆشێت. خۆم نەگرت و ڕووم کردە شێخ، لێم پرسی: "هەست ناکەی ئەم شارە شاری ئێمەمانان نییە؟" ئەوەی چاوەڕوانم نەکرد، پێکەنینەکەی شێخ بوو بە پرسیارەکەم و بەرگەنەگرتنم لە تەماشای بادەنۆشەکان. خۆیئاسا دارەکەی لە دەستی چەپیەوە دایە دەستی ڕاستی و دەستێکی هێنا بە ڕیشە سپی و تەپوتۆزاوییەکەیدا و کەوتە قسەکردن: "ئەم شارە شاری خەونەکەی منە، شار کە بوو بە قەفەز بۆ یەک جۆر باڵندە و یەک جۆر بڕوا، شار نییە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بە باشی خۆی ببینێت و بە باشی خۆی بناسێت، ناکرێ لە شوێنێکدا بژی خەڵکەکەی دەوروبەری هەمان ئایین و هەمان بڕوا و هەمان ژیانیان هەبێت. تۆم نەهێناوە بۆ ئەم شارە تا شتێکت بینی لە شارەکەی خۆت نەچوو نەفرەتی لێ بکەیت، تۆم هێناوە ببینی، ببیستی، ئەزموون بکەیت. بڕواداری ئەوە نییە لە ناو بڕواداران بیت و بڕوادار بیت، بڕواداری کاتێک بڕواداریيە، لە ناو بێبڕواکاندا بۆ بڕوایەکی ڕاستەقینەی پاک بگەڕێیت. کە توانیت بڕوا و ئایین لە یەکتر جیا بکەیتەوە، توانیت دیمەنێک وەک خۆی ببینی و گومانی خراپی لێ نەکەیت، دەتوانی خۆشت لە ناو پاکیدا ببینیتەوە. نابێ شاگردی من لەوانە بچێت کە لە ئایینەوە تەماشای

ژیان دەکەن، شاگردی من کەسێکە هەنگاوێک لە ئایین دوور دەکەوێتەوە و بە بڕواوە تەماشای ژیان دەکات. کێ دەڵێ ئەو بادەنۆشانەی لە بەرچاوی تۆ جێگەی بەزەیین، لە بەرچاوی خودا جێگەی ڕێز نین؟ کێ دەڵێ ئەوان لە من و تۆ زیاتر خۆشەویستی خودا نین؟ ئێمە چوزانین، خودا لە ناو دڵەکاندایە و ناتوانین بیبینین، بڕیار لەسەر شتێک مەدە بە چاو نابینرێت."

بە باشی تێنەگەیشتم، لە ڕووم نەدەهات تێنەگەیشتنەکەی خۆمی بۆ دەربخەم، سەرێکی ڕەزامەندیم بۆ لەقاند و لە کوڵ خۆمم کردەوە. بە کۆڵانی کاروانسەراکەدا تێپەڕین، لەوسەری کۆڵانەکەوە پیاوێکی عەبالەشانی سەروسمێڵتاشراو تەنیا وەستابوو، تەماشای خەڵکی دەکرد. شێخ سڵاوێکی لێ کرد و ئەویش بە دەنگێکی ناخۆشەوە وەڵامی دایەوە.

لە کابرای پرسی: "لە کوێوە بڕۆین دەمانگەیەنێتە *خانەقای حەللاج؟*"

کابراش تۆزێک سەری خۆی خوراند و بە گاڵتەپێکردنێکەوە وەڵامی دایەوە: "لە هەر مەیخانەیەک لا بدەن ئەو مەیخانەیە *خانەقای حەللاجە.*" لە شوێنی خۆمەوە قسەکەیم زۆر لە لا گران بوو، ویستم بەرەو ڕووی بڕۆم، شێخ دەستی گرتم. خۆی چووە بەردەمی و زۆر بە هێمینەوە لە وەڵامیدا گوتی: "دە زۆر باشە، کەوایە ئێمە ئەهلی مەیخانەکەی حەللاجین. پێمان بڵێ، ئەو مەیخانەیە لە کوێیە؟" کابرا بێ ئەوەی بە خۆیدا بچێتەوە و تەریق ببێتەوە، دەستێکی بە لای ڕاستدا بەرز کردەوە و ئاماژەی دا بەو ڕێگەیەدا بچین دەمانگەیەنێتە بەردەم دەرگەی ئەو مەیخانەیە.

ڕێگەکە ئەوسەری دیار نەبوو، لە نیوەی ڕێگەکەدا کەوتینە ناو بازاڕێکی دوور و درێژەوە، گومانم هەبوو ڕاستیی پێ گووتبین. ناوبازاڕەکە جمەی دەهات، چی میللەتی دونیا هەیە بە خۆیان و جلوبەرگیان، بە خۆیان و زمان و شێوەیانەوە لە ناو بازاڕەکەدا دەبنیران. لە بازاڕی شارەکەی خۆمان جگە لە ڕەنگی ڕەش و ڕەنگی

سپی، به دەگمەن چاوت بە ڕەنگێکی دیکە دەکەوت، کەچی لەم بازاڕەدا چی ڕەنگی دونیا هەیە بەسەر یەکدا ڕژابوون. بۆنی ئالەت، شوتی قاژکراو، خەیاری گوڵبەدەم، قاژەکاڵەک، خورمای ناو سوزگەکان و هەزاران بۆنی جیاجیا دەهاتن بەسەرتدا. کۆمەڵێک کچی شۆخی چاوڕەش، یەکی کراسێکی سووری پڕلەگوڵی سپییان لە بەردا بوو، بەشێکی کراسەکەیان دابوو بە شانیاندا و بەشێکی شانیان بە دەرەوە بوو، مەچەک و پووزیان بە خەنە نەخشی جۆراوجۆری لەسەر کێشابوو. لە دەوری بەقاڵێک کۆ ببوونەوە، تریکەتریک سەودای کڕینی شتومەکیان دەکرد. تریکەی پێکەنینەکانیان ئەو ناوەی ئاوەدان کردبوویەوە. قژە ڕەش و درێژەکانیان تا سەر سمتە خڕ و بچووکەکانیان هاتبوو. وا سەرنجیان ڕاکێشام، حەزم دەکرد چەند ساتێکمان پێ بچێت تا لەو ناوە ڕەت دەبین. دیار بوو بە جۆرێک تەماشام کردبوون، چ شێخ و چ غەرقانیی تەنبوورژەن هەستیان پێم کردبوو؛ ڕۆ چووبوومە ناو تەماشای جوانییەکەیانەوە.

غەرقانی دەستی خستە سەر شانم و چرپاندی بە گوێمدا: "لە شێخ شەرم ناکەیت، لە خودا شەرم بکە! هێشتا نەهاتوینەتە ناو شارەکەوە، خەریکە جوانیی دوو کچ بڕوات دەبەن." لایەکم بۆ کردەوە و شەرمم لە خۆم هات. قسەکەی تەواو کاری تێکردم، کەوتمە بیرکردنەوە لە ناخی خۆم، هەستم کرد من بەرگەی جوانییەکان ناگرم، ناتوانم جوانییەک ببینم و تێر بە کامی دڵ تەماشای نەکەم. بۆ دەبێت تەماشاکردنی گوڵە جوانەکان، تەماشاکردنی ئاسمان و ئەستێرە و هەورە جوانەکان، تەماشاکردنی باخ و میوە جوانەکان، تەماشاکردنی سروشتی جوان ئاسایی بێت و تەماشاکردنی ژنێکی جوان گوناه بێت؟ جوانی هەر جوانی نییە؟ بۆ دەبێت بۆ یەکێکیان گوناه بێت و بۆ ئەوی تریان حیکمەت بێت؟ جوانیی ژنێک و گوڵێک چ جیاوازییەکی تێدایە؟ ژنەکان بە جوانی لەدایک دەبن، چاوەکانیش ئارەزوویان تەماشاکردنی جوانییە. خۆی لە بنەڕەتدا ژنی ناشیرین بوونی نییە،

ژنەکـان یـان جـوانن یـان میهرەبـانن، ئەی تەماشـاکردنیان کـێ کردوویەتی بە گوناە؟ لە ناو خۆمدا بە شوێن گومانی ئەم پرسیارانەدا دەگەرام و وەلامێکم شک نەدەبر قاییلم بکات جوانییەکان جیاوازییان تێدایە.

هەتـا لە بـازارەکە تێپەرین چـاوم پڕ بـوو لە تەماشـاکردنی جـوانی، مێشکم پڕ بوو لە پرسیار و گومان، خەیالم لێوانلێو بوو لە تامکردنی ژیان، لوتم پڕ بوو لە بۆنی جیاجیا، هەستم قولپی دەدا، تازە بوومەوە. لەوانەیە ندیوبـدی بـم، لەوانەشـە ئەو شـارەی مـن بینیـم، ئێـوەش بتانبینیایە لە من سەرسامتر بوونایە. مەستی چییە؟ مەستی هەر ئەوە نییە بچیتە مەیخـانەیەک و بـادە بنۆشـی تـا مەسـت دەبـی، لە دەروازەکەوە تا ئێرە سێ جار مەست بووم و بەری دام؛ جارێک بە بینینـی خانووەکـانی قەتپـاڵەکە مەسـت بـووم، جارێـک بە بینینـی ماسیگرەکان، جارێک بە بینینی بازاڕ و کچە خاڵ لەڕووەکان. لە ژیانم نەچوومەتە مەیخـانە و تـامی مەی و مەسـتیی مەیخـانەم نەکردووە، دەشتوانم سوێند بخۆم زیاد لە هەموو مەستەکانی نـاو مەیخانەکان ئەمڕۆ مەست بووم. لەو کەسانەم بە بینینی جوانییەک مەست دەبم، مەی مرۆڤەکـان مەسـت ناکـات، ئارەزوویـان دەجوولێنێـت. ئەوە جوانییەکـانن مـرۆڤ مەسـت دەکەن، مەسـتییەک لە سـووچێکی یادەوەریدا دەمێننەوە و لە تەنیایی و بێتاقەتیدا سەرێکیان لێ دەدەیت و دەیانهێنیتەوە بەردەم خۆت. ئەوە مەستییە جـوانییەک بە مرۆڤـی دەبەخشێت.

کۆتـایی بـازاڕەکە بەسـترابوو بە بـاخێکی گەورەوە، کە دەگەیشتیتە ئەوسـەری بـازاڕەکە، دەکەوتیـتە نـاو بـاخێکەوە، هەڵـووژە زەرد و سوورەکان و گیلاس و قەیسییەکان خۆیان بەسـەر رێگەکەدا شۆڕ کردبـووەوە. هەنـدێکیان ئەوەنـدە گەییبـوون، بە لقەکـانەوە خۆیـان نەگرتبوو کەوتبـوونە خـوارەوە، رێبوارەکـان پێیـان پێدا نـابوون و پلیشابوونەوە. چاوم لێ بوو شێخ خۆی نەگرت و بەدەم ڕۆیشتنەوە

جارەجارە دەستێکی دەبرد و هەڵووژەیەک، قەیسییەک، گێلاسێکی لێ دەکردەوە و دەیخستە ناو دەمیەوە. من و **غەرقانی**یش چاومان لەو کرد و بێڕەحمانە کەوتینە لێکردنەوەی میوە و تامکردنی بەری درەختەکان.

خەیلێک بەدەم خواردنی میوە شۆڕبووەکانی سەر ڕێگەکەوە ڕۆیشتین.

گەیشتنیە بەردەم دەروازەیەک، دەروازەکە کەوتبووە سەر ئەم سەری حەوشەیەکی درێژ کە دیوارەکەی بە بەردی ڕەش دروست کرابوو، دەروازەی حەوشەکە لەو دەروازە کۆنانە بوو وەستا دەستڕەنگینەکان بە داری توو دروستیان دەکرد. لەسەر دەروازەکە بە خەتێکی درشتی کوفی نووسرابوو *خانەقاکەی حەللاج*.

شێخ لە بەردەمیدا وەستا و ماچێکی دەروازەکەی کرد و لە بەر خۆیەوە دەستی کرد بە قسەکردن: "ئۆخەی گەیشتینە مەنزڵی خۆمان. ئێرە دەبێتە ماڵی ئێمە، ماڵێک دەتوانن ڕۆحتانی تێدا پەروەردە بکەن. لەم شارە جوانەدا بەقەد چۆلەکەکان ئایین و مرۆڤی جیاواز هەیە، بەقەد ماڵەکان بڕوای جۆراوجۆر هەیە، بارتەقای ماسیگرەکان پیاوکوژ و خراپەکاری لێیە، ئەمە ئەو شوێنەیە لە خەونەکەمدا منی بۆ ڕادەکێشرا پێی بگەم، خودا دەست بە باڵمانەوە بگرێت و کارێک نەکات بە بەتاڵی بگەڕێینەوە. ئێرە شوێنی تاقیکردنەوەی منە، خودا بکات ئێوەش سوودێک لەم حاڵەی من ببینن. ماڵێک بۆ ئەوە دروست کرابێت مرۆڤەکان دەستە دەستە بێنە ناوی و لە ئارامی و هێمنی و میهرەبانی نزیک ببنەوە، ئەوە ماڵی خودایە. ماڵێکیش بەناوی ئەوە کرابێتەوە و بووبێتە شوێنی ئاشوب، چاودێریکردنی ژیانی خەڵک و خاڵیکردنەوەی مرۆڤ لە میهرەبانی و پڕکردنی لە ڕق، ئەو ماڵە هەزار ناوی خودای لەسەر نەخشێنرابێت نابێتە ماڵی خودا. ئێمە هاتووینەتە ئەم ماڵە، نامانەوێت دەستەی دووەم بین، دەستەی یەکەم

دەبین. کوڕینە پێش ئەوەی هەنگاو بنێنە ژوورەوە نییەتێکی باش بخەنە دڵتانەوە."

کەسمان نەمانزانی مەبەستی چییە و چی گوت کردمان. بۆ خۆم نەشمدەزانی بۆچی ئەم سەفەرە هات بەسەریدا و بۆچی ئێمەی لە تەک خۆیدا هێنا، تەنیا لەسەرم بوو سەرلەئێوارەیەک ئاگەدار کرامەوە کەلوپەلەکانم بۆ سەفەرێکی دوور بپێچمەوە و خۆم ئامادە بکەم، لەم نزیکانە دەکەوینە ڕێ. وەک شاگردێکی گوێڕایەڵ نە پرسیم و نە گومانم کرد و نە گوتیشم بۆچی. دڵنیام **غەرقانیی تەنبوورژەن**یش وا بوو. بە گەیشتنیمان بۆ بەردەم دەروازەی خانەقاکە، هەستم کرد گومانەکەم لە کابرای عەباڵەشانی سەرتاشراو لە جێی خۆیدا نەبوو، چونکە ناونیشانەکەی بە ڕاستی پێ دابووین.

شێخ هەنگاوی نا بەرەو حەوشەکە و منیش ڕەشوی ئەسپەکەم دایە دەست **غەرقانی** و دەستم کرد بە داگرتنی باری سەر پشتی ئەسپەکە. کۆڵەکەی خۆشم داگرت و لەودیو دەرگەی دەروازەکەوە، یانی ناو حەوشەکە، کەلوپەلەکانم دانان. تا **غەرقانی** ئەسپەکەی بەستەوە کەمێک خۆم تەکاند و دەستێکیشم هێنا بە سەروسیپاڵی خۆمدا.

بە چوونە ژوورەوەمان جەنابی **شێخ** بەرەو حەوزەکە چوو، لە قەراغ حەوزەکە لەسەر یەکێک لەو کۆتەرانە دانیشت کە لە چوار دەوری حەوزەکە بۆ دانیشتن دانرابوون. قاچەکانی خستە ناو ئاوەکەوە و دەستی کرد بە شووشتنی ڕوخساری. ئێمەش بە شوێنیدا ڕۆیشتن و خۆمان فێنک کردەوە. هێشتا بە باشی خۆم لە تەپوتۆزی ڕێگەکە پاک نەکردبووەوە، چاوم لێ بوو لە هەیوانی بەردەم خانەقاکە، کۆمەڵێک موورید و دەروێش و فەقێ وەستابوون لە ئێمە ورد دەبوونەوە. کە هەرسێکمان ئاهێک هاتەوە بە بەرماندا و تۆزێک ماندوویەتیمان ڕەوییەوە، **شێخ** هەستا بەرە و مەجلیسی فەقێ و سۆفییەکان ڕۆیشت و ئێمەش دوای کەوتین. لەگەڵ سڵاو لە حازرییان هەستانە سەر پێ و بە فەرموو فەرموو ئێمەیان بردە سەرەوە.

یەکێک لە سۆفییەکان ڕووی کردە **شێخ** و پرسی: "پێدەچێت لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتبن." شێخیش لە بەرسڤی قسەکانیدا سەرێکی بۆ لەقاند و بەڵێیەکی بۆ کرد. سۆفی خۆی بە خاوەنماڵ دەزانی و درێژەی دایە، بە خۆلارکردنەویەک خولقی کردین چ ئەمریکمان هەیە بۆی جێبەجێ بکەین. **شێخ**یش لێی پرسی: "کێ گەورەی ئەم خانەقایەیە؟" سۆفی دەستی کرد بە باسکردنی مەلایەک، ناوی **مەلا بەیجووری**ە و ئێستا جەنابیان لێرە حازر نییە و لە هۆدەکەی خۆی خەریکی خوداپەرستی و زیکرە. گەر ئێمە چاوەڕێ بکەین دەچێت دەیهێنێتە خزمەتمان.

سۆفی هەستا ڕۆیشت مامۆستا بانگ بکات. چاوێکم بە حەوشە و بەرینیی خانەقاکەدا گێڕا، لەوسەری حەوشەکەوە تا ئەمسەری، بە چواردەوریدا درەختی سوورەچنار بوون. لە ناوەڕاستی حەوشەکەش شاتوویەکی گەورە خۆی توند ڕاگرتبوو، بە لقە پڕلەگرێ و جیرەکانی باڵی بەسەر نیوەی حەوزەکەدا کێشابوو. خشتە سوورەکانی ناو حەوشەکە ببوونە فەرشێک لە سەیرکردنیان تێر نەدەبوویت، لە ڕژانی ڕەنگێکی سوور دوچوو، لەشوێنێک زۆر تۆخ بێت و ڕۆژگار کاڵی کردبێتەوە. حەوزە شین و کۆڵەکە بە بۆیاخ شینەکانی ناو هەیوانەکە ڕەونەقی خانەقاکەیان گۆڕیبوو بۆ یەکێک لەو نیگارە کۆنانەی کاتی خۆی لە ناو کتێبە کۆنەکەی هەزارویەک شەوەدا بینیبووم.

جیرەی کرانەوەی یەکێک لە دەرگەکان هات، سۆفی بە فەرمووفەرمو، پیاوێکی کەڵەگەتی ملبەرزی ڕیشخەنەکراوی پێش خۆی خستبوو. دەستێک جلی پاکستانی لە بەردا بوو، سەری تۆزێک ڕووتابووەوە، ڕیشەخەنەکراوەکەی و سمێڵەکورتکراوەکانی خوار لوتە زلەکەی، وای لێ کردبوو لە مەیتەرەوانی ئەسپێک دەچوو، نەک مەلای خانەقایەک. کە نزیک کەوتەوە بە ئەدەبێکەوە بەخێرهاتنی کردین. لەگەرمەی هەواڵپرسیندا **شێخ** دەستی برد لە گیرفانی لای چەپی نامەیەکی دەرهێنا و دایە دەستی، نامەکەی وەرگرت و بە غرورەوە دەستی کرد

به خوێندنەوەی نامەکە. بە وردبوونەوەی ناو نامەکە، سات دوای سات ڕوخساری دەگۆڕا. تا زیاتر ڕۆ دەچووە ناو نامەکەوە، زیاتر نیگەرانی بە ڕوخسارییەوە دەردەکەوت. نامەکەی تەواو کرد و بە زەردەخەنەیەکی دروست کراوەوە کە هیچ ڕاستی تێدا نەبوو، بەخێرهاتنی **شێخ**ی کرد و دەستەکانی خۆی بڵاو کردنەوە و بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی هەموان گوێیان لێ بێت، گوتی: بڕواداران خۆشی لە خۆتان، ئەم زاتە بەڕێزەی لە ناوتاندا دانیشتووە، **شێخی سەنعانە.**" مەجلیسەکە بە جارێک ڕوویان لە **شێخ** کرد و هەندێک لە دەروێش و فەقێیەکان هەڵسان پەلامار بدەن و دەستی ماچ بکەن، **شێخ** نەیهێشت. سۆفی خۆی پێ ڕانەگیرا و هەڵی دایە و دەستی کرد بە ستاییشکردن: "شاری *سەمعا* خۆشحاڵە بە گەڕانەوەی یەکێک لە زاناکانی خۆی."

کە شێخ گوێی لەم قسەیە بوو، ڕووی وەرگێڕا بەرەو سۆفی و وەستاندی، لێی پرسی:

- چۆن من خەڵکی ئەم شارەم؟ کێ گوتی خەڵکی ئەم شارەم؟

- دەی قوربانی بەرەکەتت بم بە ناوەکەتدا دیارە، دەمێکە چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆ بووم، دەمێکە کۆڵانە و کۆڵان و ماڵبەماڵ دەگەڕێم، خزمێک، ناسراوێکی تۆ بدۆزمەوە و ناونیشانی تۆم بداتێ، بێم بە شوێنتدا بگەڕێیتەوە بۆ شارەکەی خۆت. کەسم دەست نەکەوت، خودا کردی خۆت بە پێی خۆت گەڕایتەوە.

بەدەم زەردەخەنەوە، **شێخ** بەرسڤی دایەوە: "نا سۆفی ئازیز، نا، من خەڵکی ئەم شارە نیم. ئەم شارەش یەکەم جارە بیبینم، لەوانەیە ناوبانگم پێش خۆم گەیشتبێتە ئێرە. مرۆڤ کە ناوبانگی باشی هەبوو، هەموو کەس و هەموو شارێک و شوێنێک حەز دەکەن بەو کەسە بڵێن خەڵکی لای ئێمەیە. کە ناوبانگیشی خراپ بوو، خەڵکی هەر شوێنێک بێت خەڵکی شوێنەکە دەیان بیانوو دەهێننەوە تا بیسەلمێنن خەڵکی لای ئەوان نییە. مرۆڤەکان شوێن ناوبانگ دەکەون، شوێن

پاکی و بێگەردیی ناخی خۆیان ناکەون. تا یەکێک دەدۆزیتەوە شوێن پاکیی خۆی کەوتبێت، هەزاران دەدۆزیتەوە شوێن ناوبانگ دەکەون."

دەرویش و فەقێیەکان سەیری یەکتریان دەکرد و سەریان لە وەڵامەکەی سوور ما، بە نیگایەکی تووڕەوە ڕوویان کردە سۆفی، نیگاکانیان دەری دەخست گلەیی لە سۆفی دەکەن، بۆچی چەندین ساڵە حیکایەت دروست دەکات بۆ **شێخ** کە خەڵکی ئەم شارەیە، کەچی دەرکەوت وا نەبوو. **مەلا بەیجووری** ویستی دۆخەکە بقۆزێتەوە و دەست بکات بە پیاهەڵدان و ناخی خۆی بشارێتەو، بە دەنگی گڕ و بەرز چیرۆکێکی گێرایەوە، کە یەکەم جارم بوو بیبیستم. ئینجا دیسانەوە کەوتە پیاهەڵدان: "جەنابی **شێخ** دەمێکە دەزانم حیکمەتی تۆ تەنیا لە بڕوادا نییە، لە زانینەکەتدایە، لەو دەست و هۆشە ڕەنگینەتدایە بۆ چارەسەری بیمارییەکان. لە لای یەکێک لە حەکیمەکان بیستم چەندین ڕەچەتەت دۆزیوەتەوە بۆ بیمارییەکانی مرۆڤ و زۆر کەست چارەسەر کردووە. ئارەزوو دەکەم بە زمانی خۆت گوێم لە ڕەچەتەی داپۆشینی ژنەکان بێت."

قەت شێخم نەبینیبوو بەو جۆرە ساردوسڕییەوە وەڵامی کەسێک بداتەوە، لەوانەیە ئەویش وەک من درکی بەوە کردبێت **مەلا بەیجووری** خۆی دەنوێنێت و ناخ و زمانی لە یەک ناچن. بۆیە بە ساردییەوە باسی چیرۆکی داپۆشینەکەی کرد: "من پیاوێکی تەنیا و گەریدەم، لەوەتەی هۆشم بەر ڕووناکی کەوتووە، وێڵی دوای شتێکم، شتێک بۆم نادۆزرێتەوە، شتێک کە ئەمجارە هێنامی بۆ ئەم شارە؛ لە یەکێک لە گەشتەکانمدا بەرەو مەزارە گەورەکانی دالەهۆ کەوتمە ناو ڕێگەیەک بە ناو کێوە سەختەکاندا تێدەپەڕی، لە نیوەی ڕێگادا تووشی بەفر و کڕێوەیەک بووم بەرچاوی خۆم نەدەدی، هێزم دایە بەر خۆم خۆم نەدەمە دەست سەرما و کڕێوەکە و ڕەق ببمەوە. گەرچی هێزی سەرماکە زۆری بۆ هێنابووم و پەنجەکانی دەست و قاچم بەرەو شینبوونەوە دەچوون، کۆڵم نەدا تا گەیشتمە قەتپاڵێک کۆمەڵێک

ڕووناکیم بینی. ڕووە و ڕووناکییەکان چووم، گوندێک بوو. لە دەرگای یەکێک لەو ماڵانەم دا، دەرگایان کردەوە زانییان ڕێبوارم و سەرما بردوومی. ڕایان کێشامە ژوورەوە و ویستیان بە جاجم و بە پەتۆ دامپۆشن و بە کردنەوەی ئاگر گەرمم بکەنەوە. ڕێگەم نەدا ئەو کارە بکەن، چونکە سەرمای زۆر و گەرمای زۆر بە دوایدا دەبێتە هۆی شینبوونەوە و لەکارکەوتنی ئەو شوێنانەی سەرمایان چەشتووە. ڕێگەم بدایە بە پەتۆ دامپۆشن یان بمخەنە بەردەم ئاگرێک، قاچەکانم شین دەبوونەوە و دەبایە لێیان بکەیتەوە. بۆیە گوتم: 'گەر دەتوانن و بڕواتان پێمە، ڕووتم بکەنەوە، یەک دوو ژن ڕووت بکەنەوە و بە ژن دامپۆشن، تا بە گەرمایەکی سروشتیی ئاسایی نەرمنەرم، گەرمای جەستەی ئەوان بگوازرێتەوە بۆ جەستەم و هیچ ئەندامێکی لەشم لە کار نەکەوێت.' خودا هەڵناگرێت، چیم گوت وایان کرد. گەرمای جەستەی ژن لەو گەرمایانەیە یەکسەر بەرت ناکەوێت، بە هێواشی و لەسەرخۆ بەرت دەکەوێت. بەو کارەی لەگەڵیان کردم، ڕزگاریان کردم لەو سەرمایەی چووبووە ناو گیان و ئێسکەکانمەوە. وایان نەکردایە بێ شک ئێستا قاچ و دەستم نەمابوون. ئەو ڕەچەتەیە یەکێکە لەو ڕەچەتانەی پێشتر زانیبووم بۆ خۆپاراستن لە کەسی سەرمابردە؛ داپۆشینی کەسی سەرمابردە بە ژن، ڕزگارکردنیەتی لە ڕەشهەڵگەڕانی ئێسکەکانی."

بە جارێک مەجلیسەکە دەستیان کرد بە ماشائەڵا و سوبحانەڵا، هێشتا نزاکان و سەرسووڕمانی ئەوان لە چیرۆکەکە تەواو نەبووبوو، **مەلا بەیجووری** گووتی: "دەزانن بڕواداران، زاتی موبارەکی **شێخ** و شاگردەکانی لە خاکی پیرۆزەوە هاتوون!" دیار بوو **شێخ** قسەکەی پێ خۆش نەبوو، بەر لەوەی ئەوان دیسانەوە دەست بکەنەوە بە ماشائەڵا و سوبحانەڵا و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕن، شێخ هەڵی دایە: "هیچ شوێنێک لەم سەرزەمینە پیرۆز نییە، مرۆڤ خۆیەتی شوێنەکان پیرۆز دەکات. مرۆڤ ناتوانێت بەبێ پیرۆزکردنی شوێنەکان و کەسەکان

بژیت. باوباپیرانمان بۆیە بتیان دادەتاشی و دەیانپەرست، هەستیان بە لاوازی خۆیان کردووە و پێویستیان بە پاڵپشتێک هەبووە لە پەنایدا لاوازییەکەی خۆیانی تێدا بشارنەوە. پیرۆزکردنی شوێنەکان بۆ شاردنەوەی لاوازییەکەی ناخی خۆمانە. مرۆڤێک بەهێز و بڕوادار بێت، نە کەس پیرۆز دەکات نە شوێن. وا نەبێت ئایینەکان بێخەتا بن، ئایینەکان کە هاتن بتەکانیان شکاند و لە جێی بتەکان، شوێنەکان و کەسەکانیان پیرۆز کرد. پیرۆزکردنی شوێنەکان و کەسەکان کاری خودا نییە، کاری مرۆڤە. کەسێک بڕوای بەهێز بێت، بۆ شوێنێک ناگەڕێت پیرۆز بێت تا خودای تێدا بدۆزێتەوە. بڕواداری ڕاستەقینە تێدەگات گەڕان بە دوای خودادا نە لە شوێنە پیرۆزکراوەکاندایە، نە لە لای کەسە پیرۆزکراوەکان. خودا لای چەپی هەریەکەماندایە، لەوێدا بۆی بگەڕێن. دڵی مرۆڤێک پیرۆزە پڕ بێت لە خودا. خاکەکان پیرۆز نین، مرۆڤەکان پیرۆزیان کردن بۆ ئەوانەی بەبێ پیرۆزی ناتوانن لەم ژیانەدا بژین."

قسەکانی لە بەربوونەوەی تاشەبەردێک دەچوو بۆ ناو گۆماوێک، سەرتاپای مورید و دەروێش و فەقێیەکان دەستیان کرد بە جووڵە جووڵ، یەکیەک و دوودوو سەریان دەبردە بناگوێی یەکتری و چرپەچرپیان دەکرد. ناچار **مەلا بەیجووری** بۆ لابردنی فشارەکانی سەر خۆی، باسەکەی گۆڕی و پرسی: "با دووبارە بپرسمەوە، بۆچی خەڵکی ئەم شارە نیت؟ ناوەکەت لەناوی ئەم شارەوە نزیکە و کەچی دەڵێیت خەڵکی ئێرە نیم؟"

هێشتا وەڵامی نەدابووەوە، یەکێک لە فەقێیەکان بە خۆی و دوو نانەشانەوە، کە یەکیان نانی تەڕکراوی لەسەر بوو، ئەوی تریان کاڵەکی قاژکراو، هات و لە بەردەمی ئێمە داینان. من خۆم زۆر برسیم بوو، لە شەرماندا نەمتوانی دەستی بۆ ببەم. وەستام تا **شێخ** پارچەیەک نانی پچڕاند و قاژێک کاڵەکی کردە ناو نانەکە و خستیە ناو دەمی. بە دوای ئەودا من و **غەرقانیی تەنبوورژەن**یش دەستمان

کرد بە نان وکاڵەکخواردن. بۆنی کاڵەکەکە هەیوانەکەی تەنیبوو، خەریکی خواردن بووین گوێم لێ بوو وەڵامی **مەلا بەیجووری** دایەوە: "من لە بنەڕەتدا ناوێکی دیکەم هەیە، دوای خەونێک کە چەند ساڵ بەر لە ئێستا بینیم، ناوەکەم بوو بە **شێخی سەنعان**. خەونەکەم منی لە ڕەندێکی گۆشەگیری ناو مزگەوتێکەوە کرد بە گەڕیدەی شاران. خەونەکەم تەنیا ناوەکەمی نەگۆڕی، زۆر شتی لە مندا گۆڕی. کاتێ لە ناو دۆڵ و دەشتە چۆڵەکاندا بووم، بە ئاگا هاتم لەم سەرزەمینە شوێنێکی پیرۆز نییە تا ڕووی تێبکەم و لەوێ بۆ خودا بگەڕێم. بە ئاگا هاتمەوە گەڕان بە دوای خودادا لە شوێندا نییە، لە ناخی خۆمدایە. چەندین ساڵ فریوم خواردبوو، فریوەکەی من چەشنی فریوەکەی ئێستای ئێوە بوو؛ وا تێگەیەنرابووم بچمە شوێنێکی پیرۆزەوە، لەو شوێنەدا زیاتر نزیکم لە خوداوە. کە تەریک بووم و لە شوێنە چۆڵەکان خۆم بینییەوە، بۆم ڕوون بووەوە لەبری ئەوەی بگەڕێم بۆ شوێنێک، باشترە لە ناو خۆمدا بۆ ڕووناکییەکە بگەڕێم. ئەوەی ویلم بە دوایدا لە هیچ شوێنێک نییە جگە لەناخی خۆمدا. هێشتا لایەکم تاریکە، بەڵێ لایەکم تاریکە، گەڕانەکانم بۆ ڕووناککردنەوەی لاتاریکەکەی خۆمە. بۆیە خەڵکی هیچ شوێنێک نیم، خودا لە شوێندا نییە، لە ناشوێندایە. لەوانەیە تێنەگەن چی دەڵێم، دڵنیا بن تا ئەو ناشوێنە نەدۆزنەوە، خودا نادۆزنەوە. خەونەکەی من ئەمە بوو. پیاوێک لەم خەونەدا بژیت، چ باکی بە شوێنە؟ چ باکی بەوەیە لەم سەرزەمینە فراوانەدا لە کوێ دادەنیشێت و لە کوێ دەمرێت؟ نە بەوە دڵخۆشم خەڵکی شوێنێکی پیرۆز بم، نە بەوە نیگەرانم خەڵکی شوێنێکی نەفرەتلێکراوبم، چونکە ویلبوونی من بۆ ڕووناکییەکە لەگەڵ خۆمدایە، دوور نییە لە خۆم. بۆ تۆ سوودەکەی چییە خەڵکی شوێن بم؟ هەموو زەوی شوێنی منە و لە ناشوێنیشدا دەژیم."

مەجلیسەکە کپ و بێدەنگ بوو، خەریک بوو ئێوارە دادەهات، فەقێیەکان هەستان دەستیان کرد بە شوشتنی حەوشەکە. شنەبایەکی

فێنک لە ناو لقی سوورەچنارەکانەوە دەهات خۆی دەکرد بە ناو حەوشی خانەقاکەدا و لەگەڵ خۆیدا تەڕوبڕیی ئاوەکەی دەهێنا و دەیدا لە ڕوخساری ئێمە. شنەکەی هێندە خۆشبوو، خەوم دەهات، ماڵی خەو بوو. سۆفی و دەروێشەکان تکایان کرد نوێژی ئەم مەغریبە جەنابی **شێخ** پێشنوێژی بکات. هۆدەیەکیشان ئامادەکرد بۆ پشوودانی ئەو، من و **غەرقانی**یش لای فەقێیەکان دوو شوێنی باشیان بۆ دانایین.

***

نوێژی مەغریب تەواو بوو، **شێخ** چووە هۆدە ئامادەکراوەکەی خۆی. هاتمە هەیوانەکە و سەیری ئاسمانی پڕلەئەستێرە و شنەشنی درەختەکانم دەکرد، بە دەست باوە دەهاتن و دەچوون. چێژێکی زۆرم لە فێنکی و دیمەنەکانی ناو حەوشەکە دەبینی، لە ناخیشمەوە هەستم بە غەریبی دەکرد؛ مرۆڤ زادگەکەی خۆی بیابانێکی بێ ژیانیش بێت، لای جوانترە لە باخەکانی نە*یشاپوور*. نیشتمان شوێنێکە تا لێی دوور نەکەویتەوە، نازانی بۆنی خاکەکەی خۆشترە لە بۆنی خاکی هەموو دونیا. هەستکردن بە غەریبی دەردێکە لە ناو هەمووماندا هەیە. بیری کۆڵانە خۆڵاوییەکەی ماڵی خۆمانم دەکرد، بیری تاقە خانووەکەی خۆمان کە لەوسەری کۆڵانەوە دەیڕوانییە ئەمسەری کۆڵان، بیری قیژوهوڕی منداڵە ئەسمەرەکانم دەکرد، چۆن بە گاڵتەکردنەوە خۆیان لە یەکتری دەشاردەوە و لەگەڵ دۆزینەوەیان دەبووە هەرا؛ هەست و هۆشم لە شوێنێک بوو، جەستەشم لە شوێنێکی تر.

لەسەر پلیکانەکە چۆکم دادابوو، خەیاڵم چووبووەوە بۆ ماڵی خۆمان. جاربەجارەش بە دەنگی شنەباکە خەیاڵم دەپچڕا و دەهاتمەوە بۆ شوێنی خۆم، دەستم دەکردەوە بە سەیرکردنی ئەستێرەکان و چرای ماڵەکانی قەتپاڵی کێوەکە، هەناسەیەکی پاکم هەڵدەمژی و دڵم لە خێراڵیدان ئارام دەبووەوە. شتی تازە دەهاتن بە مێشکمدا؛ لەیەکەم

ساتی بینینیەوە مەلا بەیجووری نەچووە دڵمەوە. کێ دەڵێ دڵم لەگەڵم ڕاست دەکات؟ کەسانێک هەن زوو ناچنە دڵەوە، کە چوونە دڵیشەوە ویرانی بکەن نایەنە دەرەوە. کەسانێکیش هەن زوو دەچنە دڵەوە و زووش دێنە دەرەوە، بەبێ ئەوەی شوێنێک لە دڵدا بگرن دێن و دەچن. دڵ هەموو جارێک ڕاست ناکات. هەستێکی باشم نەبوو بۆی، بە ڕوخسارییەوە دەردەکەوت هاتنەکەی ئێمەی لا خۆش نییە. نامەکەش نازانم کێ نووسیبووی و چیی تێدا بوو، ناچاری کرد مل کەچ بکات و خۆشحاڵیی خۆی دەرببڕێت. خودا لامان دات لەوانەی دڵ و زمانیان دورە لە یەکەوە. وەک شاعیرە نابیناکە گوتوویەتی: "قوربانی ئەوانە بم دڵ و زمانیان وەک یەکە." هەرچەند بەم سەرە بچووکەی خۆمەوە سەر دەبەم و سەر دەهێنم، عاقیبەتی ئەم سەفەرە بە باشی نابینم. مورید و فەقێیەکان واتێگەیشتبوون خەڵکی ئێرە و تێگەیشتنەکەیان ڕاست دەرنەچوو. مەلاش بە ڕیشە خەنەکراوەکەیەوە بەو ئاسانییە شوێنەکەی جێ ناهێڵێت و حاڵەکەی مزگەوتی حیجاز دووبارە دەبێتەوە.

لەم دەردەشانەبووم لە تەک خۆمدا، دەستێک شانمی ڕاتەکاند. لام کردەوە یەکێک لە فەقێیەکان بوو، فەقێیەک ڕوخسارێکی لاوازی سپی ڕەنگی هەبوو، باڵایەکی بەرز و دوو دەستی درێژ، ڕیشێکی تەنک و دوو چاوی ڕەشی تەڕ. بێ پرس لە تەنیشتمەوە دانیشت، وەک بڵێی چەندین ساڵە منی ناسیوە، دەستی خستە سەرشانم و کەوتە خۆناسین:

- من ناوم ڕۆدانی ڕۆمی‌یە، لە خاکی ڕۆمەوە هاتووم، تۆ چەند غەریبی بەم شارە منیش هەروەها. دڵت ختوورەی هیچ نەکات، غەریبەکان یەکتر دەدۆزنەوە. فێر دەبیت دوو غەریبە لە شوێنێکی غەریبی دوور لە زادگەی خۆیان یەک ببینن، دڵخۆشیی بینینەکەیان لە دڵخۆشیی دوو ئاشنا دەچێت. ئاشنابوونی دوو غەریبە لە غەریبیدا، گرنگترە لە ئاشنابوونی دوو ئاشنا لە نیشتمانی خۆیاندا. هەرکەسە و

حیکایەتی خۆی هەیە، هەرکەسە و بە شوێن خەونێک کەوتووە. بۆم باس بکە، تۆ بە شوێن چی کەوتوویت و خەڵکی کوێیت؟

- من غەزنەوانی بنووس‌م، شوێن خەون نەکەوتووم، شوێن کارەکەی خۆم کەوتووم. کاری من بنووسییە، کاری من نووسینەوەی خەیاڵ و ئەندێشەکانی خەڵکی ترە. هەر جارە و لای یەکێک کار دەکەم. ماوەیەکە لەگەڵ جەنابی شێخ‌م، ئەو لە هەر شوێنێک بێت منیش لەوێم. کارەکەی من دەتکاتە سێبەری ئەو کەسەی کاری بۆ دەکەیت، کە بوویتە بنووس دەبیتە سێبەر، خۆت ون دەبیت و دەبیتە سێبەری کەسێک کە کاری بنووسی بۆ دەکەیت. خەڵکی شوێنێکم لەو بیابانە، کە چاوم هەڵهێنا یەکەم شت بینیم کۆمەڵێک پیتی خوار و خێچ بوون. لەماڵەکەی خۆشمان هاتمە دەرەوە، یەکەم شت بینیم منارەی مزگەوتەکان بوو. باوکم میرزای بنووس‌ی پێ دەڵێن، خۆی چیی دەکرد منیشی لەسەر کارەکەی خۆی پەروەردە کرد. هیچی تازە لە ژیانی مندا نییە، ئارەزوو دەکەم تۆ لەسەر ئەم شارە، لەسەر ئەم خانەقایە شتم پێ بڵێیت، شتم بۆ باس بکەیت. هەست بە غەریبی دەکەم، بیرت نەچێت یەکەم جارمە ئەوەندە لە ماڵی خۆمان دوور بکەومەوە.

- بۆ نا، بۆ نا برای بنووسم، با ڕۆژ ببێتەوە، دەتبەم بە ناو شاردا دەتگەڕێنم، دەتبەم شوێنی سەیرت پیشان دەدەم. من کوڕی بڕواداریکی گەورەی ڕۆم‌م، شارانی زۆرم بینیوە، باوکم نایەوێت ئەو چرایەی دای گیرساندووە زوو خامۆش ببێت، دەیەوێت وەجاخی کوێر نەبێتەوە، دەیەوێت لە هەر جێگەیەک خانەقایەک، مەدرەسەیەکی باش هەبێ، بمنێرێ بۆ ئەو جێگەیە و شتێ فێر ببم. ئەم شاری سەمعایە زۆر عەجیب و غەریبە، باخچەی دڕندە و پەپوولەیە، ماڵی چێژفرۆش و بڕوادارانە، شوێنی بتپەرست و خوداپەرستانە، لانەی مەستەکان و شێتەکانە، پەناگەی هەژارەکان و هەڵهاتووەکانە، جێی من و تۆشە. بەداخم ناوی خانەقاکە زۆر گەورەیە، کەچی وانەکانمان

بەو جۆرە نین، تینوێتیی دڵم ناشکێنن. دەرسودەوری ئەم سەردەمە بووەتە باسکردنی شتی بێکەڵک، ئەو مامۆستایانەی جاران نەماون ناچارت بکەن لەسەر وشەیەک هەفتەیەک بیر بکەیتەوە. مامۆستاکانی دەورانی باوکم وەک باسی دەکرد، شەونوخوونییان کێشاوە بۆ ئەوەی لە بەردەم شاگردەکانیاندا لاواز دەرنەکەون. ئەوانەی ئێستا زۆر بێباکانە لە چەندین شوێن ڕایان دەگرێت و هەڵەکانیان پیشان دەدەیت، بە زەردەخەنەوە لە بیری دەکەن.

گلەییەکانی لە خانەقاکە سووچێکی بۆ دەرخستم، لە بەر خۆمەوە گوتم ئەم دۆستە ئازیزە دەتوانێت زۆر شتم پێ بڵێت. بە هەلم زانی و لێم پرسی:

- تێمبگەیەنە خەتای مامۆستاکەیە؟ یان باسەکە چییە وانەکان بە دڵی تۆ نین؟

- بنووسی ئازیز، تێبگە، تێبگە. من شوێن خەونێک کەوتووم، خەونەکەی من خەونی زانینە. لێرە زانین نییە، لێرە کات کوشتن و دووبارەکردنەوە هەیە. بێگومان مەلا بەیجووری توانای نییە، هەندێ جار گومان دەکەم هیچ لە بارەی سۆفیگەرییەوە بزانێت، گومان دەکەم سۆفییە گەورەکان بناسێت. هێندە خەریکی جێبەجێکردنی سوننەتەکان و جێبەجێکردنی فەرزەکان و لەکۆڵکردنەوەیە لە خۆی، هێندە خەریکی پاککردنەوەی ڕۆحی خۆی نییە. تۆ هێشتا هیچت نەبینیوە بنووسی برام، وا تەماشام مەکە کەسێکی بەدم و لە بەردەم غەریبەیەک خراپەی مامۆستاکەم دەڵێم. نامەم بۆ باوکم ناردووە تا زووە من لەم مەلایە دوور بخاتەوە. نامەوێت ڕۆحە پاکەکەم پڕ ببێت لە تووڕەبوون و خراپە، ئێرە شوێنی من نییە، خودا کردی شێخی بۆ ناردین، گومانم نییە بە خراپی ڕووبەڕووی دەبنەوە. زۆرێک لە فەقێیەکانی ئەم شارە وا ڕاهاتوون، خەریکی ڕەتکردنەوە و نەفرەتکردنن لە خەڵکی. ئەم باخەی تەنیشتمان باخی پیاوێکی باجگرە، پێی دەڵێن بابای گاور، تەنیا خۆی و کچەکەیەتی، بە مووسێی باجگر

ناسراوە، هیچ زیانێکی بە ئێمە نەگەیاندووە، هیچ خراپەیەکیشی بۆ ئێمە نییە، گاوریش نییە، بڕوای بە **عیسا** نییە و کەچی پێی دەڵێن **گاور**. گوناهی گەورەگەورەی وای تێدەگرن، سەرت سپی دەبێت بە بیستنیان. ئاخر بە من چی ئەو خراپە؟ بە من چی ئەو بەراز بەخێو دەکات؟ بەراز لە ئایینەکەی ئێمە جێگەی نەفرەتە، لە ئایینەکانی دیکە جێگەی ڕێزە. بە من چی دراوسێکەم باجگرە یان نا؟ دراوسێیەتی گەورەتـــرە لەو قســـە ناخۆشـــانەی **مەلا** ڕووبەڕووی ئەم پیـــاوەی دەکاتەوە. ها تۆ پێم بڵێ، ئەجری دراوسێیەتی ئاوایە؟ ئاوا ڕێزی دراوسێیەتی دەگیردرێت؟ تۆ پێم بڵێ، ڕێگەکەی ئێمە کەی نەفرەت و ڕقی تێدایە؟ من زۆر پەرێشانم، ئەوەندە پەرێشانم شەوان خەوم لێ ناکەوێت. هەست بە غەریبی دەکەم لەناو ئەمانەدا، ئەو مەجلیسەی تۆ بینیت لە دەوری **شێخ** کۆ ببوونەوە، مەجلیسی خۆشەویستی نییە، مەجلیسی ڕقە.

دۆستی ئازیزم، ناوی خانەقاکە *حەللاج*ە، کەچی یەک وانەی ئەوی تێدا ناخوێنرێت! خۆ تۆ ڕەنگە بیستبێتت **حەللاج** دەڵێت: "تەنیا بە ڕێگەی خۆشەویستی خودا دەدۆزیتەوە." کەچی لەو خانەقایەی بە ناوی ئەوەوە کراوە، خەریکی ڕق دابەشکردنن! تۆ پێم بڵێ، کێ تیوانیویەتی لەم سەرزەمینە بە ڕێگەی ڕقدا بگات بە خودا؟ خودا لە ناو دڵێکدا نییە ڕقی تێدابێت، خودا لە ناو دڵێکدا جێگەی دەبێتەوە خۆشەویستی تێدابێت. خودا تەنانەت ڕوو لە تاقم و مەجلیسێک ناکات ڕق کۆی کردبنەوە. باوەڕم پێ بکە بێزارم لەم شوێنە، زۆریش بێزارم، گوێ نادەنێ، چی بە دەمیاندا بێت هەڵی دەڕێژن. بۆ وانە و فێربوون نەهاتوون، بۆ کات کوشتن هاتوون.

کەیفم بە ڕۆحە پاکەکەی هات، ویستم وەڵامی بدەمەوە، گوێم لە دەنگی **غەرقانیی تەنبوورژەن** بوو بانگی کردم، جەنابی **شێخ** داوای کردبووم. لە ناو تێشوەکەم توورەکەی قامیشەکان و مەرەکەبەکەم هەڵگرت و بەرەو هۆدەکە ڕۆیشتم، لەکاتی چوونم ئیجازەم لە **ڕۆدانی**

ڕۆمی خواست کە دەبێت بچم ئەرکەکەم جێبەجێ بکەم و کاتێکی دیکە قسە دەکەینەوە.

توورەکەکەم کردەوە، دەستەیەک قامیش و لیوانێک مەرەکەبم لە بەردەمی خۆم دانا. لەسەر تاقی پەنجەرەکەی چرایەک داگیرسابوو، دوو هەنگاوێک لە چراکەوە دوور بوو، لەسەر چۆک نزای دەکرد. دوو کتێبی مەیلەو زەردیش بە کراوەیی لە تەنیشت سەرینەکەی کرا بوونەوە. ویستم دابنیشم، داوای کرد چراکە بهێنم لە نێوان هەردووکماندا دای بنێم تا باش ببینم. چراکەم لەسەر تاقەکە داگرت و لە نێوان هەردووکماندا دام نا. قەباڵەی قامیشەکانم کردەوە و لە ناو دەستەکەدا دانەیەکیانم هەڵبژارد، لیوانی مەرەکەبە گیراوەکەشم لە بەردەمی خۆم دانا و سەرەکەیم وڵا کرد و قامیشەکەم خستە ناویەوە. لەو دەستە تیانووسەی پێم بوون، باقییەکەیانم دەرهێنا و لەسەر یەک لە بەردەمی خۆم دامنان. فەرمووی لێ کردم دەست بە کارەکەم بکەم، سەرەتا گوتی: "**غەزنەوانی بنووس**، پەڕاوێکی تازە بکەرەوە، پەڕاوێک بۆنی شارێکی غەریبی لێ بێت. ئەو وشانەی لەغەریبیدا دەیاننووسین، زیاتر لە دڵەوە نزیکن لەو وشانەی لە نیشتماندا دەیاننووسین. گەڕیدە و مێژوونووسەکان، نووسەر و بیرکەرەوەکان، پەیامبەر و تێگەیشتووەکان وشەکانی غەریبییان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ وشەکانی نیشتیمانیان، غەریبی مرۆڤ ناچار دەکات گوێ لە دەنگەکەی ناخی خۆی بگرێت. کتێب گەلێکی غەریبەکانم خوێندووەتەوە، لە ناو کتێبەکانیاندا لەبری خۆیان دەنگەکەی ناخیان قسە دەکات. دووری بۆ مەچۆ منیش لەمەودوا وام لێ بێت، لەبری خۆم ناخم قسە بکات. باشترە پەڕاوێکی تازە بکەیتەوە و جیای بکەیتەوە لەو دەستنووسانەی پێشوتر نووسیوتن."

پەڕاوێکی تازەم کردەوە، بە خەتێکی شکستە لە سەری سەرەوەی نووسیم: "پەڕاوی یەکەم، لە شاری غەریبان، دوای ئەوە ئەمری کرد بنووسم."

"مـن شـوێنکەوتەی شـتێکم بە چـاو نابینرێـت، بە دڵ هەسـتی پـێ دەکرێـت. دەمەوێـت بـۆ یەک جاریش بێت لەم دونیـا بەرینەدا، ئەو جوانییە ببینم، بە دڵ هەستی پێ دەکەم. ئازارێک لە سینەمدایە ناهێڵێ بۆ ساتێک ئۆقرە بگرم، ناهێڵێ لە شوێنێکدا سکوون بکەم. خۆم بە باشی درکی پێ دەکەم، هێشتا لەتێکم تاریک تاریکە. لەوەتەی شارەو شار و شوێناوشوێن دەکەم، دەمەوێت تاریکییەکەی ناخم بکوژم، بۆم ناکوژرێت. گەرچی زۆر دەترسم، ترسەکەم لەوە نییە خەڵکی پشتم تێبکەن، ترسەکەم لەوە نییە خەڵکی نەفرەتم لێ بکەن، ترسی من لەوەیە بەم نیوە تاریکییەوە سەر بنێمەوە. خەونی ئەم جارەم جیایە لەخەونەکانی دیکەم، خەونێک نییە بە ئاسانی بێتە دی و بە ئاسانی ڕوون ببێتەوە بۆم. بێ گوێدانە هیچ شتێک کەوتـومەتە شوێن خەونەکەم، جوانییەک خـودا دروستی کردبێت، شایەنی بەخشینی گیـانە. پێشـتریش گوتـوومە، گونـاهترین مـرۆڤ مـرۆڤێکە خـۆی نـادۆزێتەوە و دونیا جێ دەهێڵێت. خودا یارمەتیم بدات من لەوانە نەبم. ناڵێم لەتێکم تاریکە و هاتووم لەم مەملەکەتە ڕووناکی بکەمەوە، گەر پێم ڕووناک نەکرایەوە و بە نائومێدییەوە سەرم نایەوە، تۆ لە بیری مەکە. لە بیری مەکە پیاوێک سـەرتاپای ژیانی گەڕان بوو بە شـوێن ڕوونـاککردنەوەی خـۆی، ئـاخری بە لەتێکی تـاریکەوە مرد. خەونەکەی ئەم جارەم هێناومی بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو لەتەم."

هەناسەیەکی هەڵکێشا و دیسانەوە گوتی:

"بنووسە غەزنەوانەی ئازیز، بنووسە؛ ئەم پیاوە پیرەی بەردەمت بە جۆرێک لە تـاریکییەکەی نـاخی خـۆی دەترسێت، دونیـای لێ تاریک بـووە. ئەم پیـاوە پیـرە لەو خەنـجەرانە ناترسێت کە لە نـاو دەمـی خەڵکدان، لەو هەولانە دەترسێت خۆی دەیدات و نەگاتە ئامـانج. ئەم پیاوە پیرە مشتێک تەمەنی مـاوە، مشتە تەمەنەکەی بە ڕسوایی بباتە سەر پێی خۆشە، بەو مەرجەی لەتەکەی خۆی بدۆزێتەوە و ببێت بە خۆی. ڕەنگە من ببینی بە ڕسوایی، بەس قەت نامبینی خۆم نەبم. چی

بڵێم، دەردی دڵ کاتێک جوانە، تەنیا بۆ یەک کەسی باس بکەیت. دەردی دڵی من لای کەسێکە نەم دۆزیوەتەوە تا بۆی باس بکەم. دەردەکە خەریکە دەمکوژێت و ئەو کەسەش نادۆزمەوە، کەسەکەی ناو خەونەکەمم بۆ بدۆزرێتەوە خۆشم دەدۆزمەوە و نزیکتر دەبمەوە لە بڕوا. مرۆڤەکان کاتێ پیر دەبن لە مردن دەترسن، پێچەوانەی ئەوان من لەوە دەترسم بەر لە دۆزینەوەی خۆم مردن بێت."

ئەم چەند دێڕەی پێ نووسیم و مۆڵەتی دام بووەستم و بچم بخەوم، چونکە لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتبووین و پێویستە سەرخەوێک بشکێنین تا ماندوویەتیمان بڕوات؛ خەون لەگەڵ خۆیدا ماندوویەتیش دەبات. کەلوپەلەکانم پێچایەوە و ڕۆیشتم بۆ هۆدەی فەقێیەکان، لە تەنیشت ڕۆدانی ڕۆمیدا جێگەیەکی چۆڵ هەبوو، جلەکانم داکەند و جلی شەوم پۆشی و پاڵکەوتم. لە قسەکانی باش تێنەگەیشتم، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت کەسێک هاتووەتە خەونی بانگی کردووە بۆ ئەم شارە و ئەویش کەوتووەتە شوێن بانگکردنەکەی. پیرێکی عەجاییبە، باشە من کەم شەو خەون نابینم، بەیانییەکەی هەستام لە بیری دەکەم و بۆشم گرنگ نییە. بەس بیرم نەچوبوو، سۆفییە گەورەکان بڕوایەکی تەواویان بە خەون هەیە، لە ناو کتێب و بەیتی شیعرەکانیاندا خەون بەو ژیانە شاراوەیە دەبینن کە کەم کەس دەتوانێت پێی بگات. تاوێ بیرم لە خەون، لە دوا قسەی کردەوە، پاڵکەوتم و ئاگام لە خۆم نەما.

## باخەکەی مووسێی باجگر

بە دەنگی ئەڵاهوئەکبەری مەلا خەبەر هاتم، دەنگێکی گڕی ناخۆش، دەنگێک لە چەکوشێک دەچوو بیکێشن بە تەوقی سەرتدا. هێشتا بە باشی خەو بەری نەدابووم. لەگەڵ هەر هاوارکردنێکی لە حەشمەتدا موەکانی گیانم ڕاست دەبوونەوە. دەستێکم وەشاند بۆ جێگەکەی تەنیشتم، کەسی لێ نەبوو. کەمێ چاوم خوراند و بینینم ئاسایی بووەوە، لە دەوروبەری خۆمم ڕوانی، تاقی تەنیا لە جێگەکە مابوومەوە. بە خێرایی خۆم گورج کردەوە و چوومە دەر. بومولێڵ بوو، فەقێ و سۆفی و دەرویشەکان چۆن ڕیزێک چۆلەکە بە تەنیشت یەکەوە لەسەر دارتێلێک دەوەستن، ئاوا بە دەوری حەوزەکەدا دانیشتبوون و خەریکی دەستنوێژگرتن بوون.

دوای بەجێهێنانی فەرزی بەیانی، کەمێک نزا و تەهلیلەمان کرد. هەریەکە و خۆی خەریک کردبوو بە خوێندنەوەی *قورئان*ەکەی بەردەستی. هاتمە حەوشەکە، خەریک بوو ڕووناکی دەکرد. **غەرقانیی تەنبوورژەن**م بانگ کرد بینێرم تەشتێک ئاو و تەشتێک کا ببات بۆ ئەسپەکە و پاشان بشکرێت بیبات لەو باخە لە شوێنێک ببەستێتەوە کە لەوەڕی هەبێت.

ڕۆدانی ڕۆمی هاته دەرەوە، پێی گوتم مۆڵەت لە شێخ بخوازم و ئەمڕۆ ئاشنام بکات بەم شارە. وەستاین تا نان وچای بەیانی خورا، چوومە حزووری **شێخ** و داوام کرد مۆڵەتم بدا ئەمڕۆ لەم شارە بگەڕێم، تا نوێژی عەسر مۆڵەتی پێ دام. لە ناو تێشووەکەم دەستێک جلی پاکم هەڵبژارد و قژی خۆم بە شانە تەختەکە داهێنا، کڵاوێکی سپییش کەکاتی خۆی باوکم بۆی کڕیبووم کردە سەرم. لە حەوشە هاتمە دەر و لە سەر ڕێی باخەکە چاوەڕێی ڕۆدانم کرد. ئەویش وەک من دەستێک جلی خاکیی سوننەتی لە بەر کردبوو؛ دەستمان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو بازاڕەکە، بەدەم ڕێوە دەستی کرد بە باسکردن و قسەکردن "دۆستی ئازیز، ئەم باخەی تەنیشتمان باخی باجگرەکەیە، پیاوێکی زۆر سەیروسەمەرەیە، سەد جار بکەویتە گفتوگۆ لەگەڵی لێی تێناگەیت؛ دەمێ بڕواداریکی گەورەیە، دەمێ باجگرێکی بێڕەحمە. چی پیاوی ئایینی شارەکەیە ڕقیان لەم پیاوەی دراوسێمانە. خۆشی چێژ دەبینێت لە ڕقی پیاوە ئایینییەکان بەرامبەری. پێشوتریش شتێکم بۆ باس کردی، خەڵکی بە **مووسێی باجگر** ناوی دەهێنن. پیاوە ئایینییەکانی ناو خانەقاکەی خۆشمان بە **گاورە بێبڕواکە** ناوی دەهێنن. کەسێکە شوێنکەوتەی خۆشییەکانی ژیانە، لە خۆیم بیستووە ئارەزوو دەکات ببێت بە خەنجەرێک بۆ سەر دڵی پیاوانی ئایینی. تەنیا خۆی و کچەکەیەتی، کچەکەی ناهێڵێت کەس ڕوخساری ببینێت، درۆی زۆر بە ڕوخسارییەوە دەکرێت، کەسانێک دەڵێن: 'خودا لەبەر جوانییەکەی ئەو ئەم شارەی پاراستووە.' کەسانێکی دیکەش دەڵێن: ؛ئەوەندە ناشیرینە، گەر پەچەکەی سەر ڕوخساری لا بدات، مرۆڤ لە ترساندا خۆی ناگرێت.' ئەم قسانەم بۆ تۆیە، مەبەستم ئەوەیە خەڵک بێ ئەوەی شتێک ببینن، باسی دەکەن! لەوەتەی لێرەم سەرنجی کچەکە دەدەم، کاتێ دەچێت بۆ بازاڕ دوو خزمەتکاری لەگەڵدایە و بە پەچەیەک ڕوخساری خۆی دادەپۆشێت. گەنجی زۆر لەبەر سەروەت و سامانی باوکی دەوروخولی دەدەن،

بەس گوێیان ناداتێ. خودا تۆبە، لە دەمی من نەکەوتبێتە خوارەوە، وا باس دەکەن کچی ئەسلیی خۆی نییە و لەبری باج لە یەکێک لەو ژنانەی سەندووە کە لە ماڵی چێژفرۆشییەکەی کار دەکەن. باخەکەی زۆر گەورەیە، ماڵەکەشی گەورەیە. من خۆم نەچوومەتە ماڵەکەیەوە، لە دوورەوە بینیوومە. لە ناو شارەکەشدا دەیان شوێنی هەن، لە ڕیزی کاروانسەراکان پیشانت دەدەم، دوو کاروانسەرای گەورەی هەیە، با مەیخانە و شوێنی چێژفرۆشەکانیش بوەستێت.

بوەستە، بوەستە! ئەوتا **مووسێی باجگر** خۆی هات. دەکەوینە شوێنی با کارەکانی بزانیت. ئەمڕۆ دەیخەینە پێش خۆمان، بۆ کوێ چوو بە شوێنیدا دەڕۆین."

کە چاوم پێی کەوت، بینم هەمان پیاوی سەرسووچی کۆڵانەکە بوو، ئەو پیاوەی سەروسمێڵی تاشرابوو و عەبایەکی ڕەشی دابوو بە سەرشانیدا و ناونیشانەکەی بە ئێمەدا و من گومانم کرد بە هەڵە پێی گوتبین. بە **ڕۆدانی ڕۆمی**م گوت:

- دەزانی ئەو پیاوەم پێشووتر بینی، لە سەرسووچی کۆتا کۆڵانی لای بازاڕەکە، ناونیشانی خانەقاکەمان لێ پرسی، لە وەڵامدا گوتی: "لە هەر مەیخانەیەک لا بدەن *خانەقای حەللاجە*."

-ئێ ئێ، وایە، ئەوە **شێخ**ی بینیوە و زانیویەتی پیاوێکی ئایینییە، ویستوویەتی خەنجەرێکی لێ بدات و بە تانەیەک ئازاری پێ بگەیەنێت؛ عادەتی وایە بە زمان لە بەرامبەرەکەی بدات. خەڵکی شار ڕقیان لێی نییە، چەندین شوێنی جیاجیای هەیە و ئارەزوو ویستەکان ڕووی تێدەکەن. دەگەڕێت چ کارێک ئایینەکان نەفرەتیان لێ کردبێت، ئەو کارە دەکات، لە ناخیشەوە وا نییە. لە خۆمەوە ناڵێم لە ناخەوە وا نییە، گوێم لێ بووە و ئازارێکی پێ گەیشتووە لە تاو ئازارە پێگەیشتووەکەی پێچەوانەکەی دەکات.

من هەقم چییە، کاری من نییە باشە و خراپە بەسەر کەسەکاندا بەش بکەم. خودا خۆی باشتر دەزانێت. خودا دەزانێت، کێ دەڵێت لە

سووچێکی ئەم ژیانەدا ئەوەندە کاری باش ناکات، لە لای خودا لە ئێمە باشتر بێت. وا نییە دۆستی ئازیز، وا نییە؟

-چی بڵێم ڕۆدان، چی بڵێم، هێشتا یەکەم ڕۆژە لێرەم، کوێریکی تەواوم. ئاشکرا نییە تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، ناتناسم. بەشێک لە قسەکانت ڕاستن و بەشێکی ڕاست نین. ئایین و بڕوا چەند پەیوەندییان بە ناخی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندییان بە هەڵسوکەوتەوە هەیە. لەو شوێنەی وانەم خوێندوە و فێری ئاینپەروەرییان کردووم، فێریان کردم ناخ بە ئاکارەکاندا دەردەکەوێت. تۆ لە سۆفییە گەورەکان و عاریفە مەزنەکان گەڕێ جۆرێکی دیکەن، ناکرێ خۆمان بەراورد بکەین بەوان، ناشکرێت چۆن سەیری سۆفییەکی پاک دەکەین، ئاواش سەیری باجگرێک بکەین. کابرا چ کارێک خراپە دەیکات، ئیتر پێم ناڵێیت بڕوا و ئایینی لە چیدایە؟ ئایینەکەی ئێمە ڕێک و ڕاست پێمان دەڵێت: ئەوە بکەیت لەگەڵمی، ئەوەی تر بکەیت لەگەڵم نیت. پێچوپەنا و خۆشاردنەوەی تێدا نییە. شەرع کتێبێکە بۆ دەستنیشانکردنی ژیانمان، لە ڕێی لادە، لە ئایینت لا داوە. ئیتر لەمە ڕوونتر چیت دەوێت؟ چۆن کاری ئێمە نییە بڕوا لە خەڵک بسەنینەوە و پێیان بدەین، کاری ئێمەش نییە بیانوو بهێنینەوە بۆ کاری خراپ. بۆ نموونە بڵێین: "ڕاستە کابرا کاری خراپ دەکات، بەڵام کێ ناڵێت دڵی لە دڵی ئێمە پاکتر نییە؟" ئەمە بیانووهێنانەوەیە.

-نا براکەم، غەزنەوانی بنووس، من وەک تۆ نیم، ناتوانم بڕیار لەسەر بڕواداریی و بێبڕوایی کەس بدەم. باوکم لە حوجرەکەی خۆی وا فێری کردین تەسەوف ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی خۆت و خودا، ڕێگەیەک نییە بۆ بڕیاردان لەسەر بڕواداریی و بێبڕوایی خەڵک. ئارەزوو ناکەم وەک گوتاربێژەکانی ئەم ڕۆژگارە تووشی ئەو دەردە ببیت، زۆر نابات بۆت دەردەکەوێت دەردی بڕیاردان لەسەر بڕواداریی و بێبڕوایی خەڵک، لە دەردی باجگرەکە خراپترە. تاقمێک

پەیدا بوون بە ناوی ئایینەوە خۆیان کردووە بە پاسەوانی ئاکاری خەڵک، بە ڕاست و چەپدا بیرەحمانە کەوتوونەتە دابەشکردنی چاکە و خراپە و بڕوا و کوفر. نا، نە دەتوانم گوییان لێ بگرم، نە دەتوانم لەوان بچم، ریگەکەی خۆم جیایە و ناچمە سەر ریگەی ئەوان. باوکم دەیگوت: "خودا پێویستبایە مرۆڤ شوێنگرەوەی بێت، لە عەرشەکەی خۆی دەری نەدەکرد. ئەوانەی ئێستا بە ناوی خوداوە بڕیار لەسەر مرۆڤەکان دەدەن، خۆیان لێ بووە بە شوێنگرەوەی." تۆبە خودایە، نامەوێت لەوانە بم، لەوانەیانم بە شوێن ئاکاری جوانی خۆیاندا دەگەڕێن و کاریان بە ژیانی کەسی دیکەوە نییە. نامەوێت لەوانە بم خۆیان نابینن و چاویان لەسەر ژیانی خەڵکی دیکەیە. با هەینی بێت، مەلا بەیجووری بە خۆی و ڕیشە خەنەکراوەکەیەوە ببینە، نیوەی شارەکە دەکاتە دوژمنی خودا. سەردەمەکە خراپ تێک چووە بە دەست کەسی نەزانەوە، هەر یەکەوە هەڵدەستێت مێزەرێک دەبەستێت بە سەرییەوە و دەست دەکات بە نەفرەتکردن لەخەڵک و دەستنیشانکردنی بڕوا و ئاکاری خەڵک. ئەمانە لەباتی قسە پووچەکانیان، باشترە کەمێک بیر بکەنەوە و لە ئایینەکە تێبگەن.

بەدەم قسەکردنەوە بە شوێن مووسێی باجگردا گەیشتینە ناو بازاڕەکە، بە لای دەستەچەپدا بە کۆڵانێکدا ڕۆیشت و ئێمەش دوای کەوتین. خۆی کرد بە خانوویەکدا، لەسەر دەرگەی خانووەکە نووسرابوو:"شوێنی چێژفرۆشەکان". لە ڕۆدانم پرسی:

- ئەمە چییە؟

- ئەوە شوێنێکە لەو هەزار شوێنەی لەم شارەدا هەن، لەمماڵەدا چەندین ئافرەتی لێیە خۆیان دەڕازێننە و خۆیان جوان دەکەن، چاوەڕێی هاتنی کۆمەڵێک موشتەری پیاون. چەند ساتێ پێکەوە دەبن و چێژێک بە پیاوەکان دەدەن و پارەی چێژبەخشینەکە وەردەگرن. لەو برە پارەیەی وەری دەگرن، هەندێکی بۆ خۆیانە و هەندێکیشی دەدەن مووسێی باجگر، بە هەقی ئەوەی شوێنی بۆ دابین کردوون

تێدا بمێننەوە و کاری خۆیانی تێدا بکەن. نەچوومەتە ناوەوە، جارێکیان لێرەوە تێپەڕیم ژنێک هاتە دەرەوە، قەڵەوێکی دەموچاو پان بوو، لێوەکانی بە پەڕەی گوڵ و توێکڵی دارگوێز سوورسوور کردبوو، چاوەکانی بە کل ڕشتبوو. چاوم لێ بوو لە ناو بازاڕەکە خۆی دەکرد بە دوکانەکاندا و دەهاتە دەرەوە، ئۆقرەم نەما و لەگەڵیدا خۆم کرد بە دوکانێکدا، سەیر دەکەم لەگەڵ خاوەن دوکانەکە مامەڵە دەکات، گوایە کچێکی تازەی ناسکی هێناوە بە پارەیەکی گران دەیداتە کەسێک شەو لای بێت. دوکاندارە بێویژدانەکەش مامەڵەی لەگەڵ دەکرد؛ تەزوویەک هات بە گیانمدا و جێم هێشتن.

-ئەها، ئێ ئێ، تۆبە خودایا! یانی ئەو ژنانە لێرە بەو ئاشکراییە لەگەڵ پیاوان جووت دەبن؟

-بەڵێ، لێرەن بۆ جووتبوون، بەیانیان و ئێواران مووسێ سەردانیان دەکات و باجەکەی خۆی وەردەگرێت. وەختێ خۆی بۆم دەرکەوت ئەم کارانە دەکات، سەرەتا زۆر پێی ناڕەحەت بووم و حەزم لە چارەی نەبوو. ڕۆژێک لە بەر دەرگە لووتم تەقی بە لووتییەوە، بە هێمنییەوە گوتی: "کوڕی باش، تۆ ڕێگەی خۆت و منیش ڕێگەی خۆم. گەر هاتیە گوڕەکەم دەرت دەکەم. فشارم بۆ کەس دروست نەکردوە بێتە ناو بازرگانییەکەمەوە، کێ پێی خۆش نییە با نەیەت. ئیتر چی پێویست دەکات دەموچاوت بدەی بە یەکدا؟ نە بە مەرحەباکەی تۆ بازاڕەکەم دەشکێت، نە بە مەرحەبانەکردنت بازاڕم بەرز دەبێتەوە. خودا چۆنی ویست وا سەیرم دەکەن. تۆش وا نەزانیت کەسێکت بە دڵ نەبێت خودا بە دڵی نییە و کەسێکت بە دڵ بێت خودا بە دڵیەتی. کاری من لەو ماڵەدا تێرکردنی ناوگەڵی خەڵکە، کاری تۆش لەو خانەقایەدا تێرکردنی ڕۆحە سەرگەردانەکانە. بازاڕەکەمان زۆر جیا نییە. تۆ بۆ خودای دەکەیت، من بۆ دونیا و خۆم. من دونیاکەم بردووەتەوە، خودا بکات تۆش خودا ببەیتەوە." لەپاش قسەکانی ئەو ڕۆژەی نەمتوانی سڵاوی لێ نەکەم، نەمتوانی دوورەپەرێز ببم و

نەفرەتی لێ کەم. باوکم ئامۆژگاری دەکردم لە خراپەکاران نزیک ببمەوە تا باشییەکانم بۆ دەدۆزرێتەوە و دوور ببم لێیانەوە. ئازایەتی نییە لە ناو کەسە باشەکاندا تۆش باش بیت، ئازایەتی ئەوەیە لە ناو کەسە خراپەکاندا بیت و باش بیت. **مووسێی باجگر** بۆ من یەکێکە لە مامۆستا باشەکان. وانەی پێ نەگوتووم، کارەکانی وانە بوون بۆ من.

جا خۆت تێک مەدە، وا مەزانە لە دوورەوە تەماشای شارەکەت کردووە جوان بووە، ئیتر هەموو شتێکی جوان بێت. شار لە مرۆڤ دەچێت، بە ڕوخساریدا نایناسیتەوە، دەبێ لە ناویدا بگەڕێیت تا بزانیت چی دەگوزەرێت. مرۆڤیش بە ڕوخسار و زمانی نایناسی، دەبێ لێیەوە نزیک بیت و بچیتە ناخیەوە ئەوسا دەزانیت چ جۆرێکە. سەرسامیی تۆ بۆ شارەکە چۆنە، سەرسامیی منیش وا بوو. باوکم تابلۆیەکی پیشان دام، تابلۆکە ئەم شارە بوو، تابلۆیەکی جوان، بە قەتپاڵی چیایەکەوە خانوو شۆڕ بوونەتەوە تا خوارەوە، لە خواریشەوە ئاوێک بە ڕوونی نەرمنەرم دەڕوات. سەیری تابلۆکەم دەکرد و چێژم لە جوانییەکەی دەبینی، باوکم پێی گوتم: "دەتنێرم بۆ ئەم شارە جوانە، لەوێ خانەقایەک هەیە وانەی تێدا بخوێنە." بە هەرحاڵ هاتم، لە دوورەوە بە دیمەنەکانی شاگەشکە بووم. ماوەیەک لە خانەقا نەدەهاتمە دەر، پاشان هاتم گەڕام و بینیم ئەو تابلۆیەی من دیبووم، لە ناوەوە چەند شتی پیسی تێدایە. دڵنیام تۆش وەک منی، وردەوردە بۆت دەردەکەوێت دیمەنەکەی بەردەم دەروازەکە، جیاوازە لە ناوەوەی.

ئەوە هاتە دەرەوە، با شوێنی بکەوین دەمانباتە شوێنە تایبەتییەکان. ئەو شوێنانەی ئەویان بۆ دەچێت، دوورن لە باوەڕی من و تۆوە، با بیانبینین و باوەڕمان باشتر بکەین.

- جا بۆ ناڵێیت چی شوێنی پیس هەیە لەم شارەدا، بە دەستی ئەو دروست کراون و بۆ بینینی ئەو شوێنە پیسانە دەبێت ببینە سێبەری تا پیشانمان بدات!

-دەی تۆ چۆنی دەبینی با وا بێت. شەو ڕۆژ لە ناو هەزار شوێنی وادا خۆم ببینمەوە، کار لە بڕواکەم ناکات. ئەی نەتبیستووە شاعیرە نابیناکە دەڵێت: "نییەت حیسابە، نییەت. بە نییەتی مزگەوتەوە بچۆ مەیخانە، مەیخانە دەبێتە مزگەوت. بە نییەتی مەیخانەوە بچۆ مزگەوت، مزگەوت دەبێتە مەیخانە." نییەتەکەی من بۆ چێژوەرگرتن نییە، بۆ وانە وەرگرتنە. بەو نییەتەوە دەکەوینە شوێنی. ناخی شارەکەت پیشان دەدەم، بەو نییەتەوە ناکەوینە شوێنی موشتەرین و دەمانەوێت دەممان بخەینە ناو چڵکاوەکانیەوە.

ئۆرتینەی کچی کەس نەیبینیوە جارێک هاتبێتە شوێنەکانی باوکی، ڕێگەشی نەداوە بۆ یەک جاریش بێت ڕوخساری دەربکەوێت و خەڵک بیبینێت. چونکە نییەتی نییە لە باوکی بچێت، کچێکە بەد ناجووڵێتەوە گومانی خراپی لێ بکرێت. دونیاکەی ئەو و دونیاکەی باوکی، ئەرز و ئاسمانی فەرقە.

ئەها، سەیر بکە، مووسێ خۆی کرد بە گەوڕیی بەرازەکاندا. لەم گەوڕەدا جلەبی بەرازی ڕاگرتووە و بەخێویان دەکات. بە بەچکەیی دەیانکڕێت و وردەوردە گەورە و چاخیان دەکات و دەیانفرۆشێت بە بەرازخۆرەکان. جاربەجار بۆ بێزارکردنی مەلا بەیجووری یەک دوو دانە دەهێنێتەوە و لەو ناوە بەرەڵایان دەکات، بەرازە لووتخوارەکانیش دەست دەکەن بە پرخەپرخ و قیروهوڕ. مەلا بەیجووریش کە چاوی پێیان دەکەوێت قوشقی دەبێت و دەست دەکات بە نزای ناخۆش ناخۆش لە خاوەنەکانیان. بە چاوی خۆم بینیومە بە پرخەی بەرازەکان هێندە تەنگەتاو بووە، بەیانی تا ئێوارە چوار جار خۆی شوشتووە. لە گوتارەکانیشی باسی دەکرد بەراز بەس بە بینینیەکەی مرۆڤ پیس دەکات، سوبحانەڵڵا چەند ڕقی لە بەرازە. لە خۆیەوە شت لەسەر بەراز دەڵێت، گوایە گۆشتەکەی کرمێکی تێدایە مرۆڤ لاواز و بەرەڵا دەکات. تەماشای ئەوانەش

دەکەم بەراز دەخۆن، نە لاوازن و نە بەرەڵاشن، نازانم ئەم قسە هەڵیتوپەڵیتانەی لە کام کتێبەوە هێناوە.

جارێکیان پێم گوت: "جەنابی **مووسێ**، جوان نییە ئەو بەرازانە دەهێنی لەم دەورو حەوشەوبانەی ئێمە بەرەڵایان دەکەیت. ئێمە پێیان بێزار دەبین." کەچی وەڵامەکەی لە هێنانی بەرازەکان خراپتر بوو.

- بۆ؟ چ وەڵامێکی دایتەوە؟

-جا چی نەگوت! کە دەمی کردەوە، دەستی کرد بە قسەی تاڵ تاڵ لەسەر **مەلا بەیجووری**. گوتی: "جا تۆ سەری خۆت پرخەی بەرازەکان ناخۆشە، یان دەنگە گڕ و ناخۆشەکەی مامۆستاکەت، خۆ شەوان ناهێڵێت کەس بخەوێت. جا بۆ لووتی بەرازەکان زلترە یان لوتی مامۆستاکەت؟ توکی بەرازەکان بۆنیان ناخۆشە یان ڕیشە خەناوییەکەی مامۆستاکەت؟ بۆ ڕقت لە بەرازە؟ کوا بەراز بەقەد مرۆڤ پیسە؟ ئێوە خۆتان نابینن چۆن ئەم شارەتان پیس کردووە و باسی بەرازەکان دەکەن؟ ئەوەی ئێوەی ڕیشنی پیس بەم شارەی دەکەن، بە هەزاران بەراز کارێکی ئێوەی پێ ناکرێت. پێش ئەوەی بێنە ناو شارەکەوە، ژن بە بچووک و خراپ سەیر نەدەکرا. هاتن و یەکەم کارتان ئەوە بوو ژن بکەنە گیانەوەرێکی لاواز و بێکەڵک و سەرتاپای داپۆشن. ئاخر چواری وەک **مەلا بەیجووری** ڕیشخەنەکراوە چاوبازن و خۆیان ناگرن لە بەردەم ژندا، بۆیە بانگەشەی داپۆشینی دەموچاوی ژن دەکەن. پیاو دڵنیا بێت لە خۆی، لە ناو پەنجا ژنی رووتدا بژێت گوێ ناداتێ. چونکە دڵنیا نین لە خۆتان، ژن و بەرازتان لێ بووە بە شەیتان و شەیتانەکەش خۆتانن." بەم قسانە تەنگەتاوی کردم.

سەیرێکی ڕۆدانم کرد و دامە قاقای پێکەنین، بە دەم پێکەنینێکەوە کە لە دڵمەوە دەهات، گوتم: "ئەو سەرتاشراوە ڕاستی کردووە، وەی بە خودا مردم! لەوانەیە چەندین شەو بیری کردبێتەوە گیانەوەرێک بکرێت لە **مەلا بەیجووری** بچێت. ڕێک دۆزیویەتیەوە. وەی مردم!

ئەک ڕووی بابـت ڕەش بێـت مووسـێ، چ فیلبـازێکی! ئەشـهەدوو وەلامەکەی پڕ بە پێستی خۆی بووە. وەی دڵم ژان دەکات!" ئەوەندە بە دەنگی بەرز پێدەکەنیم و قسـەم دەکرد، ئاو لە چاومەوە دەهاتە خـوار و خەڵکـی دەوروبەرمـان بە سەرسـووڕمانەوە سـەیریان دەکردین، وایاندەزانی تەواو نیم.

دوای گەوڕی بەرازەکـان بەرەو ڕۆژئـاوای شـارەکە بە دوایـدا ڕۆیشتین. بردینی بۆ گەڕەکی مەیخانەکان، چەندین مەیخانە لەم بەر و ئەوبەری یەکـدییەوە ڕازێنرابـوونەوە. لە بەردەم یەکێـک لە مەیخانەکان دوو پیاوی مەست تەخت بۆی ڕاکشابوون. دیار بوو شـەو هێنـدەیان خواردبـووەوە، تـا بەردەرگەی مەیخـانەکە بڕیـان کردبوو، لەوێ بۆی پاڵکەوتبوون هێشتا بەری نەدابوون.

**مووسێی باجگر** یەک بە یەک سەری دەکرد بە ناو ڕیزە مەیخانەکانی دەسـتەچەپدا، لە کـاتی هـاتنە دەرەوەی مەیگێڕەکـان دەسـت لەسـەر سنگ تا بەردەرگە لەگەڵی دەهاتن؛ پێ دەچوو نیوەی مەیخانەکان هی ئەو بن. لە شارەکەی من لەم جۆرە مەیخانانە بوونی نەبوو، شارێکی داپۆشراو بوو، نە خەوتن لەگەڵ ژنە چێژفرۆشـەکان بە ئاشکرا بوو، نە خـواردنی گۆشـتی بەراز، نە مەیـخـانە هەبـوو. شـارەکەی مـن دوور بـوو لەم شـتانەوە. نـا نـا، شـارەکەی مـن لەو ژنـانە دەچێـت خۆیـان دادەپۆشن و لە ژێر خۆداپۆشینەکەوە شت دەکەن. کەچی ئەم شاری *سەمعایە* پێچەوانەی شارەکەی من بوو، ڕووت ڕووت هەموو شتی بە دەرەوە بوو. جا ڕێبوار بیت و کەوتیتە ناو سەفەرەوە، تووشت دەبێت بە تووشـی دوو جـۆر شـارەوە، شـارێکی ڕووت کە شـتەکانی بە دەرەوەن، شارێکی داپۆشراو کە شتەکانی لە ناوەوەن بە شاراوەیی. لە هەردووکیاندا چیت بوێت دەتوانی بیکەیت. چێژی کردنەکەش لەو شارەدایە ڕووتە، نەک لەو شارەی خۆی داپۆشیوە و لە ناوە گەنیوە. شارەکەی من، *حیجاز*، لە دەرەوە داپۆشراوە و لە ناوەوە گەنیووە. بە گەڕەکی هەژارەکاندا بچۆ بەبێ نەخۆشی ناگەیتەوە ماڵ. جارێک بە

سۆفییەکم گوت: "سۆفی گیان، خودا چۆن قبووڵ دەکات ماڵەکەی لەم شارە بۆگەنەدا بێت!" تا کاتی خەو ئەستەغفیرەڵا و تۆبەی کرد.

تکام لە ڕۆدانی ڕۆمی کرد چیتر دەست لە شوێن پێهەڵگرتنی مووسێی باجگر هەڵبگرین و بۆ خۆمان بگەڕێین. کۆڵانی مەیخانەکانمان جێ هێشت، بەرەو کەناری ڕووبارەکە کەوتینە ڕێ. لە پاڵ ماسیفرۆشەکاندا کڵێسەیەکی بچکۆلەی ڕەنگسپی خۆی قوت کردبووەوە. زۆر جوان دیار بوو، بەبێ ئەوەی بوەستم خۆم کرد بە ژووردا. هەندێک کەس بە جلوبەرگەکەیاندا لە هەژار دەچوون، دانیشتبوون خەریکی پاڕانەوە بوون. قەشەیەکیش بە جلێکی ڕەشەوە خەریکی داگیرساندنی مۆم بوو، چوومە تەنیشت قەشەکەوە و سڵاوێکم لێ کرد.

قەشە ڕووی بەرەو ڕووم وەرگێرا و تەوقەیەکی لەگەڵ کردم. ڕۆدانی ڕۆمی بەلایاوە ئاسایی بوو هاتووە بەسەرمدا و خۆم کردووە بە ناو ئەم کڵێسەیەدا. قەشە زانی سەر بە ئایینی ئەوان نین، دەستی گرتم و داوای لێکردم دانیشین کەمێک قسە بکەین. منیش دانیشتم و چاوێکم گێڕا بە ناو کڵێسەکەدا.

خەریکی وردبوونەوە بووم لە نیگاری ناو کڵێسەکە، لێم پرسی: "بۆچی لە ناو کڵێسەکانی ئێوە نیگار هەیە و لە ناو مزگەوت و پەرستگەی ئایینەکانی دیکەدا بە گوناە سەیر دەکرێت؟" دەستێکی هێنا بەسەر سەرە تاشراوەکەیدا و گوتی:

- ئایینەکان زۆر شتیان لە یەک دەچێت، سەرچاوەی یەکەمی ئایینەکان مرۆڤ خۆیەتی. سەرەتای ئایینی مەسیحی کڵێسەکان نیگاریان تێدا نەبوو، کاتێک نیگار و جوانکاری کەوتە ناو کڵێسەکانەوە، ئایینەکە بوو بە ئایینی پاشاکان. پاشاکانی ئەورووپا هەمیشە شتێکیان دەکرد جیاواز بێت، دەیانویست خۆیان لە خەڵکی هەژار و نەدار جیا بکەنەوە. سروشتی پاشاکان وایە، نایانەوێت لە شوێنی وشک و بێڕەنگ و ناشیریندا خۆیان ببیننەوە. گەر ئایینەکەی

ئێوەش لە شوێنێک بوایە و پاشای هەبایە، بێگومان زۆر شتی لێ دەگۆڕا. ئایینێک لە ناو شاردا دروست بوبێت، جیاوازی دەبێت لە ئایینێک لە ناو گوندێکی بیاباندا دروست بووبێت. نازانم ئێوەی گەنج چوون بۆ ئەو شارانەی کە پاشاکان فەرمانڕەوایەتییان کردوە یان نا، لەو شارانەدا تەنیا کۆشکەکان نەڕازێنراونەتەوە، ماڵە ئایینیەکانیش ڕازێنراونەتەوە. ئایین و دەسەڵات دوانەیەکن پێکەوە دەژین. ئایینێک نەهاتووەتە سەر زەوی بەبێ ئارەزووی گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە. ئێستا زۆرێک لە قەشەکانی ئێمە باسی ئەوە دەکەن ئایینی ئێمە تەنیا بۆ چاککردنی کۆمەڵگە بووە، ڕاستی لەم قسەیەدا نییە. ئایینی ئێمە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتێکی ئایینی بووە و خۆی بە هەق زانیوە بچێتە شوێنی ئەو. ئایینەکەی ئێوە شک و گومانی تێدا نییە تەنیا بۆ هاتنە سەر دەسەڵات بووە، شەڕەکانیشی شەڕی دەسەڵات بوون. هیوادارم قسەکانم ئازارتان نەدا، من وای دەبینم. باسێک هەیە کە گرنگە؛ پەیامی ئایینەکەی ئێمە، پەیامی خۆشەویستی و جوانبینینە. ئەی لە ئینجیلی یۆحەننادا نەتبیستووە باسی چیرۆکی جوانی دەکات؟ با چیرۆکەکەتان بۆ بگێرمەوە: ڕۆژێک مەسیح و هاوەڵەکانی بە تەنیشت کەرێکی تۆپیودا تێدەپەڕن، هاوەڵەکانی بە بۆنی کەلاکەکە پەرێشان دەبن و لووتیان دەگرن. کەچی مەسیح نە پەرێشان دەبێت و نە لووتی دەگرێت و زۆر بە هێمنی لە دیمەنی کەلاکەکە ورد دەبێتەوە. هاوەڵەکانی لێی دەپرسن: "ئەی پەیامبەر، بۆچی لووتی خۆت نەگرت و سەیری کەلاکەکەت دەکرد؟" لە وەڵامدا دەڵێت: "ددانی کەرەکە زۆر جوان بوون، بینینی ددانە جوانەکانی وا سەرنجی ڕاکێشام هەستم بە بۆنی کەلاکەکە نەکرد." ئێمەی شوێنکەوتوانی بیر لەم چیرۆکە دەکەینەوە، کەوایە لە هەر شوێنێک بیت گرنگە دەوروبەروی خۆمان جوان بکەین، تا جوانی ببینین. گرنگە بۆ جوانییەکان بگەڕێین، جوانی دەتوانێ وا لە مرۆڤ بکات زۆر شتی تر لە بیر بکات. بە چاوەکان و هۆشەکان کەوتووە، هاوەڵەکانی مەسیح هۆشیان لای بۆنەکە بوو،

خۆشی بیری لە جوانییەکە دەکردەوە. ئێمەی شوێنکەوتوانیش بەو نیازەی پەیامبەرەکەمان بیری کردەوە، بیر لە دونیا دەکەینەوە. نیگاری ناو کڵێسەکان بەشێکی جوانییەکەیە کە پامبەرەکەمان داوامان لێ دەکات.

- بە قسەی جەنابت بێت، یەکەم پەیامەکەیە، دووەم ئەوە پاشا و دەسەڵاتدارەکانن لەبەر خۆیان وێنەی ئایینەکان دەگۆڕن؟

- نا، بوەستە، تەنیا ئەوە نییە، شارستانییەت، شارستانییەت، میللەتێک شارستانییەتی نەبوو، ئایینەکەشی خاڵییە لە جوانی و پڕە لە شمشێر و کوشتن. تکا دەکەم نیگەران مەبن، ئایینەکەی ئێوە لە ناو میللەتێکەوە هات شارستانییەتیان نەبوو. تەماشای شێوەی مزگەوت و کڵێسەکان بکەن، بە تەماشایەکی ئاسایی دەزانیت ئەو ئایینەی لە ناو میللەتێکی شارستانییەوە هاتووە کامەیانە و ئەو ئایینەی لە ناو میللەتێکی بێ شارستانییەتەوە هاتووە کامەیانە. گوناهی پەیامبەرەکان نییە، پەیامبەرەکەی ئێمە خەڵکی شار بوو، لە ناو شاریشدا پەیامەکەی پێگەیشت. ئەوەی ئێوە خەڵکی گوندێکی لاکەوتەی خێڵەکی بوو، لەو شوێنەدا چاوەڕێی شارستانییەت ناکەیت. ئێوە گەنجن، ورد ببنەوە، تەماشای ئایینی زەردەشت و ئایینی جوولەکەکان بکەن، چونکە دوو ئاینی ناو شارن و شارستانییەتیان بینیوە، بەردەوام بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان جیاوازە لە ئایینەکانی دیکە. ئاینی بوزی، بوزا خۆی شازادە بوو، دەستی لە شازادەیی هەڵگرت و کەوتە شوێن هەقیقەت، ئایینەکەشی بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆیەتی و دوای خۆی شارستانییەت و ڕێزگرتن لە مرۆڤ دروست دەکات.

- جەنابی قشە با لەوە گەڕێین، لای تۆ سەرچاوەی هەموو ئایینەکان چییە؟

-بە بڕوای من سەرچاوەی هەموو ئایینەکان خۆشەویستییە، ئێوە گەنجن، لە سەرەتای چوونە ناو ئاوەکەوەن، باشترە بزانن ئایین وەک ئاوێنەیە، دیوێکی ئەو شتە پیشان دەدات کە لە بەردەمتدایە و بە

باشی دەبینی، دیویکیشی تاریکە و هیچ پیشان نادات. لە کام دیوەوە بۆی بڕۆیت، لەو دیوەوە دونیا دەبینی. دیوە ڕوونەکەی خۆشەویستییە، دیوە تاریکەکەی ڕقە. کاتێک ڕق هەڵی کرد یەکەم شت کە دەمرێت خۆشەویستیی ناو دڵەکانە. خودا و بڕوا، بە لۆژیک و کەلەپووری هزری نادۆزرێنەوە، بە خۆشەویستی دەدۆزرێنەوە. ئایین ڕقی تێدایە و خۆشەویستیش. بڕوا بەس خۆشەویستییە و خاڵییە لە ڕق. دوو شتی جیان، ئارەزوو دەکەم ئێوە شوێنکەوتەی بڕوا بن نەک ئایین. من خۆم پیاوێکی بڕوادارم لە ناو ئایینێکی جیاواز لە ئایینەکەی ئێوە. هەوڵی من دۆزینەوەی خۆشەویستییە، خۆشەویستی بدۆزمەوە و دەگەمە عەشق، ئیتر دڵنیا دەبمەوە خودا و بڕوام دۆزیوەتەوە.

پاش خەیلێ قسەکردن، مۆڵەتمان خواست بڕۆین. قەشەیەکی ورد بوو، چوونەکەمان بێسوود نەبوو، لە بارەی زۆر باسی ئایینی و دونیاییەوە هێنامانە ئاخاوتن. دوای چوونەدەرەوە، ڕۆدانی ڕۆمی لێی پرسیم چۆن بوو وا کتوپڕ خۆم کرد بە ناو کڵێسەکەدا، بۆم باس کرد لە شارەکەی خۆمان، شاری ئایینەکان نییە، شاری یەک ئایینە. مرۆڤ ناتوانێت ئایینەکانی دیکە ببینێت و تێبگات جیهانی ئەوان چییە. کەیفم بەوە هات ئەمڕۆ بکەمە فرسەتێک بۆ نزیکبوونەوە لە ئایینێکی جیاواز.

بە گەڕەکی لای کڵێسەکەدا سەرکەوتین، تۆپەڵێک ژن لە بەردەرگە دانیشتبوون و خەریکی کەوکردنی جاجمێک بوون. ڕۆدانی ڕۆمی باسی گەڕەکەکەی بۆ کردم؛ ئەم گەڕەکە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی ئەم شارە و جوولەکەی تێدا نیشتەجێن، سەردەمێک پێشتر بە هۆی شەڕەوە زادگەی خۆیان جێ هێشتووە و هاتوون لەم بەشەی شار دانیشتوون. سروشتیان وایە، کەم تێکەڵ دەبن. لەو بازاڕە چی کەلوپەلێک دەبینی بە دەست دروست کرابێت، بەرهەمی ماندووبوونی ئەم گەڕەکەیە.

جوولەکەکان لەو میللەتانەن کە لە هەر شارێک بوون، بازاڕەکەی دەخەنە جوولەوە. کارکردن و عەقڵیان بۆ بازاڕ پەیوەندیی بە

ئایینەکەیان و بەو سەرکوتکردنەی خۆیانەوە هەیە. یەکەم جار کە میسر جێ دەهێڵن و دەکەونە شوێن پەیامبەرەکەیان و دێن بۆ قودس، کە ئەو سەردەمە گوندێکی بچووکی لاتەریک بووە، هاتوون ئاوەدانیان کردوەتەوە و بووەتە خاکی خۆیان. لە بێ پشتوپەنایی و لاتەریکبوونەوە، ناچار بوون بیر بکەنەوە، پشتیان بە خۆیان بەستووە بۆ دروستکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانیان، ئایینەکەشیان هانی داون پشت بە کەس نەبەستن و پشت بە خۆیان ببەستن. میللەتێکی بەدبەخت و سەرکوتکراون، بەدبەختی و سەرکوتکردنەکەیان وای لێ کردوون لە ژیاندا بیر لە گرنگترین بەشی بکەنەوە، کە ئابوورییەکەیەتی.
لە هونەری تێکەڵنەبوونەکەیان تێناگەم، لەوە ناترسن تێکەڵ بن ئایینەکەیان لە دەست بدەن. ئەو غرووورەشیان هەیە خۆیان بە یەکەم میللەتی هەڵبژێدراو دەزانن. لە سەختترین قۆناغەکانی لەناوچوونیاندا، ئامادە بوون خۆیان و خاکەکەیان لە دەست بدەن، بەس ئامادە نەبوون ئایینەکەیان لە دەست بدەن؛ ئایینەکەیان بووەتە ناسنامەیان. ڕەگەزی خۆیان نابەستنەوە بە شوێنەوە، دەیبەستنەوە بە ئایینەوە. تەریکبوونەکەیان دەشێت هیی ئەوە بێت، لە گشت چرکەیەکدا چاوەڕێ دەکەن پەلامار بدرێن و لە ناو ببرێن، مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لەگەڵ ئایینە دەست وەشێنەکان. ئەو شوێنەی ئەوان خۆیانیان تێدا شاردەوە لە ترسی دەسەڵاتی فیرعەونەکانی میسر، ئەو شوێنە لە قۆناغێکی کەمدا بووە چەقی دونیا، بازرگانی و ژیان ڕووی تێکرد، کرایە شوێنێکی پیرۆز. ئایینی مەسیح هات و بە نیازی لەناوبردنی ئایینی جوولەکە قەشە و پاشاکان هەوڵێکی زۆریان داو پێیان نەکرا. دوای مەسیح ئایینی ئیسلام هات و بە هەمان شێوە کەوتە کۆمەڵکوژییان و ئەویش نەیتوانی ئایینەکەیان لە ناو ببات. ئەوان میللەتێکی بچووک بوون، سەرکوتکردن وای لێ کردن بتوانن فێری بەرگریکردن بن و ژیریەتی خۆیان بەکار بهێنن.

ڕۆدان گوتی: "ئارەزوو دەکەم لەم گەڕەکەوە سەرکەوین بچینە سەرووی شار، لە نزیک لوتکەی چیاکە، لە سەرووی شارەوە گۆرەپانێکی لێیە، لەو گۆرەپانەشەوە ڕوانین لە شارەکە تام و چێژێکی تایبەتی هەیە." لەسەر سەکۆی لوتکەی چیاکە دانیشتین و تەماشای شارمان دەکرد؛ بازاڕی ناو شارەکە لە شادەماری دەست دەچوو، کۆڵانە باریکەکان و پەڵەپەڵە باخ و باخچەکان سەوز دەچوونەوە.

***

تا دەمەوعەسران بە کەیفی خۆمان بە ناو شاردا گەڕاین، بۆ نوێژی عەسر هاتینەوە خانەقاکە. سۆفی و دەروێش و مورید و فەقێیەکان بازنەیەکیان بە دەوری مەلا بەیجووریدا دروست کردبوو، خەریکی وانەی تەفسیری جوزئی تەبارەک بوون، پاڵم دایە یەکێک لە کۆڵەکەکان و گوێم لە وانەکەیان دەگرت. کتوپڕ لە نیوەی تەفسیرەکەدا مەلا کەوتە باسی نەفرەتکردن لەو کەسانەی ئارەزووی دونیا دەیانبات و پشت لە سوننەتەکانی ئایین دەکەن. بە تەوژمێک باسی نەفرەت و توڕەبوونەکانی دەکرد، بەو مەرجانە بێت کەس ناتوانێت خۆی لەو نەفرەتە ڕزگار بکات. لە جێی خۆمەوە دەترسام، خۆم نەگرت و هۆڵی وانەکەم جێ هێشت. غەرقانیی تەنبوورژەن خەریکی شوشتنی جلەکانی بوو، لە تەنیشتی دانیشتم. پێیەوە دیار بوو هەستی بە بێتاقەتی دەکرد. ئەو کارەکەی جیا بوو، لە کاری من نەدەچوو، زۆربەی کاتەکانی لە خزمەتی شێخدا بوو. جلەکانی شێخ و ئامادەکردنی نان بۆی و جاربەجار تەنبوورژەنینیش کاری ئەو بوو.
باسی لەوە کرد دوای ڕۆیشتنە دەرەوەی من، تا هاتنەوەم هیچ کام لە فەقێ و دەروێشەکانی ناو خانەقاکە گرنگییان پێ نەداوە و دوو وشەیان لەگەڵ نەگوتووە. هۆی گرنگی پێنەدانەکەیان پەیوەندیی بەوە نەبوو کە زانیبوویان خزمەتکاری شێخە و بە چاوێکی نزمەوە سەیری بکەن، هۆکەی پەیوەندیی بەو چرپەچرپ و فسکەفسکەی پشتەوە بوو

کە مەلا بەیجووری لە بناگوێیان دەیخوێن دژی **شێخ**. سەری زمان و بنی زمانی ببوو بە لۆمەکردنی ئەو کۆمەڵە قسە تازەیەی **شێخ**، گوایە باسی ئەو شتانە دەکات لەگەڵ ڕۆحی ئایینداران ئەم خانەقایە نایەتەوە.

ورده ورده بۆم دەرکەوت هاتنەکەمان بۆ ئێرە تووشی دەردەسەریمان دەکات؛ هاتووچۆکەرانی ئەم خانەقایە، ڕۆدانی ڕۆمی لێ دەربچێت، کەسانێک بوون لە ئەهلی ئێمە نەبوون، نەیاندەویست لە ڕێگەی ڕۆح و جوانییەکانی دڵ و مێشکەوە سەیری دونیا و قیامەت بکەن، کەسانێک بوون ڕۆژانە پڕ کرابوون لە نەفرەت و توڕەیی و بڕیاردان. زەحمەتە **شێخ** بتوانێت سەرلەنوێ باوەڕیان بگۆڕێت. لە تەک **غەرقانی** کەوتبووینە باسی خۆمان و شوێنە تازەکەمان، پرخەی بەرازێک ڕای چڵەکاندین. بەرازەکە هاتبووە حەوشی خانەقاکەوە، ویستم هەستم دەری بکەم و بیگەڕێنمەوە بۆ ناو باخەکە، ئەوەندەم زانی دوو لە فەقییەکان بە خۆیان و کوتەکی گەورەی دەستیانەوە پەیدا بوون، هەتا هێزیان تێدا بوو کەوتنە لێدانی بەرازەکە، ئەو گیانەوەرە بەستەزمانەش پڕ بە دەمی دەیقیژاند. قیژەی بەرازەکە و زرمەی کوتەکەکانی پشتی و لاملی، قرچەی لە دڵ هەڵدەستاند. هەرچۆنێ بێت بە کوڵێ برینی سەر پشتیەوە خۆی لە ژێر دەستیان قوتار کرد و تێیدەقاند بۆ ناو باخەکە.

لەم هاتوهاوار و زرموکوت و قیژەی بەرازەدا، **شێخ** لە هۆدەکەی خۆی دێتە دەرەوە و بەبێ ئەوەی ئێمە بیبینن دێتە هەیوانەکە. ئێمە چیمان بینیبوو، ئەویش بە هەمان شێوە بە چاوی خۆی بینیبووی. ناوچەوانی دابوو بە یەکدا، بە نارەحەتییەکەوە ڕووی کردە دوو فەقییەکە و پێی گوتن: "بڕواتان لاوازە، بڕواتان لاوازە، خراپ پەروەردە کراون، خراپ پەروەردە کراون، بڕواتان بە جۆرێک لاوازە، ڕقەکەی ناختان بەرچاوتانی تاریک کردووە و توانای بینیتان کز بووە. خودا پەنامان بدا لە بیبڕوایی خەڵکانی ڕق ئەستوور. ڕقەکەی

ناختـان دای پۆشـیون، تەنـانـەت ڕەحمێکـی لە ناختانـدا نەهێشـتووە.
گونـاهی ئەو گیـانەوەرە بەسـتەزمانە چییە ڕقـی خۆتـانی بەسـەردا دەڕێـژن؟ زەڕڕەیەک خوداتـان بناسـیبایە هەرگیـز ئـازاری هـیچ گیانەوەرێکتان نەدەدا. لەباتی کوتەکەکانی دەستتان کەمێک ڕەحمتان بەکار بهێنـایە. بـڕواداری ڕاسـتەقینە کەسـێکی ڕق لەدڵ نییە. ئێـوە بڕواتـان لاوازە، ئێـوە پەروەردەتـان بـاش نییـە، بـۆیە بەو جـۆرە دڕندانەیە پەلاماری بێزمانێک دەدەن. گوێتـان لە قیژە و هاوارەکـانی بوو؟ هەست ناکەن خودا بە باشی گوێی لەو قیژە و هاوارانە بوو؟"
دوو فەقێیەکە زانییـان هەڵەیەکی گەورەیـان کـردووە، سـەری خۆیـان داخسـت و بە شـەرمەوە بەرەو ژوورەوە چـوون. کە ئەوان گەیشـتنە ئەودیـوی دەرگەکە، **مەلا بەیجـووری** و دەسـتەیەک لە دەوری هـاتنە دەرەوە، دیار بوو بە باشی گوێیان لە قسەکانی **شێخ** ببوو.
**مەلا** بێ شـەرمانە ڕووی کـردە **شێخ** و گـوتی: "مـن مامۆسـتای ئەم حوجرەیەم، کەسم پەروەردە نەکردووە ڕەحم بە شتەپیسـەکانی سـەر زەوی بکات. گیانەوەرێک خودا نەفرەتی لێ کردبێت، مرۆڤ بۆی نییە بەرگری لێ بکات. گیانەوەرێکی باش و پاک بوایە، بەر نەفرەتـی بـاری تەعالا نەدەکەوت."
شێخ هێندەی تـر تـوورە بـوو، دەنگی بەرز کـردەوە و پەنجەیەکـی بـۆ ڕاوەشاند: "هیچ گیانەوەرێک لەم سەرزەمینە هێندەی ئەو مرۆڤە پیس نییە کە ڕقەکەی ناخی گەورەترە لە خۆشەویستییەکەی. گیانەوەرێکـی پیس بوایە خودا دروسـتی نەدەکرد، نەفرەت لەوەی بە نـاوی خـوداوە شتەکان پیس دەکات. ئەو بەسـتەزمانە زمـانی هەبـایە، لە پێش تـۆوە دەبـوو. بڕۆ نـاو حەوزەکە و تەماشـای خـۆت بکە، پاشـان تەماشـای ناخت بـکە، بـزانە تـۆ پاکیت یـان ئەو گیـانەوەرەی کە تـۆ بە پیسـی دەزانیت. تا ئەمڕۆ تۆ مامۆستایان بوویت، لەمڕۆوە تۆ ئیتر هـیچ نیت، فەقێیەکان چەند پێویستیان بەوەیە بهێنرێنەوە سەر ڕێگەی ڕاسـت، تـۆ دوو هێندە پێویستت پێیەتی. نە بـۆت هەیە بانگ بدەیت، نە بـۆت هەیە

پێشنوێژی بکەیت و نە بۆت هەیە وانە بڵێیتەوە. لەم ساتەوە فەقێکی کڵۆڵی و دەبێت سەرلەنوێ پەروەردەت بکەمەوە. تێگەیشتیت؟ ئەو گیانەوەرە پیس نییە، ئەو ڕقەی ناخی تۆ پیسە. بۆنی ڕیشە خەناوییەکەی تۆ ناخۆشترە لە بۆنی بەرازەکان، بۆنی ناخە ڕقاوییەکەت پیسترە لە بۆنی پیسترین شت. بۆ ناچیت چلەیەک بکێشیت و کەمێ ناخت پاک بکەیتەوە؟"

بەم توندییە وەڵامی دایەوە و چاوەڕێی وەڵامی ئەوی نەکرد، بەرەو هۆدەکەی خۆی ڕۆیشت و **غەرقانیی تەنبوورژەن**یش بە دوایدا. **مەلا بەیجووری** ڕەنگزەرد و هەڵەرزیو لە ناوەڕاستیان وەستابوو، زمانی وشک ببوو، دەستەپاچە سەری خۆی داخستبوو. هەستم بە شکانەکەی دەکرد، لە دڵەوە شکانەکەیم پێ خۆش بوو. **ڕۆدانی ڕۆمی** دەموچاوی گەشابوویەوە. لەم کشوماتییەدا **مەلا بەیجووری** دەستی برد عەمامەکەی لە سەری هێنایە خوارەوە خستیە بنباڵی و بە هەنگاوی خێرا و گەورە لە دەرگەی حەوشەکە ڕۆیشتە دەر. نە کەس بانگی کرد، نە کەس دەنگێک لە دەمی هاتە دەر.

بە ڕۆیشتنی **مەلا**، کەمکەم لە ناو فەقێیەکان بوو بە فسکەفسک. دەمەویست لێیان نزیک بکەومەوە و شتێک هەڵبکرێنم، جەسارەتم نەکرد لە کەسیان بپرسم چی بەم باسە دێت. بە ڕوخساریاندا دیار بوو ببوون بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان خۆشی لە ڕوخساریان دەردەکەوت و دەستەیەکی دیکەیان تەواو تێک چووبوون و نەشیاندەوێرا قسە لە قسەی **شێخ** بکەن. لە نێوان هەردوو لادا خۆم کڕ کردبوو و گوێ قوڵاخ بووم تا بزانم چی دەگوزەرێت. **غەرقانی شێخ** داوای کرد سەرێک لە هۆدەکە بدەم، خێرا بەرەو هۆدەکە چووم. ئامادە کرد، وەستام تا دەستی پێ کرد. قامیشەکە و مەرەکەبەکەم

"بەداخم، زۆر بەداخم، هەمیشە پێم وا بوو شوێن مرۆڤەکان دەگۆڕێت، کەچی لێرە دەبینم مرۆڤەکان شوێنەکەیان گۆڕیوە. نیو

سەدەی تەمەنم پاککردنەوەی ڕۆحم بوو لە توڕەبوون، کەچی ئەمڕۆ گەردێکی توڕەبوون نیشتەوە سەر ڕۆحم. ڕێبازەکەی ئێمە ئەوە نییە کە لێرە دەیبینم، لەوانەیە یا من بە هەڵە هاتووم بۆ ئێرە، یان ئێرە ڕێبازێکی هەڵەی هەڵبژاردووە. لەوەتەی هاتووم سەرنج دەدەم لە دڵەکانی ئەم ماڵە، بە ئاواتەوە بووم کەمێک خۆشەویستی ببینم، نەمبینی. لە هەر شوێنێک خۆشەویستی و میهرەبانی نەبێت، لەو شوێنەدا بڕوا نییە. ڕق پێش کوشتنی جوانییەکان بڕوا دەکوژێت. شەرت بێت بەو شەرتەی لە تەک خوداکەی خۆم بەستوومە، یان دۆزەخێک بۆ خۆم دروست دەکەم، یان خۆشەویستی و عەشقی ڕاستەقینە پیشانی ئەو دڵانە دەدەم کە پڕن لە ڕق؛ لەوانەیە حیکمەتی هاتنەکەی من ئەمە بێت. لەو ماڵەی ماڵی خودایە و پێویستە خۆشەویستیی تێدا ببەخشرێتەوە، ڕق و کینەی تێدا دەبەخشرێتەوە. پێش پاککردنەوەی ماڵەکانی تر دەبێت ماڵەکانی خودا پاک بکەینەوە. ماڵەکانی خودا وا پیس کراون و ئاخێنراون لە مرۆڤی بیمار، پاکیان نەکەینەوە سەرتاپای کۆمەڵگە بیمار دەکەن."

وەستا، تەماشایەکی پەنجەرەکەی کرد، تیشکی هەتاوەکە بە ناو پەنجەرەکەدا خۆی دەدا لە تەختی ناوچاوانی. کە لێی ورد دەبوویەوە بە تیشکەکانی سەر ناوچەوانی نورانی دەینواند. تووڕەبوونەکەی لە فەقێیەکان و **مەلا بەیجووری** نیگەرانی کردبوو. خۆم لەو ماوەیەی لایم، نەمبینیوە لە کەس توڕە ببێت و کەس بتوانێت تووڕەی بکات. هەڵچوونەکەی ئەمڕۆی دەرهەق بە فەقێیەکان و مەلاکە نیشانەی درککردنی بوو بە ڕێگەیەکی هەڵە.

ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، سەرنجی لەسەر ڕووناکی پەنجەرەکە لا نەدەدا. بۆ ئارامکردنەوەی خۆی، دەستەکانی دەگوشی و چاوی دادەخست و دەیکردنەوە. لێوانی ئاو لە تەنیشتی بوو، لێوانە ئاوەکەی خواردەوە و بە **غەرقانی**ی گوت تەنبوورەکە بهێنێت و کەمێ تەنبوور بژەنێت. عادەتی وا بوو لە ساتی نیگەرانبوونی، گوێ لە پارچەیەک

ئاوازی تەنبوور بگرێت. تەنبوورەکە بە دەست غەرقانیەوە دەنگی لێ بەرزبووەوە؛ وا دەرکەوت یەکەم جارە لە ناو ئەو خانەقایەدا گوێیان لە مۆسیقا بێت، فەقێ و دەروێش و مورید و سۆفییەکان هاتبوون لە دەوری دەرگەی هۆدەکە تۆپەڵیان بەستبوو و گوێیان دەگرت و تەماشایان دەکرد.

کاتێ دەنگی تەنبوورەکە گۆڕا و بەرز بووەوە، شێخ لەگەڵیدا زیکری دەکرد. بەدەم زیکردکردنەوە دەیگوت: "خودایا بمبەخشە، تووڕەبوون لە مرۆڤ نایەت. خودایا یارمەتیم بدە، هەر کاتێک ویستم لە کەسێک تووڕە ببم، کاتی پەشیمانی بهێنەوە بیرم. خودایا پانتایی ئەم دڵەم پڕ بکەیت لە خۆشەویستی. خودایا هێزی میهرەبانییەکەم هێندە گەورە بکە ڕق نەتوانێت پەیی پێ ببات. خودایا گەر ڕۆژێک ویستت جێم بهێڵی، لەسەر ڕێگەی خۆشەویستی جێم بهێڵە. مەهێڵە تەنیاییەکەم، گۆشەگیرییەکەم، دوورم بخاتەوە لە سۆز و میهرەبانی. پیشانم دە ئەستێرەکەم داپۆشراوە بە خۆشەویستی، پیشانم دە هێزی گەورەی مرۆڤەکان ئەوینە. خودایا ئەگەر ویستت تاجێک بکەیتە سەرم، با ئەو تاجە تاجی عەشق بێت. ئەگەر ویستت بمکەی بە سەرلەشکری سوپایەکی گەورە، با سوپاکەم دڵە پاکەکان بن و خۆشم سەرلەشکری خۆشەویستی. خودایە بمکە بە بەهێزترین جەنگاوەر دژی ڕق، یارمەتیم بدە دڵە وێرانەکان ئاوەدان بکەمەوە، لە پشتم بە دیوە تاریکەکەی مرۆڤ ڕووناک بکەمەوە.

خودایا نەهێڵی ببم بە خەنجەر و کەس ئازار بدەم، نەهێڵی ببمە ڕەشەبا و کەپری ئەوینی کەس تێک بدەم، نەهێڵی دڵشکێن بم. دەستم بگرە و بمبە ناو تاقمێکەوە خۆشەویستی کۆی کردبنەوە. بمخە ناو میللەتێکەوە سفرەی ئەوین ڕابخەن. ئارەزوومە لە دەریای ئەویندا بمخنکێنی، نەک لە ژێر درەختی ڕقدا ماندوویەتیم دەربچێت. ئاشنام بکە بەوانەی ئاشنان بە خۆشەویستی، بمکە هاوەڵی قافڵەیەک تۆوی خۆشەویستی لەم شارەوە بگوازێتەوە بۆ ئەو شار. بمکە بە

مەیتەرەوانی ئەو ئەسپانەی ئەسپسوارەکانی ئەوینیان لێ دەرژێت، یارمەتیم بدە حەکیمی دەردێک بم بە خۆشەویستی سارێژ ببێت.
خودایا... لێم گەڕێ لەو کەسانە بم دڵیان ڕەش هەڵگەڕاوە، لێم گەڕێ لەوانە بم ڕەحم لە دڵیاندا نەماوە. یارمەتیم بدە تووڕەبوونەکانی ناخم بکەمە ئارامی، یارمەتیم بدە چاوەکانم ئەو جوانییانە ببینن کە جوانین. دوورم بخەرەوە لە کەسێک کە دوورە لە عەشقەوە، دوورم بخەرەوە لە دەستەیەک کە دوورن لە بڕواوە. ماڵەکەم بە میهرەبانی بڕازێنەوە و ماڵی خەڵکیش ئاوەدان بکەرەوە. خودایا لە شوێنێکدا نائومێد بووم ئومێدم پێ ببەخشە. وەک دایکەکان بمکە بە هوێنی ژیان، وەک باوکەکان بمکە بە سێبەری ژیان. بمبەخشە خودایا، بمبەخشە خودایا، تووڕەبوون لە من نایەت."
بەدەم تەنبوورژەنینەوە خەریکی خوێندنی ئەم نزایانە بوو، منیش دەمنووسی. لە نزاکان بووەوە و لایەکی کردەوە بۆ دەرگەکە، هەموان کپ و مات و حەپەساو تەماشایان دەکرد. هەستا بەرەو ڕوویان چوو، کەوتە پێشیان و هاتە هەیوانەکە وەستا. لە پاڵ کۆڵەکەی خۆی کە هەمیشە پاڵی پێوە دەدا، دانیشت و دەورمان دا. کەوتە ئامۆژگاریی فەقێیەکان، ئامۆژگارییەکانی لەسەر کوشتنی ڕقەکەی ناخیان بوو، لەسەر ئارامگرتن و خۆتەیارکردن بوو بۆ دونیایەکی هێمن، خۆی گوتەنی: "کوڕەکانم، ببوورن کە تووڕەبوونێکتان لە مندا بینی، چەندین ساڵە دەگەڕێم تووڕەبوونەکەی ناخم بکوژم، لەوەتەی هاتووم ئازارێکی زۆر دەچێژم و دەبینم ئێوە لەسەر ڕق و تووڕەبوون پەروەردە دەکرێن، بۆیە خۆم نەگرت و هەڵچووم. تووڕەبوونەکەم بۆ کۆتاییهێنان بوو بە ڕێگە هەڵەکەی ئێوە، نەک بۆ مەبەستێکی تایبەت بووبێت. مامۆستاکەتان پیاوێکی هۆشیار و وریایە، پیاوێکی بێئاگا نییە. شوێنی ئەو ئێرە نییە، بەرەکانی جەنگە، لەباتی بڕوا باشترە شمشێر هەڵبگرێت. بڕوا بەبێ ئارامی و میهرەبانی و خۆشەویستی دروست نابێت. کەسێک بتوانێت ڕق هەڵبگرێت، دەتوانێ شمشێریش

هەڵبگرێت. شمشێر بۆ کەسانێکە لەباتی بڕوا ڕق لە ناخیاندا بێت. سەردەمانێک شمشێر نیشانەی گەیاندنی ڕووناکی بووە دژی تاریکی، ئێستا نە ئەو سەردەمەیە و نە ئەو تاریکییەش هەیە بە شمشێر ڕووناک بکرێتەوە.

ئێوە سەرەتاتانە، ئێوە لە ئێستاوە دەست نەکەن بە کاڵکردنەوەی ڕقەکەی ناختان و گەورەکردنی خۆشەویستییەکەی، ماوەیەکی تر ڕق واتان لێ دەکات نەتوانن بە باشی خۆشتان ببینن. ئەم دونیا جوانە، بە خوێ و گیانەوەرەکانیەوە، بە خوێ و سروشتەکەیەوە، بە خوێ و مرۆڤەکانی ناویەوە، بۆ ئەوە نەکراوە هەر شتێکی بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئێمە بووم نەفرەتی لێ بکەین. بیر بکەنەوە، ناختان پاک بکەنەوە، دوو دنیاکە بۆ کەسێکە، لە نێوان خوێ و مرۆڤەکاندا، لە نێوان خوێ و سروشتدا، لە نێوان خوێ و گیانەوەرەکاندا خۆشەویستی بچێنێت. کاری ئێمە نییە ئازاری ڕۆحلەبەرەکان بدەین، پاداشت و سزا لای ئێمە نییە. یەکبەیەکی ئێمە بەرەو دونیاکەی تر دەڕوات و کوڵی خوێ بە کوڵیەوەیەتی، کوڵەکەی سەرشانی خۆت دەری دەخات پاداشت دەکرێیت یان سزا دەدرێیت.

تکام وایە لەمڕۆوە هەنگاوێک لە ڕقەکەی ناختان دوور بکەونەوە، هەنگاوێک لە جوانیی خۆشەویستی نزیک بکەونەوە. با کوڵەکەتان لەبری ڕق خۆشەویستیی تێدا بێت و بە سەربەرزانە بچنە حزووری خودا. عاشقە ڕاستەقینەکان دۆستە ڕاستەقینەکانی خودان. بەهەشت بۆیە جوانە، خۆشەویستی و میهر و ژیانێکی ئارامی تێدایە. دەی با ئێرەش بکەینە بەهەشت و بەهەشتەکەی خوداش بۆ خۆمان ببەین."

کە لە قسەکانی بووەوە، ڕۆدانی ڕۆمی بۆ تەواوکردنی قسەکانی ئەو دەنگی بەرزبووەوە: "قوربانی شێخ بم! ئەوە ڕێگەکەی باوکمە، ئەمەیە من بۆی دەگەڕێم. بۆ ساڵێک دەچێت لەم خانەقایە ئازار دەچێژم، ڕق وەک دڕک دەچێت بە گیانمدا، شەو نەبووە بە ئازارەوە نەخەوم. باوکم ناردمی لێرە تامی خۆشەویستی و میهرەبانی بکەم، لێرە شتی

دیکەم تام کرد. قوربان شێخی من، بە شاگردی خۆت قبوولم بکە، بڕوام پێ بکە چەندین جار ویستبێتم بۆ خۆشەویستی بگەڕێم، لێرە دەستم نەکەوتووە و ناچار چووم بۆ گەڕەکی جووەکان و کڵێسەکان. ئێرە خاڵی ببووەوە لەو میهرەبانییەی من وێڵی بووم. کاتێک باوکم ناردمی بۆ ئێرە ئامۆژگاریی کردم، مرۆڤ دەتوانێت بە چەند ساتێکی کەم ببێتە دڕندەیەکی گەورە، بەس چەند ساڵێکی پێویستە تا ببێتەوە بە مرۆڤ. مەبەستی وی بوو، هاتنی من و گەڕانی من بە شاراندا بۆ دۆزینەوەی ئەو خۆشەویستییەیە تا ببم بە مرۆڤ. بەداخم لێرە نەمبینی! گەرچی خۆم گرت و نەبووم بە بەشێک لەو تەپۆڵکەی ڕقە، خودا کردی تۆ هاتی. لەم ساتەوە شاگردی تۆم، دڵنیام هەر شتێک بکەیت بۆ ئاوەدانکردنەوەی خۆشەویستییەکەی ناخت دەیکەیت. خزمەتکارتم قوربان، ماندووبووم بە دەست ئەمانەوە. سەیریان بکە لە زەڕنەقووتە دەچن، دەم دەکەنەوە و چی بکەیت بە دەمیانەوە قووتی دەدەن. ترسنۆکن، خەجاڵەتم پێیان دەڵێم ترسنۆکن، بڕوا بکە ترسنۆکن. نە بەرپەرچدانەوەیان هەیە و نە باکیان بە هیچ شتێکە. **مەلا بەیجووری** بەرێز چی بوێت دەیکات، کردوونی بە هەوێر و بە مەیلی خۆی دەیانشێلێت و ئەمانیش بە نەرمی لە بەردەستیدان. ئێستا تۆ چی دەڵێیت، وەری دەگرن و قووتی دەدەن، تۆزێکی تر من شتێکی تر بڵێم بە هەمان شێوە وەری دەگرن و قووتی دەدەن. ماندوو بووم بە دەست ئەمانەوە."

فەقێیەکان سەریان سووڕما لە قسەکانی، لە ژێر چاوەوە لێی ورد دەبوونەوە، تەماشاکردنەکەیان لە تەماشاکردنی کەسێک دەچوو گوناهێکی گەورەی کردبێت. لە دڵی خۆمدا گوتم، بەدبەخت خوێنی خۆت تاڵ کرد. چ پێویستی دەکرد لە ئێستادا دڵی خۆت بکەیتەوە؟ خۆ ناکرێت مرۆڤ بە ئاسانی دەرگەی دڵی بکاتەوە. دەرگەی دڵ بۆ کەسێک بکەرەوە شایەنی ئەوە بێت دەرگەی دڵتی بۆ بکەیتەوە. تۆ چیت دابوو لەم هەڵڕشتنەی ناخی خۆت، بۆ ناخی خۆت بۆ کەسێک

هەڵدەڕێژی کە لە هەڵرشتنی ناخ تێناگات. فەرموو ئەوەتا ناخی خۆت هەڵڕشت و باش گوێیان لێ گرتیت، لەباتی پیاچوونەوە بە خۆیاندا، بە دەموچاوە ترشەکانیانەوە مۆڕەت لێ دەکەن. **شێخ** زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و دەستخۆشیی لێ کرد بۆ ڕاستیگوتنەکەی و بەوانیشی گوت: "شاگردی ڕاستەقینە شاگردێکە خەونی هەیە و نایەوێت بە ئاسانی بڕوا بە هەموو شتێک بکات."

## زەنگی کڵێسەکان

**شێخ** لە بەردەم میحرابەکە دانیشتبوو، فەقێیەکانیش بازنەیەکیان لە دەوری کێشابوو، یەکێ *قورئان*ێکی کراوە لە بەردەمیاندا بوو، چاوەڕێ بوون وانەکەیان لەسەر تەفسیری ئایەتەکان دەست پێ بکات. پێچەوانەی چاوەڕوانیکردنی ئەوان، دوو وانەی دانا. یەکەم گەڕانەوە بۆ لای **حەللاج**، دووەم سەردانیکردنی کڵێسەیەک.

لە وانەی یەکەمدا بەم ڕستەیەی **حەللاج** دەستی پێ کرد: "پارە دەتانگەیەنێتە ماڵی خودا، ئەمما ناتانگەیەنێتە لای خودا." دەستی کرد بە شیکردنەوەی ڕستەکە: "فەقێ بەڕێزەکان، بیرتان نەچێت ڕێچکەی سۆفیگەری ڕێچکەیەکە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو خۆی. سۆفیگەری گۆشەگیری نییە، گەشتە، گەشتێک بۆ ناو خۆت و ڕووناککردنەوەی بەشە تاریکەکەی خۆت. بنەوانی سۆفیگەری لە ئایینەکەی ئێمەدا لە **ئەبوزەری غەفاری**یەوە دەست پێ دەکات، ئەو پیاوەی لەبەر ڕۆحە پاکەکەی و ڕاستیگوتنەکەی، لە لایەن خەلیفەی سێیەمی *ڕاشیدین*ەوە دوور خرایەوە و بە شێت ناو دەبرا. یەکەم سەرچاوەی سۆفیگەرییە، سۆفیگەرییەکەی لە فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنان دەچوو، مەبەستم بەشی سۆفیستاییەکانە. گەڕیدە بوو، لە شوێنێک نەدەوەستا، دەگەڕا و بە دەنگی بەرز ڕاستییەکانی دەگوت و خەڵکی بانگ دەکردەوە بۆ لای

خۆیی و خەڵکی بە ئاگا دەهێنایەوە دوور بن لە دەسەڵاتەوە. دوورخستنەوەکەی لە لایەن خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدینەوە بە هۆی ڕاستیگوتنەکانیەوە بوو؛ لە ناو بازار و گەڕەکاندا دەگەڕا و هاواری دەکرد: 'بۆ ئەوەی لە خوداوە نزیک بکەونەوە، لەم دەسەڵاتە پیسخۆرەی خەلیفەوە دوور بکەونەوە، خودا لەو شوێنە نییە دەسەڵاتێکی خراپی لێ بێت. ئایینەکەی ئێمە مرۆڤی بانگ دەکرد بۆ خۆپاککردنەوە، کەچی ئێستا بە دەست کەسانێکەوەید، خۆیان پاک نین.' ئەمانە و دەیان شتی دیکەی دەگوت و خەلیفەی سێیەمی پەرێشان دەکرد و ناچار دووری خستەوە. مێژوونووسەکان وا باس دەکەن ڕۆژی کوشتنی خەلیفە ئەویش گەڕاوەتەوە و لەوێ بووە. ئەم پیاوە سۆفییە جلەکانی کۆن بوون، بەنان و خورمایەک شەو و ڕۆژێکی بەڕێ دەکرد و کاتێکیش ژیانی بەجێ هێشت جگە لە بڕوایەکی جوان هیچ شتێکی دوای خۆی جێ نەهێشت.

دوای ئەو، یەکێکی دیکە لە ئەستێرەکانی سۆفیگەری دەردەکەوێت، کە ناوی ڕابیعەی عەدەوییە. ئەم خانمە بنەماکانی سۆفیگەری سەرلەنوێ دارشتەوە. پێتان سەخت نەبێت کاتێک دەڵێت: 'خودا لە هەموو شوێنێکە، جگە لە مەککە.' ویستی بەم ڕاستیگوتنە بە بڕوادان بڵێت، گەر هاتوون بۆ مەککە تا خودا بدۆزنەوە، باشترە بگەڕێنەوە بۆ ناخی خۆتان، خودا لێرە نییە، لە ناخی خۆتاندایە. بە شێوەیەکی جیاواز ویستی بە ئاگامان بهێنێتەوە. هەر کەسێک بۆ دۆزینەوەی خودا دێت بۆ مەککە، هەڵەی کردووە، خودا شوێنی نییە، خودا ناشوێنە و دابەش دەبێت بەسەر گیانی مرۆڤەکاندا، نەک بەسەر زەوییەکاندا. قیبلەی بڕواداری ڕاستەقینە دڵی خۆیەتی، نەک خاکی حیجاز. دوای ئەم خانمە سۆفییەکان و شاعیرانی ڕێبازەکە دێن بۆچوونەکانی دەکەنە بنەمای خەیاڵ و بیرکردنەوە و دای دەڕێژنەوە. ڕەتکردنەوەی مەککە لە هزری سۆفییەکاندا، ڕەتکردنەوەی پیرۆزکردنی شوێنە. خۆشیان چوونەتە حەج و سەردانیان کردووە

ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێ کردوە، مەبەست لە پشتکردنە مەککە، ڕووکردنە ناو ناخی خۆمانە. ئەم دوو کەسەی باسم کردن ئەتوانرێت ناویان بە دوو پایە سەرەکییەکە بنرێت.

بۆیە بە کورتی گەڕامەوە سەر ڕەگ و ڕیشەکانی سۆفیگەری، هەتا ڕێگە خۆش بکەم بۆ ناسین و جیهانبینیی ئەو پیاوەی ئەم خانەقایەی بە ناوەوەیە؛ **حەللاج** بۆیە دەبێتە پایەیەکی بنەڕەتیی سۆفیگەری، چونکە گەیشتووەتە عەشقی ڕاستەقینە. گەرچی لە سۆفیگەریدا عەشق بریتییە لە خۆبەدەستەوەدان بۆ باری تەعالا، لە دیدی ئەم سۆفییەدا عەشق بریتی نییە لە خۆبەدەستەوەدان، عەشق گەیشتنە بە ئاستێکی باڵای هۆشیاری. بانگەشەی هەقیقەت و گەیشتن بە هەقیقەت، هەقیقەت بە واتا ئاسمانییەکەی بانگەشەی عیشقێکە لە جیهانی **حەللاج**دا دەردەکەوێت. ڕاست دەکات، پارە دەمانگەیەنێتە ماڵی خودا، بەس نامانگەیەنێتە لای خودا. گەیشتن بە خودا گەیشتن نییە بە ماڵەکەی، خۆی لە شوێنێکە و ماڵەکەی لە شوێنێکی دیکە. ئەوەش ڕاستە کە بەشێک لە بڕواداران ڕێچکەی سۆفیگەری و عەشق بە خۆبەدەستەوەدان بۆ باری تەعالا دەبینن. لە پاڵ ئەواندا لای هەندێکی دیکەیان یاخیبوونە؛ ورد ببنەوە لە سۆفییە گەورەکان، زۆرینەیان بە زمانی شیعر بەیانی خۆیان دەکەن. شیعریش بۆ خۆی بازدانە بەسەر کۆت و بەندەکاندا. با نموونەیەک لەسەر شیعر بهێنمەوە بۆ ئاسانکردنی لێکدانەوەکەی خۆم، لە هەر جێگەیەک زیندانییەکی هەڵهاتووتان بینی،ئامادە نەبوو لە ناو زینداندا بمێنێتەوە و زیندانەکەی شکاندبوو و مەیلی ئازادی کرد، ئەو زیندانییە هەڵهاتووە شیعرە. بەو واتایەی شیعر تێکشکاندنی پەرژینەکانە، جیاواز لە دەقە ئایینی و فەلسەفییەکان. یاخیبوونی ڕاستەقینە لە شیعردایە، شیعر دەرچوونە لەو کلتوورەی مرۆڤ لە منداڵییەوە دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراو. لە بەشی لۆژیکدا دەیخوێنن، فەیلەسووفەکان و موفتییەکان شاعیریان لە مەملەکەتی خۆیان کردووەتە دەرەوە. کردنەدەرەوەی

شاعیر نیشانەی بێکەڵکییەکەی نییە، نیشانەی یاخیبوونەکەیتی. شاعیر ناگیرێت و شیعر ناخرێتە ناو قەفەز و دیل ناکرێت، ناچار بۆ خۆقوتارکردن لەو یاخیبوونە، کردویانەتە دەرەوەی جیهانەکەی خۆیان. تەماشای بەشی وانەکانی لۆژیک بکەن، **ئەفلاتوون** چۆن لە کۆمارەکەی دەیانکاتە دەرەوە. کردنە دەروەیان ڕقلێبوون نیە لێیان، نەتوانینی گرتنیانە لە ناو کۆمارەکەیدا. شاعیر کەسێکە ڕام ناکرێت و ناچێتە ناو چوارچێوەکانەوە و هەمیشە لە دەرەوەی بازنەکان سەیری دونیا و گەردوون دەکات. بۆیە فەیلەسووفەکەمان خۆی دەزانێت یاخیبوونی شیعر لەوە قووڵترە لە ناو کۆمارێک کۆ بکرێتەوە، بۆیە وەدەرنانی پێ باشتر تا کێشە لەگەڵ یاخیبوونەکەیان.

سۆفییەکان کاتێ بە شیعر خۆیان نماییش کردووە، نیشانەی ئەوپەڕی یاخیبوونە. شێوازی دیکە و ڕێچکەی دیکە هەبوون پێی بنووسن، کەچی دەستیان بۆ یاخیبوونەکە برد، لەبەر ئەمەیە دەتوانین لای بەشێکیان عەشق بە یاخیبوون ببینین. دەرخستنی سۆفیگەری بە زمانی شیعر و لە ڕێگەی شیعرەوە، لە دیوە دونیاییەکەیدا یاخیبوونە و لە دیوە خوداییەکەیدا خۆبەدەستەوەدانە بە هێزێک کە لە دەرەوەی توانای مرۆڤە. **حەللاج** یەکێکە لەو سۆفییە گەورانەی ناو سۆفیگەری کە بەو زمان و دونیابینییە شیعرییەوە بیرکردنەوەکانی خۆی دەرخستووە. لەو تاقە کتێبەی جێماوە بۆمان، لە قووڵی ڕستەکانی و لە بەهێزیی زمانەکەیەوە دەردەکەوێت، ئەم پیاوە بیویستایە بە زمانی فەلسەفە بنووسێت دەیتوانی بنووسێت، بۆیە بەو زمانە نەینووسیوە و یاخیبوونەکەی نەیهێشتووە بیرکردنەوەکانی لە چوارچێوە بدات."

یەکێک لە فەقێیەکان پرسی:

- یانی بۆ ئەوەی ببینە سۆفییەکی ڕاستەقینە، دەبێت شاعیرێکی باش بین؟

- بەڵێ، بەڵێ، بە هەردوو دیوەکەدا ڕاستە؛ بۆ ئەوەی ببیتە شاعیرێکی ڕاستەقینە، دەبێ سۆفییەکی ڕاستەقینە و بیرکەرەوەیەکی باش بێت،

بۆ ئەوەی ببیتە سۆفییەکی ڕاستەقینە، دەبێت شاعیرێکی هۆشیار بیت، کە ناوی شاعیر دێنم، باس لەو شاعیرە دەکەم دەزانێت شیعر چییە، باسی کەسێک ناکەم دەردەدڵ دەنووسێت و لێی بووە بە شیعر. شیعر خەمێکی گەردوونییە، گەڕانە بە شوێن واتایەکی دیکە بۆ ژیان و مرۆڤ، دونیابینییە. کارکردنە لە دەرەوەی پەرژینەکە. شیعر و سۆفیگەری دوو ڕۆحن نایانەوێت بنیشنەوە. ستاییشکردنی گەورەکان و دەردەدڵ، نەک شیعر نین، بەڵکو ئابڕوبردنی شیعرن. شاعیر هەیە دەتوانێت خاڵی سەر گۆنای دولبەرێک بکاتە خەمێکی گەردوونی، هەشە گەردون دەکاتە خاڵی سەر گۆنای دولبەرێک. کەوتووەتە سەر شاعیرەکە کە چۆن زمان دەکاتە کەرەستەیەک بۆ دۆزینەوەی خەمە گەوردونییەکەی. بۆ نموونە **حەللاج** تەنیا سۆفییەکی مەزن نییە، شاعیرێکی مەزنیشە، زەنگێکە هۆش و هەستی مرۆڤ ڕادەچڵەکێنێت، هەقیقەتبێژی گشت سەردەمەکانە. ناسینی **حەللاج** ناسینی هەقیقەتە، ناسینی شاعیربوونە، ناسینی ڕۆحە بەرزەفڕەکەی مرۆڤە لە دەرەوەی کۆت و بەندەکان. گەیشتن بە هەقیقەت گەیشتنە بە بڕوا، مرۆڤ دەبێت ڕووت ڕووت ببێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەریدان و بوونەتە بەشێک لە ژیانی، ئەوسا دەتوانێت وەک شاعیرێک لە گەردوون بڕوانێت.

مرۆڤ بیەوێت لە خودا نزیک ببێتەوە، سەرەتا پێویستە خۆی لە غروورەکان دابماڵێت و ڕوو لە سادەیی بکات و ویژدانە مردووەکەی زیندوو بکاتەوە. بێگومان **حەللاج** گوتەنی، پارە و دەرهەم دەمانگەیەننە ماڵی خودا، بەڵام مەرج نییە گەیشتن بەو ماڵە گەیشتن بێت بە خودا. هەزار ڕێگە هەن بۆ گەیشتن بە خودا، خراپترین ڕێگەیان ڕێگەی پارەیە. سروشتی مرۆڤ وایە، پارەی هەبوو زۆر شت لەدەست دەدات، لەدەستدانی هەریەک لەو شتانەش داماڵینیەتی لە سروشتە ئاساییەکەی خۆی. شاعیرەکان دێن پێمان دەڵێن بگەڕێنەوە بۆ ناو سروشتەکەی خۆتان، مەهێڵن شتەکان ببنە بتانبەن و

خۆتان لە شتەکانی ناو ژیانتان گرنگترن. قافڵەی حاجییان هێندە زۆر بوو بەرەو مەککە، **حەللاج**ی ناچار کرد هاوار بکات بوەستن. ئەو قافڵانە پارەیەکی زۆریان لە سەفەری حەجدا خەرج دەکرد و هەزارەکانیش بە دەست برسێتییەوە دەیانناڵاند. **حەللاج** دێت بانگمان دەکات بۆ تێرکردنی برسییەک لەبری سەفەرکردن بۆ ماڵی خودا.

بە وردی گوێم گرتبوو و دەمنووسییەوە، **ڕۆدانی ڕۆمی** دەستی بەرزکردەوە پرسیاری هەبوو، **شێخ** فەرمووی لێ کرد پرسیاری خۆی بکات. لە پوختەی پرسیارەکانیدا حەزی کرد کێشە جەوهەرییەکەی **حەللاج** و مامۆستاکەی و خەڵک ڕوون بکاتەوە.

**شێخ**یش داواکەی قبووڵ کرد و دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە لەسەر کێشەکەی حەللاج و خراپتێگەیشتنی خەڵک: "بنەوانی کێشەکەی **حەللاج** و **جونەیدی بەغدادی**ی مامۆستای لەو دەمەو ئێوارییەکەوە دەستی پێ کرد؛ **جونەید** چووە ناو حوجرەکە، بینی **حەللاج** خەریکی نووسینە، لێی پرسی: 'خەریکی چیت؟' ئەویش لە وەڵامدا گوتی: 'خەریکی نووسینی *قورئان*ێکی تازەم.' وەڵامەکەی **جونەیدی** نیگەران کرد، لای مامۆستاکەی خراپ لێک درایەوە و بە کوفرێک سەیر کرا.

لە ڕاستیدا کوفر نەبوو، **حەللاج** گەیشتبووە ئاستێک لە ناو دەقدا فەنا دەبوو، فەنابوونێک پێی وا بوو ئەوەی دەینووسێت و دەیڵێت، *قورئان*ە. پێی وا بوو تێگەیشتنەکانی هیی خۆی نین، هیی دەنگێکن لە ناخیدا و ئەو دەنگەش دەنگی هەقیقەتێکی خوداییە. هەمیشە سۆفییە گەورەکان دەگەنە پلەیەک لە ناو ڕۆحی پیرۆزدا فەنا دەبن، کە لەو ڕۆحەدا فەنا بوون، ئیدی ئەوەی قسە دەکات و دەنووسێت خۆیان نین، ڕۆحە پیرۆزەکەیە. لێرەوە بە تەواوی لەگەڵ مامۆستاکەی تێک چوو. مەبەستی نەبوو بە باشی بۆی ڕوون بکاتەوە، مامۆستاکەشی دەشێت پێی خۆش نەبووبێت ئاستی شاگردێکی گەورەتر بێت لە ئاستی خۆی. ئەگەرچی مامۆستاکەی یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی

سۆفیگەری، لێ حەللاج لە دید و تێڕوانین و قووڵبوونەکەی زیاتر دەرکەوتەیە لە مامۆستاکەی.

پاشان بە ناو گەڕەک و بازاڕەکاندا دەگەڕا و هاواری دەکرد: 'مالی خودا تارومار بکەن!'

لەو سەردەمەدا کتومت بە وێنەی ئێستای سەردەمی ئێمە بوو، مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆزەکان کرابوونە شوێنی ڕیاکاری و دروستکردنی ڕق و بڕیاردان لەسەر ژیان و ئاکاری خەڵک. **حەللاج** هاواری دەکرد خودا لە ناو مزگەوتەکاندا نەماوە، بیانڕوخێنن، هاواری دەکرد پشت لەمزگەوتەکان بکەن و لە ناو خۆتاندا بۆ خودا بگەڕێن. دەستی ڕیاکار و قین لەدڵەکانی ناو مزگەوتەکان، ئەمەیان بە هەل زانی و خەڵک و دەسەڵاتیان لێ هان دەدا و نەفرەتیان لێ دەکرد. دادگاییکردنەکە و تۆمەتەکانی خرانە پاڵیان، بەهێزترینیان تارومارکردنی مزگەوتەکان و بانگەشەی 'من هەقم' بوو. بەداخەوە ئەوانەی دەیانناسی و تێدەگەیشتن لێی، سەروەختی لێقەومانەکەی بەرگرییان لێ نەکرد و پشتیان تێکرد. جا ئازیزان، پێویستە ئەوەش بزانن، **حەللاج** عەرەب نەبوو، کوری یەکێک لە هەلاجەکانی *ئێران* بوو، باوکی لە ترسی باجدان هەڵهاتبوو و لەو دەوروبەری *بەغداد* گیرسا بوونەوە. ئەو کوڕە غەریب و هەڵهاتووەی دەستی ستەمی خاوەن زەویوزارەکان، بووە ئەو ئەستێرە درەوشاوەیەی ناو جیهانی سۆفیگەری."

لەم کاتەدا یەکێک لە فەقێیەکان پرسیارێکی سەختی کرد، لانیکەم لای من سەخت بوو. پرسی: "ئەی ئەگەر ماڵی خودا تارومار بکەین، لە کوێ خوداپەرستی بکەین و کۆ ببینەوە و بیکەینە شوێنی ڕووکردنە خودا؟"

**شێخ** پێیەوە دیار بوو پرسیارەکەی لا خۆشە، دوو جار لەسەر یەک ئافەرینی لە فەقێیەکە کرد. ئینجا دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی: "تۆ بڕوادارێت، لەم سەرزەمینە لە هەر شوێنێکدا بتەوێت یادی خودا بکەیت، شوێنەکە مزگەوتێکە بۆت. بیری لێ بکەنەوە ئەو ماڵەی لە

مەککەیە و ئێستا بە ماڵی خودا ناسراوە و بووەتە قیبلە و موسلمانان ڕووی تێدەکەن، ڕۆژگارێک ماڵی بتەکان بوو، لەو ڕۆژگارەدا بتەکانی لێ بوو قیبلەی بتپەرستان بوو. بۆ لەخۆتان ناپرسن چۆن شوێنی بتەکان دەبێتە ماڵی خودا؟ کەواتە کێشە لە شوێنەکە نییە، کێشە لە خۆماندایە. خودا لە کەس ناپرسێت لە چ شوێنێک بیرت لە من کردەوە و یادی منت کرد، خودا دەپرسێت بیرت لە من کردەوە و یادی منت کرد؟ کاری ئەو نییە بۆ شوێنەکە بگەڕێت. **حەللاج** بانگەشەی ڕوخانی مزگەوتەکان دەکات، بانگەشەکەی لە پێناو خودادا بوو، بانگەشەکەی هۆشیارمان دەکاتەوە دوور بین لە شوێن و نزیک بین لە خۆمان. نزیکبوونەوە لە خۆمان نزیکبوونەوەیە لە خوداکەی ناخمان. دەکرێت کەسێک لە ماڵی ژنە چێژفرۆشەکان بیر لە خودا بکاتەوە، دەشکرێت کەسێک لە ماڵی خودادا بیر لە ژنە چێژفرۆشەکان بکاتەوە. واتە شوێنەکە قورسایی نییە، بیرکردنەوە و یادکردنەوەکە قورسایی هەیە. هاوارەکەی **حەللاج** هاوارێکە بۆ گشت سەردەمەکان دەشێت، بۆ مەگەر ئێستا مزگەوتەکان نەکراون بە شوێنی پەروەردەکردنی کەسانێک کە جگە لە خودا هەموو شتێک دەناسن؟ سەیرم لەوە دێت کەسێک خۆی نەناسبێت و باسی خوداناسی بکات! تۆ کە نەتوانیت خۆت بدۆزیتەوە و خۆت بناسیت، چلۆن دەتوانی خودا بدۆزیتەوە و بیناسی؟ مزگەوت بۆچی باشە کاتێ خوداناسیی ڕاستەقینەی تێدا نەکرێت؟ سوننەتەکان و جێبەجێکردنی سوننەتەکان مزگەوت ناکاتە ماڵی خودا.

ڕێگەی سۆفیگەری جوانییەکەی لەوەدایە، مرۆڤ فێر دەکات پەیوەست نەبێت بە کۆمەڵێک دابونەریتەوە. بوونی مزگەوتی گەورە و جوان، بوونی بڕوایەکی بەهێز نییە. مزگەوت با جوان و گەورە بێت، کە مرۆڤی ئارەزوپەرست و ڕۆح تاریکی تێدا بن و سوننەتەکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، چ سوودێکی هەیە. مزگەوت و ماڵەکانی خودا کاتێک

دەبنە شوێنی گەڕان بە دوای بڕوای پاکدا، شوێنی لەکۆڵکردنەوەی سوننەتەکان نەبن."

دیسانەوە ڕۆدانی ڕۆمی خۆی نەگرت و پرسیاری کردەوە: "کەوایە بۆچی یەکەم جار لە مەدینە مزگەوت دروست کرا، گەر بۆ دروستکردنی شوێن نەبێت بۆ خوداپەرستی؟"

لە وەڵامدا شێخ گوتی: "جوانە، جوانە... پێش هەموو شت بەراوردی یەکەم مزگەوت لەگەڵ مزگەوتەکانی ئێستا هەڵەیە؛ یەکەم مزگەوت نیشانەیە بۆ دروستکردنی شوێنێک لەو شوێنەدا بیر بکرێتەوە لە خودا و بپەرسترێت. مزگەوتەکانی ئێستا شوێنێکن بۆ ڕیاکاری و دروستکردنی کەسانێک بیر نەکەنەوە و نەفرەت بکەن. پێشووتر باسم کردووە نییەت گرنگە، نییەت بڕیار دەدات مرۆڤ چی دەکات. یەکەم مزگەوت لە مەدینە تەنیا نییەتێک نەبوو بۆ خوداپەرستی، نییەتێک بوو بۆ دروستکردنی شوێنێک تا دەرکراوەکان کۆ ببنەوە و نەخشەی ئایندەیان دابڕێژن. بناغەکەی بۆ مەبەستێک نەبوو، بۆ چەند مەبەستێک بوو، کەچی کرایە سوننەتێک و پاشان هەڵەی تێکەوت. شوێنەکە لای پەیامبەر گرنگ نەبوو، نییەتەکە گرنگ بوو. بە چیدا دەزانین نییەتەکە گرنگە؟ بەوەدا یەکەم مزگەوتی نەکردە قیبلە، ماڵێکی کردە قیبلە پێشوتر بتی تیابوو. هات بتەکانی شکاند و ئەوێی کردە ماڵی یەکەمی خودا. ئەوەی حەللاجیش دەیڵێت هەمان شتە، بە شێوازی تایبەتی خۆی.

با کەمێک بگەڕێینەوە سەر قسەکەی پێشوی، پارە و شوێن. دوو چیرۆکی کورتی حەللاجتان بۆ باس دەکەم بۆ باشترناسینی هزری لەسەر نییەت و شوێن و پارە.

حەللاج بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕا، بازرگانەکان پارەیان پێ دەدا. ئەویش بیزانیایە بازرگانەکە پارەکەی بە ڕێگەی خراپ پەیدا کردووە، دەچوو پارەکەی دەخستە ناو ڕووباری دیجلەوە. دەیگوت: 'ئەم پارەیە پیسە، با دەست کەسی تر نەکەوێت.' گەر بیشیزانیایە بازرگانەکە

پارەکەی بە ڕێگەی پاک پەیدا کردووە، پارەکەی دەدا بە نان و شتومەک و دەیبرد بۆ ماڵە هەژارەکان. بەم کردەوەیەی قسەکەی خۆی دەسەلمێنێت؛ بڕوا لە لای تەنیا زیکر و سوژدەبردن و نوێژکردن نەبووە، بڕوا لە لای خزمەتکردن بووە بە مرۆڤ و پاککردنەوەی دونیا بووە لە خراپە. ڕێزی مرۆڤ بگرە، ئەو نانەی هەتە بەشی بکە و بەشی خۆت بخۆ و بەشی دراوسێکەشت بدە. خراپە لە خۆت و لە خەڵک دوور بخەرەوە، ئەوە باشترین زیکر و باشترین نوێژە لای خودا.

چیرۆکێکی کەی هەیە لەسەر نییەت؛ ڕەمەزان دەبێت و بەرۆژوو دەبێت، بە لای چەند هەژارێکدا تێدەپەڕێت داوای لێ دەکەن دابنیشێت نانێکیان لەگەڵ بخوات، چونکە دەیناسن و دڵیان خۆش دەبێت گەورەیان بکات و نانیان لەگەڵ بخوات. ئەویش هەمدەم دەچێت دادەنیشێت و تێر نانیان لەگەڵ دەخوات. سۆفییەکی لەگەڵ دەبێت، پێی دەڵێ: 'قوربان تۆ بەرۆژوو بوویت، چۆن نانت خوارد و ڕۆژووەکەت شکاند؟' ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: 'من ڕۆژووەکەم نەشکاوە. نییەتی من ڕۆژووشکاندن نەبوو، نییەتی من دڵخۆشکردنی ئەو هەژارانە بوو. من بتوانم بە نانخواردنێک دڵی ئەوان خۆش بکەم، دڵی خودا خۆش دەبێت و ڕۆژووەکەی منیش ناشکێت. بۆیە ڕۆژووەکەم ناشکێت و خوداش باش دەزانێت بە نییەتی دڵخۆشکردنەوە نانم خواردوە.'

وانە لەم هەڵسوکەوتانە وەربگرن، بزانن نییەت، شوێن، پارە و بڕوا، لە لای سۆفییە گەورەکان چۆن تەماشا کراوە و ئەوانەی ئێستاش چۆن ئایینیان کردووە بە ترسێکی گەورە لە بەرچاوی خەڵکی. مەلاکانی ئەم سەردەمە لەباتی گێڕانەوەی ئەم هەزاران چیرۆکەی لەمەی حەللاج، کە پڕن لە حیکمەت، دەمیان کردەوە باسی سووتان و کوشتن و لەناوبردن و لەشولاری ژنان دەکەن. ئەوەی ئەوان باسی دەکەن تەنیا ترسە لە مردن و لە دۆزەخ. دڵنیاش بن دۆزەخ نەبێت دەست لە بڕواکەش هەڵدەگرن. بڕوای ئەوان لە ترساندایە."

پەنجەکانم ماندوو ببوون، چێژێکی زۆرم دەبینی لە وانەکە. بە دیوێکدا ئارەزووم نەدەکرد تەواو ببێ و بە دیوێکی دیکەدا هەستم بە ماندوویەتیی زۆر دەکرد. **شێخ** درکی بە ماندووبوونەکەم کرد، لەوەتەی لە لایم تا ئەم ساتە نەیهێشتووە ماندوو ببم. **غەرقانیی** نارد جامێک ئاوم بۆ بهێنێت، تا ئەو گەرایەوە پشوویەکم دا بە پەنجەکانم. لەگەڵ جیهانەکەی **حەللاج**دا کەوتە باسکردنی یادکردنەوەی خودا: "گەنجەکان، زیکر ناوهێنانی خودا و یارانی پەیامبەرەکان نییە. زیکر بیرکردنەویە لە خودا. لە تەمەنی ئێوەدا بووم شەوان نەدەخەوتم، خەریکی ناوهێنان و ڕیزکردنی ناوە پیرۆزەکان بووم. بە ناوهێنانەکان هەستێکی ئاسوودەیی لە ناو ڕۆحم دروست نەدەبوو. مامۆستاکەم شەوێک هاتە لام و پیشانی دام لەباتی ناوهێنانەکان بیر بکەمەوە. کاتێکی درێژی ویست تا فێری بیرکردنەوە ببم. گەیشتن بە مەقامی بیرکردنەوە لە ناوێک کارێکی ئاسان نییە. گەرچی بگەیتە ئەو مەقامە ڕۆحت دەگەشێتەوە، دەشێت ئێوە بەم جۆرە ڕانەهاتبن، باشترە پێش ئەوەی ناوەکە بهێنن بیری لێ بکەنەوە و بیناسن. ناوهێنان بێ ناسینی ناوەکە ناتانگەیەنێت بە هیچ، ناسینی ناوەکان دۆزینەوەی ڕۆحەکەیەتی. هەنار تا توێکڵەکەی لا نەبەیت، دەنکەکانی ناوی دەرناکەون، زیکر و یادکردنەوەش ئاوایە؛ لەباتی ناوهێنانەکە، فێری بیرکردنەوە بن. کاتێ فێری بیرکردنەوەکە بوون، ناوکی بابەتەکەتان بۆ دەردەکەوێت."

مەجلسیەکە کشومات بوو، نە کەس دەنگی لێوەهات نە پرسیار ما. پێ دەچوو شێخ نەیویستبێت لەوە زیاتر باری سەرشانیان قورس بکات و منیش ماندوو ببم. لە شارەکەی خۆشمان، لە *حیجاز*، وانەکانی پوخت و کورت بوون، درێژدادڕیی نەدەکرد. بۆ دەرخستنی بڕواکانی، بە سادەیی و پوختی بۆی ڕوون دەکردیتەوە بڕوای ئەو لەسەر ئەو باسە ئاوایە. لەو کەسانە نەبوو حیکمەتەکەی ئاڵۆز بکات و بەس بۆ خۆی بهێڵێتەوە، بەردەوام هەگبەکەی خۆی هەڵدەڕشت و ئەزموونی بڕواداریی خۆی دەخستە بەردەم شاگردەکانی. دوای کەمێ بێدەنگی،

داوای لە فەقێیەکان و سۆفی و دەروێشەکان کرد، سەردانی یەکێک لە کڵێسەکان بکەن و منیشی ڕاسپارد لەگەڵیان بچم. خۆی گوتەنی: "لە ناو هەموو ئایینێکی ئاسمانیدا ڕۆحێک هەیە، ئەو ڕۆحە ئەسڵی ئایینەکەیە. ناکرێت تەنیا لە ناو یەک ئاییندا بۆ ئەو ڕۆحە بگەڕێین. ڕۆحەکە ڕۆحی ئاسمانییە، دابەش بووە بەسەر ئایینەکاندا. بڕوادار دەبێت بە ناو ئایینەکاندا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. کە ڕۆحی ئایینەکانی دۆزییەوە، بڕوا ڕاستەقینەکەی خۆشی دەدۆزێتەوە. خۆگرژکردنەوە دژی ئایینە جیاوازەکان، کاری پیاوانێکە عەقڵیان خستووەتە لاوە و مەچەکیان شوێنی گرتووەتەوە."

ڕاسپاردەکەی بۆ بەشێک لە سۆفی و فەقێیەکان قورس بوو، نەشیاندەوێرا ڕەتی بکەنەوە. واش ڕانەهاتبوون سەر بکەن بەماڵێکی تردا، وا پەروەردە کرابوون ئایینەکانی تر بەسەر چوون و بە هەر ڕێگەیەک بێت دەبێ کۆتاییان بێت و بهێنرێنەوە سەر ئایینەکەی خۆمان. **شێخ** درکی بە توندییەکەی ناخیان کردبوو، بۆیە خواستی بچنە ناو کڵێسەیەک و پرسیار بکەن و گوێ بگرن. لە ناو هەموویاندا بەس **ڕۆدانی ڕۆمی** پێی خۆش بوو، منیش پێم نەگوتبوو پێشوتر سەرم لە کڵێسەیەک داوە و گفتوگۆم لەگەڵ قەشەکە کردووە. مەجلیسەکەی جێ هێشت و ڕۆیشتەوە هۆدەکەی خۆی. فەقێیەکانیش کەوتنە گفتوگۆ لەسەر **حەللاج**، بەکیان زۆر توند بوو، بە شێوازە توندەکەی خۆی هێرشێکی زۆری کردە سەر بیرکردنەوەکانی **حەللاج** و بە لادەر ناوی برد. یەکێکی تریان بە هێواشی وەڵامی دایەوە، وانەکەیان سوودێکی وردبوونەوە دەکات، چونکە کاتژمێرێکە **شێخ** باسی سۆفیگەری و هێمنی و بیووم، تاقەتم نەبوو لەوە زیاتر گوێ لە گفتوگۆکەیان بگرم. ئەمیش هاتووە **حەللاج** بە لادەر ناو دەبات. ماندوو

***

"برای ئازیزم، زەنگی کڵێسەکان ئاوازێکی خەمگین دەدات بە ڕۆحم، ئاوازێکە وەختێک دەنگی دەبیستم، ڕۆحم دەتەکێنێت، گورجم

دەکاتەوە، چی تەمی سەر ڕۆحم هەیە، چ گەرد هەیە، بەسەر ڕۆحمەوە نامێنێت و پاکپاک دەبێتەوە. ناوێرم بۆ کەسی باس بکەم، باسکردنی بابەتێک لەسەر زەنگی کڵێساکان لەزمانی فەقێیەکەوە، ماڵ وێرانیی بە دواوەیە. گلەیی لە بانگدانی خۆمان ناکەم، بانگدانەکەی خۆمان، بانگکردنە، جا لەو بانگکردنەدا بانگدەر دەنگی خۆش بێت، حەز بە بەرەوپیرچوونیەوە دەکەی. دەنگیشی ناخۆش بێت، حەز بە دوورکەوتنەوە دەکەی. زەنگی کڵێسەکان ئاوازە، بانگکردن نییە، ئاوازە بۆ خەبەرهێنانەوەت. کاتێ گوێت لێ دەبێت دەتوانی نەچیت، بەس ناتوانی ڕانەچڵەکێیت ناتوانی بیر لە خودا نەکەیتەوە، ناتوانی ئارام نەبیتەوە، لەسەر مێژووی زەنگەکە شتێکی وام نەخوێندوەتەوە، نازانم کێ بیری لێ کردووەتەوە، کێ دایناوە. هەر کەسێک دای نابێت، کەسێکی ئارام و ڕۆح پاک بووە. مەبەستی بووە لە ڕێگەی زەنگەکەوە ڕات بچڵەکێنێت، لانیکەم ئارامت بکاتەوە و خودا بهێنێتەوە بیرت. باش گوێی لێ بگرە، بە دەنگەکەدا دەزانی خۆشەویستی بناغەی ئایینەکەیە. لە دەنگی دایکێک دەچێت، منداڵەکەی بە خەبەر بهێنێتەوە. چەند جار گوێم لێ بووە، نەمتوانیوە خودا نەیەتەوە بیرم. شەرت نییە هێنانەوەبیری خودا بە قسە بێت، یەک زەنگ بەسە تا پێت بڵێت: 'مرۆڤ دەزانی خودایەک هەیە، خەریکە لە بیری دەکەیت.' بانگدانەکەی لای خۆمان بۆ بانگکردنە، بانگت دەکات هەی گێل وەرە تۆزێک بیر لە خودا بکەرەوە. زەنگەکەی ئەوان بانگت ناکات، فەقەت ڕات دەچڵەکێنێت و خودا دەهێنێتەوە بیرت. چیرۆکی یەکەم بانگت بیستووە؟ **بیلالی ڕەشپێست** دەچێتە سەر بانێژەکە و بەدەست بانگیان دەکات، موسڵمانەکان وا دەزانن شتێک ڕووی داوە و کۆبوونەوەیەکی بە پەلەیە، تا دەچنە ئەوێ و فێر دەکرێن ڕۆژانە پێنج جار دووبارە دەکرێتەوە و ڕێگەیەکە بۆ پەرستنی خودا. تا ئەو ساتەش مزگەوتیان دروست کرد و بابای ڕەش بانگی نەدا، نوێژ لە ئایینەکەی ئێمەشدا نەبوو."

بەدەم ڕێوە ڕۆدانی ڕۆمی باسی کڵێسە و زەنگەکەی بۆ دەکردم؛ سەرم سوور مابوو لەم گەنجە، تۆزێک کەمتر، ڕۆحی لە ڕۆحی **شێخی سەنعان** نزیک بوو. لەو ساتەی ئەو ئەم قسانەی بۆ دەکردم، گوێم لێ بوو فەقێیەکان بە گاڵتەپێکردنەوە، گاڵتەیان بە ویستەکەی شێخ دەکرد، "ڕەوانەی کڵێسەیەکی کردووین." بە لاقرتێوە یەکێکیان دەیگوت: "وا بڕوات ڕۆژێک دەماننێرێت بۆ مەیخانەیەک و لەو سەرەوە بە لارەلار، بە خۆمان و گۆزەیەک شەرابەوە دەگەڕێینەوە." هەموویان بە یەک جار دایانە قاقای پێکەنین.

یەکێکی دیکەیان دەیگوت: "جا برا موسڵمانەکانم، دووری بۆ مەڕۆن، دوای مەستبوونەکەمان بماننێرێت بۆ ماڵی ژنە چێژفرۆشەکان و پێمان بڵێ بڕوا لە باوەشی ژندایە. وامان لێ بکات ببینە موشتەری **مووسێی باجگر** و شەوان لە حەوشەی خانەقاکە بەدەم شەرابەوە گۆشتی بەراز ببرژێنین." دیسانەوە دەستیان کردەوە بە قاقالێدان.

گاڵتەکردن و پێکەنینەکانیان ئەزیەتی دەدام، کرچوکاڵیی ڕۆحە سەرگەردانەکەیان بەسەر زمانیانەوە بوو، ڕۆحە لاواز و گێلەکەیان بە زمانیانەوە دەکەوتە خوارەوە و لاوازییەکەیان بە ڕوخساریانەوە بریقەی دەهات. گەیشتمە بڕوایەک بە ئاستێک لاواز و شەڕانین، ژنێکی ڕووت دەتوانێت زەڕرەیەک بڕوا لە ڕۆحیاندا نەهێڵێت و خاڵیخاڵییان بکاتەوە. بڕوایان بەهێز بوایە لەو شوێنانە نەدەترسان، بۆ لاوازیی بڕوایان خراپ بوو. هەر لەم جۆرانەن لە ترسی لاوازیی خۆیان ژنی داماویان ناچار کرد سەرتاپا خۆی دابپۆشێت.شێخ دەیگوت: "هەموو سیفەتە بەرزو میهرەبانەکەنی خودا لەناو ژندا دەبینمەوە." ئەمانە هاتن ژنیان کرد بەئازار!

دامنابوو خۆمان بکەین بە کڵێسەکەدا و بەم ناخە توند و شەڕانییەی خۆیانەوە ئازاری قەشەکەش دەدەن. توانای سەبرگرتنیان نەبوو، کردبوو بکەونە تانەلێدان و گاڵتەکردن بە قەشە و ئایینەکەی.

ڕۆدانیش درکی بە حاڵەکەیان کردبوو، پێی هەڵگرت و منی جێ هێشت و کەوتە پێش کۆمەڵەکە. کڵێسەکە لێمانەوە دیار بوو، دەروازەکەی بە کراوەیی لەسەر پشت بوو، دوو فنجان گوڵی سوور لەمبەر و ئەوبەری دەروازەکەوە دانرابوون.

پێش هەموومان ڕۆدانی ڕۆمی خۆی کرد بە ناو کڵێسەکەدا، وەژوور کەوتین، کۆمەڵێک کورسی بە ڕێکوپێکی لە دوای یەکەوە دانرابوون. سەکۆیەک و مێزێک لەسەر سەکۆکە ڕازێنرابوویەوە بۆ گوتاردانی قەشەکە. لە پشت مێزی سەر سەکۆکە، پەیکەرێکی بە بەرد دروستکراوی مەسیحی لەخاچدراو دانرابوو، لە ناوەڕاستی سەکۆکەش پەیکەرێکی مریەمی پاکیزە. لە چوارلای بنمیچەکانەوە پەیکەری بچووکبچووکی مەسیح هەڵواسرابوون. لەسەر کورسییەکان ل ەتەنیشت یەک دانیشتین، من خۆم خستە کۆتا ڕیزی دانیشتنەکەوە، تا ئاگام لە وردودرشتی هەموان بێت.

پەیکەرەکەی مەسیح لە پشتی مێزی گوتاردانەکەوە لاشەیەکی پڕ برین و ئازاردراوی پیشان دەدا. تاجەکەی سەری کاتی خۆی وەک گاڵتەپێکردنێکی تاجی پاشای ئازار خراپە سەری لە وەختی لەخاچدانەکەیدا، تاجەکەی درکی پێوە بوو. لە پەیکەرەکەدا درکەکان چەقیبوون بە سەریدا و لە لای چەپی سەریەوە دڵۆپە خوێن شۆڕ ببوونەوە بۆ سەر کوڵمە لاوازەکانی. دەستە باریک و پەنجە درێژەکانی هێزیان تێدا نەمابوو، لەناوەڕاستدا بە بزمار داکوترابوون. قاچە باریک و ئێسکە دەرپەڕیوەکانی لە نێوان بزمارەکاندا شەقیان بردبوو. پەیکەرەکە بێڕەحمیی سزایەکی دەردەخست سەردەمێک مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتری بەکاریان دەهێنا. بەتەواوی چووبوومە ناو ئازاری پەیکەرەکەوە، خەریک بوو گوێم لەو هاوارە بێت کاتی بزمارداکوتینەکە بەرز دەبووەوە، کتوپڕ ڕۆدانی ڕۆمی و قەشەیەکی پیر لە دەرگەی چەپی کڵێسەکەوە هاتنە ناومان.

قەشە کڵاوێکی بچکۆلەی سپیی خستبووە سەر تەوقەسەری، سەرە تاشراوەکەی و ڕیشە کەمە سپییەکەی ڕەونەقیان دەدایە لاوازییەکەی ڕوخساری، شانەکانی کۆمابوونەوە، لە دیوارێکی کۆنی ڕوخاو دەچوون. جلە ڕەشەکانی و دەستە باریک و درێژ و لاوازەکانی هێندە بە ئارامی دەیجوولاندنەوە، ئارەزووت دەکرد لە تەماشاکردنیان چاو هەڵنەگریت.

بە خەندە لەسەر ڕووی و ڕێزێکی زۆرەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، بە هەنگاوە هێمنەکەی ڕۆیشت لە شوێنی گوتاردانەکەی خۆی وەستا، ڕۆدانیش هات لە تەنیشت منەوە دانیشت و دەستی خستە سەر دەستم و دەستەکانی گوشیم، دڵنیای کردمەوە قەشەی ئاگەدار کردووەتەوە، تێیگەیاندبوو لە ناو کۆمەڵەکەماندا تێیدایە توند و شەڕانییە، گەر قسەیەکی ناجۆر یان تانەیەکیان وەشاند، قەشە نیگەران نەبێت و بزانێت بۆ چ مەبەستێک وا دەکەن. هێمنیی قەشەکە و دڵنیاییەکەی هاوڕێکەم ئاسوودەیان کردم.

چرپەچرپی فەقێ و موریدەکان سەرنجی قەشەکەیان ڕانەکێشا، دەستی کرد بە گوتاردانی خۆی: "بە خێر بێن بۆ ماڵێکی تری خودا، خودا دەیان جۆر ماڵی هەیە، جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان ماڵەکاندا و لە بنەوانیشدا ماڵەکانی یەک ئەرکی بنەڕەتی جێبەجێ دەکەن، ئەرکی نزیکبوونەوە لە خودا و بڵاوکردنەوەی چاکە و کەمکردنەوەی خراپە. نابێ وا سەیری خراپە بکەین لە دەرەوەی ماڵەکانی خودایە، خراپە لە ناو ماڵی خوداشدا هەیە و دەکرێت. هەریەک لە ئێمە چاوەڕێی چاکە و چاوەڕێی خراپەشی لێ بکرێت، مەرج نییە کەسێک زۆر لە ماڵی خودا بینرا کەسێکی باش بێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە، مەرج نیە کەسێک لە ماڵی خودا نەبینرا کەسێکی خراپ بێت. با نمونەیەکتان بۆ باس بکەم: قەشەیەک لەم شارە بوو، قەشەیەکی تەواو بەستراوە بە ئایینەکەمانەوە. قەشەیەک بوو بە ڕواڵەت ئایینی و لە ناخیشەوە پڕلەقین. نەفرەتی لە گشت ئایینەکان دەکرد، جگە لە ئایینەکەی خۆی.

پێی وا بوو تاقە ڕێگەی نزیکی خودا ئایینەکەی خۆیەتی. ئامۆژگاریی زۆرم دەکرد دەست لە ڕقەکەی ناخی هەڵبگرێت، نەیتوانی. لە کاتێکدا ئایینەکەی ئێمە ئایینی خۆشەویستییە، ئایینی ڕێزگرتنە، ئایینی دوور لە توندی و ئازاردانە. ناخە ڕقاوییەکەی ڕۆژبەڕۆژ دڕندەتری دەکرد، چاوی بەرایی نەدەدا بڕوادارێک ببینێ سەر بە ئایینێکی دیکە بێت. لەو قەشانەی سەدە کۆنەکان دەچوو کە ویستیان ئایین بکەنە خەنجەر و زنجیر بۆ ئازاردنی مرۆڤ. هەوڵەکانی من لەگەڵ قەشەی ڕقئەستوور ئامانجی نەپێکا، تا وای لێ هات ڕقەکەی ناخی دەستی بەسەردا گرت و شێتی کرد، شێتییەک منداڵانی گەڕەکان دەکەوتنە شوێنی و بۆ ئازاردانی خۆیان دەکرد بە بڕواداری ئایینەکانی تر. قەشەش ئەو ڕقە شێتی کردبوو، ئیتر هار دەبوو، پەلاماری دەدا، دەستی دەوەشاند، میری ناچار بوو بیخاتە زیندانی شێتەکانەوە.

تەماشا بکەن ڕق مرۆڤ چی لێ دەکات، ڕق لە درەختێک دەچێت وردەوردە گەشە دەکات، لە سەرەتاوە ڕەگوڕیشەکانی دادەکوتێت، کاتێ خۆی گرت و گەشەی تەواوی کرد، ناوەوەت داگیر دەکات و خۆتت لێ ون دەکات. ئەو مرۆڤانەی ڕقەکەی ناخیان فەرامۆش ناکەن و گەشەی پێ دەدەن، زۆر نابات دوور دەکەونەوە لە مرۆڤ و دەبنە دڕندەیەک بە بەرگی مرۆڤەوە.

ئەمڕۆ گەلێ خۆشحاڵ بووم بە هاتنی ئێوە، مامۆستاکەتان ناناسم، ب ەهاتنەکەتاندا دڵنیام ژیر و دونیادیدەیە. مامۆستایەکتان هەیە دەیەوێت بڕواکەتان بە خۆشەویستی گەشەی پێ بدەن، دەیەوێت پیشانتان بدات گەیشتن بە بڕوای تەواو، بە خۆشەویستییەکی تەواوە دەبێت. ئێوەی نەناردوە بۆ ئێرە بڕواکەتان لاواز بکات، ناردوونی ئایینی جیا ببینن. نەترسان لە پێکەوەژیان و وانەیەکتان بیر دەخاتەوە، بەهێز بن لە بەردەم ئایینەکانی دیکەدا. هاتنتان بۆ ئێرە کەستان ناکات بە مەسیحی و منیش ناکات بە موسڵمان، ئەوە لەم هاتنەدا جوانە وا

دەکات مـن ئێـوەم خـۆش بوێـت و ئێـوەش منتـان خـۆش بوێـت. مامۆستاکەتان مەبەستەکەی لەم خۆشەویستییەیە.

لێرەوە و لە ڕێگەی ئێوەوە، بە مامۆستاکەتان بڵێن ئەم ئێوارەیە خۆم و کۆمەڵێک لە دۆستانم لەم کڵێسـەیە دێینە خزمەتی و لەوێ پێکەوە زیکرێکی خودا دەکەین و دەست دەکەین بە گفتوگۆیەکی برایانە."

فەقێک هیەستایە سەر پێ و بە تانەوە گوتی:

- ئـاییـنەکەی خۆمـان پـڕە لە ڕێـی جۆراوجـۆر بـۆ بەهێزکردنـی بڕواکەمان، پێویستی نەدەکرد بێین بۆ ئێرە و جیاوازییەکی تر ببینین. کە خۆمان ئەو ڕێگەیانەمان هەبێت، نازانم حیکمەت لە چیدایە بێین، گرێیەک بە دەست بکرێتەوە بۆ دەیخەینە ددانەکانمان.

-کوڕی باش، ئێمە خەریکی کردنەوەی گرێکان نین، ئێمە خەریکی بینینی دیمەنی نوێین. تۆ دەتوانی لە ناو ئاییـنەکەی خۆتدا، سەرجەم ڕەنگەکان ببینی، لێ ڕەنگی ئایینی دیکە نە سەر لە تۆ دەشێوێنێت، نە چاوەکانیشت دادەخـات، نە ڕەنگـی نـاو ئـاییـنەکەی خۆتـت لە بیر دەباتەوە. ئەزموونێکە و لە بینینی ئەو ئەزموونەوە دەتوانی باشتر لە جاران ڕەنگی نـاو ئـاییـنەکەی خـۆت ببینـی. بێسـوود نـابێ ئاییـنەکان بناسن، نەک بێسوود نییە، سوودی تـایبەتی هەیە. نـابێ نیگەران ببین لە ناسینی ئایینی یەکتری، زیانێکت بەر نەکەوتووە، وا دابنێ هاتوویت بۆ لای پیرێکی وەک من، پێکەوە دوو قسە بکەین. ئەو نـاخە توندەت پێویستی بە هێورکردنەوە هەیە.

هەمان فەقێ کەوتەوە وەڵامدانەوەی:

- جەنابی قەشە، من نازانم چەند بۆ ئـاییـنەکەم خراپە کە هـاتوومەتە ئێرە، وەک تۆ دەڵێیت بشمانەوێت ئاییـنەکەتـان بناسین و سوودی لێ ببینین، پێویست بە هاتنمان ناکات، لای خۆمـان دەتوانین بیخوێنینەوە و شەنوکەوی بکەین. ئیتر ئەم هاتنە زیادەیە.

- سـوودەکەی لەوەدایە مـن ئـاییـنەکەی خـۆم باشـتر دەناسـم لە تۆ، وانەش بخوێنی ناگەیتە ئەو تێگەیشتنەی من بۆ ئاییـنەکەمم هەیە. زیاد

لە پەنجا ساڵە لە خزمەتی ئایین و قوڵبوونەوەم تێیدا، بێیت لە تەک مندا گفتوگۆ بکەیت باشترە لەوەی مامۆستاکەی خۆت ئایینەکەی منت بۆ شی بکاتەوە. بیری لێ بکەوە کامیان باشترە؟

- حەتمەن مامۆستاکەی خۆم.

- بۆچی؟

- بەو جۆرە وانەکەم پێ دەڵێت، بیخەمە خزمەت ئایینەکەی خۆمەوە. لە تۆشەوە بیناسم بەو جۆرە وانەکەم پێ دەڵێیت، بمخەیتە خزمەت ئایینەکەی خۆتەوە. جیاوازییەکە لەمەدایە.

- تێگەیشتم، تۆ ترست لە بڕواکەت هەیە، تۆ هێشتا بڕواکەت کاڵە و دەترسی لەدەستی بدەیت. من ترسم لە بڕوای خۆم نییە، ئامادەشم بێمە لای ئێوە وانەی ئایینی ئێوە بخوێنم. کەسێک لە ئایینەکانی پێش خۆی و دوای خۆی دەترسێت، بڕوای بەهێز نەبێت بە ئایینەکەی خۆی. کەسێک بڕوای بەهێز بێت نەک لە ئایینە کۆن و نوێکان ناترسێت، بەڵکو لەوەش ناترسێت لە ناو بێئایینەکاندا بژیێت. تۆ لە خانەقاکەی خۆتاندا دەبێت موسڵمان بیت، لەوە زیاتر نییە. موسڵمانبوونی تۆ ئەو کاتە جوانە و ڕاستە لە ناو کڵێسەکان و پەرستگەکاندا بیپارێزیت.

- جەنابی قەشە، من ترسم لە بڕوای خۆم نییە، بڕوای من لاواز نییە. ترسم لەوەیە ڕێگەکەی شێخ ڕێگەی ڕاست نەبێت و لە کەدار بین.

- کوڕی باش، ڕێگەی مامۆستاکەت پێچ نییە و لە کەداریش نابیت. یەک دیوی شتەکان مەبینە، لێرەوە لە مەبەستی مامۆستاکەتان تێدەگەم. جا بە قسەی من دەکەیت، هەستن با هەموومان بچینە لای.

داواکارییەکەی بۆ مورید و فەقێیەکان جێی سەرسوڕمان بوو، پێیان خۆش نەبوو قەشەیەک و کۆمەڵێک مەسیحی بێنە ناو خانەقاکە. چاوەڕێ نەبوون دانیشتنەکە بەم ئاقارە بڕوات، وا خۆیان دانابوو قەشەکە بتەزێنن و تووڕەی بکەن و بگەڕێنەوە سەرکۆنەی شێخ بکەن کە ناردوونی بۆ شوێنێکی وا.

قەشەو دەستەکەمان بەرەو خانەقاکە بەڕێ کەوتین. لەو کۆلانانەی پێیاندا گەوزرەمان دەکرد، ببووینە جێی سەرنجی خەڵکەکە، سەریان سوور مابوو کۆمەڵێک و فەقێ و مورید لەگەڵ قەشەیەکدا پێکەوە بەرەو شوێنێک دەچن.

گەیشتینە خانەقا، **شێخی سەنعان** بە دیمەنی چوونەژوورەوەکە گەشایەوە، بە ڕوویەکی پڕ لە خۆشییەوە بە پیر قەشە و مەسیحییەکانەوە هات و فەرمووی لێ کردن.

باش لە بیرمە، یەکێک لە ئامانجەکانی **شێخ**، کەئەوکاتەی بە ڕێگەوە بووین بۆ ئەم شارە، پێی گوتم: "سۆفی کەسێکە نە دوژمنی هەیە، نە دەیەوێت دوژمن دروست بکات. سۆفی کەسێکە لە هەر جێگەیەک خۆشەویستی هەبێت لەوێیە، لە هەر جێگەیەک ڕق و توڕەیی هەبێ، ئەو جێگەیەی پێ باش نەکرێت جێی دەهێڵێت. سۆفی ڕووی کردە شوێنێک دەیەوێت لەو شوێنەدا خۆشەویستی لە دڵی مرۆڤەکاندا دروست بکات و ڕێزی یەکتری بگرن. سۆفی ئەوە نییە پشت لە خەڵک بکات و لە گۆشەگیریدا زیکری خودا بکات."

هەیوانی خانەقاکە پڕ بوو لە قەشە و مەسیحی و فەقێ و مورید، کۆمەڵێک خەڵکیش چاویان بەم هاتنە کەوتبوو، خۆیان کرد بە ناو حەوشەکەدا تا بزانن باسەکە چییە. لای خۆیانەوە وا دایاننابوو ئاژاوەیەک بەڕێوەیە، هاتن و بینیان قەشە و **شێخ** باوەشیان بە یەکدا کردووە و مەجلیسێکی گەرمیان دروست کردوە، وردەوردە جێیان هێشت و تەنیا خۆمان ماینەوە. ئاگام لێ بوو **شێخ** لەوسەری مەجیلیسەکە دەستی کرد بە قسەکردن: "ماڵی خودا بۆ هەموو کەسە، مامۆستا و گوتارخوێنەکان بۆیان نییە دیاری بکەن کێ دەبێ بێتە ماڵی خودا و کێ دەبێ نەیەت. مرۆڤەکان خۆیان بڕیار دەدەن دەچن بۆ کوێ و ناچن بۆ کوێ. مەبەستمە بە خۆمان و ئێوەی ئازیزش نیە، لای من کڵێسە و پەرستگە و مزگەوت و خانەقا جیاوازییان نیە، ئەو ماڵانە بۆ خوداناسییە، ئایینەکانیش ئایینی خودان. بۆچی

نەتوانین پێکەوە هەڵبکەین؟ ئێوە دەتوانن بێنە ئێرە و یادی خودا بکەن و منیش دەتوانم بێمە لای ئێوە و بە ئایینەکەی خۆم یادی خودا بکەم. قەشەی بەڕێز، ڕێبازەکەی ئێمە ڕێبازی سۆفیگەرییە، ڕێبازێکە لە کوشتن و ئازاردانەوە دوورە، هەمان ڕێبازی پەیامبەرەکەی ئێوەیە، پەیامبەرەکەی ئێوە خۆی ئازارەکەی هەڵبژارد، تا ئازار بە کەس نەگەیەنێت، سۆفیگەرییش هەمان شتە. پەیامبەرەکەی ئێوە نانەکەی خۆی لەت دەکرد و بەشی هاوەڵەکانی دەدا، سۆفیگەرییش هەمان شتە. پەیامبەرەکەی ئێوە شار بە شار و گوند بە گوند دەگەڕا خۆشەویستی و پەیمان بڵاو بکاتەوە، سۆفیگەرییش هەمان ئەرکە. زۆر کەس دێن بە ناوی ئایینەوە خەریکی کوێرکردنەوەی ڕاستە ڕێیەکەن، زۆر کەس دێن بە ناوی ئایینەوە، دەردەکەی ناخی خۆیان هەڵدەڕێژن بۆ دەورووبەر، ئەوانە نە ئایینەکەی خۆیان و نە ڕێبازەرکەی ئێمەیان ناسیوە. سەرتان نەئێشێنم، بۆ خۆتان گەنجەکان نانێکی باش خۆش بکەن و من و قەشەش دەچینە هۆدەکەی پشتەوە، مەسەلەگەلێک هەیە باسی دەکەین. بۆتان کرا لە نانەکەی خۆتان هاوبەشمان بکەن."

مەبەستی کۆتایی قسەکانی ڕێک بۆ مەلا بەیجووری بوو، جگە لە قەشەکە و هاوەڵەکانی، هەموومان دەمانزانی مەبەستی ئەوە. لەو ڕۆژەوەی دەری کردبوو، بۆ نوێژکردنیش نەدەهاتەوە خانەقاکە. ڕوونیش نەبوو خەریکی چییە و دەیەوێت چی بکات.

ئێوارەکەی خوانێکمان ساز کرد و هەموومان پێکەوە لەسەر ڕاخەرێک کە بە حەسیر ڕێکمان خستبوو دانیشتین و نانێکی خۆشی دۆستانەمان خوارد. تا نیوەشەوێکی فێنک گفتوگۆمان کرد، جارجارە لە بەینی فەقێیەکانی دەستەی **مەلا بەیجووری** و قەشەکاندا توندییەک دروست دەبوو، توندییەکە نەدەگەیشتە دەنگبەرزکردنەوە یەکێک لە مەجلیسەکە باسەکەی دەگۆڕی و کۆتایی پێ دەهات. فەقێیەکان و قەشەکان زۆر لە یەکەوە دوور نەبوون بۆ خوداناسی، لە توندی و

هێمنییشـدا لە یەکەوە دوور نەبـوون، لە هەردوو لادا کەسـی تونـد و کەسی هێمن هەبوون. لەهەموو حاڵەتێکدا دانیشتنەکە بۆ منێک کە لە شارێکی تاکئایینییەوە هاتبووم، سوودی تایبەتی هەبوو.

## کچەی فرۆشراو

نیوەڕۆیەکی گەرم بوو، پێکەوە من و **غەرقانیی تەنبوورژەن** خەریکی شووشتنەوەی حەوشە سوورهەڵگەڕاوەکە بووین، هاڵاوێکی گەرمی خشتە سوورەوەبووەکانی ژێر تیشکی هەتاوەکە دەهات بە ڕووماندا. یەکمان ئاوپرژێنی دەکرد و یەکمان بەو گسکەی بە توڵی هەنار دروست کرابوو، گەڵا وەریوەکانی گسک دەدا. خۆمان بە ئاوە فێنکەکەوە سەرگەرم کردبوو، کە دەمانرژاند بە یەکتریدا، نەشئەیەکی منداڵیی بیر دەخستمەوە. ئەوەندەم زانی حەوشی خانەقاکە پڕ بوو لە مورید و فەقێ، ئاگر لە چاویان دەباری، **مەلا بەیجووری** کەوتبووە پێش هەموویان. ئێمە پێکەوە بە خۆمان و گسکەکەی دەستمان و جامە ئاوەکانەوە، لە بەردەمیان حەپەساین. چاوەڕێ بووم پەلامارمان بدەن و جا بچنە سەر گیانی **شێخ**. بە بینینی ڕوخسارە شێواو و تووڕەبووەکەی **مەلا بەیجووری** زەندەقم چوو. کوێڕا ئەمانەی کۆ کردەوە و لە کوێ کۆیکردنەوە و ئەم هێرشە چی بوو؟ دەیانەوێت چی بکەن؟ دۆش دامام.

مەلا بە توڕەبوونەوە پەنجە درێژ و ناکلۆکارەکانی ڕادەوەشاند، پڕ بە دەم هاواری دەکرد: " شورەییە! شورەییە! شورەییە بۆ ئایینەکەمان، کێ قبوول دەکات بچێتە سەر ماڵەکەی و داگیری بکەیت! کێ قبووڵ

دەکات دەست بۆ شەرەفی ببەیت؟" ڕووی دەکردە ئێمە و توندتر پەنجەی بە ڕووماندا ڕادەوەشاند: "لەگەڵ ئێوەمە غەریبەکان! قبووڵتانە هەڵکوتنە سەر ماڵەکانتان؟ قبووڵتانە کەرامەتتان لە کەدار بکەن؟ ئەمە چ سەردەمێکە! بۆ کەس ویژدانی ناجوڵێت! ئەم خەڵکە بۆ خۆیان کردووە بە مردوو! خودا لە ناومان دەبات ناعەدالەتیی وا قبووڵ بکەین. ژیان ئەوە ناهێنێ سەری خۆتی بۆ نەوی بکەیت، دوو ڕۆژ سەرت بەرز بکەوە، بایی هەزار ساڵ سەرنەویکردنە. ئەم ئایینە بەرێز و گەورە و بەهێزەمان هەیە، حەیف نییە بکەوێتە دەستی خەڵکی ترسنۆک و بێکەڵک؟ ئێمەی کەی پیاوانێکی وا ترسنۆک بووین زوڵم قبووڵ بکەین؟ ئایینەکەمان بە دەستی کەسانێک گەورە کرا ئامادە بوون گیانی خۆیان بەخت بکەن، کەچی ئێستا کەوتووەتە دەست کەسانێک، ئامادەن ئایینەکە بکەنە قوربانی خۆیان. ئەمە چ سەردەمێکە! چ سەردەمێکە لە ماڵی خۆتدا دەرتبکەن و نەوێری هیچ بکەیت!"

ترساو و دەستوپێشکاو لە شوێنی خۆمان وشک ببووین، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە لێی دەترسام، ئەمە ئەو ڕۆژەیە چاوەڕێم دەکرد. هاکا هەڵیان کوتایە سەرمان و ئەنجنئەنجنیان کردین، هاکا چوونە ژوورەوە و شێخیان ڕاکێشایە دەر و پارەپارەی بکەن. زووزووش لە **غەرقانی**م دەڕوانی، ڕەنگ بە ڕوخسارییەوە نەمابوو، بە هۆی ئاو پرژێنەکەوە قژە تەڕەکانی ئەوەندەی دیکە دیمەنی ترسناکتر کردبوو. بۆ خۆم هیچ ناڵێم، حاڵم لە حاڵی ئەو باشتر نەبوو، قاچەکانم وشک ببوون، هێزێکی بچووک لە ناومدا مابوو، ترپەی دڵم بوو. لەچاوەڕوانیی پەلاماردانداخۆم لە ژێر دەست و قاچ و خەنجەر و کوتەکەدا دەبینییەوە زریکەم دێت. هەستم دەکرد شان و ملم دێشێت، گوێم لە زرمەی کوتەکەکان بوو دەیکێشا بە تەوقی سەرما و خوێن فیچقەی دەکرد. شکانی ئێسقانەکانی دەستم ئازارێکی بەسوێی دەگەیاندە دڵم، پەنجە باریک و بچووکەکانم لە ژێر زەبری قاچە زلەکانیاندا خوێنیان لێ دەهات. لوتم شەقێکی

بەرکەوتبوو بەرچاوم ڕەش هەڵگەرابوو. خۆم لە بەر چاو بوو ئەمانە هەمووی دەبینم و جگە لە هاوارکردن شتێکم پێ ناکرێت. بڕیارم دابوو لە پەلامارییان داین، هێندە بە دەنگی بەرز هاوار بکەم، لە ترسی هاوارەکانم زوو دەستم لێ هەڵبگرن.

موریدو فەقێیەکان بە یەکجار بە دوای **مەلا بەیجووری**ەوە هاواریان دەکرد: "کێ ئەمە قبووڵ دەکات لە ئێمە نییە! ئێمەی ئەهلی کتێب بە سەرشۆڕی گەورە نەکراوین! ئایینەکەمان هێندەی شمشێرەکانمان تیژە و شمشێرەکانیشیمان هێندەی ئایینەکەمان تیژە! کەس نەیوێراوە لە بەردەم ئایینەکەماندا بوێریی هەبێت دەست بۆ ماڵمان ببات! کەس نەیوێراوە دەست بۆ شەرەفی موسڵمانان ببات!" بە جارێک یەک هەیاهویان بەسەردا دەکرد، حەوشەکە دەلەرزییەوە.

"نەفرەت لە کافران! نەفرەت لە بێبڕوایان!" هاواری خۆشی دەمیان بوو، سۆفییەکان کڵاویان لەسەر سەریان لا دابوو.دەرویشەکان قژیان بەردابووویەوە و خەنجەرەکانیان لە کەلانەکە دەرهێنابوو بە دەستیانەوە رایان دەوەشاند، فەقێکیانیش یەکی کوتەکێک بە دەستیانەوە. چەندێک لە کوتەک و خەنجەرەکان ورد دەبوومەوە، زیاتر نائومێد دەبووم لە ژیان. بەس یەکێکیان بیگوتایە دەی، لە ناو حەوشەکە دەیانکردین بە تریت. لەم هاوار و هەڵرشتنی تووڕەییەدا بوو، **شێخ** لە دەرگەکەوە هاتە دەر و لەسەر سەکۆی هەیوانەکە وەستا، بەئارامییەوە گوتی: "ئەوە چی بووە؟ باسەکە چییە؟"

**مەلا بەیجووری** لە پێشی هەموویانەوە بوو، هاتە وەڵام:

- لە سایەی سەری تۆوە چی نەبووە! تۆ خۆت خزاندووەتە گۆشەیەک و شارەکەش خەریکە وێران ببێت. لەو گۆشەیە خەریکی چیت؟ بۆ نایەیتە دەرەوە بۆنی شارەکە بکەیت؟ بوونی پیسی بێبڕواکان ناچێت بە لوتدا، چاوت نابینێ دەست بۆ کەرامەتمان دەبەن.

-واز لەم قسانە بێنە جەنابی **مەلا**، ڕاستییەکە بڵێ، بزانم چی بووە؟

-قوربـان دەستدرێشـی بـۆ سـەر موسـڵمانان دەکرێت، ئابروویـان دەبرێ، شەرەفیان لە کەدار دەکرێ، نەتبیستووە؟
-نا، چی ببیستم؟
- مووسێی **باجگری گاور**، کچە موسـڵمانێکی فڕاندووە و لەماڵەکەی خۆی دەستی بەسەردا گرتووە و زیندانی کردووە.
کە گوێم لەو قسانە بوو، ئاهێک بە بەرمدا هاتەوە. تەماشای **غەرقانی**م کـرد، وردەوردە ڕەنگـی دەهـاتەوە بەر. لەو سـاتانەدا بـۆ بینینـی ڕوخساری خۆم، ڕوخساری **غەرقانی**م کردبوو بە ئاوێنە، ئەو چۆن بوایە دەمزانی منیش ئاوام. دەک ماڵتان بە قوڕ نەگیرێ، ڕۆحتان بە بەری ئێمە نەهێشـت! زوو بتانگوتـایە باسـەکە **شـێخ** نییە، شـتێکی دیکەیە. هێواش گسکەکەم دانا و لە پشتی **شێخ**ەوە وەستا. ئیتر دڵنیا بووم هاتنەکەیان بۆ ئێمە نەبووە و بۆ باسێکە لە دەرەوەی خانەقاکە.
**شـێخ** بـێ ئەوەی خـۆی تێـک بـدات، چەمییەوە و بە هێواشـی لای کوڵەکەکەوە دانیشت و پاڵی دایەوە. بـانگی **مەلا بەیجووری** کرد بێت بە وردی تێیبگەیەنێـت کێشـەکە چییە. ئەوەی ئەو گـوتیم دوایـی دەرکەوت هیچـی ڕاسـت نـین، تەنیـا بیـانوویەک بـوو موسـڵمانە کاڵفامەکانی هاندابوو تـا پێشیان بکەوێت و جارێکی دیکە بە شکۆوە بێتەوە ناو خانەقاکە.
**مەلا بەیجووری** لە گێڕانەوەکەدا وا باسـیکرد، گـوایە گـاورەکەی دراوسێمان هەستاوە بە خۆی و خزمەتکارەکانیەوە داویەتی بەسەر ماڵە موسڵمانێکدا، یەک کچیان هەبووە و کچەکەی بردووە. جا ئێمە هاتووین مۆڵەت لە تۆ وەربگرین و ڕێگەمـان بدەیت هەڵبکوتینە سەر ماڵەکە و خۆی پارچەپارچە بکەین و بیکەینە عیبرەت بۆ شارەکە و کچەش بگەڕێنینەوە بۆ لای دایک و باوکی.
**شێخ** لە وەڵامدا گوتی: "بچن دار و خەنجەرەکانتان دابنێن، پێویست ناکات بۆ پیاوێکی باجگر شارێک بجووڵێت. کوشتن و هەڵکوتانە سەر ماڵی باجگرەکە چارەسەری دەردەکە ناکات. شاریش بێ حاکم نیە، بۆ

خۆتان بچنەوە سەر کاری خۆتان و لێی گەڕێن خۆم چارەسەری دەکەم. نە باجگر ڕای کردوە و نە دەستەپاچەشین نەتوانین باسێکی وا چارەسەر بکەین. ئێوە بچنە سەر ماڵی ئەو، ئەوانیش دێنە سەر ماڵەکانتان و بە جارێک شارەکە بەسەر یەکدا دەترنجێت. لەبری ئەم توورەبوونە با کەمێ عەقڵ بەکار بهێنین."

مەلا بێشەرمانە هەڵی دایە و بە دەنگی بەرز نەڕاندی بەسەریدا: "نەمگوت! نەموت! بڕواداران پێشتر نەمگوت بێ پشتوپەنایِن، نەمگوت با چاوەڕێ نەکەین، نەمگوت توانای سەندنەوەی هەقێکی بچووکی نییە. نەگموت، ئەوەتا بە چاوی خۆتان بینیتان و بە گوێی خۆتان بیستتان. باش گوێتان لێ بوو، وا بڕوات دێنە ناو ماڵەکانمان و ژنەکانیشیمان دەبەن. بابە ئێمە بۆ هاتینە ئێرە، نەمگوت با نەچینە لای ئەو و خۆمان کارەکە بکەین. دە فەرموون خۆ باش گوێتان لێ بوو."

بە هاتوهاوار و فرێدانی تف و قسە لە دەمیەوە خەریکی دۆشدانی گردبوونەوەکە بوو، دوو جار شێخ داوای لێ کردن ئارام ببنەوە و دابنیشن، سوودی نەبوو. بە پێچەوانەوە تا دەهات نەڕەنەڕەکەیان زیاتر دەبوو، تا دەهات قسەی ناخۆشتریان فڕێ دەدا. دیار بوو مەلا پێشوتر باش پڕی کردبوون، دەیویست باسەکە بکاتە کوتەکێک بە دەستیەوە و شێخی پێ بشکێنێت و بە غرووورەوە بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.

لە پاڵیدا بووم، شەیتان بە نەعلەت بێ دەمەویست تا هێزم تێدایە مشتەکۆڵەیەک بکێشم بە کاکیلەکانیدا و دەمی پڕ بکەم لە خوێن، لەبەر خاتری شێخ نەبوایە باری لار بوو، دەمودانیم دەهاڕی.

قسە ڕەق و ناخۆشەکانیان نەدەبڕییەوە، ئیتر شێخ حەوسەڵەی نەما و هەستا بەرەو هۆدەکەی خۆی بڕوات. پێیەکی خستبوویە ئەودیو دەرگە و پێیەکی لەمدیو دەرگەوە بوو، دەروێشێک هاواری کرد: "بۆ کوێ قوربان؟ بۆ کوێ؟ شتێک بڵێ، ئێمە چی بکەین؟ چارەیەکی باش پیشان بدە." قسەی لە دەمی دەروێشکە بڕی و مەلا بەیجووری هەڵی

دایه: "چاره لای منه، لای شێخ نییه. خۆم چارەی دەکەم." دەرویش نەیکردە نامەردی و نەڕاندی بەسەریدا: "بەسە! تۆ شێخی ئێمە نیت، ئێمە گوێ لە تۆ ناگرین ئیتر. هاتووین شێخ چارەیەک بکات. واز بهێنە!" کە شێخ ئەم قسانەی گوێ لێ بوو، گەڕایەوە و دیسانەوە داوای کرد ئارام ببنەوە خەنجەر و کوتەکەکان لا بدەن و باوکی کچە بهێننە ئێرە. پرسی: "کێ دایکوباوکی دەناسێت؟" فەقێیەک هاتە پێش و گوتی: "من." ڕای سپارد بچێت دایکوباوکی بهێنێت. مەلاش تێگەیشت باسەکە لە دەستی نەماوە، سەری خۆی نەوی کرد و بە هێواشی و بێدەنگ لە حەوشەکەوە وەدەر کەوت.

زۆری پێ نەچوو فەقێیەکە بە خۆی و ژن و پیاوێکی پیر، کە یەکی دەستێک جلی شڕووڕی پینەکراویان لە بەردا بوو و ڕوخسارێکی لۆچن دایپۆشیبوون، هاتنە ژوورەوە. کەوتمە پێشیان و بردمن بۆ هۆدەکەی شێخ. بە لوتفەوە پێشوازیی لێ کردن و دوای خواردنەوەی قومێ ئاو و نەمانی ماندوویەتییان، گوێی لێ گرتن. باسیان لەوە کرد ماڵێکی هەژاری بێدەرامەتن، تاقە کچێکیان هەیە ناوی تینیایە، ماوەیەک بەر لە ئێستا، پارەیان لە مووسێی باجگر وەرگرتووە بە قەرز، قەرزەکە لە وادەکەی خۆی بەسەردا تێپەڕیوە و پارەیان نەبووە بیدەنەوە، ئەویش هاتووەتە سەریان و نەیانبووە بیدەنەوە. ناچار بووون کچەکەیان بە بارمتە داوەتێ تا هەر کات پارەیان هەبوو بیدەنەوە. پارەکەش پارەیەکی کەم نییە، سی دەرهەمە. سی دەرهەم لەو سەردەمەدا هەڵسووڕانی ئاسان نەبوو. کە شێخ لە ئەسڵی چیرۆکەکە تێگەیشت و زانی چیتر ناتوانن کچەکەشیان بەخێو بکەن، ڕوونبووەوە هاشوهوشەکەی مەلا بەیجووری بۆ کچە نییە، شینەکەی بۆ خۆیەتی و سەرتاپای چیرۆکەکەی گۆڕیبوو.

پیرەژن و پیرەپیاوەکەمان بەڕێ کرد، من و ڕۆدانی ڕۆمی‌ی نارد بچین مووسێی باجگر بانگ بەین. بە ناو بەراز و کەڵەشێر و کەرویشکە بەرەڵاکانی ناو باخەکەدا چووینە بەردەم ماڵەکە،

خزمەتکارێک هات بە پیرمانەوە و پەیاممان بۆ نارد بێت سەرێک لە خانەقاکە بدات. پاش کەمێک بە شلپەشلپ بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە و بە لالووتێکەوە لێمانی ڕوانی، سڵاوی لێ نەکردین و لە ژێر لێوەوە کەوتە بۆڵەبۆڵ. ئینجا دەنگی بەرز کردەوە: "ئێوە زۆر سەیرن، پارەم داوەتێ، چۆن پارە دەدەم بەرازێک دەکڕم، بۆ کچەش هەر وایە. چ ئیشم بە کچێکی مل‌ڕوتی لەڕولاوازە، فەرموون پارەکەم بدەنەوە و بیبەنەوە. پارەکەی خۆمم دەوێت. خەڵکێکی سەیر دراوسێمە! داوای حەقی خۆت دەکەت شەڕت پێ دەفرۆشن، کاسپی دەکەیت شەڕت پێ دەفرۆشن. ئەمە چ دراوسێیەتییەکە! پێشم بکەون با بڕۆین بزانین چی دەبێت."

لەباتی ئەوەی پێمە پێشی بکەوین خۆی پێشمان کەوت و خۆی کرد بە خانەقاکەدا، لە بەردەم هەیوانەکە وەستا و سەلام و کەلامی نەکرد. پەنجە خڕ و کورتەکانی بەرز کردەوە و بە شێخی گوت: "گوێ بگرە جەناب، تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە کەیفی خۆتە، تۆ و ئەمانەی لێرەن خۆتان کوشتووە تا لەو دونیا تۆزێک شوێنتان خۆش بێت و تامی ژیانی لەدەستچوو بکەن. من لەم دونیایە هەموویم هەیە، ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن لەو دونیا هەتانبێت، من لەم دونیا هەمە. پیاوێکی دونیاییم، چیم حەز لێ بێت دەیکەم، بۆیە مەکەوە ئامۆژگاریکردنم. کە مردم هەر کەس هاتە ناو گۆڕەکەم مەهێڵن. دەشزانم بۆ مەسەلەی کچەکە بانگت کردووم، پارەم لای باوکیەتی و نییەتی بمداتەوە، کەلوپەلی ناو ماڵەکەشیان قرانێ ناکات، هەیانە و نیانە ئەو کچەیە. بە بارمتە لای خۆم هەڵمگرتووە و بە ناخێری گیانی بەخێویشی دەکەم، تا پانزە ڕۆژی دیکە مۆڵەتم پێ داون پارەکەم بۆ بهێننەوە، نەیانهێنایەوە بە نیوەقیمەت لە بازاڕ دەیفرۆشم. بۆ شانسی من جوانیش نییە پارەیەکی باش بکات، دەی زەرەر لە نیوەدا بگەڕێتەوە باشترە. ئەوەڵ و ئاخری قسەی من ئەمەیە. سی دەرهەمم لای باوکیەتی، دەتوانی بۆم پەیدا بکەیت، بفەرموو وەرن کچە ببنەوە لای خۆتان. ناشتوانن، سەر و دڵم

مەگرن، بێزار بووم بە دەست دراوسێیەتیتانەوە. ئێوە ڕقتان لە هەموو کەسێکە لە خۆتـان نەچێـت. لە بەرازەکـانم دەدەن، مریشـک و کەڵەشێرەکانم دەکوژن، دەست وەردەدەنە ناو ژیانم."
وەڵامەکەی **شێخ** هێمنانە بوو، پێی گوت:
- تۆ ڕاست دەکەیت، تۆ هەقت لای باوکیەتی، ئەی ویژدان چی؟ کام ویژدانە کچێکی بەدبەخت بە هەقی پارەی قەرزی باوکی بە بارمتە بگریت و بیفرۆشیت؟ مرۆڤ هیی ڕێزگرتنە نەک هیی مامەڵەکردن. بیهێنە بەرچاوت کچی خۆت بێت.
- بوەستە جەنابی **شێخ**، دەست مەکە بە ئامۆژگاریکردنم. ئەوەی من ئێستا دەیکەم، سەدەکانی پێشوو پیاوە گەورەکانی ناو ئایینەکەی تۆ کردوویـانە، لە ئێـوەوە بـۆ ئـێمە جێمـاوەتەوە. کـاتێ فەتحـی ئەم ناوچانەیـان کـرد، کـچ و ژنـی جـوان نەمـا نەیـبەن. لەبـاتی ئامۆژگاریکردنی من، باشتر نییە بچیتە سەر کۆنەکانی نـاو ئایینەکەی خۆت و کەمێ سەرکۆنەیان بکەیت؟ ئەوان بوون مرۆڤیان کردە کاڵا و لە بازاڕەکاندا دەستیان کرد بە فرۆشتنی. تا ئایینەکەی ئێوە ڕووی لەم مەملەکەتەی ئێمە نەکردبوو، کەس نەیدەزانی بێرێزیکردن بە ژن چییە. ئەوە بۆ خۆتان لێ گۆڕاوە و ڕابردووی خۆتان بیر دەچێتەوە و خۆتان لێ دەبێت بە فریشتەی ئاسمانی. ئێوە نەبوون سەری مرۆڤتان دەپەڕاند و دەتانفرۆشت؟
نەوەستا شێخ وەڵامی بداتەوە، شڵپەشڵپ پشتی لێ کردین و ڕۆیشت. فەقێ و موریدەکان کپ و خامۆش سـەیری یەکتریـان دەکرد. شێخ دەستی من و **ڕۆدان**ی گرت و بردینی بۆ هۆدەکەی خۆی.
سـامانی خانەقـاکە حەوت دەرهەم بـوو، سـامانەکەی ئـێمەش لە گەشتەکەوە بۆمان مابووەوە سێ دەرهەم بـوو. ئەمری کرد ئەوەی خۆمان بخەمە ناو کیسێک و ئەمریشی کرد بنووسم. دوو نامەی پێ نووسیم، یەکێک بۆ قەشەی گەورەی شارەکە و یەکێک بۆ هاخامی گەورەی جوولەکەکان. من نامەی قەشـەکەم برد و **ڕۆدان**یش نامەی

هاخامەکە. کە نامەکەم دایە دەست قەشەکە و خوێندییەوە، لە دیوی ئەودیوی نامەکەوە نووسی: "دراوسێی ئایینیم، خەمت نەبێ، چی بە من بکرێت دەیکەم و سبەی ئێوارە لە خزمەتتدام." نامەکەم هێنایەوە و وەڵامە دڵخۆشکەرەکەی خوێندەوە و دەموچاوی گەشایەوە. بە هەمان شێوەی من ڕۆدانیش وەڵامێکی ئەرێنیی باشی هێنابووەوە.

بە قەرز و قۆڵە و زەکات، هەرچۆنێک بێت پارەکەمان پێکەوە نا و خستمانە ناو توورەکەیەک و دامانە دەستی شێخ.

دوای نوێژی عیشا خۆی پێچایەوە و لەگەڵی ڕۆیشتم تا بەردەرگەی ماڵەکەیان، ئەو چووە ژوورەوە و منیش مامەوە لە دەر. زۆری پێ نەچوو شێخ بە خۆی و کچێکی لاوازی سپیکەڵانەی چاو ڕەشەوە هاتە دەرەوە. ڕوخساری شێخ زەردزەرد هەڵگەڕابوو، عارەقێکی زۆر تکتک دەهاتنە خوارەوە. دەستی خستە سەر شانم و بە کزییەوە گوتی: "زوو بمگەیەنەوە خانەقاکە." وام زانی لە ژوورەوە شتێکی خراپ بەسەری هاتووە، لێم پرسی: "چی بووە؟" سەری خۆی با دا و هیچی نەگوت. چەند جارێک لێم پرسییەوە: "قوربان، قوربان، قسەی ناخۆشی کرد؟ شتێکی خراپی دەرخوارد داوی؟ لەوێ نانێک، ئاوێکت خواردەوە؟ حەکیمێک بانگ بکەم؟" وەڵامی نەدایەوە، بێهێز بەسەر شان و ملمدا کەوتبوو.

گەیشتینەوە بەردەم پلیکانەکانی بەردەم هەیوانەکە، خۆی بە پێوە نەگرت و تەخت دانیشت. بە پەلە جامێ ئاوم هێنا و دەستم کرد بە فێنکردنەوەی دەموچاوی و قاچ و دەستەکانی، تایەک لە ڕوخساری بوو سوورسووری هەڵگەڕاندبوو. دەستی دەلەرزی و لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد، گوێم بردە پێشەوە، سەرتا دەیگوت: "شوێنەکەی من بدەن بەو کچە، لە هۆدەکەی من داینیشێنن تا چارەی دەردەکەی بکەم." بە ئاماژە ڕۆدانم تێگەیاند بیباتە هۆدەکەوە.

تا دەهات تاکەی زیادی دەکرد، غەرقانیی تەنبوورژەنم بانگرد لەگەڵ فەقێیەک بچن حەکیمێک بهێنن. بە پاڵکەوتنەوە و بەدەم تاوە

بۆڵەبۆڵێکی کرد، لێی تێنەگەیشتم چیی گوت. بە دوو کەسەوە هەڵمان گرت و لەسەر لبادەکە دامان نا، تا حەکیمەکە گەیشت بە ئاو فێنکم دەکردەوە. حەکیم دەستی چەپی گرت و پەنجە گەورەی خستە سەر شادەمارەکەی دەستی و تاوێ ڕای گرت و سەرێکی بادا.

-چی بوو جەنابی حەکیم؟ ژەهریان پێ داوە؟

- نا کوڕم ژەهر نییە.

-ئەی چییە؟

- جارێ هیچ تێناگەم! نەخۆشییەکەی پەیوەندیی بە جەستەیەوە نییە، پەیوەندیی بە ڕۆحییەوە هەیە.

- یانی چی قوربان؟

- یانی منیش باش حاڵی نابم. دەتوانم ڕەچەتەی ئاوی نەعنای بۆ بنووسم، بیدەنێ با تاکەی کەم ببێتەوە و بێتەوە سەر خۆی. کە هاتەوە سەر خۆی بانگم بکەن، ئەوکات لێی دەپرسم و تێدەگەم لە دەردەکەی.

ڕەچەتەی نەعناکەی بۆ نووسی و ڕۆیشت. خێرا ڕەچەتەکەمان دەرخوارد دا و وردەوردە عارەقەکەی کەم بووەوە و چاوەکانی کردەوە.

- بە قوربانت بم شێخ، چی بووە؟ حەکیمەکە بانگ بکەم؟

- نا غەزنەوان، بانگی مەکە. پێویست ناکات کەس بانگ بکەیت. دەردی من لای حەکیمەکان نییە، دەردی من لە شوێنێکە بە حەکیمەکان چارە ناکرێت. خەونەکەم بینی، خەونەکەم. بەڵێ ڕێک ئەو بوو! خەونەکەم بوو! خودایا بۆیە منت هێنا بۆ ئێرەوە؟ بۆئەوەی خەونەکەم بکەیت بە ڕاستی؟

کۆمەڵێک لەم قسانەی کرد، وڕێنە بوون یان چی بوون نازانم. دیسانەوە چاوی داخستەوە و لە هۆش خۆی چوو.

***

پاش سێ ڕۆژ هاتەوە سەر خۆی. هیچی نەگوت، لێوەکانی دەجووڵاند و نەرمنەرم عارەقی دەکرد. دەموچاوی گۆڕابوو، پێستی گۆناکانی

نووسابوون بە ئێسکەکانیەوە. ڕیشە سپییەکەی سەری دەرهێنابوو، تاڵە ڕەقەکان لە شێوەی سەرەڕمێک سەریان دەرهێنابوو. کاتێ کەوتە قسە، هەواڵی **تینای** پرسی. دڵنیام کردەوە هەر لێرەیە و خزمەتی دەکەین و شوێنەکەی بێعەیبە. بە لەرزەلەرز هەستایەوە، حەزی لەوە بوو ئاوێک بە خۆیدا بکات. خۆی شوشت و کەمێک هاتەوە سەرخۆی.
دوای نوێژی عیشا، فەقێ و موردیدەکانی کۆ کردەوە و لە ناوەڕاستی هەمووماندا وەستا، دەستی کرد بە باسکردنی چارەسەری کچە:
"خۆتان دەزانن ئەم کچە کەسی نییە بەخێوی بکات، جوان نیە لێرەش بێت لە ناو ئەم هەموو پیاوەدا. کێ دەتوانێت ببێتە مێردێکی باشی پشتوپەنای، با ناوی خودای لێ بهێنین. کێ دەتوانێت خزمەتی بکات و ڕێزی بگرێت، با لە ئێستاوە بڕیاری خۆی بدات. قەولم دەوێت قەلوی مەردانە، مەردێک قەول بدات بۆ هەمیشە ببێتە سێبەری."
زۆربەمان لە شەرما سەری خۆمان داخستبوو، کەسمان بیری لەوە نەدەکردەوە باسێکی وای ڕووبەڕوو بکرێتەوە. لەو ساتە پڕ شەرم و کپەدا، لە ناوماندا دەنگێک بەرز بووەوە و گوتی: "من، من دەتوانم ئەو کارە بکەم." هەموومان سەرمان بەرەو دەنگەکە وەرچەرخاند، دەنگەکە ئەو فەقێیە بوو هاواری دەکرد و خۆی شێواندبوو بچێت **مووسێی باجگر** بکوژێت. ئێ ئێ، ئەمە هاوار و خۆبادانەکەی بۆ کچە بوو، چەند ئازایانە یەکسەرە هاتە ناو باسەکەوە و یەکلایی کردەوە.
**شێخ** پیرۆزبایی لێ کرد و چووە هۆدەکەی قسە لەگەڵ کچەکە بکات، دوای کەمێ گەڕایەوە و داوای کرد هەر ئێستا تەدارەکی مارەبڕین ئامادە بکەین. تومەز **تیناش** زۆری پێ خۆشە و دەیەوێت لەو سەرگەردانی و ماڵەوماڵکردنە نەجاتی ببێت. ئەو شەوە مارە بڕین و خۆشی و پێکەنین بوو تا دەمەوبەیان. لە دەمەوبەیاندا بوکێ و زاوا خرانە هۆدەکەی **شێخ**ەوە و خۆشمان لە دەرەوە بۆی پاڵکەوتین. زەماوەندەکە خجیلانە بوو، تەنیا خۆمان و بوکێی لێ بوو. ئەوەی پێمانک را بۆ دەربڕینی خۆشییەکە بۆمان کرد. شەو ئەوان ڕۆیشتنە

ژووری زاوایەتی. گوێم لێ بوو هەندێکیان بۆڵەبۆڵیان دەکرد و سەرکۆنەیان دەکرد، گوایە شێخ خانەقاکەی کردوە بە شوێنی زەماوەند و شەوی سووری بوکوزاوا. ئەم خوداڵەدڵانەبوانە لەخۆشیان ڕازی نەدەبوون، تاوێک هەڵدەپەڕین و خۆشییان دەنواند، تاوێکیش لە زمانە پیسەکەی خۆیان نەدەکەوتن. دوانیان یەکی بگرتایە زەمی سێیەمیان دەکرد. چ خوویەکی بەدیان هەبوو! زمانەکەیان وا شڕ ببوو، وشەی پاکی لێوە نەداهاتە دەرەوە. بەردەوام بۆ گۆشەیەک دەگەڕان و تێیدا ناشیرنییەکانی دەبینی. داماوانە شوێنیان نەبوو، بەو شەوە بۆ کوێیان بنێرین. نە لانەیەکیان هەبوو، نە شوێنێک. لەم دونیایە بنمیچێکیان شک دەبرد، بنمیچی خانەقاکە بوو. پاشان خانەقا و ماڵەکانی خودا شوێنێک نین شتی جوان تێیاندا قەدەغە بێت.

## خەونەکانی شێخ

### خەونی یەکەم

لە یەکێک لە خانەقاکانی شاری *سەنعای یەمەن*، وانەم بە شاگردەکان دەگوتەوە. لێرە کارەکانم چی بوو، لەوێش هەمان کارم دەکرد. جیاوازییەکی بچووکی ئێرەوە و ئەوێ لەوەدا بوو، خانەقاکەی *یەمەن* کەوتبووە قەراغ ڕووبارێکی بەخوڕی پاکەوە. کە ماندوو و بێتاقەت دەبووم، بە تووڵەڕێی تەنیشت ڕووبارەکەدا بە پیاسەکردن دەڕۆیشتم. دەڕۆیشتم هەتا شارەکە لە بەرچاوم ون دەبوو و تێکەڵ بە سروشت و دەنگی سروشت دەبوو. بە بڕوای خۆم مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بە سروشت بکات، دەبێت بچێتە شوێنێک دەستی مرۆڤی نەیگەیشتبێتێ. دەستی مرۆڤ گەیشتە هەر جێگەیەک ئەو جێگەیە ڕۆحە سروشتییەکەی تێدا نامێنێت و تێک دەچێت.

لە ناو سروشتدا بۆ خۆم گوێم لە خوڕەی ئاو، شنەی با، دەنگی باڵندەکان و دەنگی سروشت دەگرت. تێر هەناسەی پاکم هەڵدەمژی، تا ڕۆحم تازە نەبوایەتەوە نەدەگەڕامەوە ناو شار. چۆن کراسەکانمان کۆن دەبن و پێویستە کراسی تازە بکڕین، ڕۆحیش لە ناو شارەکان و لە نزیک مرۆڤەوە کۆن دەبێت و بە گەڕانەوە بۆ سروشت تازە

دەبێتەوە. زۆر ئاسودە بووم ئێواران بە هیلاکییەوە دەگەڕامەوە و لەسەر یەکێک لە حەسیرەکان سەرخەوێکم دەشکاند. بەو هەناسە و پیاسەیە و بە سەرخەوێک، بەشی هەفتەیەک تەڕ و تازەیی دەهاتەوە ناو گیانم. هونەرێک لە سروشتدایە، ماندوویەتی لە بیر دەباتەوە. دەشێت یەکەم کەس دەستی کردبێت بە مۆسیقاژەنین و گۆرانیگوتن، گوێی لەو هونەری سروشتە گرتبێت. مرۆڤەکان ڕۆح ماندوو دەکەن، سروشتیش ئارامی دەکاتەوە.

لەو کاتانەدا والیی شارەکە تووشی دەردێکی سەخت بوو، دەردێک حەکیمەکانی مەملەکەت سەریان لێ دەرنەدەکرد. لە حەکیمەکانم دەبیست دەردی وا قەت ڕووی لەم مەملەکەتە نەکردوە، لە ناو کتێب و ڕەچەتەکاندا دەگەڕان بۆیان نەدەدۆزرایەوە چ دەردێکیەتی. دەردەکە تازە بوو، بۆیە مەجلیسی حەکیمەکان چەندین جار دانیشتبوون تا لە دەردەکە تێبگەن، لێی تێنەگەیشتبوون. باری خراپی والی و پەشۆکاویی حەکیمەکان نیگەرانیی لە دڵی خەڵکدا دروست کردبوو. خەڵک بە ئاشکرا لۆمەی حەکیمەکانیان دەکرد کە توانای دۆزینەوەی دەردەکانیان نەماوە. جا کە خەڵک لە شتێک نائومێد بوو، ئارەزوو دەکات بە زمانە تیژەکەی وێرانی بکات. لە بەرامبەر نائومێدبوونی خۆشیدا بۆ شتێک دەگەڕێت بیخاتە شوێنی نائومێدییەکەی، شتەکە زۆر پووچە. لە حەکیمەکان نائومێد ببوون و بە شوێن گۆڕ و بەردی پیرۆزدا دەگەڕان ڕووی تێبکەن و دەردەکانیان چارە بکات.

دەردەکەی والی باسی ناو خەڵک بوو، دوو گرێ لەسەر سنگی دروست ببوون، گرێکان یەکی بەقەد هێلکەی چۆلەکەیەک. دوو گرێکە وای لێ کردبوو لە پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانەوە کردبووی بە مشتێک چلوچێو، ڕۆژ بە ڕۆژ دەی پووکاندەوە. سەرەتا تووکی بە شان و مل و قاچەکانیەوە نەهێشتبوو، پاشان تووکی برۆکانی و سەروڕیشی بە جارێ هەڵوەریبوون. چاوەکانیشی چووبوون بە

قەوڵـدا. گۆشـتەکەی بە لەسـەرخۆیی توابـووەوە و پێسـتەکەی نووسابوو بە ئێسکەکانیەوە. حەکیمەکان چی ڕەچەتەیان هەبوو پێیان دابوو، چارەی نەکردبوو. ناچار بە دیارییەوە دادەنیشتن تا بزانن کەی مەرگ دەگاتە سەری. تۆپەڵێک ئێسکی بێهێزی گیان‌تێدابوو لە بەردەم حەکیمەکاندا کەوتبوو، نە ئەوەبوو بمرێت و ببڕێتەوە، نە ئەوە بوو چارەسەرێک بکرێت.

لەو دەمەدا لە پیاسـەیەکی کەنـاری ڕووبـارەکە گەڕامەوە و سەرخەوێکم شکاند، لە خەونمدا فریشتەیەکی باڵابەرزی چاو و برۆ ڕەش، بە دەستێک جلی سپیی نورانییەوە هاتە خەوم. بێ سەلام و کەلام، کەوتە باسکردنی نەخۆشییەکەی والیی شارەکە. ڕەچەتەکەشی پیشان دام، پێی گوتم: "سبەی کوڕێکی گەنجی لووتخواری دراوسێی ماڵی حەکیمی گەورە، سەرلەبەیانییەکەی دەمرێت. کە مرد، کەمێک لە مـۆخی ئەو کـڕە گەنـجە دەربهـێن و لەگەڵ مـۆخی کـاوڕێکی تازەسەربڕدراو تێکەڵی بکەن و بیکوتن تا وەک بنێشتی لێ دێت، پاشان لوقمەیەکی لێ دەربهێنن، تۆزێک چەوری بکەن، خڕی بکەن و بیدەنێ چاک دەبێتەوە."

فریشتەی ناو خەونەکەم ئەم پەیامەی بە من دا و ڕۆیشت. وەختێ خەبەرم بـووەوە بە پەلە لە نامەیەکدا بۆ حەکیمی گەورەی شار، کە هاوڕێشم بـوو، لە خەونەکەدا چیم پـێ گوترابـوو بـۆم نووسی و ڕەچەتەکەشم بۆ نووسی و بۆم نارد. کە نامەکە گەیشتبووە دەست حەکیمی گەورە، دەستی کردبوو بە پێکەنین و گوتبووی: "هـاوڕێ بڕوادارەکەم وڕێنە دەکـات و خـۆی لـێ بـووە بە حەکیمی دەردێکی نەناسراو و ڕەچەتەم بۆ دەنێرێت."

بۆ دڵنیابوون، حەکیم ڕۆژی دوایی چاوەڕوانی کردبوو بزانێت کوڕەی دراوسێیان دەمرێت یان نا. گەنجەکەی دراوسێیان لەو کاتەی باسم کردبوو لەنامەکەدا، مردبوو. کە کوڕە مردبوو، حەکیمەکە داوای لە دایکوبـاوکی کردبـوو پـێش ناشـتنی بیهێـنن بـۆ تـاقیگەکەی

نەشتەرگەرییەکی بۆ بکات، بزانێت چ دەردێکی هەبووە وا کتوپڕ کوشتوویەتی. ڕاستی نەگوتبوو، کاری بە مۆخەکەی سەری گەنجەکە بوو. نەیویستبوو ڕاستییەکە بە کەسوکاری بڵێت. کەمێک لە مۆخی دەرهێنابوو تێکەڵ بە مۆخی کاوڕێکی تازەسەربڕدراوی کردبوو و بە ڕۆن چەوری کردبوو. لوقمەیەکی کردبوو بە دەمی والییەوە. بە خواردنی لوقمە مۆخەکان، والی پەنجەکانی دەستی جوڵاندبوو. ماوەی هەفتەیەک بە بەردەوامی ڕەچەتەکەیان پێ دابوو. والی کەوتبووە جووڵە و قنسەکرد، تووکەکانی سەری هاتبوونەوە، تووکەکانی لاشەشی وردەوردە سەریان دەرهێنابووەوە، گۆشت و هێز گەڕابووەوە بۆ لاشەی. زۆری نەبرد وەک جاران بووەوە بە پیاوێکی بەشانوشەوکەت و بەهێز.

حەکیمی گەورە چیرۆکی چاکبوونەوەکەی بۆ والی گێڕابووەوە، والییش بە خۆشی چارەسەرکردنەکەی و زانینی نەخۆشییە تازەکە، ڕێوڕەسمێکی ساز کرد. چی حەکیم و پیاوچاک هەبوون بانگی کردنە کۆشکەکەی، منیشیان بانگ کرد. لەوێ والی لە بەرچاوی هەموان حیکمەتی چاکبوونەوەکەی خۆی و دۆزینەوەی دەردە تازەکەی خستە ئەستۆی من و لە بەرچاوی میوانەکانی ستاییشێکی گەورە منی کرد. پیاوماقولان و حەکیمەکانی شار هەواڵەکەیان پێ خۆش بوو و دەستەدەستە دەهاتنە لام و هیوای بەردەوامییان بۆ دەخواستم بۆ دۆزینەوەی دەردە بێچارەکان.

لەو خوانەدا ناویان نام **شێخی سەنعان.**

دوای ئەو خوانە ناوەکە بەسەرمدا بڕا. ناوێکی پیرۆزیشیان خستە پاڵم، ئەو بەپیرۆزکردنەی من زۆر ئازاری دەدام. بە ناو شاردا بڵاو بووەوە باشترین حەکیم منم نەک حەکیمی گەورە، خەڵکی بە لێشاو بۆ چارەکردنی دەردەکانیان ڕوویان لە خانەقاکە دەکرد و بێزاریان کردبووم. تێنەدەگەیشتن بەوەی من حەکیم نیم، ناتوانم دەردە بچووکەکانی خۆم چارە بکەم و من بابایەکی گۆشەگیرم لەم دونیایە.

داد و نالەی من نەدەچوو بە گوێیاندا و ڕاستیگوتنەکانمیان بە خۆبەسادەزان لێک دەدایەوە. ناچار سەرم خستە سەر کتێبی ڕەچەتەکان و بە شوێن ڕەچەتەکاندا دەگەڕام، لانیکەم بتوانم چارەیەک لە دەردەکان فێر ببم و نەخۆشەکان شتێک لێ بکەم. هەفتەیەک لەسەر یەک حەکیمەکانم ئاگەدار کردەوە خەڵکم لێ دووربخەنەوە، نەیانتوانی. بێ ئەوەی من حەکیم بم کردمیان بە حەکیم و پیرە بووم.

## خەونی دووەم

نەخۆشێکی زۆر سەریان تێنابووم، بڵاوبوونەوەی ناوەکەشم ڕۆژ بە ڕۆژ دەماودەمی دەکرد، بێزار بووم لەو لێشاوەی خەڵک. زاهیدێکی گۆشەگیر کە شەو و ڕۆژ لە هەوڵی پاککردنەوەی ڕۆحم و ڕازیکردنی خوداکەم بووم، بە خەونێک ژیانە تەنیاکەم قڵپ بووەوە. چۆن باسی دەکەم ئاوا، ماڵێکی بارۆنی خوداپێداو کچێکیان هێنا، سەرتاپای کچە شوێنی نەمابوو برینی بچوکبچوکی پێوە نەبێت. برینەکانی لەو برینانە بوون یەکیان وشک دەبووەوە، یەکێکی دیکە لە تەنیشتی سەری هەڵدەدا. یەکێک ئاسەواری نەدەما، یەکێکی تر دروست دەبوو. بە دەست ئازاری برینەکانیەوە کچەی بەستەزمان بە دەنگە باریکەکەی دەیزریکاند.

باوکە بارۆنەکەی پێی گوتم: "چی سەروەت و سامانم هەیە دەیدەم لە ڕێی چاکبوونەوەی ئەم توفلەم. بەهیوام ڕۆژێک بیبینم فرمێسک لە چاوانی نەزابێت و بەدەم ئازارەوە نەزریکێنێت." دڵم بۆ کچە بوو بە ئاو، هەرچەند گوێم لە قیژە و زریکە و پاڕانەوەکانی دەبوو، جەرگم لەتلەت دەبوو. بە دیارییەوە دۆش دامام، نەمدەزانی چی بکەم و نەشمدەویست نائومێدیان بکەم. بیرێکم کردەوە و داوام کرد بیبەنەوە ماڵ، سبەی بیهێننەوە لام. بەم قسەیەم ڕۆشناییەک کەوتە ناو دڵیان، ڕوخسارە سپی و ناسکەکەی دایکەکە، لە ڕوخساری مانگ دەچوو لە

شەوێکی تاریکدا، سەیری دەکردم و چاوەکانی پڕ بوون لە تکا و پاڕانەوە. ئازاری کچەی بەستەزمان و برینەکانی سەر جەستەی، سەرتاپای ڕۆحی منیشی کرد بە برین.

ئەوان ڕۆیشتن. ڕۆیشتمە حوجرەکەی خۆم، دەستم کرد بە پاڕانەوە لە خودا. بە دڵ و بە گیان دەپاڕامەوە؛ خودایا تا ئێستا هیچم لە تۆ نەویستووە جگە لە خزمەتکردن. خودایا نە پیرۆزم بکە، نە بچووکم بکەوە. نە تاجی گەورە بخە سەر سەرم، نە ڕسوای بەردەم خەڵکم بکە. خودایا تەنیا یارمەتیم بدە، کەسێک لە ئازار دوور بخەمەوە و چاکەیەک بخەمە سەر چاکەکانی ئەم دونیا خراپە. خودایا ئەو کچە نائومێد نەکەیت. چاکبوونەوەی کەسێکی نەخۆش وەک چاکبوونەوەی زەوییەکی وێرانە. دەستم لە خودا بەرز دەکردەوە. وازم لە پاڕانەوە نەهێنا تا شەکەت بووم. لە شەکەتیدا لەسەر بەرماڵەکە خەوم لێ کەوتبوو. لە خەومدا هەمان فریشتە، بە هەمان جلەوە، بە هەمان نوورەوە هاتە بەردەمم.

دەستە باریک و پەنجە ناسکەکانی خستە سەر شانە کۆمەوەبووەکانم، تەزوویەک هات بە گیانمدا. پێی گوتم: "خودا هەرگیز دڵە پاکەکان نائومێد ناکات، خودا هەرگیز کەسە ڕاستگۆکان لە بیر ناکات، خودا هەرگیز پاڕانەوەی کەسە بڕوادارەکان، فەرامۆش ناکات، خودا پشت لە کەسێک ناکات کەسەکە هەمیشە ڕووی لە خودا کردبێت. نائومێد مەبە بڕوادار، نائومێد مەبە. لە گۆشەی لای چەپی حەوشەی خانەقاکەت، درەختێکی دارخورمای لێیە، خاکی بن ئەو دارخورمایە، خاکێکی سوورە. هەستە بچۆ تەشتێک خاک بهێنە و بە هێڵەکێک جوان بیبێژە. کە بێژات لە ناو تەشتێکدا قوڕاوێکی تەڕی لێ بگرەوە و کە کچە نەخۆشەکە هاتە لات، جوان بەو قوڕاوە گشت گیانی بناوە. حەوت جار بەو قوڕاوە سوورە بیناون، برین و پیسییەکەی سەر گیانی نامێنێت و چاک دەبێتەوە و هەرگیز دەردەکە نایەتەوە ناو گیانی."

ئەوەی گوتوو لە خەونەکەمدا ون بوو. کاتێک ڕاچڵەکیم، نەوەستام بیر بکەمەوە و دەستێک بە سەر و ڕوخسارما بهێنم، وەک شێتێک بە شوێن تەشتێکدا گەڕام. تەشتەکەم پەیدا کرد و لە خەونەکەمدا چیی پێ گوتبووم کردم. بە دڵێکی خۆش و ئومێدێکەوە چاوەڕوانی هاتنی دایکوباوکە و کچەکە بووم، لە ژیانمدا بەو جۆرە چاوەڕوانی کەسم نەکردووە. بۆ بەیانییەکەی لە دەرگەکە دەرکەوتن، بەرەو پیریان چووم. ڕەچەتەکەی خەونەکەم بەکار هێناو و ڕاشمسپاردن حەوت جار لەسەر یەک بەکاری بهێنن. دەشپاڕامەوە ڕەچەتەکەم سەر بگرێت و کچە بەبێ ئازار ببینمەوە.

هەفتەیەکی نەبرد کچێکی سپیکەلانەی کاڵی جوان، بە گوڵدانێکەوە هاتە ژوورەوە. تۆزێک لێی وردبوومەوە، سەرم سووڕ ما کچێک خرت و خۆڕایی بێتە ناو خانەقاکەوە. هۆشم لای ئەوە بوو ڕێگەی ون کردبێت یان پیاوخراپێک تەنگی پێ هەڵچنیبێت خۆی کردبێت بێرەدا. ئەویش بە زەردەخەنە و نازێکی منداڵانەوە بەرەو ڕووم هات، گوڵدانەکەی لە بەردەم تاقەکەدا دانا و پەلاماری دا دەستم ماچ بکات. بە دەست ماچکردنەکەدا زانیم شتێکم کردووە، لەو ساتەدا بیرم لای هەموو کەس بوو جگە لە کچەی نەخۆش. هێندە ناسک و جوان بوو، ئارەزووت دەکرد هەر تەماشای بکەیت. دایکوباوکیشی بە کۆمەڵێک دیاری لە باوەشیاندا دەرکەوتن. ئەوانم بینی ئینجا زانیم ئەمە کچەی نەخۆشە. باوکەکە بە گریانەوە باوەشی بۆ کردمەوە و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەیگوت: "خودا سوپاس بۆ تۆ، تۆ برینە کۆنەکەی چەندین ساڵەی دڵی منت چارەکرد، تۆ ماڵەکەی منت ئاوەدان کردەوە، تۆ ئازارت لە دڵی ئێمەدا نەهێشت. ماڵەکەمت پڕ کردەووە لە پێکەنین و خۆشی. تۆ ئەمر بکە و با من جێبەجێی بکەم." شانیم گرت و پێم گوت: "من حەکیم نیم، من خەونبینم. خەونەکانم پێم دەڵێن چۆن تیماری دەردێک بکەم. بارۆنی بەڕێز، بەشێک لە سامانەکەت تەرخان بکە بۆ بیمارەکان. ڕزگارکردنی بیمارێک لە ئازار، ئەوپەڕی

نزیکبوونەوەیە لەخودا. من حەکیم نیم، من پردێکم بۆ گەیاندنی حیکمەت گەورەکە. نامەوێت بە مندا هەڵبدەیت، کاری من گەیاندنی پەیامەکەیە. بچۆ خزمەتێک بە پەیامەکە بکە، خزمەتت بە مرۆڤایەتی کردووە. ئەم کچە نازدارەت دوورکەوتەوە لە ئازار، بیهێنە بەرچاوت ئازاری ئەو چۆن بوو ب ۆدڵی تۆ، ئازاری مرۆڤەکانی دیکەش بۆ دڵەکان هەمان شتە. ئازاری مرۆڤێک ئازاری هەموومانە. خەمێک لە ئازارەکان بخۆ، با ژیانت دوور بێت لە ئازار. ئەو سەروەت و سامانەی هەتە ناتوانێت ئازارێکی بچووکت لە کۆڵ بکاتەوە، کەوایە ئەو سەروەتە لەو ڕێگەیەدا خەرج بکە کە ئازار کەم دەکاتەوە. لە سەروەت بۆ کەمکردنەوەی ئازاری مرۆڤەکان نەبێت، بۆچی باشە. لە هەر شار و مەملەکەتێک بارۆنەکانی مرۆڤ بن ژیان تێیدا خۆشترە."

خودا هەڵناگرێت بارۆنەی باوکی کچە بێقسەیی نەکردم و دوایی بیستمەوە کاری میهرەبانانەی زۆری کردوە. کچەش چاک بووەوە و هەندێک جار چێشتێکی خۆشیان هەبوایە بۆی دەهێنام و هۆدەکەشی بۆ پاک دەکردمەوە و جلەکانی بۆ دەشوشتم و ببووە کچم تا ئەو ڕۆژەی ناوچەکەم جێ نەهێشت پێی لە خانەقاکە نەبڕی.

ناوبانگی ڕەچەتەکانم زیادی کردبوو، بۆ ئەوەی خۆم لە لێشاوی خەڵک و بەپیرۆزکردنم قوتار بکەم، سەرلەبەیانییەک شاری سەنعانم بەجێ هێشت. بەو بیابانەدا تاکوتەنیا کەوتمە ڕێ. مانگێک بەرێوە بووم و خۆشم نەمدەزانی بەرەو کام مەنزڵ دەچم. لەو ماوەیەدا خەونم نەبینی. سەرگەردان و وێڵ، بە ڕێگە کوێرەکانی بیاباندا دەڕۆیشتم. ئێوارەیەک ڕێم کەوتە کانییەک بەقەد پەنجەیەک ئاوی لێ دەهاتە دەر. تێشووەکەم داخست و نانێکی ڕەقم بە ئاوی کانییەکەوە تەڕ کرد و سکە برسییەکەم تێر کرد. ئەستێرەکان دەرکەوتن و دەستم کرد بە پەرستش و بیرکردنەوە لە بڕوا و خودا. لە بیرکردنەوەدا بووم گوێم لە حیلەی ئەسپ و دەنگی خەڵک بوو، سەلامم دایەوە قافڵەیەک بازرگان بوون، لە یەکێ لە قافڵەچییەکانم

پرسی: "بۆ کوێ دەڕۆن و ئەم ڕێگەیە دەمباتە کوێ؟" گوتی: "ئێمە لە خاکی هیندەوە هاتووین، خەنە و سەوزە و زەعفەران و کراسی کەتانمان پێیە و بەرەو خاکی *حیجاز* دەچین." شەو لەگەڵیان مامەوە و بۆ ڕۆژی دوایی کەوتمە ناو قافڵەوە و کەوتینە ڕێ بەرەو خاکی حیجاز.

کاتی گەیشتنمان بۆ مەنزڵە تازەکەم نیوەڕۆیەکی گەرم بوو، نە کەس دەیتوانی دەموچاوی دەربخات، نە کەس دەیتوانی ساتێک لە شوێنی خۆی بوەستێت. تیشکی هەتاو بەتینێک خۆی ئاڵاندبوو لەو خاکە، کەسم دەویست بەرگەی بگرێت، سەرتاپای شارەکە گڕەی لێ هەڵدەستا. هەرچۆنێک بێت خۆم گەیاندە تەنیشت مزگەوتەکەیماڵی خودا. لەوێ ئاشنابووم بە کەسانێک ناوبانگی منیان بیستبوو، ناوبانگەکەم پێش خۆم گەیشتبووە ناو شارەکە. ڕۆژگار و ژیان وا ڕێکی خست لەوێ بمێنمەوە. شاگردان و موریدان و دەروێشەکان لە دەورم کۆ بوونەوە. خەریکی زیکر و وانە و بڕوای خۆم بووم، کاتێک باوکت تۆی نارد بۆ لام، زۆر نەبوو لەو شارە بووم. لەوێ خەونێکم بینی، خەونێک بوو تا ئێستاش نازانم ئەو خەونە بۆ کوێم دەبات و چیم لێ دەکات. خەونێک بوو بە ناو خەونامەکاندا گەڕام، لە خەونزانەکانم پرسی، نەمتوانی تەفسیرێکی ڕاستی خەونەکەم چنگ بکەوێت. لەو کاتەوە تا ئێستا بێئۆقرەم، بە ناخێکی وێرانەوە وێڵی دوای ئەو خەونەم. تا تەفسیرەکەی نەکەوێتە بەردەستم و عەقڵم ڕازی نەبێت لە تەفسیرەکەی، دەست هەڵناگرم لە گەڕان بە شوێنیدا. ئەوەی دەیزانم لەسەر خەونەکە ئەوە نییە بێتە دی، ئەوەیە دەبێ بێتە ناو ژیانم و لە ناو ژیانمدا ئەزموونی بکەم و لێکی بدەمەوە و ماناکەیم دەست بکەوێت.

## خەونی سێیەم

لە خەونەکەمدا فریشتەی سپی بە نووریکەوە هاتە بەردەمم، دەستی گرتم و ڕێگەیەکی سەختی پێچاوپێچ دیاربوو، بەسەر ڕێگەکەدا بردمی. ڕێگەکەش پڕ بوو لەبەردی تیژ، نەیهێشت سەرپاکانم بکەمە پێم. بە پێی پەتی بەسەر بەردە تیژەکاندا بە شوێن خۆیدا ڕای دەکێشام. بەردە تیژەکان دەچوون بە قاچمدا و ئازارەکەی دەگەیشتە دڵم. خۆشی پێی پەتی بوو، قاچە سپی و باریکەکانی بەسەر بەردەکاندا دەهاوی و بەردەکان دڵیان نەدەهات بچن بە قاچیدا. خەریک بوو عەقڵی خۆم لە دەست بدەم، تەنانەت بەردەکانیش ئامادە نەبوون ئازاری بدەن. نەگەیشتبووینە نیوەی کێوەکە، وەستا، دەستی ڕاکێشا بۆ لوتکەی کێوەکە و پێی گوتم: "باش سەیر بکە شێخ، دەچینە سەر ئەو لوتکەیە. کەم کەس دەتوانێت بگاتە سەر ئەو لوتکەیە، هەر کەسێک گەیشتە سەر ئەو لوتکەیە دونیای لێوە دیارە و دەگات بە بڕوای ڕاستەقینە. سەر لوتکەکە بڕوا و عیشقە. ئەم جارە پێچەوانەیە، بڕوا و عیشق لە ناو قوڵاییدا نین، لە لوتکەدان. سەبرت هەبێت، ئارامیت هەبێت، ڕێگەی گەیشتن بە لوتکە، بە ئارامی و سەبر دەکرێت. ڕێگەکە سەختە، پڕە لە ئازار، دڵ پارچەپارچە دەکات، لەوانەشە لە ناو خەڵکیش ڕسوات بکات، لەوانەشە دونیا پشتت تێبکات، ببیتە حیکایەتی سەر زمانە تیژەکان، ببیتە جێی نەفرەتی ڕۆژگارەکان. کاتێکیش گەیشتیتە سەر لوتکەکە، تاقە ڕووناکییەک ڕووت تێدەکات، هیچ قسە و نەفرەت و سەختییەکی دونیات بە لاوە گرنگ نامێنێت. گوێ لە دەنگی مرۆڤ بگرێت و کاری هەبێت لەسەر ڕەوتی ژیانت، ناتوانی بچووکترین مەزنی بنوێنیت. مەزنێتی لە بێباکیدایە، بێباک بە، مەترسە، خاڵێک لەوسەری ژیان دابنێ و بەرەو پیری بچۆ. چەند بەردەمیان تەنیت بە درک، پێیان پێدا بنێ و خۆت لا مەدە لێیان، گەیشتن بە ئامانج بەبێ ئازار بچووکترین چێژی نییە."

بەو پێچاوپێچ و سەختییەدا کەوتینە ڕێ، تا گەیشتینە سەر لوتکەکە هێزم تێدا نەما. ئازار تەواوی بەدەنمی هەراسان کرد و زریکەی لێ هەڵدەستاند، ژێر پێیەکانم ئەنجنئەنجن بوون، بە پێوە خۆم ڕانەگرت و کەوتم. فریشتەی ناو خەونەکەم ئاوێکی ڕوونی فێنکی کرد بە سەرمدا و وریای کردمەوە. لەناوەراستی لوتکەی چیاکە، پەیکەرێکی بەبەرددروستکراوی لێ بوو، پەیکەرەکە لە پەیکەری مەسیح دەچوو، ئەویش نەبوو. لە پەیکەری فریشتەیەک دەچوو، فریشتەش نەبوو. چاوی مرۆڤی فریو دەدا.

ماندوویێتیم نەما. فریشتەی ناو خەونەکە لە تەنیشت پەیکەرەکە چۆکی دادابوو، فەرمانی پێ کردم سووژدە ببەم بۆ پەیکەرەکە و لێی بپاڕێمەوە. فەرمانەکەی لە بەرم گران بوو و ڕەتم کردەوە. بە ڕەتکردنەوەکەم نەشڵەژا، دیسانەوە دووبارەی کردەوە لە بەردەم پەیکەرەکە سووژدە ببەم، دیسانەوە ڕەتم کردەوە. سووژدەبردن بۆ پەیکەرەکان لای من هاوبەشدروستکردن نییە بۆ خودا، خۆگەمژەکردنە. مرۆڤ لە زووەوە هەستی بە لاوازیی خۆی کردوە، ئەو هەست بە لاوازیکردنەیە مرۆڤی ناچار کردەووە بەبێ پشتوپەنایەک نەتوانێت بژی.

یەکەم مرۆڤ کە پەیکەری داتاشی و سووژدەی بۆ برد، درکی بەوە کرد مرۆڤ بەبێ پاڵپشتییەکی ڕۆحی ناتوانێت لەم سەرزەمینەدا بژێت. لە خەونەکەمدا هۆشیاری خۆم لە دەست نەدابوو، خوداکەی ناخم نەیدەهێشت سووژدە بۆ پەیکەرێکی دروستکراو ببەم. پەیکەرێکی بێگیان و بێهەست و ڕەقوتەق. نازانم چۆن لێم تێدەگەی، مرۆڤ لە دێرزەمانەوە خودایەکی نەویستووە گوێی لە دەنگی بێت، خودایەک قسە بکات و مرۆڤ گوێی لە قسەکانی بێت لە خودایەتی دەکەوێت. لە بنەڕەتەوە تا ئێستا مرۆڤ بیرکردنەوەی خۆی بۆ خودایەک تەرخان کردووە بێ زمان بێت، بێدەنگ بێت و وەڵامی ناڵین و هاوارەکانی مرۆڤ نەداتەوە. خودایەکی ویستووە هێندە بێدەنگ

بێت، چاکە هاتە ڕێی بڵێ ئەوە خودا ناردوویەتی و خراپەش هاتە ڕێی بڵێ کاری خۆمەوە و ناچار بێت هەست بە لاوازیی خۆی بکات و بپاڕێتەوە.
پەیکەرەکان زمانیان هەبوایە نەدەبوونە خودا و مرۆڤەکان سووژدەیان بۆ نەدەبردن. ئایینەکان هاتن پەیکەرەکانیان شکاند و خوداکانیان لە بەر چاوی مرۆڤ شاردەوە. خودایان لە پەیکەرێکەوە کردە شتێکی شاراوە و نەبینرا و خستیانە ناو ڕۆحی مرۆڤەوە. مرۆڤە سەرەتاییەکان ڕۆحیان دەدایە پەیکەرەکان، مرۆڤە ژیرەکان هاتن ڕۆحەکەیان گەڕاندەوە بۆ ناو مرۆڤ و پەیکەرەکانیان دوور خستەوە. ئایینەکانی سەرزەمین دەیانزانی مرۆڤ لاوازە و بەبێ خودایەک ناژی. شەڕی بتپەرستەکان لەگەڵ ئایینەکان، شەڕی کۆن و نوێ نەبوو، شەڕی ئەوە بوو نەیاندەتوانی بەرگە بگرن خوداکەی بەرچاویان نەمێنێت و ببێتە نەبینراوێک لە ناو ڕۆحیاندا. کاتێ تێگەیشتن ئەو خودایانەی ئەوان دایاندەتاشن، دەتوانرێت ببێتە ڕۆح و لە ناو مرۆڤدا بمێنێتەوە، پشتیان لە تاشراوەکان کرد و گەشەیان بە خوداکەی ناخیان دا. لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ پەیکەرەکانی شکاند و خودای بەرچاوی خۆی وێران کرد و خودای خستەوە ناو ڕۆحی خۆی، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ ئارەزووەکانی گەورە بوون و هەستەکانی بۆگەنتر بوون.
لە ناو خەونەکەمدا لەم گەنگەشانەدابووم، فریشتەکە هاتە بەردەمم گوتی: "نییەت گرنگە شێخ، نییەت گرنگە. لە نییەتدا پەیکەرێک دەبێتە قیبلە، لە بێنییەتیشدا قیبلە دەبێتە پەیکەر." وەڵامم دایەوە: "ڕاست دەکەی فریشتەی مەزن، نییەتم پێم دەڵێ بەردێک نابێتە قیبلە. سووژدەکە دەبەم، بەس بۆ پەیکەرەکە نا، بۆ خوداکەی ناخی خۆم." سووژدەکەم برد، سەرم دانەواند و لە سەردانەواندنەکەمدا بیرم لە خوداکەی ناخی خۆم دەکردەوە. کە سەرم بەرز کردەوە، نە پەیکەرەکە مابوو، نە فریشتەکە. لەسەر لوتکەکەوە تەماشای

خوارەوەم کرد، دەوروبەرم چۆلوهۆل بوو. هەتاو نەرمنەرم نزیک دەبووەوە و بە شێڵەی تیشکەکانی پێستمی دەسووتاند. لە دەوروبەری خۆم پادەمام هیچی لێ نەبوو، بانگی خودام دەکرد و دەنگم دەرنەدەهات. هەتاوەکەش زیاتر نزیک دەبووەوە، قاچەکانم وا قورس ببوون، بۆم نەدەجولانەوە و لەسەر ئەژنۆ کەوتبووم. هەتاوەکە وا نزیک بووە و پێستی سەر گیانم لە گەرمادا دەستی کرد بە تلۆقکردن. پێستەکەم پارچە پارچە شەقی دەبرد و تلۆقی دەکرد و تلۆقەکان دەتەقین و ئاوی ناو تلۆقەکان بەسەر پێستە سووتاوەکەدا دەرژان و ئازارێکی بەسوێی دەگەیاندە جەرگم. گشت گیانم ئازاری دەهات و پێستەکەم لە سوتاویدا لوول دەبوو، ڕەش هەڵدەگەڕا. نەمدەتوانی هاوار بکەم و ئازارەکەش هێندە زۆر بوو گیانم لە لووتمەوە سەری دەرهێنابوو. گۆشتەکەی ژێر پێستەکە دەستی کرد بە برژاندن، بە هۆی ئازاری برژانی گۆشتەکەوە لە خەونەکەمدا لە هۆش خۆم چووم.

بە ئاگا هاتم لە ناو حوجرەکە، لە شوێنی خۆم. هەموو گیانم لە عارەقدا دەکزایەوە. سەرتاقی حوجرەکە خەونامەی لێ بوو، خەونامەکەم هێنا و تیانووس بە ناویدا گەڕام، هیچی تێدا نەبوو لەو بارەیەوە. خەونزانی زۆرم دەناسی، بۆ دەیان خەونزانم گێڕایەوە و بۆیان لێک نەدرایەوە بنەوانی خەونەکەم چییە. چاوەڕێی ئاشووبێک بووم، بە دڵگرانییەوە ماوەیەک دەستم لە لێکدانەوەی هەڵگرت. چاوەڕێم دەکرد فریشتەکە بێتەوە خەونم و ڕاستیی سوژدەبردنەکە و سووتانەکەم بۆ ڕوون بکاتەوە. تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت فریشتەکە نەهاتووەتەوە خەونم. لێم تۆرا، تۆرانێک لەوانەیە لە ژیانمدا نەیبینمەوە. فریشتەی خەونەکەم لە ئاسمانەوە دەهات، تاقی کردمەوە و لە تاقیکردنەوەکە شکستم هێنا و سووژدەم بۆ پەیکەرێک برد و ئیتر دەستی لێ هەڵگرتم و تەنیا مامەوە.

خەوەکە لە ناخەوە کاولی کردم، توانای شاردنەوەی کاولییەکەی ناخم نەبوو. دۆش دامابووم. بەیانییەک پێش نوێژیم پێ نەکرا، پیرەمێردێک یەکەم جاربوو لەو حوجرەیە بیبینم، هاتە لامەوە و لە نیگەرانییەکەمی پرسی. منیش خەونەکەم و حاڵی خۆمم بۆ هەڵڕشت. پیرەی غەریب، زۆر ئاسایی وەری گرت و بۆی لێکدامەوە. لە لێکدانەوەکەدا باسی ئەوەی کرد، من سەفەرێک دەکەم بۆ شارێکی دوور، لەو سەفەرەدا تووشم دەبێت بە تووشی کەسێکەوە، لە نێوان ئایین و بڕوادا دەبێ یەکێکیان هەڵببژێرم. گەر ئایینم هەڵبژارد خەڵکی شارەکە بە پیرمەوە دێن و پیرۆزم دەکەن، گەر بڕوام هەڵبژاردن نەفرەتم لێ دەکەن و وام لێ دێت تاکوتەنیا دەمێنمەوە. تەنیامانەوەکەم پەیوەندیی بەوەوە نییە کەسانێک بەردەوام بڕوام پێ دەکەن، پەیوەندیی بەو سەردەمە و دوای سەردەمەوە هەیە کە کەم کەس لێم تێدەگات و هەمیشە ناوێکی تەنیا دەبم لەم سەرزەمینە. شەڕی من شەڕ دەبێت لە نێوان دوو هەڵبژاردەدا، هەڵبژاردەی دونیا و هەڵبژاردەی خۆم. کامەم پێ باشە بەرەو ڕووی دەچم. ڕاستی کەمێک ئاڵۆز بوو لام، بڕوا بۆچی وام لێ بکات خەڵک نەفرەتم لێ بکەن؟ حیکمەتەکە لەویادا بوو پیرەمێردەکە حیکمەکەتەی باس نەکرد و جێی هێشت خۆم بیدۆزمەوە. پرسیاریشم لێ کرد لەسەر حیکمەتەکە زانیارییەکم بداتێ، نکۆڵیی لێ کرد و گوتی: "خۆت بۆی بگەڕێ و نامەوێت خەیارەکە بە پاککراوی بخەمە بەر دەستت."

لێکدانەوەی پیرەمێردەکە ئارامی کردمەوە، ئارامییەکەم هیی کەمێک تێگەیشتن بوو لە خەونەکە. پێش بینینیی پیرەی غەریب دیسانەوە ژیانی گۆڕیمەوە، یەکەم جار نەمدەزانی چی بکەم. کە بڕیاری سەفەرم دا، بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەم دا لە نێوان دونیا و خۆمدا. هاتنەکەم بۆ ئەم شارە دیار نییە چیم بەسەر دێنێ، دیار نییە بەرەو کوێم دەبات. یەک شتم لێ دیارە، دەچمە ناو دۆخێکەوە ئەو لایە هەڵدەبژێرم کە هەقی بەسەر بڕواوە هەیە. لای ئایینەکە فەرامۆش

دەکەم. جارێ هیچ دیار نییە، جارێ بەرچاوم تەڵخە. لەوانەیە کەوتنە شوێن خەونێک ژیانت سەرەوژێر بکاتەوە. مرۆڤ نابێ بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانی لە سەرکەشی بترسێت، سۆفیگەری لوتکەی سەرکەشییە، سەرکەشییەک لە ڕەواڵەتدا نا، لە ناختدا. جا مرۆڤیش خەونەکانی لێ بسەنەوە دەبێتە دەفرێکی بەتاڵ، لە ناو گیاندارەکاندا بەس مرۆڤە خەون دەبینێت و ئارەزووی گەیشتنی بە خەون هەیە. ئەوە بوو هەفتەیەک پاش خەونەکەم باروبنەی خۆم پێچایەوە، لەگەڵ تۆ و **غەرقانی**دا بە نێو دڵی بیاباندا کەوتینە ڕێ، هاتین بۆ ئەم شاری *سەمعایە*. شێخی گەورەی مزگەوتی حیجاز، نامەیەکی بۆ نووسیم کە هاتمە ئەم شارە ببمە شوێنگرەوەی خانەقاکە، لەوێ ئامۆژگاریی کردم شارەکە شاری یەک ئایینی نییە، شاری فرەئاییینیە. چی گوتبوو خۆمان بینیمان. شەوان لەو بیابانە ئەستێرەکان بەسەر سەرمانەوە دەیانجریواند، ئێوە دەترسان لە چۆڵیی بیابانەکە، چۆڵیی بیابان ترسی نەدەویست. گیاندارێک لەم سەرزەمینە نییە لە مرۆڤ ترسناکتر بێت. من لە چۆڵیی بیابانەکە نەدەترسام، لەوە دەترسم لەم شارە دێتە بەردەمان. یەکێکم لەو کەسە بێزیانانە، لە پاڵیشیدا یەکێکم لەو کەسانەی بەردەوام لە مرۆڤ دەترسم. مرۆڤ چێژی زۆر دەبینێت لە ئازاردانی بەرامبەرەکانی. مەرج نییە مرۆڤەکان تۆزێک ڕووخۆش و پاک و خاوێن دەرکەوتن ئیتر پێمان وا بێت، ئەمانەیان جوانەکانن، نا، ناتوانم لە مرۆڤ نەترسم.

***

**شێخ** بەم جۆرە باسی خەونەکانی بۆ کردم، بەم جۆرە باسی سەفەرەکەی کرد. لەسەر سەفەرەکە ڕاستی دەکرد، من و **غەرقانیی تەنبوورژەن** یەکەم جارمان بوو بەو شێوە بکەوینە ناو بیابانێکی چۆڵی ڕووتەوە، یەکەم جارمان بوو دوور لە قافڵەکان سێ کەسی دەستوپێسپی، لە ناو لمی بیاباندا بۆ شوێنێکی دوور بڕۆین. شەوانە

گفەی بای بیابان هەزاران دەنگی جۆراوجۆری دەهێنا بە گوێماندا، بایەکە لەگەڵ خۆیدا لمی بیابانەکەی هەڵدەگرت و دەموچاومانی پێ دەناوی. هەرچەندە سەروچاوی خۆمان بە باشی داپۆشیبوو، هێشتا بینینی لێڵ دەکرد. لە بیاباندا دەموچاوت دانەپۆشی، زۆر نابات قورگت وەک بیرێکی کوێرەوەبوو پڕ دەبێت لە لم و دەخنکێیت. تەنانەت لە ترسی خنکاندن بە پارچەقوماشێک قەپۆزی ئەسپەکەشمان داپۆشیبوو. لەو خۆداپۆشینەدا خەیاڵم چوویە سەر داپۆشینی ژنان لە ئایینەکەماندا، لە شێخم پرسی: "ژنێک لە شوێنێک بژی لمی لێ نەبێت و باخێک و هەوای پاک بێت و خۆداپۆشین نەبووبێت بە بەشێک لە ژیانیان، گوناهبار دەبێ خۆی دەربخات؟" شێخ لە ناو لمەکەدا بە ئەسپایی قاچی دەجوولاندەوە و قاچی ڕۆچووبوونە خوارەوە و لە خەمی جێمانی سەرپێکانی ئارامتر هەنگاوی دەنا، وەلامی دامەوە: "داپۆشینی سەرتاپای ژن لە ئایینەکەماندا پەیوەندیی بەو شوێنەوە هەیە، ئایینەکەی لێ هەڵقولاوە. لە باوباپیریانەوە لە ترسی لمی بیابان وا هێناویانە خۆیان داپۆشن. ژنەکان کەسانێکی ناسکن، بەرگەی گەرما و لمی بیابانیان نەگرتووە، بۆیە باشتر لە پیاوەکان خۆیان داپۆشییوە. خۆداپۆشینەکەیان لە ترسی خودا نەبووە، لە ترسی هەتاو ە گەرمای بیابان بووە. کاتێک ئایینەکە دێت ئەم عادەتە کۆنەی ناو ژیانیان دەکاتە پایەیەکی سەرەکی بۆ خۆی و بە دوایدا دەبێتە فەرزێکی ئایینی. ڕۆژگارێک پێش هاتنی ئایین، ژنەکانی ئەم بیابانە ئایین دێ خۆدەرخستنەکەیان لێ قەدەغە دەکات. دڵنیام ئاکاری مرۆڤەکان پەیوەندیی بەو تۆپەڵەقوماشانەوە نییە کە لە خۆیانی دەپێچن. ژنیش مرۆڤە و مافی خۆیەتی دەربکەوێت. هەرگیز وا بیرم نەکردووەتەوە جلوبەرگ و خۆشاردنەوە لە ژێر جلوبەرگدا نیشانەی بڕوای بەهێز بێت. ڕێبازەکەی ئێمە بە ئاکاردا، بە دڵکی پڕ لە ڕووناکیدا بۆ بڕوا دەگەڕێ. ژنانێک هەن جوانییەکەیان لە بەرچاوە و

بڕوایان لە هەموومان بەهێزترە، ژنانێکیش هەن سەرتاپا داپۆشراون و ناخیان خاڵییە لە بڕوا. بە دەرکەوتنی شوێنی ژنەکان بڕیار لەسەر بڕوایان مەدە، ڕاستە ئایینەکەمان ئەمری کردوە خۆیان داپۆشن، گوناهی ئەوان نییە خۆشیان دانەپۆشن، گوناهی پیاوەکانە، پیاوی بڕوادار باکی بە داپۆشین و دانەپۆشینی ژنان نییە. ئایین لە ترسی چاوپیسیی پیاوەکان ئەمری بە ژنەکان کردوە خۆیان داپۆشن. پیاوەکان چاوەکانیان پاک بکەنەوە پێویست ناکات ژنەکان خۆیان داپۆشن."

مەبەستەکەی من شتێکی دیکە بوو و نەیویست خۆی لێ بدات، منیش نیازم نەبوو زیاتر لەسەری بڕۆم. شوێنەکەمان وا ناخۆش و تاقەتپڕوکێن بوو، کاتی باسکردنی ئەو شتانە نەبوو. گەرچی خۆم خەڵکی بیابان بووم، دایکم یەکێک بوو لەو ژنە بڕوادارانەی سەری بچوبایە نەیدەهێشت بڕواکەی لە دەست بچێت، کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمدی وەک ژنە سەرتاپاداپۆشراوەکان خۆی داپۆشێت و خۆی لە بەرچاوی کەسەکان بشارێتەوە. خۆی گوتەنی: "هەندێک لەوانە وا دەزانن بەم خۆشاردنەوەیان خودا لێیان ڕازی دەبێت. خودا کەی لەسەر جەستەی مرۆڤە، خودا لە ناو دڵدایە. تۆ دڵت پڕکە لە خودا، ئارەزوو دەکەی بە ڕووتی بگەڕێ. خۆداپۆشین ناتکاتە کەسی خۆشەویست لە خودا و دڵت خاڵی بێت لەو. خودا بیویستبایە جوانییەکەی ژن بشارێتەوە جوانییەکەی دەخستە شوێنێک کەسی تایبەت بیبینێت و هەموو کەس نەیبینێت. ئەمانە عادەتە کۆنەکەی بیابان دووبارە دەکەنەوە و بە ناوی ئایینەوە بە خەڵکی دەفرۆشنەوە. خودا کەسێکی بۆ چییە دڵی خاڵی بێت ل ەخودا و جەستەی داپۆشرابێت. بەهەشتییەکان کەسانێکی ڕووتن و دڵیان خودای تێدایە، کەسانێک نین جلی زۆریان لە بەر بێت و دڵیان شتی خراپی تێدا بێت."

شەوێک لەسەر کارێزێک لامان دا، کارێزەکە دارخورمایەکی گەورەی لەسەر بوو. لە ناو ئەو بیابانە وشک و بێڕۆحەدا بوونی کارێزێک لە

بوونی ئەڵماسێک لە ناو لەپی دەستتدا زیاترە. لەسەر بەردێکی سووتاوی بەرهەتاو، کەلوپەلەکانمان دانا و خۆمان فێنک کردەوە. شەوێکی خۆش بوو، تورەبوونی بای بیابان دەستی لە هەڵگێرانەوەی لمەکە هەڵگرتبوو. جێگەی خۆمان خۆش کرد و دەستمان کرد بە دروستکردنی خۆراکێک بۆ ئارامکردنەوەی لەشە برسییەکەمان. حەزم لەو شەوانە بوو، لە شوێنان لامان دەدا، چونکە **شێخ** دوای تاعەت و خواردن و خواردنەوەی قاوەیەک، دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی حیکایەتە پڕلەحیکمەتەکان، یان بە منی دەگوت: "**غەزنەوانی بنووس**، با کەمێک ئامۆژگاریتان بکەم و ئامۆژگارییەکان بۆ خۆت بنووسەوە." لەو شەوەدا ئامۆژگاری کردین.

"مرۆڤەکان زۆر شت دەزانن، دەزانن هەوڵ بدەن باش بخۆن، دەزانن هەوڵ بدەن داواکارییەکانیان زۆر بن، دەزانن هەوڵ بدەن خۆش بژین، بەس نازانن بە باشی خۆیان بناسن. باش خۆناسین جیات دەکاتەوە لەوانی تر. سۆفییە گەورەکان، حەکیمە گەورەکان، لەو مرۆڤانەن خۆیان ناسیوە. خۆت ناسی دەتوانی شتانێک ببینی کە مرۆڤەکانی کدیکەە نایبینن. خۆناسین تەنیا شەونخونی نییە بە دیار کتێبە گەورەکانەوە، خۆناسین بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە لە خۆت، لە گەردوون، لە دونیا، لە خودا، لە هەموو شتەکانی سەرزەمین.

تەماشای ئاسمان بکەن، هەزاران ئەستێرەی لێیە. بیر لەو ئەستێرانە بکەرەوە، بۆچی دروست کراون؟ چ زیادەیەک دەخەنە ناو گەردوون؟ تەنیا بۆ ئەوە دروستکراون جوانیی ئاسمان بڕازێننەوە لە بەر چاوی ئێمە؟ ئەی گەر نەبوونایە چی دەبوو؟ بیهێنە بەر چاوت ئاسمان نیگارێکە دەتوانی ئەستێرەکانی لا بدەیت، لەوانەیە شینایییەکەی جوانتر بێت، شینایی ئاسمان لە قووڵیەکەیدایە، ئاسمان شین نیە، قووڵییەکە شینی کردووە. مرۆڤیش وایە، مرۆڤیش قووڵییەکەی گەورەی دەکات. هیچ شتێک بەبێ هۆ لەم گەردوونەدا بوونی نییە، بچووکترین

ئەستێرە لەو سەری گۆشەی ئاسمانەوە، هۆیەکی هەیە کە پێی هاتووەتە بوونەوە."

بە ئاواتەوە بووم زووتر بمناسیایە، زووتر باوکم بیناردمایەتە لای ئەم پیاوە. پێشتر لەگەڵ چەند کەسێک کاری بنووسیم کردووە، کەسیان بە وێنەی ئەم تەمی سەر پەنجەرەکانی بۆ پاک نەدەکردمەوە. سۆفییەکانی لای خانەقاکەی ماڵی ئێمە جگە لە زیکر و هەی‌یاهوو، هیچی دیکەیان نەبوو ببەخشن. ئەم **شێخی سەنعان**ەم ناسی، بۆم دەرکەوت سۆفیگەری ئەوە نییە من پێشتر بینیومە و زانیومە. سۆفیگەری ئاکارێکی جیاوازە، ڕێگەیەکە ئاسان نییە. مرۆڤ دەتوانێک بە ساتێکی کەم ڕۆحی پیس بکات، پیسی چەندین ساڵی دەوێت تا ڕۆحە پیسبووەکەی پاک بکاتەوە. پاککردنەوەی ڕۆح سەختترە لە پاککردنەوەی ژیان.

لە نیوەشەودا **غەرقانیی تەنبوورژەن** ساڵی جارێک دوو قسەی دەکرد و بەردەوام خەمگین و بێدەنگ بوو، تەنبوورەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە ژەنین. دەنگێکی تیژی ناسک لە تەنبوورەکەوە دەهاتە دەر و نەرم‌نەرم بەسەر ئاوی کارێزەکەدا دەڕۆیشت و تێکەڵی بێدەنگیی بیابانەکە دەبوو. خەیاڵی بردم و شەیدای کردم بەو ئاوازە تەڕەی ناو بیابانە وشکەکە. لە ناو خەیاڵمدا دام لە شەقەی باڵ و گەڕامەوە بۆ گەڕەکەکانی منداڵی. چوومەوە بۆ ڕۆژگارێک، بەیانیان زوو دایکم لە پێخەفەکەم دەری دەهێنام و دەستی دەگرتم و دەیبردم لە تەشتە پڕ لە ئاوەکە شڵپێک ئاوی دەکرد بە دەموچاوە خەواڵووەکەمدا تا بەرم بدات. پاشان قاشوقێک هەنگوینی دەدامێ و کڵاوە ڕەنگاوڕەنگەکەی کە خۆی بە دەست چنیبووی دەهێنا و دەیکردە سەرە کەچەڵەکەمەوە. قامیشەکان و مەرەکەبەکەی دەکردە توورەکەیەک و دەیدا بە سەر شانمدا و هانی دەدام تا بەردەگەی خانەقاکە ڕابکەم. خۆشی لە بەردەرگەی ماڵمان دەوەستا و سەیری دەکردم چۆن بە ڕاکردن بەرەو خانەقاکە دەڕۆم. جاربەجار لایەکم بۆ دەکردەوە و بە

زەردەخەنەیەکی شیرینەوە دەستی بۆ بەرز دەکردمەوە و هەستێکی پێ دەدام لە دوامەوەیە و چاوی هەڵناگریت تا دەچمە ژوورەوە.

خۆم دەکرد بە ناو خانەقاکەدا، پڕ بوو لە سوختە. سوختەکان سەری خۆیان بەسەر کتێبە کراوەکەی بەردەمی خۆیاندا شۆڕ کردبووەوە و باوکیشم لە ناوەڕاستیاندا فێری پیتەکانی خەتخۆشی دەکردن: "پیتی ئەلف، وەک دارخورما وایە، لە سەرەوە دارێک ڕاست و ڕێک دێتە خوارەوە، دەتوانی سەرەکەی قەویتر بێت لە خوارەکەی و دەشتوانی خوارەکەی قەویتر بێت لە سەرەکەی. لە شێوەی پاڵەوانێکی ناو شەڕەکان، چۆن قیتوقنج وەستاوە، ئاوا بیوەستێنە. پیتی با، تەشتێکە، تەشتێک لەسەر بەردێکی خڕ، بەردەکە لە ژێریدایە و ناوتەشتەکە خاڵییە." ئیتر بەم جۆرە وێنەوە پیتەکانی پێ دەناساندین و پەنجەکانمانی ڕادەهێنا چۆن بیاننووسینەوە. فێری دەکردین چۆن پێنووسە قامیشەکان بخەینە بەینی پەنجەکانمان و لە کوێدا فشاری بخەینە سەر و لە کوێدا فشارەکە کەم بکەینەوە با بە ئارەزووی خۆی پیتەکە بنووسێتەوە؛ ئاشنابوون بە پیتەکان ئاشنابوونە بە شتە نەبینراوەکان.

لەم خەیاڵانەدا بووم، دەنگی شێخ لێی پچڕاندم و ئەمری کرد جێگەکە ڕابخەین و سەرخەوێک بشکێنین، سبەی دەبێت زۆرتر بڕۆین و لانیکەم لەم بیابانە دروو بکەوینەوە.

## من، غەزنەوانی بنووس و غەرقانیی تەنبوورژەن

وەک پێشتر کەمێک باسم کرد، من خەڵکی گوندێکی بچووکی لای حیجازم. بە جوانی وا لە پێش چاوم، ماڵمان لەوسەری گوندەکە بوو. گەڕەکەی ئێمە کەوتبووە پشت خانەقاکەوە، لەوێوە سەردەکەوتی و ڕێک دەگەیشتییە بەردەرگەی ماڵی ئێمە. لە بەردەرگەی ماڵەکەمانەوە، گومەزی و دەرگە و منارە کۆنەکانی خانەقاکە دیاربوون. یەکەم جار چاوم کردەوە، لەم دونیا بەرینەدا پیتەکانم بینی. پیتێکی ی بە گەورەیی لەسەر دەرگەکەمان نووسرابوو، باوکم دەیگوت: "پیتی ی لە ژیان دەچێت، سەرەتا بە باریکی دێت و هێواش هێواش دێتە خوارەوە و لە ناوەڕاستدا ئەستوور و پڕ دەبێت و پاشان دەچێتە سەرەوە و لە کۆتاییەکەیدا باریک دەبێتەوە و لە شوێنێکدا دەپچڕێت." هەر کەسێک بیپرسیایە ئەو پیتی ی یە چییە بەسەر دەرگەکەتانەوە، پێی دەگوت: "لێی ورد ببەوە با ژیان بێتە بەر چاوت."

ماڵی ئێمە بەیانیانی پڕ لە جوانی بوو، دیواری هەیوان و هۆدەکان لە چەندین لاوە بە نووسینی سەرنجڕاکێش ڕازێنرابوونەوە، چی پیت هەبوو بەسەر ماڵەکەی ئێمەدا ڕژابوون. باوکم تەنیا میرزایەکی بنووس نەبوو، نەقاشێکی نایابیش بوو. نیگارەکانی بە ڕەنگ دونیایان لە بەر چاوت دەگۆڕی. دایکم هەندێک جار بە گاڵتەکردنەوە دەیگوت:

"من ژنی ناو ڕەنگ و پیتەکانم، باوکت جوانییەکەی لە ڕوخساریدا نییە، لە نێوان پەنجەکانی دەستیدایە. ویستت ڕۆحی باوکت ببینی، لە ناو پەنجەکانیدا بۆی بگەڕێ. لەوەتەی هاتوومەتە ناو ژیانییەوە، بۆ جارێکیش چییە بە دەنگی بەرز قسەی نەکردوە. ڕاستە هەژار و کەمدەرامەت بووین، ڕاستە شوێنەکەمان تەنگە، لۆمەی ناکەم، بەشی ئێمە لەم دونیایە ئەمەیە. ژیان بە شوێنەکان خۆش نابێت، ژیان بەو خۆشییە خۆش دەبێت کە کەسەکان بە یەکتری دەبەخشن. زمانم لاڵ بێت ناتوانم نەڵێم ژیانم لێوانلێو نەبووە لە خۆشی. خۆشی یانی ژیان لەگەڵ کەسێک، ڕێزت بگرێت، ئارام بێت، زمانی شیرین بێت، دوور بێت لە تووڕەیی، جوانییەکان ببینێت. باوکت وا بووە بۆ من کورم."

بەیانیان دەنگی دایکم دەهات، لە خەو ڕادەچڵەکیم. دەمزانی تازە ڕۆژ بووەتەوە و چەند خۆم بدەم بەمدیو و بەودیودا ئاخری دەبێ هەست.

پیتە نەخشینەکان و نیگارە ڕەنگینەکانی باوکم، دونیای منداڵیی منیان داگیر کردبوو. پێش چوونم بۆ حوجرە، باوکم دەهاتەوە ماڵ و دەیبردمە هۆدەی کارەکانی. لەوێ وردەوردە ورد دەبوومەوە لە شێوەی نیگارکێشان، لە شێوەی نووسینی خەتخۆشییەکەی، بە باوەش کتێبی گەورەی لەدەوری خۆی کۆ دەکردەوە، یەک یەک خەتی کتێبەکان و بەرگەکانی چاک دەکردن. کە کتێبێکی تەواو دەکرد باوەشی پێدا دەکرد و بەرزی دەکردەوە و دەیگوت: "ئەمە بەشی مانگێک ژیانمانە."

پێش چوونم بۆ حوجرە زۆر شت فێربووم، فێری خەتخۆشی بووم، فێری شێوەکانی خۆشنووسیی کردم. یەکەم جار لە سەدە کۆنەکاندا لە مەملەکەتی ئێمە، یانی لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدین، *قورئان* بە خەتی کووفی نووسراوەتەوە. خەتی کووفی یەکێک بووە لەو خەتانەی لەو سەردەمەدا باو بووە. دوای ئەو خەتی نەسخ دێت و شوێنی خەتی کوفی دەگرێتەوە، لە سالانی ٣١٠ی کۆچیدا، کەسێک پەیدا دەبێت کەسەکە خۆی لە ئەسڵدا ئێرانییە و ناوی **کوڕی مقلەی شیرازی**یە، ئەم خەتخۆشە کۆمەڵێک خەتی دیکە دروست دەکات و

بەنا بانگترین ئەو خەتانەی دروستی کردن، خەتی شەشگانەیە، لەگەڵیدا خەتی محقیق، دیمان، سلس، رقاع، تەوقیع، شکستە و چەندین جۆری کە دێن بە شوێنیدا. سەدەیەک پاش ئەو پیاوە کوڕی بەواب دێت و دەستکارییەکی خەتی نەسخ دەکات و لەگەڵ جمالەدین یاقوت‌دا گیانێکی نوێ دەکەنەوە بە بەر خەتەکەدا. خۆشنووسی پیشەیەکی کۆنە، لە سەردەمی بابلی و ئاشووری و سۆمەرییەکانەوە دەست پێ دەکات، تا لای فیرعەونەکان و لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو میللەتەکانی دونیا.

خەتی کوفی، خەتی نیمچەدورگەی عەرەبی و وڵاتی دووڕووبار بووە. گوایە دەڵێن یەکەم کەس ئەم خەتەی بەکار هێنا حەربی کوڕی ئومەییە بوو، زۆربەی دەقە کۆنەکانی نیمچەدورگە بەم خەتە نووسراونەتەوە. هەر چوار خەلیفەی *ڕاشیدینی ئیسلام* نووسراوەکان و دەقەکانی پاش خۆیان جێماون، بەو خەتە نووسراونەتەوە. سەرجەم زانیارییەکان لەسەر شێوازی خەتەکان لە باوکمەوە فێر بووم، بە بچووکی پێی دەگوتم: "خۆشنووسە بچکۆلانەکەی ماڵی من." یان بە غەزنەوانی بنووس بانگی دەکردم. باوکم یەکەم کەسبوو ئەو ناوەی لە من نا، هێشتا پیتێکم نەنووسیبوو ناوەکەم بووە بنووس. میرزایەکی بچکۆلەی ناو ماڵەکەی خۆمان بووم، فێر کرام چۆن قامیش بتاشم و چۆن بیگرم و چۆن بیکەم بە ناو لێوانی مەرەکەبدا و زۆری پێوە بێت چی ڕوو دەدات و کەمی پێوە بێت چی ڕوو دەدات. زۆری و کەمی مەرەکەب، لە زۆری و کەمی ئارەزووی مرۆڤ دەچێت. مەرەکەب زۆر بێت سەرتاپای پیتەکە تێک دەدات و کەمیش بێت هێز و ڕەونەقی لێ دەسێنێتەوە. کتومت لە ئارەزووی مرۆڤ وەرگیرابوو؛ زۆر بێت ژیانی تێک دەدا و کەمیش بێت ژیانی کاڵ دەکاتەوە.

باوکم بە **میرزای بنووس** ناوبانگی دەرکردبوو، لە منداڵییەوە خرابووە حوجرەوە. لە حوجرە بە هۆی نیگارکێشی و خەتخۆشییەوە ڕێگەی

مەلایەتیی بەردابوو. حەزی لەوە بوو ببێتە بنووسێک تا ببێتە گوتاربێژێک. سەرەتا بوو بوو بە بنووسی خانەقاکە، چی کتێب و کاری خانەقاکە بوون خرابووە ئەستۆی. کاتێ ناوبانگی بڵاو دەبێتەوە، یەکێ لە مێژوونووسەکانی مەملەکەتەکە دەچێت بە شوێنیدا و دەیباتەوە ماڵی خۆی کتێبێکی بۆ بنووسێتەوە. لە ماڵی پیاوەی مێژوونووس کار دەکات و چاوی بە دایکم دەکەوێت. هۆگربوونی بۆ بینینەوەی دایکم، وای لێ دەکات کتێبەکە درەنگ تەواو بکات. پیاوەی مێژوونووس باپیری منە. نووسینەوەی کتێبێک دەبێتە کردنەوەی دەرگەی خۆشەویستیی نێوان دوو کەس. هاتووچۆی بەردەوامی باوکم بۆ ماڵەکە، وای لێ دێت ڕۆژانە دایکم ببینێت. لە هەر فرسەتێکدا قسەیەک و نیگایەک بۆ یەکتری دەکەن. تنۆکتنۆک خۆشەویستییەکەی ناخیان زۆر دەبێت. باپیریشم لای خۆیەوە هەست بە دڵی خۆشەویستیی نێوانیان دەکات و خۆی گێل دەکات، حەزیشی لێ بوە کچەکەی بدات بە گەنجێکی خاوەن بەهرە. دایکم دەیگێڕایەوە، باپیرم بە بیانووی جیاجیاوە دەچووە دەرەوە، تا ساتێک بۆ ئێمە ڕێک بخرێت و پێکەوە قسە بکەین. ئێمەش ساتەکانمان دەقۆستەوە و لە هۆدەکەی باوکم سەرگوزەشتەی خۆمان شەن دەکرد و هەستەکانی ناخی خۆمان بۆ یەکتری هەڵدەڕشت.

کتێبەکە گەرچی زۆری پێ چوبوو تا بنووسرێتەوە، دەگاتە شوێنێک بەرەو کۆتایی دەچێت. هەردووکیان خەمیان لێ دەنیشێت چی بکەن بە دیداری یەکتر شاد ببنەوە. دایکم باسی دەکرد: "لەم نیگەرانییەدا دەژیاین، ڕۆژێک باوکم بانگی کردمە لای خۆی و پێی گوتم: 'کچم دەزانم خەریکی چیت، دەشزانم دڵت چووە لە **میرزای بنووس**. مافی خۆتە و بە کوڕێکی باشی دەزانی با ناوی خودای لێ بهێنین.' قسەکانی باوکم شەرمێکی زۆری بەسەردا هێنام، لە دڵەوە زۆرم پێ خۆشبوو و لە شەرمیشدا دەمم بەسترابوو. لە ناخەوە بڕیاری ئەوەم دابوو پیاوی ناو ژیانی ئاییندەم ئەو بێت. باوکیشم بڕیاری دا و لەو

سەروبەندەدا ئێوارەیەک حەڵاڵی یەکتر کراین. ئیدی نیگەرانییەکەمان ڕەوییەوە. ئەوەڵ جار نەمزانی باوکم بۆ وای کرد، ڕۆژگار تێپەری جا تێگەیشتم؛ دوای یەکترحەڵالکردنەکە بڕیاری دا یەک هەفتە لە ماڵ بم و دەبێ بچینە ماڵی خۆمان و ماڵەکەش خۆمان بناغەی بنێین و ئەو هەقی نییە بەسەرمانەوە. نەیهێشت هەناسە بدەین، منی لە ماڵ دوور خستەوە و میرزای باوکیشت بە پەشۆکاوی دەستێکی کەوتە ئەملا و دەستێکی ئەولا. بە پەلە خانوویەکی بچووکی کۆن بە پارەیەکی کەمی مانگانە دەستکەوت. لەو خانووە بێ ڕایەخ و چۆڵەدا سەرەتای ژیانمان دروست کرد. باوکت کەوتە بنووسی بۆ خەڵک و منیش دەستم بە چنیم کرد. دەستچنیەکەی من زۆر نەبوو، کەلوپەلێکی کەمقیمەتم پێ دروست دەکرد، وەک سوزگ و زەمبیلە و تەپیانە و شتی ئاوا ماندووکار نا.

ساڵ بە ساڵ ماڵمان ئاوەدانتر دەبویەوە، لەسەر پێی خۆمان وەستاین. باوکم هاتە لامان و توورەکەیەک دەرهەمی بۆ هێنابووین، گوتی: 'ئەوە بەشی ئێوەیە. سەرەتا ویستم خۆتان خۆتان بونیاد بنێن، ئێستا ترسم لەوە نەماوە و تواناتان هەیە بۆ دروستکردنی ژیانتان، بۆیە لەم ژیانە بچووکەی دەستیان پ ێکردوە هاوکارتان دەبم.' کیسە پارەکەی باوکم ماڵەکەی بە پوختی بۆ ئاوەدان کردینەوە. ژیانێکی سادەی نەرمی پڕ لە کارمان دەست پێ کرد. نیگارەکانی باوکت و پیتەکانی ژێر پەنجەکانی منداڵەکانی ناو ماڵەکەمان بوون. کاتێ تۆمان بوو، ماڵە بێدەنگەکە دەنگێکی ناسکی خۆشی تێکەوت، دەنگێک پڕ لە ژیان و تریکانەوە. دەنگی تۆ و هاتنی تۆ بۆ ناو ماڵەکەمان ژیانی لێوانلێو کردین لە پێکەنین و ئاسودەیی."

من یەکەم ڕۆژ چوومە حوجرە، بە لامەوە نامۆ نەبوو، باوکم چەندین جار بە باوەش دەیگەڕاندم و باسی شوێنەکانی بۆ دەکردم، باوەشەکانی باوکم یادەوەرییەکن هەرگیز لە بیرم ناچنەوە. کارەکەی باوکم لە برەودا بوو، موشتەری زۆر ڕوویان تێکردبوو، خۆی

نەدەبەست بە یەک کەسەوە. ئەو خەتخۆش و نیگارکێشانەی کتوپڕ دەهاتن بۆ خانەقاکەی لای ماڵمان، باوکم لێیان دەئاڵا و شتێکی زیاتریان لێوە فێر دەبوو. لەو پیاوە خۆبەزلزان و شتزانانە نەبوو، بنی کارێک بزانن وا خۆیان دەربخەن لە ترۆپکدان. ئامۆژگاریی دەکردم کار و فێربوون دوو شتن لە ئاییندا، تا کۆتایی تەمەن مرۆڤ پێویستی بەوەیە هەوڵ بدات زیاتر فێر ببێت و خۆی پێیانەوە هەڵنەدات و بەردەوام زانیاری وەربگرێت. هەر مرۆڤە و سندووقێکە و شتێکی تازەی تێدایە، گرنگە ئەو سندووقە بکەیتەوە و شتە تازەکەی ناوی لێ وەربگریت.

لە ناو حوجرە جگە لە خوێندنەوە و شارەزابوون لە ئایین، وانەی خەتخۆشیمان هەبوو، وانەکە باوکم پێی دەگوتینەوە. وەرز دوای وەرز زیاتر دەچووومە پێشەوە، لە تەمەنی هەرزەکاریمدا بووم بە خەتخۆشی کتێبخانەی خانەقاکە، نزیکەی ساڵێک لەوێ کارم کرد. ئاسودە بووم لە کارەکم و ناوم بە **غەزنەوانی بنووس** دەکەوتە سەر زاران. پاییزێکی تەڕ بوو، باش لە بیرمە باران دەباری و گەڵای درەختەکان بە لارولەنجە بە لقەکانەوە بەر دەبوونەوە. لە سووچێکی کتێبخانەکە دانیشتبووم خەریکی نووسینەوە بووم، باوکم هاتە لام. تاوێ لە خەتەکەی سەر تیانووسەکە وردبووەوە و پاشان گوتی: "سبەی دەچیتە لای کەسێک، کەسەکە یەکێکە لە عارفە گەورەکان. دەبیتە بنووسی ئەو. نزیکبوونت لەو پیاوە نزیکبوونتە لە حیکمەتەوە. ڕەنگە سەرەتا غەریب بێت لەلات و نەتوانی لێی تێبگەیت، بە پێی تێپەڕینی ڕۆژگار بۆت ڕوون دەبێتەوە لای کێیت و بۆچی تۆم ناردووەتە لای." لێم نەپرسی ئەو کەسە لە کوێیە و کێیە، باوکم خۆی باسی کرد: "**شێخی سەنعانە**، لەم شارەی نزیکمان لە خاکی حیجاز دەژێت. حیکمەتەکەی و ئارامییەکەی کردوویەتی بە درەختێک خەڵک لە ژێر سێبەرەکەیدا دادەنیشێت. مەمنوونی شێخی گەورەی ئەم خانەقایەم تۆی ڕاسپاردووە ببیتە بنووسی ئەو."

شێخی سەنعان داوای کردبوو خەتخۆشێکی بۆ بدۆزنەوە لەگەڵی بێت، کتوپڕ لەو مەجلیسەی ئەو داوایەی تێدا کردبوو، شێخی خانەقاکەی ئێمەشی لێ بوو. یەکسەر بەڵێنی پێ دابوو یەکێک لە کوڕە گەنج و دەستوپەنجە ڕەنگینەکانی لای خۆی بۆ دەنێرێت. دڵنیاییشی پێ دابوو ڕۆژێک لە ڕۆژان نابێتە هۆکاری نیگەرانکردنی. ئەم هەواڵەی شێخی خانەقاکە بۆ باوکم، کۆڵێک دڵخۆشی بوو.

خۆم پێچایەوە و ئامادە بووم بۆ ڕۆیشتن بۆ لای شێخ، بە دیوێکدا دڵم تەنگ بوو لە دایکوباوکم دوور دەکەوتمەوە، بە دیوێکی دیکەشدا دڵم خۆش بوو دەچمە لای شێخێک و کاری خۆم دەکەم و شوێن و کەسی جیاواز دەناسم و پشت بە خۆم دەبەستم. ڕۆژی گەشتەکەم باوکم لەگەڵم نەهات، حەزم دەکرد لەگەڵم بێت، کەچی ئەو پێی خۆش بوو تەنیا بڕۆم و پشت بە خۆم ببەستم. تێشووەکەم شتی زۆری تێدا نەبوو، گیرفانیشم یەک دەرهەمی تێدا بوو. لە تەک کۆمەڵێک خەڵک بەرەو شار هاتم، گەیشتینە ناو شارەکە، لە چاو شوێنەکەی ئێمە تەواو گەورە بوو؛ شارێک لە ناوەڕاستی بیابانێک، لە ناو چەقی شارەکە مزگەوتێکی گەورە خۆی قیت کردبووەوە و خانووەکانش لە دەوری مزگەوتەکە بڵاو بووبوونەوە. بەو پاییزە گەرماکە هیلاکی دەکردین، ترسم لێ نیشت هاوینان حاڵم چۆن دەبێت بە دەست گەرماوە.

بە کەمێک گەڕان و پرسیارکردن گەیشتمە بەردەم مزگەوتەکە، مزگەوتەکە فرە گەورە بوو، دیوارەکەی نووسابوو بە بازاڕەکەوە. لە ناوەڕاستدا خانوویەکی گەورە بە پەڕۆیەکی ڕەش داپۆشراو تاکوتەنیا خەڵک لێی دەڕوانی. خەڵکەکە بە دەوری خانووە داپۆشراوەکە سووڕدەیان دەبرد. لە کەسێکم پرسی **شێخی سەنعان** لە کوێیە، بە دەستی ئاماژەی کرد لەو بەشەی مزگەوتەکەوە دادەنیشێت. ناو مزگەوتەکە بە فەرش نەخشێنرابوو، ڕۆیشتم و کۆمەڵێک فەقێ

خەریکی تەهلیلە بوون، لەوانم پرسی، ئەوانیش پێیان گوتم دانیشم کاتی بینینی نییە و کەمێکی دیکە خۆی دێت.
هەرچەندە ناو مزگەوتەکەش نە زۆر گەرم بوو نە فێنک، ماندوویتیم ڕەوییەوە. خەریکی چاککردنی کوڵەکەم بووم پیاوێکی نە بالابەرز، نە کورتەبنە، بە جلێکی سپی و عەبایەکی سپی بەسەر شانیەوە هات. دارێکی درێژ بەدەستیەوە بوو، ڕیشێکی سپی و سەرێکی بێ توک. لە پیاوی ناو نیگارەکانی باوکم دەچوو بیرمە یەکە مجار نیگارم کێشا، نیگاری پیاوێکی لەم جۆرەم کێشا. دایکم دەیگوت: "ڕۆژێک دێت تووشت دەبێت بە تووشی پیاوێکی حەکیمەوە ڕێچکەی ژیانت دەگۆڕێت." بە دەرکەوتنی، سەرجەم فەقێیەکان هەستانە سەر پێ و منیش هەستا. هات لە تەنیشت یەکێک لە کوڵەکەکانی ناو مزگەوتەکە پاڵی دایەوە، ئەو فەقێیەی لێم پرسی شێخ لە کوێیە، چرپاندی بە گوێیدا و ئاگەداری کردەوە ڕێبوارێک لێرەیە هەواڵی تۆ دەپرسێت.
تەماشایەکی کردم و بە دەست بانگی کردم بچمە لایەوە، چووم و خۆم پێ ناساند من کێم. ئەویش دەستێکی خستە سەر شانم و گوتی: "ئەمە میوانە نوێیەکەی منە، شوێنێکی بۆ دابین بکەن. لەمڕۆوە لە نزیکی من دەبێ. ئەم گەنجە دەبینن؟ یەکێکە لە بنووسە خەتخۆشەکان، سوود لە بەهرەی پەنجەکانی وەربگرن و ئێستا بیبەن با نانێک بخوات و دوای عیشا وەرە بۆ هۆدەکەم کارم پێتە."
لە دڵەوە هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد، دەنگی نەشئەی بە ڕۆحم دەدا. زۆر ستاییشی کردم و ڕێزێکی تەوای خستە پاڵم. لە یەکەم بینینەوە بە دەست خۆم نەبوو سەرسام بووم پێی، بڕوا ناکەم کەس بیبینێ و بە شێوازە ئەفسانەکەی ڕووخساری سەرسام نەبێت.
فەقێیەک هات لەگەڵم و نانی پێ دام و شوێنی حەوانەوەی خۆمی پیشان دام. کە ئەو جێی هێشتم، تێشووەکەم لە لای سەرم دانا و جێنووستنەکەی خۆم ڕێکوپێک کرد.

دوای عیشا بەرەو هۆدەکەی شێخ ڕۆیشتم، تەقەم لە دەرگەکەی دا، دەنگی نەهات. ویستم بگەڕێمەوە، یەکێک لە فەقییەکان گوتی: "بچۆ ژوورەوە، وەڵامی تەقەی دەرگە ناداتەوە."

بە هێواشی دەرگەکەم کردەوە، بینیم خەریکی نوێژە. چوومە ژورەوە و لە تەنیشت دەرگەکەوە دانیشتم تا لە نوێژەکەی بووەوە. بانگی کردمە سەرەوە و دەستی کرد بە ئامۆژگاریکردنم: "لەوانەیە هەست بە غەریبی بکەیت، لەوانەیە تووشی تەنگ و چەڵەمە ببیت، لە تەمەنی تۆدا بووم چەندین شوێنی جیاوازم بینیبوو. ژیانی من گەڕان بوو بە دوای حیکمەت و ڕۆحێکی پاکدا. مرۆڤ خەونی نەبێت، ناتوانێت چێدەستی خۆی لەم دونیایە جێ بهێڵێت. گوێ بە قسەی کەس مەدە و پشت بە خۆت ببەستە، تائێستا خەونت نەبووبێت، با لە ئێستاوە خەونت هەبێت. کاری تۆ بەس بنووسی نییە بۆ من، کاری تۆ حیکمەتوەرگرتنە لەم ژیانە پڕ لە حیکمەتە. بۆ ئەوە مەژی باش بخۆیت و باش بژیت و باش بپۆشیت، بۆ ئەوە بژی خەونی گەورەت هەبێت و ژیان گەورەتر بکەیت بۆ مرۆڤەکان. لەم ساتەوە شاگردی منی، شاگردەکانی من خەریکی بەڕێکردنی ژیان نین، خەریکی ڕەنگکردنی ژیانن. بریا وەک تۆ لە تەمەنی تۆدا بەهرەی تۆم هەبایە، بریا لای کەسێکی بەئەزموون دەستم پێ کردایە. ئەوەی بۆ تۆ هەڵکەوتوە بۆ کەم کەس هەڵدەکەوێت.

ئێستا تۆ لە ناو چەقی ئایینەکەدایت، لەو شوێنەدای چی زانا هەیە دێنە ئێرە. گەر نەتوانی بە ناسینی زاناکان تێشووەکەی خۆت پڕ بکەیت، بە تێشووی خاڵییەوە دەگەڕێیتەوە ماڵ. تێشووی پڕ تێشووێکە زانینی تێدا بێت نەک پارە. پارە ژیانت ڕێک دەخات، لای خەڵکی خۆشەویستت دەکات، خۆشەویستییەک لە دڵەوە نییە و لە گیرفانەوەیە. کەسی دارا لەبەر گیرفانە پڕەکەی خۆشەویستە، زانست و حیکمەت شتێکی ترن. کەسی ژیر بۆیە خۆشەویستە، چونکە پەی بەو شتانە دەبات کە خەڵکی پەی پێ نابەن. تۆ دەتوانی کاتێک

گەڕایــتەوە مــاڵەکەت، تێشــووەکەت پــڕ بێــت لە پــارە، دەتــوانی بە حیکمەتێکی زۆرەوە بگەڕێیتەوە، دەشتوانی هەردووکیان و هیچیشان بیــت و بە خــاڵی بگەڕێیــتەوە. خــۆت ســەرپشــک بە، بە کامیــان دەگەڕێیتەوە؟ تێشووەکەی من دەرهەمی تێدا نییە، حیکمەتی تیدایە. حیکمەتەکەم بۆ ئەم دونیایەیە و چاکەکانیشم بۆ ئەودونیا. ڕێبوارم لەم ســەرزەمینە، بەرەو شــوێنێک دەچــم هەموومــان بەرەوڕووی دەچین. نــاڵێم وەک مــن بــکە، خــۆت چیت پێ باشــە بــۆ ژیــان و کەسایەتیت وا بکە. تەنیا ویستم بزانیت، بەدەستهێنانی پارە ئاسانترە لە بەدەستهێنانی زانین. زانست پارەیە و خۆشەویستیشە. پارە تەنیا خۆشەویستییە. ناچار مەبە کارێک بکەیت لە ناخەوە خۆشیت لێ نایە بیکەیت. کارێک بکە دەنگەکەی ناخت بانگی کردنی کارەکە بکات."

یەکەم دیدارم لە خزمەتیدا بەم ئامۆژگارییانە دەستی پێ کرد. لەو مــاوە کەمەدا خەڵکێکی زۆرم ناســی، بەشــەکەی ئێمە لە مــزگەوتە گەورەکە کێشەی زۆری لەسەر بوو، میرەکانی حیجاز ناکۆک بوون لەگەڵ هێنانی ڕێبازی سۆفیگەری بۆ خاکەکەیان. کێشەی زۆریان بۆ شێخ و موریدەکان دروســت دەکــرد، کــاتی نوێژەکــان یەک کەســی خەڵکی حیجاز نەیدەوێرا بێت لەو بەشەی ئێمە نوێژ بکات. چی فەقێ و سۆفی و مورید و دەروێش بوون، خەڵکی دەرەوەی حیجاز بوون.

لەوێ غەرقانیی تەنبوورژەنم ناســی، پێش مــن بە خزمەتــی شێخ گەیشتبوو. بۆی باس کردم: "میرەکان نایانەوێت ئایینەکە لە ڕێگەی ڕۆحەوە بگات بە خەڵکی، پێیان وایە ڕێبازی سۆفیگەری ئایین لاواز دەکات. ئایینەکەمــان بە ئــایینی بەهێزەکــان و پیــاوە شــەڕکارەکان و شمشێروەشێنەکان دەزانن، نایانەوێت بدرێتە دەست خەڵکی میهرەبان و ناســکەوە. دژایەتییەکــی زۆری ســۆفیگەری دەکەن و بە فیتــنەی فارســەکان و یەمەنییەکــانی دەزانــن. دەڵــێن: 'ســۆفیگەری ئەوان دروستیان کرد تا ئایینەکە لاواز بکەن و بیکەنە کەرەستەیەکی ڕۆحی و گۆشەگیر و توران لە دونیا. ئایین لەم خاکی حیجازەدا ڕۆحی تێدا

نیه، ئایین لێره بەسەر نووکی شمشێرەکانەوەیە.' نابینی لەم گۆشەی مزگەوتە تاکوتەنیا ماوینەتەوە، تەنانەت ئامادە نین یارمەتیی ئەم گۆشەیە بدەن ڕۆحانییەکانی تێدایە. دەشمان بینین بە سوکایەتییەوە تەماشامان دەکەن و تانەمان لێ دەدەن.

با هەندێک شتت بۆ باس بکەم تا بزانی لەم خاکی حیجازەدا ڕۆحی ئایین کۆتایی هاتووە. من ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ شێخدام و لەم شوێنەدام. لەبەر ناوبانگی شێخ نەبێت بە بیانووی چاککردنی مزگەوتەکەوە ئەم بەشەی دەڕووخێنن. چەندین جار موفتیی حیجاز لە گوتاری هەینیدا هاواری کردووە: 'هێلانەکەیان تێک بدەن با ئایینەکەمان لەسەر نوکی شمشێرەکانەوە نەکەوێتە خوارەوە و بکەوێتە دەست لاوازەکان.' ئەوان خەڵک تەنیا فێری سەردانەواندن و جێبەجێکردنی سوننەتەکان دەکەن، خەڵک فێر دەکەن ئایین بەبێ شمشێر ناژێت. دونیایان کردووە بە دوژمنی ئایینەکە، ئایینەکەیان خستووەتە خزمەتی میرەکان و لەشکرەکەیان. نایانەوێت لە ناو ئاییندا بۆ ڕۆح بگەڕێیت، نایانەوێت پشت لە هێز بکەیت و ڕوو بکەیتە بیرکردنەوە و میهرەبانی. بە ئاشکرا پێمان دەڵێن: "لێرە بڕۆن نامۆ بە ئایینەکەمان، ئێرە شوێنی ئێوە و میهرەبانییەکەتان نییە. خۆتان و ڕۆحە لاوازەکەتان خاکەکەمان جێ بهێڵن، ئێمە بە شمشێر ئایینەکەمان گەورە کردووە، نامانەوێت بە میهرەبانی لە دەستی بدەین. بەبێ هێز ئایین هیچ نییە و دەمرێت."

پەریشان بووین بە دەستیانەوە، ئێرەیان کردوە بە توورەکەی کۆکردنەوەی پارە و دروستکردنی مرۆڤی دڕندە. لەسەر ئەرکی خۆمان دەژین، لەسەر ئەرکی خۆمان ئەم بەشەی مزگەوتەکە بەڕێوە دەبەین. وا نەزانی هاتوویتە ناو ماڵی خودا، خودا گەردوون ماڵەکەیەتی نەک ئەم خاکە پیسە. خودا لەم سەر زەمینە ماڵی نییە، مرۆڤ لە خۆیەوە ماڵی دروست کردووە و ناوی ناوە ماڵی خودا. ئێرە هەموو شوێنێک بێت، ماڵی خودا نییە، ماڵی میرە بەدەسەڵاتەکانە.

لەوانەیە جاران مـاڵی خـودا بوو‌بێت، ئێستا مـاڵی کـۆکردنەوەی سەروەت و سامانی ئەو بەدبەختانەیە، وا دەزانن بێنە ئێرە لە خودا نزیک دەبنەوە، نازانن لە خزمەتی میرەکانن.

نارەحەت نەبی بە بینینی ئەم شتانە، نەهاتوویتە ناو ڕێبازێک ئاسان بێت، ڕێبازی سۆفیگەری دوژمنەکانی لە دەرەوەی ئایین نین، لە ناو ئاییندان. گەورەترین دوژمنی سۆفیگەری ڕق و بەکارهێنانی هێزە. ڕق خەنجەرێکە ئێستا بە دەستی کەسانێکەوەیە خۆیان بە خاوەنی ئایینەکە دەزانن. تا مرۆڤێک دروست دەکەیت ڕۆحی لا گرنگ بێت و بە دوای دۆزینەوەی ڕۆحدا بێت لە ناو ئایندا، شمشێربەدەستەکان هەزاران کەس دروست دەکەن پشت لە ڕۆح بکەن و شمشێر بگرن بە دەستیانەوە و مرۆڤایەتی بە ناوی ئایینەوە وێران بکەن. دروستکردنی مرۆڤێک لەبری خۆدۆزینەوە شمشێر بگرێت بە دەستەوە، ئاسانترە لە دروستکردنی مرۆڤێک دەست لە شمشێر هەڵگرێ و بۆ خۆی بگەڕێت. مرۆڤەکان حەزیان لە کاری ئاسانە، ئەمانیش ئایینەکەیان بۆ ئاسان کردوون و بکوژە و کۆ بکەرەوە، بووەتە ڕەوتی ئایینەکە و خەڵکیش بە شوێنیان دەکەون."

تووشی سەرسووڕمان بووم، لای خۆمان کێشەی وا نەدەکەوتە بەر زەینم. سەیرە ململانێکان لەسەر ڕق و خۆشەویستی بوو، لەسەر ئەوە بوو کێ دەبێتە خاوەنی ئایینەکە. میرەکان و موفتییەکانیان ترسیان لێ نیشتبوو سۆفی و عارفەکان ئایینەکە لەوان بسەننەوە و خۆیان ببنە خاوەنی. لە ناو ماڵی خودادا شەڕ بوو لەسەر کێ خاوەنی ڕاستەقینەی ئایینەکەیە. ناومێد بووم لەو دۆخە، نائومێد بووم لەو ململانێیانە. غەریب بوو لام، کەوتمە ناو باسی ململانێکانەوە و باوەڕم بە هیچ نەما. لە ناخەوە بۆ شتێک دەگەڕام و لە دەرەوە شتێکی دیکە دەبینرا.

ژیانێکی نارێک و نائارامـمان بەڕێ کرد، ڕۆژانە بیانووی جیاجیایان پێ دەگرتین. بیری ماڵی خۆمانم دەکرد. **غەرقانی** لێرە نەبوایە، هەستم

به نزیکیی کەسێک نەدەکرد دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە. دڵ لە دەرگەی دۆزەخ دەچێت، بۆ هەموو کەس ناکرێتەوە. تا بڵێی کورێکی بێدەنگ و کەمقسە بوو. خۆی و تەنبوورەکەیەوە پێویستی نەکردایە دەنگیان لێوە نەدەهات.

***

غەرقانیی تەنبوورژەن خەڵکی شاری *تاقەوسان*ە، باوک و باپیری باشترین تەنبوورژەنەکانی شارەکە بوون، لەسەردەمی کۆنی زەردەشتییەکانەوە کاریان تەنبوورژەنین بووە. کاتێ لەدایک دەبێت، بە خۆشی لەدایکبوونییەوە ژنان و پیاوانی میللەتەکەیان کۆ دەبنەوە و دەست دەکەن بە ژەنین. ئەوان میللەتێکن لەگەڵ لەدایکبوونیاندا گوێیان بە ئاوازی تەنبوور دەکرێتەوە. خۆی گوتەنی: "دەنگی یەکەمی ژیان لای ئێمە دەنگی تەنبوورە."
بۆی باس کردم و گوتی: "لە سەرەتای منداڵیمەوە ئاشنای جۆری ئاوازەکان بووم، ئاشنای ژەنینی تەنبوور بووم. بژێوی ژیانی ئێمە پەیوەستە بە جۆری جووڵانی پەنجەکانمان لەسەر ژێیەکان. کێ باشتر و خەمگینتر بژەنێت، باشتر و هێمنتر دەژیت. زیاد ناڵێم گەر بڵێم ترپەی دڵم ئاوازی تەنبوورە. شەوان میوانمان دەهات، پاش کەمێک میوانداریيەکە دەبووە ئاهەنگ، هەر کەسە و لە شوێنی خۆیەوە تەنبوورەکەی دەگرت بە دەستیەوە و مەستانە دەیژەند. بە گەڕەکێکی مەملەکەتەکەی ئێمەدا تێبپەڕیت و گوێت لە ژەنینی بەکۆمەڵ بێت، گومان دەکەی ئەو ماڵە ئاهەنگێکی تایبەتی ساز کردووە؛ ئەوە سروشتێکی زۆر ئاسایی ناو خێزانەکانمانە.
ئەوەی بیستوومە لە سەدە کۆنەکانی پەیامبەر **زەردەشت**، دوو هونەرمەندی بەناوبانگی ناو پەرستگەکان برەویان بەم کارە داوە. ئایینی زەردەشتی ئایینێکە گۆرانی و مۆسقا بنەمایەکی پتەوی گەیاندنیەتی. هەڵەم نەکردبێت سۆفیگەری گەڕانەویە بۆ ڕۆح، ئەم

گەڕانەویە لە ئایینە کۆنەکەی زەردەشتەوە بۆمان ماوەتەوە و ئەمڕۆ ڕێبازی سۆفیگەری جارێکی دیکە بە شێوازی خۆی نوێی کردەووەتەوە.

باپیرم نوور لە گۆڕەکەی ببارێت، دەیگوت **نەکیسا** و **بارەباد** دوو هونەرمەندی کۆنی کوردی ناو پەرستگەکانی زەردەشت بوون. بە خۆیان و تەنبوورەکەیان و دەفەکەیانەوە، بە خۆیان و دەنگە خۆشەکەیانەوە، شەوان لە ناو پەرستگەکان کۆڕی بڕوادارییان گەرم کردەوە، زیکریان کردوە. زیکری ئەوکاتیش گوتنەوەی *گاتاکان* بووە بە ئاوازەوە. ئەو دوو هونەرمەندە کە کۆنترین هونەرمەندی کوردزمانن، بەبێ تەنبوور و دەف زیکریان نەکردووە. بۆیە بۆ ئێمە دەنگی تەنبوور و دەف دەنگی بڕوایە، دەنگی ڕۆحە، ئەو دەنگەیە بە زمان خۆی ناناسێنێت، بە ئاوازی جوان خۆی دەناسێنێت. فارس شاری *تاقەوسان* شارێکی کۆنی کوردییە، لە سەردەمی پاشا کۆنەکانی پارسەکاندا، بە خۆشی شاژنەوە کێوی بێستوون داتاشراوە و پەیکەری جوان و نەخشی جوانی لەسەر هەڵکەنراوە. بەیانیان کە خۆر هەڵدێت، یەکەم دەنگێک لە شارەکەی ئێمە دەیبیستیت، دەنگی تەبنوورە، یەکەم شتێکیش دەیبینی، نیگاری سەر بەردەکانن بەبێ ڕۆح لە شارەکە دەڕوانن. گاڵتەت بەم ڕوخسارەی من نەیەت، قژێکی لوول و سمێڵێکی گەورەم هەیە، ڕێت بکەوێتە ناو میللەتەکەم، پیاوەکانت بۆ لێک جیا ناکرێنەوە و زۆربەمان لە یەک دەچین. قژی لوول و سمێڵی گەورە ناسنامەیەکە جیامان دەکاتەوە لە بێگانەکانی ناو شارەکە. ئێستا چی تەنبوورژەنی بەتوانا دەبینی، سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتەکەی ئێمە. نازانم حیکایەتەکە چەند ڕاستە، دەگێڕنەوە لە شارەکەی ئێمە دەیان پەرستگەی زەردەشتییەکان هەبووە، پەرستگەکان بوونەتەماڵێک بۆ دروستکردنی ئاوازی نوێ. خۆم شوێنی زۆرم بینیوە، گوێم لە ئاوازی زۆر گرتووە، نەمبیست ئاوازێک، نەمبینی شوێنێک، ڕەگوڕیشەکەی نەگەڕێتەوە سەر مەملەکەتەکەی

من. خۆم هەڵناکێشم خەڵکی وڵاتی ئاوازەکانم، گوێیەکانم بە ئاوازی خراپ پیس نەبوون. باپیرم نوور لە گۆڕەکەی بڕژێت، هەمیشە دەیگوت: 'کەسێک گوێیەکانی بە ئاواز و قسەی پاک پەروەردە بکات، زمان و ڕەوشتی جوان و پاک دەبێت. گوێ بناغەی بیرکردنەویە، گوێت پیس کرد بە دەنگی خراپ و ئاوازی خراپ و قسەی خراپ، بیرکردنەوەشت پیس و خراپ دەبێت. گوێیەکانی خۆتان جوان پەروەردە بکەن، با ژیانتان جوان بێت.'

باپیرم خوێندەواریی نەبوو، بە ئەزموون شتی وای دەزانی لای حەکیمەکانیش دەستت نەدەکەوت. هەمیشە ئاگای لێمان بوو، نەیدەهێشت بچینە شوێنێک شوێنەکەی لا خراپ بوایە، نەیدەهێشت گوێ لە قسە نابەجێیەکان بگرین. بڕوای وا بوو مرۆڤ لە ڕێی چاوەکانیەوە ناگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی خراپ، پێی دەگوتین بە کەیفی خۆتان سەیری هەموو شت بکەن، جوان ناشیرین، باکی بە چاوەکانمان نەبوو. کێشەی لەگەڵ گوێ هەبوو، گوێی بە بنەوانی ئاشووب و چاکە دەزانی. کەسێک نەتوانێت گوێیەکانی فێری بیستنی چاکە بکات، ناشتوانێت چاکە بکات. گوێ سەرچاوەی بیکردنەوەیە. گوێت بە پاکی ڕاهێنا بیرکردنەوەی پاک بەرهەم دەهێنێت، گوێشت بە شتی خراپ ڕاهێنا، بێگومان بیکردنەوەکانیشت پڕ دەبن لە خراپە و زمانیشت لەگەڵیدا پیس دەبێت.

تا باپیرم مرد، من گەورەبووم و پێش و دوای خۆم لێ دیاربوو. دوای باپیرم باوکم بووە ڕێپیشاندەرم. بۆی گێڕامەوە کە ئایینی *ئیسلام* هاتووەتە ناوچەکەی ئێمە، چی تەنبوور هەبووە لە شارەکەدا کۆی دەکەنەوە و دەیانسووتێنن. ئایینێک بووە ڕقی لە ئاوازی خۆش، ڕقی لە دەنگی خۆش بووە. بە هاتنی ئایینەکە سەردەمێکی تاڵ و ناخۆش لە ناوچەکەمان دەست پێ دەکات. مامۆستاکانی ئاواز بە هۆی لێدانی تەنبوور بە دزییەوە پەنجەکانیان دەبڕنەوە. حاکمی شارەکە پیاوێکی بەدەویی بیابانی بووە، ژیان لای شەڕ و بێ ئاواز

بووە. قۆناغی تاریکی لە شار و مەملەکەتەکەی ئێمە درێژە دەکێشێت، تا سۆفیگەری سەر هەڵدەدات. سەرهەڵدانی سۆفیگەری دەرگەیەک والا دەکات بۆ دەرکەوتنەوەی ئاوازەکان.

تەنبوورژەنەکان و دەفژەنەکانی شاری تاوقەوسان، بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحە کۆنەکە خۆیان دەکەن بە ماڵی سۆفیگەریدا. جارێکی دیکە سەرلەنوێ بە بۆنەی سۆفیگەرییەوە ئاوازەکان دەهێننەوە ناوەوە و شار بە گۆرانییەکان ئاوەدان دەبێتەوە.

سەرەتای کارکردنم شەوان دەچوومە ماڵی بارۆنەکانی شار، بە هەقی چەند دەرهەمێک تەنبوورم دەژەنی. ساڵانێک بەم جۆرە کارەکەی خۆم درێژە دایە. لەو ساڵانەدا شەوێک لە ماڵی بارۆنێک لە سووچێکی حەوشەکە تەنبوورم دەژەنی و ئەوانیش کەیف و سەفایان دەکرد، چاوم بە کچێکی ئەسمەری باڵابەرزی قژکورت کەوت. بینینی کچەکە دڵمی برد، ئاگام لە خۆم نەما چی دەژەنم. چاوەکانم چەقیبوونە سەر گۆنای کچە و پەنجەکانیشم خەریکی ژەنین بوون. تومەز لەم مەستی و سەرسامییەی من و لەو ئاوازە تازانەی دەیانژەنم، سەرنجی میوانەکانم بۆ لای خۆم ڕاکێشاوە و هەموویان تەماشام دەکەن. منیش بێ ئاگا لەوان تەماشای کچە دەکەم. باوکی کچە بە حاڵی منی زانیبوو، کاتێکم زانی زرمەی بناگوێم هات و تەبنوورەکە لە دەستم بەر بووەوە. بە هۆش خۆم هاتمەوە، باوکی کچەم بینی لە بەردەممدا بە توڕەبوونەوە وەستا بوو و هاواری دەکرد بە سەرمدا: "تۆی تەنبوورژەنی خواروو شار، سەیری کچی پیاوێکی بەڕێزی سەرووی شار دەکەیت؟ کاری تۆ نییە دڵ بدەی بە کەس، کاری تۆ ئەوەیە ئاواز بژەنی بۆ دڵەکان. بایی دەرهەمەکان ئاوازی خۆت بژەنە و بڕۆ قووتێک نانی پێ بخۆ برسی. بانگ نەکراوی بۆ ئێرە تەماشای کەرامەتمان بکەیت و عیشقبازیمان بۆ بکەیت، بانگکراوی کەمێک چێژمان پێ بدەیت دوور بکەوینەوە لەو ژینە جەنجاڵەی هەرچی و پەرچیی وەک تۆ تێکیان داوە."

دەرهەمەکانی فڕێ دایە باوەشمەوە و بە ناشیرینییەکەوە پشتی ملی گرتم و هەووان پێم پێدەکەنین، تا بەردەرگەکە بردمی و پاڵێکی پێوە نام و کردمیە دەرەوە و تەنبوورەکەی بە شوێنمدا فڕێ دا. لەو شەوەدا بەس دڵم نەشکا، خۆشم و تەنبوورەکەشم شکاین. شکانەکەم لە چەندین لاوە بوو. دەرهەمەکان لە ناو دەستمدا بوون و تەنبوورە شکاوەکەش بەسەر شانمەوە. نەمتوانی بەم حاڵەوە بچمەوە ماڵ، ملی ڕێگەم گرت و بە ناو شاردا کەوتمە گەڕان. درەنگانێک خۆم لە بەردەم خانەقایەک بینی، چوومە ژوور ئەم **شێخی سەنعان**ە لە ناوەڕاستی حەوشەکە دانیشتبوو، چاوی پێم کەوت، دەستی بەرز کردەوە و بانگی کردم. بەرەو لای چووم و لە پاڵیدا دانیشتم، دەستی کردە ملم و لە خۆمەوە دەستیم ماچ کرد.

لێی پرسیم: "ناوت چییە؟" ناوی خۆم پێ دا. زانی شتێکم بەسەر هاتووە، گوتی: "حاڵت باش دیار نییە، هەرچی ڕووی داوە با ڕوو بدات. گەر ئازاریان دابیت ئازارەکە بکە بە ئاگردانێک لە ناختدا شوێنێکی پێ ڕووناک و گەرم بکەرەوە. گەر دڵیان شکاندبیت، دوای دڵشکان ژیان باشتر لێتەوە دیارە و کەمتر دەتوانێت فێڵت لێ بکات. چییان پێ کردوویت لە ناو خۆتدا بیهێڵەوە، مرۆڤ لە خۆشییەکانی ژیان ئەزموون وەرناگرێت، لە ناخۆشییەکان ئەزموون وەردەگرێت. کەسێکش لەم دونیایەدا دڵی نەشکابێت، یان ئەو کەسە گەمژەیە، یان بەردە. دڵ بەبێ شکان ژیان جێ ناهێڵێت. گۆڕستانەکان پڕن لە مرۆڤە دڵشکاوەکان. یەکێکم پێ بڵێ دڵی نەشکابێت و بتوانێت شتێکی گەورە بکات. کارە مەزنەکان لە مرۆڤە دڵشکاوەکانەوە دەست پێ دەکەن. دڵت بشکێت و هۆشیار ببیتەوە لە بێڕەحمیی مرۆڤ باشترە، لە دڵێکی شاغ و بە گەمژەیەتییەوە بژێت."

بە قسەکانی کەمێ سوکناییم هات. لەو شەوەوە بڕیارم دا جارێکی تر نەچمە ماڵی بارۆنەکان، بڕیارم دا لە ماڵی بارۆنەکانەوە بگوازمەوە بۆ ناو خانەقاکان. کوڕێکی دڵشکاو بووم، لە ماڵی خوداپێداوەکانەوە

گواستبوومەوە بۆ ماڵە هەژارەکەی خودا. دایکوباوکم پێیان خۆش بوو بڕیاری وام داوە، باوکم دەیگوت: "تەنبوور و دەف بۆ پاککردنەوەی ڕۆحە نەک بۆ هەڵتەکاندنی سەرشانەکان. کەسێک گوێ لە تەنبوور بگرێت، لەبری ڕۆحی شانەکانی بجووڵێن، کەسێکە ڕۆحی تێدا نەماوە. بۆیە هەمیشە لە شوێنێک تەنبوور بژەنە ڕۆحی تێدا بێت نەک ئارەزوو.

شێخی سەنعان ڕێبوار بوو، داوای کرد بچمە خزمەتی و لەگەڵی سەفەر بکەم. زۆری پێ خۆش بوو لەگەڵی بم و منیش هەروەها. پیاوێکیشە لە ساتە خۆش و ناخۆشەکاندا کەیفی بە گوێگرتنە لە تەنبوور. خزمەتکاری دەکەم و ئاوازیشی بۆ دەژەنم. لە دوای دڵشکانەکەمەوە تا ئێستا لەگەڵیدام، چەندین شوێنم بینیوە، فێری زۆر شتی کردووم. لە باپیرم زیاتر بووە بۆ من. گەرچی هێشتا دڵە شکاوەکەم ئازاری هەیە، ئاخ لە دەست برینی کۆن، تا مردن سارێژ نابێت. پیاوێکی بارۆنی بێکەڵکی ڕق دڵێکی داماوی شکاند، ئەم دڵەی وا لێ کرد لە تەواوی ژیانمدا هەست بە ئازار بکەم.

باوکم لە باووباپیرانەوە بیستبووی، مێژووی تەنبوور زۆر کۆنە. کەس بە باشی نازانێت لە چ سەردەمێک دروست بووە، گۆڕانکاری بەسەر شێوەیدا هاتووە، ئەوەی ڕوونە نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین ئەم ئامێرە کاری پێ کراوە. لە کارنامەی پارسە کۆنەکانیشدا باس کراوە، مەڵبەندی تەنبوورژەنینەکە لای ئێمەیە لە ناوچەی *تاقەوسان*. ئێمەش دەستمان پێوە گرتووە و بووەتە بەشێک لە ژیانمان."

## شەوی مانگگیرانەکە

دەرهەمەکانی برد بۆ مووسێی باجگر و گەڕایەوە، ڕەنگی تێک چووبوو. ڕەنگە زەردەکەی و چینچین عارەقی سەروچاوی و قسە نائاساییەکانی خستمیە گومانەوە لەو ماڵەدا شتێکیان لێ کردبێت. سێ شەو و سێ رۆژ بێهۆشی کرد و بە لۆکە ئاومان دەکرد بە دەمیەوە. حەکیمەکان لە هاتوچۆدا بوون، کەسیان سەری لە دەردەکەی دەرنەدەکرد. ئاخری حەکیمی گەورە بە تووڕەبوونەوە ڕەچەتەکانی خۆی پێچایەوە و ڕۆیشت، لە بەردەرگە بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و لایەکی کردەوە و پەنجەی ڕاوەشاند بۆ من و غەرقانی کە چیتر بانگی نەکەینەوە تا خۆی دێتەوە هۆش: "ڕاستی هیچی نییە و دەردەدارە، تای نییە و عارەق دەکات، لەرزی نییە و دەستەکانی چیاچیا بوون وەک یەخ. کوڕەکان نەخۆشەکەتان دەردەکەی یان لە ناو دڵیدایە یان خەیاڵەکانیدا. تا نەیەتەوە هۆش و نەکەوێتە قسە کەس ناتوانێت چارەی بکات، جا تکام وایە هیلاکم مەکەن." ئەم قسانەی فڕێ دا و توووند دەرگەکەی بە شوێن خۆیدا داخست و ڕۆیشت.
من و غەرقانی بێدەسەڵات و نەزان لە دەردەکەی، بە دیاریەوە تەماشای یەکترمان دەکرد. هۆڵی نوێژخوێنەکانیش گرمەی دەهات، نەقی و موریدەکان و مەلا بەیجووری کەوتبوونە ڕۆژی خۆیان.

یەکیـان دەیگـوت دەرمـانخوارد کـراوە، یەکیـان دەیگـوت لەوانەیە شـەیتانی نـاو بەرازەکـان زەفەری پێ هێنابێت و چووبێتە گیانیەوە.

**مەلا بەیجووری**ش دەستی بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان و دەینەڕاند: "تا ئێرە قبووڵمان کرد، ئیتر قبووڵی ناکەین. ئەم دراوسێ بێبڕوایە ئاگری لەم مـاڵی خـودایە بەرداوە. گەر تـاقیکردنەوە بێت هەزار جار تاقی کراینەوە، گەر بێغیرەتـی بێت بێغیـرەت نین. شێخ بمرێ ناهێلم **مووسـێ** هەناسـەیەک بـدات. ئەو ڕۆحە پیسـەی دەردەهێنم و دەینێرمەوە بـۆ لای خـودا. ئەرێ موسـڵمانان کەی ئەوەنە بێغیرەت بوون قبووڵیان کردووە کافرێک ئازاریان بدات! کوا ئایینەکەی جاران لە سـەر شمشێرەکانەوە بریسکەی دەهـات! کـوا سـەردەمی ناردنی کـافران بۆ لای خودا! کوا ئەو ئایینەی کەس نەیدەوێرا لە بەردەمی سـەر بەرز بکاتەوە! شـەرم نییە دەسـتەودامان دابنیشین گاورێک بە ئارەزووی خۆی یاری بە موسـڵمانان بکـات؟ بە ڕاسـتی شـەرمە بۆ ئێمە."

بە دیـار کپـی و بێدەنگیی **شێخ**ەوە گوێمـان لەو هەڕەشەوگوڕەشـەیە بـوو لە هـۆڵی نوێژخوێنـانەوە دەهـات. دەترسـام لەم شـارە بێکەس بمێنینـەوە و **شـێخ** لە دەسـت بـدەین. هەسـتکردن بە لاوازی و دەستەپاچەیی لە بەردەمیدا ئـازاری دەدام. ڕوخسـارە خەمـاوییەکەی **غەرقـانی**یـش هێنـدەی دیکە پەرێشـانی کردبـووم، تـا زیـاتر لەو خەمگینییەی ورد بوومایەتەوە، زیاتر نائومێد دەبووم. دەستی **شێخ**م دەگوشی و دەمم بردە بناگوێی و پێم گوت: "تۆ لێرە باوکی ئێمەی، تۆ لێرە سێبەری ئێمەی، نـاکرێ ئاوا زوو جێمـان بهێڵی. چی ڕووی داوە قسەیەک ناکەی؟ زۆر زووە بۆ ڕۆیشتنی تۆ، کـاری زۆرت ماوە بیکەی، جارێ مەڕۆ. تکا دەکەم هەستەوە، ئێستا لەم کـاتەدا جێمان بهێڵی، جێهێشتنەکەت ئاژاوەیەکی گەورە بەرپا دەکات. خۆت گوێت لێ نییە لەودیو چی دەڵێن! بیانوو دەگرن ڕقەکەی ناخیان بووەتە ئاگر و

دەیانەوێت بە بۆنەی تۆوە شوێنێکی پێ بسووتێنن. دە هەستەوە تکایە، هەستەوە." چەندم ڕاوەشاند جووڵەی لێوە نەهات.

جیڕەی دەرگەکە هات، **ڕۆدانی ڕۆمی** خۆی کرد بە ژووردا و دوای خۆی دەرگەکەی داخست. یەکسەر ڕووی کردە **غەرقانی** و گوتی: "هەستە تەنبوورەکەت بهێنە داوەکەم دۆزیوەتەوە. گوێم لێ بوو جارێکیان گوتت: 'کە شێخ بێتاقەت و بێحەوسەڵە دەبوو، یان کاتێ ماندوو و خەمگین دەبوو، داوای دەکرد تەنبووری بۆ بژەنم، تا ئارام بێتەوە.' ئێستاش هەمان حاڵەتە، دەوای دەردی تەنبوورەکەیە. خێراکە بیهێنە و بیژەنە."

**غەرقانی** تەنبوورەکەی هێنا، خستیە باوەشیەوە و کە پەنجەی نا بە تارەکانیدا شێخ ڕاچڵەکی، دەستی کرد بە ژەنین. تا زیاتر بیژەنیایە زیاتر جووڵانەوەکانی زۆرتر دەبوون. لە گەرمەی ژەنیندا چاوەکانی کرانەوە، ئافاقێک ڕووی تێکردینەوە. چاوە تەڕ و لاوازەکانی تێکەڵ بە ئاوازی تەنبوورەکە و فرمێسکەکانی ئێمە بوو. لە خۆشیدا لەگەڵ **ڕۆدانی ڕۆمی** بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێدەکەنین و دەستمان گرتبوو بە دەممانەوە. لە نێوان پێکەنین و گریاندا هەردووکیمان تێکەڵ کردبوو. سەرمان بۆ **غەرقانی** ڕادەوەشاند، بیژەنە دەی، بیژەنە. دەنگی تەنبوورەکەی ڕۆحی بە خەبەر دەهێنایەوە. مەوەستە، بەردەوام بە لە ژەنین براکەم. ئەویش شێتانە سەری با دەدا و پەنجە باریک و درێژەکانی بەسەر تارەکانەوە دەجووڵان و هۆدەکە پڕ ببوو لە ئاواز.

دەنگی شێخ هات. تەماشای یەک بەیەکمانی دەکرد و قسەی کرد. وتی: بیژەنە لە خەوەکەم ڕاتچڵەکانم، بیژەنە با بەئاگا بێمەوە. دەستمکردە ملی و ماچێکی ڕوخسارە عارەقاوییەکەیم کرد. بە تەواوی هاتەوە هۆش خۆی. لە حەشمەتدا بەدەم پێکەنینەوە ڕامکردە دەرەوە و بۆ هۆدەی نوێژخوێنەکان. هاوارم بەسەریاندا کرد کەس ئازار مەدەن، هەرەشە لەکەس مەکەن، بە ئاگا هاتەوە. بە جارێک

هورژمیان بۆ هۆدەکە برد. دڵنیابوون لە بەئاگا هاتنەوەی دەستەیەکیان کەیفیان پێدەهات و دەستەیەکی تریان، نیگەران بوون. بەئاگاهاتنەوەکەی ئاوەدانیی خستە ناو دڵی من، هێواشێک هەستا و بەرەو حەوزی حەوشەکە ڕۆیشت، دەستنوێژێکی شوشت و هاتەوە هۆدەکە، نوێژێکی خوێند و ئەمری کرد جگە لەمن کەس لە دەوری نەمێنێت. کاتێ چۆڵ بوو، داوای کرد کەلوپەلی نووسینەکە ئامادە بکەم. بە پەلە شتەکانم ئامادە کرد، ئینجا گوتی: "دەردی من لای حەکیمەکان نییە، لای فریشتەیەکە. فریشتەی ناو خەونەکەمم دی. زمانم لاڵ بێت گەر درۆ بکەم، خۆی بوو. دەبێ خودا بۆیە منی هێنابێتە ئەم شارە، ئەوی تێدا ببینم. خەونەکەی من ئەمە بوو. خودایە پەنام بە تۆ، چەندین ساڵە وێڵی دوای ڕووناکییەکم، ڕووناکییەکەم بینی، بە بینینی فیکر و هۆشم نەما و هاتمەوە بۆ ناو خۆم. خودایە هەرگیز ڕووم لە شوێن نەکردووە، هەمیشە ڕووم لە دڵم کردووە، چونکە زانیومە تۆ لە دڵمی نەک لە شوێنێک. ئێستاش ڕوو لە دڵم دەکەمەوە، دەمەوێت بە باشی بۆ تۆ بگەڕێم. دڵی من شوێنێکی بچووکە و کەسێکی گەورەی تێدایە. خودایا یارمەتیم بدە میوانێک هاتووە دەیەوێت لە تەنیشت تۆوە بێت لەو شوێنە بچووکەدا، نە بۆم دەکرێت دووری بخەمەوە، نە دەشمەوێت شوێنی تۆ بگرێتەوە. یارمەتیم بدە خودایا، فریشتەکەی خۆمم بینی. ئارامم نەما و هێزم تێدا نەما. ئەوەی من بینیم بەهێزترین کەس ببینێت، لە بەردەمیدا لاواز دەبێت."

وەستا بووم و تەماشام دەکرد، قسەکان لە هیی ئەو نەدەچوون. پەنجەی خستە سەر تیانووسەکەوە و گوتی: "غەزنەوان، ئا لێرەدا بنووسە، چیت پێ دەڵێم بینووسە. دەزانم قورسە لات، دەزانم تێناگەیت کوێم دێشێت، ڕۆژێک دێت هەمووتان تێدەگەن دەنگەکەی ناخی من، دەنگی ڕاستەقینەی مرۆڤە، تێدەگەن ئەو ئاوازەی لە وشەکانی مندایە، ئاوازی ئاوەدانکردنەوەی دڵە وێرانەکان و جوانکردنی دونیایە. گومانم نییە هەمووتان ڕۆژێک دێت تێدەگەن لەم

سەرزەمینە چیم چاندووە و چیم بۆ ئێوە جێ هێشتووە. بنووسە غەزنەوان، بنووسە... لەتەونبووەکەی خۆمم دۆزییەوە. بەنەفرەت بم، تا ساتی مردنم دەست لەو لەتەی خۆم وەربدەم. ژیان تەنیا ئەو کەمەی جوانە، کەسێک دەدۆزیتەوە هەست دەکەی ئەو کەسە لەتەونبووەکەی خۆتە. هەموومان لەتێکی خۆمانمان لێ ون بووە، لەتەونبووەکەمان لای کەسێکە دەبێت بگەڕێین ئەو کەسە بدۆزینەوە تا خۆمانی پێ کامڵ بکەینەوە. دۆزینەوەی ئەو لەتە، کوفرە دەستی لێ هەڵبگریت. دۆزینەوەی کەسێک کە بەشێکە لە خۆمان، دۆزینەوەی خودی خۆمانە. بڕوا ئەمەیە، بتوانی خۆت بە تەواوەتی بدۆزیتەوە. گشت دونیا لۆمەم بکەن، پشت لەو ئاگاییەی ناخم ناکەم. لە عیشقدا بڕوا نەدۆزیتەوە، لە هیچ شتێکی دیکەدا نایدۆزیتەوە. وا من دەبمە ڕێبواری عیشقێکی سەخت، ئەوەی ناتوانێت بەرگەی ئازاری عیشق بگرێت، بە شوێنمدا نەیەت. عیشق ڕێگەیەکی پانوبەرین نییە، پێچوپەنایە. عاشقیش ڕاوچیی باڵندەکان نییە، ڕاوچیی جوانییەکانە."

خۆم نەگرت، لێم پرسی

- جەنابی شێخ مەبەستت چییە؟

- ڕوونە کوڕم، ڕوونە؛ لەتە ونبووەکەی خۆمم دۆزییەوە. لەتە ونبووەکەم لە ماڵی مووسێی باجگرە!

-عەجایب! یانی چی؟

- یانی فریشتەی ناو خەونەکانم لەوێیە، ئەو فریشتەیەی دەهاتە خەونم و دەیکردم بە حەکیمی دەردەکان، لەو ماڵەیە و خۆمی دەردەدار کردووە.

- ناشێ مەبەستت کچەکەی مووسێی باجگر بێت؟

- بەڵێ کوڕم، مەبەستم ئەوە.

- دەی جەنابی شێخ، تۆ بەم تەمەنەوە، بەم ویقارەوە هەتە لە لای پیاوانی ئایین، بێشەرمی نەبێت لە ڕووتدا، چۆن دەبێ شتێ وا بڵێیت!

ئەمەی تـۆ دەیڵێیـت لە چـاو تەمەن و کەسـایەتیت و ئایینپەروەریت کوفرێکی گەورەیە.
- تـۆ جـارێ تێنـاگەی غەزنەوانـی بنـووس، جـارێ تێناگەیـت. نە تۆ تێدەگەیت و نە ئەوانەش کە گوێیان لەم دەردە دەبێت.
- چی بڵێم جەنابی شێخ، شەرم دەکەم، دەتەوێت چی بکەیت؟
- دەکەومە شوێن خەونەکەم، لە خاکی حیجازەوە خەونێک هێنامی بۆ ئێرە، خاوەن خەونەکە ئێستا دراوسێمە، قابیلە پشتی تێبکەم. ئاگرێک لە ناخمدا داگیرساوە، حەیفە خامۆش ببێت. حیکمەتێک لەم خەونەدایە؛ یـان دەمکـاتە پیاوێـک بـۆ ئەبەد نەمـرم و بمێـنمەوە، یـان دەمکـاتە بڕواداریک دڵەکان ئاوەدان بکەمەوە.
- ببورە جەنابی شێخ، زۆرڕوویی نەبێت، ناشێت عاشق بووبێت؟!
- عیشق گەر دۆزینەوەی لەتەونبووەکەی خـۆت بێت، بەڵێ عاشقم. عیشـق ڕوونـاککردنەوەی نـاخی خـۆت بێـت، بەڵـێ عاشـقم. عیشق گەیشتن بێت بە بڕوای ڕاستەقینە، دیسان عاشقم. تۆ منداڵی کورم، تۆ نـازانی چەنـد سـاڵە بە دوای کـردنەوەی گرێیەکـی کـوێردا دەگەڕێم بیکەمەوە، ئێستا کردنەوەی گرێیەکەم دۆزیـوەتەوە، ئێستا دەزانم لە کوێی خەونەکەدام و بەرەو کوێ دەچم.
- ئەی خەڵک چی دەڵێن؟ ئەی پیاوانی ئایینی چی دەڵێن بەم حاڵەی تۆ بزانن؟
- چـی دەڵێن بـا بیڵێن، هەمیشـە خەڵـک شـتێک دەدۆزنەوە تـا قسەی لەسەر بکەن. کەسێک بڕوای ناسیبێت هیچ نالێت، کەسێک شت دەڵێت بـڕوای نەناسـیبێت. عیشـق دۆزیـنەوەی لەتەونبـووەکەی خـۆت و ونکردنی شتە بچووکەکانی دونیایە. کەسێک نەتوانێت پشت لە خەڵک و لە دونیـا بکـات، چـۆن دەتوانێـت بـاوەش بە عیشـقدا بکـات. عیشق لوتکەی بڕوایە.
بێدەنگ بووم، قسەم بۆ نەما، چەندە مێشکی خۆم دەگوشی قسەکانیم بۆ وەرنەدەگیرا. کەمێ وەستام، چاوەڕێ بـووم شـتێک بڵێ، نەیگوت،

ئەم جارە من لەبری ئەو عارەقم دەکرد، لە دڵی خۆمدا دەگموت، بۆ وای لێ هات! دەبێ کچی ئەو باجگرە چ سیحرێکی لێ کردبێت. بەم تەمەنەوە باسکردنی عیشق، بەخوا شورەییە! وەک بڵێیت گوێ لە دەردەشەکانی دڵم بووبێت، سەری بەرز کردەوە و گوتی:

- کوڕم عیشق کاری بە تەمەنەوە نییە، کاری بە جوانی و ناشیرینی نییە، ئاگرێکە لە ناختدا هەڵدەکات تەنیا ئەو کەسە دەتوانێت ئەو ئاگرە خامۆش بکات، کە خۆی دای گیرساندووە. گەمژە کەسێکە بیەوێت ئاگرەکەی ناخی بکوژێنێتەوە. تەماشای تەمەن و ڕوخسارم مەکە، تەماشای بڕواکانم بکە. عەشق لە ناو بڕواکاندایە نەک لە ناو تەمەندا. من بەرەو ئەو ڕووناکییە دەچم، لە پشتمەوە چییان گوت گەردنیان ئازاد بێت. مرۆڤێک نەتوانێ لەبەر خاتری عەشقەکەی ناخی، کەسایەتی و ناوبانگی خۆی تێک بشکێنێت، نابێت باسی عەشق بکات. عەشق ئەوە نییە کەسێک بدۆزیتەوە، ڕووناکییەک بدۆزیتەوە و بڵێی ئەوەتا دۆزیمەوە. عەشق ئەوەیە بتوانی لە پێناویدا گشت شتێک لەدەست بدەیت و ئەو بەدەست بهێنیت. مەرجیش نییە پێی بگەیت، بەدەستهێنان بەیەکگەیشتن نییە، فروانکردنی ڕووناکیی ئاگرەیەکە. نامبینی چۆن دەگەشێمەوە! ئەو دڵخۆشی و ڕووناکییەی لەسەر زمان و ڕوخسارم دەیبینی، کڵپەی ئاگرەکەی ناخمە.

- یانی ئایین و دونیاش؟

- بەڵێ ئایین و دونیاش. بەس بڕوا نا، چونکە بڕوا خۆی عەشقە.

بەرگەی قسەکانیم نەکرد و هەستا، چوومە دەرەوە، چاوم گێڕا بۆ ڕۆدانی ڕۆمی، لە ناو فەقێیەکان نەبوو. هەواڵیم پرسی، گوتیان لە دەرەوەیە. ڕۆیشتمە دەرەوە لە گۆشەیەک دانیشتبوو، بەرەو لای چووم، بە خەفەتەوە دانیشتم. لێی پرسیم: "شێخ چۆنە؟ باشتر بووە؟" بە نیگەرانییەوە وەڵامم داوە:

- وەڵا براکەم باش نییە، قسەی عەجیب و غەریب دەکات، لێی تێناگەم بۆ وای لێ هاتووە! سەرم گێژ بووە، قسەی وا دەکات منداڵیش نایکات!
- قسەی وەک چی؟
- باسی عیشق و بڕوا و ئەو شتانە.
- ڕوونتر باسی بکە...
- ڕوونتری ناوێت. بەینی خۆمان بێت، عاشقی کچەی باجگر بووە!
- وای خودایە! **ئۆرتینە**؟! چەند شتێکی جوانە! ئای کە جوانە! بە دڵمە! هەر لە خۆی دێت عاشق بێت. بیهێنە بەرچاوت پیرەپیاوێکی ژیر، نوورانی، سەروریش سپی و بڕوادار لە کۆتایی تەمەنی عاشق بێت، چەند جوان دەردەچێت!
- چی جوانە؟ جوانی لە چیدایە؟
- کەمێک ژیر بە، هەزاران حیکایەتمان هەیە، سۆفییە گەورەکان، عارفە مەزنەکان، لە کۆتایی تەمەنیاندا عیشقەکەی ناخی خۆیان دەدۆزنەوە، ئەویش یەکێکە لەوان. هەقی خۆیەتی، دیارە **ئۆرتینە** هێندە جوان و نوورانییە، عەشقی لە دڵی ئەودا بینیوەتەوە.
- باشە با وا دابنێین ئاوایە کە تۆ باسی دەکەی، ئەی خەڵک چی دەڵێن؟
- خەڵک زمانی ناوەستێت. باشترین شت بکەی خەڵک قسەی خۆی دەکات. گوێ بگرە براکەم، خەڵک بەس زمانی هەیە، زمانیش بە من و تۆ ناوەستێت. گوێ لە خەڵک مەگرە، گوێ لەو دەنگە بگرە لە ناختەوە دێت. کێ ناڵێت کچەی **باجگر** لای **شێخ** بڕوا نییە؟ کێ ناڵێت ئەو بە شوێن نهێنییەکدا ناگەڕێت؟ کێ ناڵێت بە ڕاستی عیشقێکی ئیلاهی بووەتە میوانی؟
- خۆشی وای دەگوت، دەیگوت: لەتە بڕوایە ونبووەکەی خۆمم دۆزیوەتەوە.

- ئەواوە خۆیەتی. ئەو شتانە بە قورسی وەرمەگرە، لەگەڵی دەڕۆین، بزانین کۆتاییەکەی دەمانگەیەنێتە کوێ. وانەی لێوە فێر دەبین. ئەمە وانەیە وان، بەە، بەە، چ وانەیەکە!

- ئاخ لە تۆش، هەموو شت بە وانە وەردەگریت. کەمێک بیر لە حەیاوحورمەتی ئەو پیرە بەدبەختە بکەوە.

- بە خوا منداڵی! بەڵێ هەموو شت لە ژیاندا وانەیە. پاشان حەیاوحورمەتی مرۆڤ لای خودایە، لای خەڵک نییە. خەڵک چییە تا حەیاوحورمەتت بۆ دروست بکات.

- ئەی مەلا **بەیجووری** و تاقمەکەی چی؟

- ئەوان بە کەیفی خۆیان دەکەونە نەفرەتکردن لێی. جا چییە، با بیکەن. کاری من و تۆ گەڕانە بە شوێن ڕاستیەکەدا. تۆش دەستی لێ بەر بدەیت من دەستی لێ بەر نادەم، بە نیازم هەقیقەتەکە ببینم. ئەو حیکایەتانەی لە ناو کتێبەکاندا خوێندوومنەتەوە نهێنییەکیان تێدا بووە، نهێنییەکە بە باشی نادۆزرێتەوە. بۆ ئەمەیان خۆم دەچمە ناو حیکایەتەکەوە تا نهێنییەکە ببینم و بیدۆزمەوە.

- برام **ڕۆدان**، دڵم باش ناڵێت، دەی لەم هەموو کچە جوانەی ناو موسڵمانان، بۆ کچی باجگرێک؟! بۆچی لەم تەمەنەدا شتێکی وای بەسەر دێت؟! بە خودا دڵم باش ناڵێت، ئاشووبێک ڕوو دەدات.

- بڕوات هەبێت **غەزنەوان**، بڕوات هەبێت. لە دەمی کەس مەترسە، خەمی قسەی خەڵکت نەبێت. گوێ لەو هەقیقەتە بگرە کە لە ناو خۆتدا دەنگ دەداتەوە. گوێ لەم و لەو مەگرە، هەستە خۆت ڕوخاندوە بەسەر یەکدا، **غەرقانی**م بۆ بانگ بکە کارم پێیەتی.

- بۆ چیتە؟

- دە تۆ بڕۆ بانگی بکە، ئەوسا دەزانی.

غەرقانیم بانگ کرد، دەستی هەردووکمانی گرت و بەرەو دەرەوە بردینی. لە سوچێک، لە ژێر سێبەری درەختێ، لە باخەکە داینیشاندین. دەستی کرد بە ئامۆژگاریکردنمان:

- باش گوێ بگرن، هەرچی ڕوو دەدات پشت لە شێخ نەکەن. گەر عاشق بوو‌بێت حەتمەن ڕوو لە عەشقەکەی دەکات. عاشقبوونەکەی بەیان کرد کەس نا ئەمانەی خانەقاکە دەبنە دوژمنی، دونیایەک تۆمەت و تانەی دەخەنە پاڵ. ئێوە دەمێکە لە پاڵیدا خۆشیتان بینیوە و خواردووتانە و خەوتوون، لەمەولا ئازارێک هاتە بەر ڕێتان لاواز مەبن و بەرگەی بگرن. چاوەڕێی خراپترین شت بکەن، نامەردی بۆ ئەوەی جێی دەهێڵێت.

- تۆ دەمانترسێنی؟

- نا نا، ناتانترسێنم، بڕواداری ڕاستەقینە لە کاتە ناخۆشەکاندا بڕوای ڕاستەقینەی دەردەکەوێت، هاوڕێ و یاری ڕاستەقینەش لە ناخۆشیدا دەردەکەون. ئێمە هاوڕێ و هاودەمی شێخین، بە کورت و پوختی بیخەمە سەر دڵتان، بەرەو دۆزەخیش بڕوات من پشتی تێناکەم. دۆزەخێکم پێ خۆشە لەگەڵ پیاوێکی ژیردا بە مەرجێک نەچمە ناو بەهەشتێکەوە لەگەڵ پیاوێکی گەمژەدا. بڕوا بکەن ئەمانە گەمژەن، گەمژەیی چییە؟ هەر ئەوەیە ژیانت لێ دەکات بە دۆزەخ. لە بەهەشتیشدا گەمژەت لەگەڵدا بێت بەهەشتیشت لێ دەکاتە دۆزەخ.

- براکەم تۆ زۆر سەیری! ئەمە چ هەقی بە بڕوا و بێبڕواییەوە هەیە؟ چ هەقی بەسەر ئەم شتانەوە هەیە کە تۆ باسی دەکەیت؟

- با هەقی هەیە، من ماوەیەکی کەمە دەیناسم، لەوانەیە لە ئێوە باشتر بیناسم. خۆی دەخاتە ناو تاقیکردنەوەیەکی سەختەوە، ئەو وێڵی دوای بڕوایەکە، بڕواکەی لە ناو کەسێکدا دۆزیوەتەوە. شەڕی بۆ دەکات و چاوەڕوانیش دەکرێت خۆشی لە دەست بدات بۆی. گرنگ ئێمەین بتوانین تەنیای نەکەین. خۆت باسی خەونەکەیت کرد، کۆتا جار خۆی بە تەنیا لەسەر لوتکەی کێوەکە ماوەتەوە. دەی دەبی لانیکەم ئێمەی لە دەرو بین، بتوانین وا بکەین هەستکردنی بە تەنیاییەکە نەبێتە هۆی سووتانی یەکجارەکی. با ببینە هاودەمی، پیاوە ئایینییەکان پشتی تێدەکەن و تەنیای دەکەن، خۆ ئێمە پیاوی ئایینی نین، شاگردین، بۆ

خۆمان بکەینە دوژمنی کارێکی جوان؟ براکانم بە خودا من ئەم کارەم زۆر پێ جوانە.

-جا چارەنووسی وا بێت، چارەنووسی بە ئێمە ناگۆڕدرێت.

- ئای کە لاوازی براکەم، تۆ هیچ مەکە و لەگەڵ من و **غەرقانی** بمێنەوە و شتەکان بنووسە و حەقت نەبێت. دڵنیام خۆشی باش دەزانێت دەستی خستووەتە ناو پشکۆیەک، دەستیشی لێ هەڵناگرێت. مەبەستی من ئەوەیە لەم ساتەوە دەبینە هاودەم و پشتوپەنای، چیمان بینی ڕاستییەکە بە خەڵک دەڵێین و دەینووسینەوە. ناهێڵین بە دڵی نەیارەکان بێت، بەڵێنم پێ بدەن پشتی یەکتر بەر نادەین و پێکەوە دەمێنینەوە. دەی بەڵێنم پێ بدەن، دەی براکانم!

هەرسێکمان دەستمان خستە ناو دەستی یەکتر و بەڵێنمان دا تا دواهەناسە بە شوێن ڕاستیی چیرۆکەکەوە بین.

***

نیوەشەوێکی درەنگ **غەرقانی** لە خەو خەبەری هێنام، **شێخ** کاری پێمە. بە لەشێکی قورسەوە خۆم پێچایەوە و بە نیاز بووم بچم بۆ هۆدەکەی. بینیم قیتوقنج دەستێک جلی شیریی پۆشیوە و لە حەوشەکە چاوەڕێم دەکات. بە دەست ئاماژەی کرد دوای بکەوم، دوای کەوتم و خۆی کرد بە باخەکەی **مووسێی باجگردا** و بەرەو نزیکی دەرگەی ماڵەکەی چوو. چەند هەنگاوێک دوور لە دەرگەی ماڵەکەیان دانیشت. مێشکم خەریک بوو بتەقێت، گوتم: "**شێخ** چییە؟ بۆ وا دەکەی؟ نیوەشەوە و خەوتوون، کەی وەختی ئەوەیە بێیتە ئێرە؟" شوێنی خۆی لە بندرەختێک خۆش کرد و تەخت بۆی پاڵکەوت، ئاگاداری کردمەوە تا چل ڕۆژی دیکە لێرە دەبێت. لەو چل ڕۆژەدا لە خودا و ڕووناکییەکەی ناخی دەپاڕێتەوە یارمەتی بدات. تکای زۆرم کرد، ئەم کارەی کارێکی نابەجێیە و کەسایەتیی لە کەدار دەکات، کەلکی نەبوو. من گوتم و ئەو گوێی نەگرت. تەنیا ئەوەی

گوت،جارجار شتێکی بۆ ببەین بیخوات و ویستەکانی بۆ بنووسمەوە. گەر کچەی مووسێ ڕازی بوو ئەوە باش و ڕازی نەبوو دەست لە هەنگاوەکانی خۆی هەڵناگرێت. ناچار لە شوێنەکە جێم هێشت و گەڕامەوە. تا مەلابانگدان خەوم لێ نەکەوتەوە، لە پاڵ حەوزەکە دانیشتبووم، وەختی نوێژ مقۆمقۆی دیارنەمانی شێخ کەوتە ناو مورێدەکانەوە. بە ڕۆدانم گوت: "چووەتە بەرماڵی مووسێ! قوڕی کوێ بکەین بە سەرماندا!" کەچی زەردەخەنەیەکی کرد و بە پێکەنینەوە ڕووی کردە مورید و فەقێیەکان دەست بە نوێژکردنی خۆیان بکەن و مەلا بەیجووری پێشنوێژی بکات، چونکە شێخ لە سەفەری بڕوادایە.

ناچار شانیم گرت و بە نیگەرانییەوە شانیم ڕاتەکاند:

- ئاخر براکەم، ئەمەی تۆ دەیڵێت وا نییە، ئەمشەو نەزانن سبەی دەزانن. کە زانییان چ خاکێک بکەین بەسەر خۆماندا! سەفەری بڕوای چی و حاڵی چی، لە بەردەرگەی کچەیە و شێت و شەیدای بووە و چلەی بۆ دەکێشێت.

- خاکی ناوێ، زانییان هەندێ قسەی ناخۆش دەکەن و دەبڕێتەوە. شێخ قیبلەی گۆڕیوە، (بەم قسەیەی خۆی دایە قاقای پێکەنین) پێت ناخۆش نەبێت قیبلەی خۆی گۆڕیوە. کە جوانە بەو پیرییەوە ئاوا دەستی داوەتێ! ئێ برا قەسەم بە خودا بەم گەنجییەی خۆم بوێری ئەوە ناکەم بچمە بەردەرگەی ماڵی کچێک، سەیریشی بکەم، نەک پێی بڵێم عاشقتم. ئەی ئافەرین ئەوەیە عاشق!

حاڵی من باش نەبوو، لە تێکشکانی کەسایەتی و ویقارەکەی دەترسام. دەمەوچێشتانگان توپەڵتوپەڵ مورید و فەقێیەکانم دەبینی چرپەچرپیان دەکرد، دەمزانی دەردەکە چییە، خۆم لە گێلی دا. تومەز بەیانی مووسێ دێتە دەرەوە، شێخ دەبینێ لە بەردەرگەکەی. لێی دەپرسێت: "خێرە قوربان؟ چی دەکەی لێرە؟" ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "هاتووم بۆ ڕووناکی دڵەکەم." سەرەتا مووسێ تێناگات و

دەست دەکات بە گاڵتەکردن پێی. کاتێ تێیدەگەیەنێت بە چ مەبەستێک بەردەرگەکەی گرتووە، کەلەیی دەبێت. ئیتر چی بە زمانیدا بێتە خوارەوە نایگێڕێتەوە: "جوان دەڕۆینەوە! ئەوەمان مابوو پیری ئاخرشەڕ! تۆ کەی لە تەمەنی کچی منی، بۆ ناچی بەلای بڕواکەتەوە! ئێستا شارت لێ پڕ دەکەم! خەڵک وایان دەزانی هاتووی بڕوات هێناوە بۆ شارەکە. من لە یەکەم ساتەوە دەمزانی بۆ شتێکیت کە هاتوویت. بۆ نایەی لەگەڵم بتبەم بۆ ماڵی ژنە چێژفرۆشەکان؟ لەوێ ئارەزووەکانت دابمرکێنیتەوە و بگەڕێیتەوە بۆ ناو گۆشەگیرییەکەی خۆت." چی قسەی بەرز و نزم بوو پێی گوتبوو. چاویشی بە هەر کەسێک کەوتبوو چیرۆکی داواکەی شێخی بۆ گێرابووەوە. هەندێک بڕوایان پێ کردبوو، هەندێکی دی بڕوایان پێ نەکردبوو. بۆ دڵنیابوون، ئەوانەی بڕوایان پێ نەکردبوو، چووبوونە بەردەرگەی ماڵی، تەماشا دەکەن ڕاستە. تکا و پارانەوەی زۆریان لێ کردبوو دەست لەو کارەی هەڵبگرێت و بۆ تەمەنی ئەو ناشێت. شێخ لە وەڵامدا گوتبووی: "تەنیا یەک جار مانگ لە پەنجەرەکەوە دەربکەوێت و ببینی، بەسە بۆ ئەوەی تا مردن یادەوەرییەکی جوانت لەگەڵ مانگ هەبێت. بچن بەسەر کاری خۆتانەوە، کاری من دانیشتنە بە دیار دەرکەوتنی جوانییەکەوە ئەم شارە ڕووناک بکاتەوە."

بێنەوبەردەیەکی زۆر کەوتە ناو خەڵکی موسڵمانی شارەکەوە، کەسانێک بە شێت و لەخۆگۆڕاو باسیا ندەکرد، کەسانێکیش بە خەلەفا. ڕۆدانی ڕۆمی‌ی لێ دەربهێنە، کەس بە باشە باسی نەدەکرد. چەندین ڕۆژ و شەو لەوێ هەڵنەستایەوە. کە نان و خورمایەکم بۆ برد، دڵم بۆی دەسووتا. کەچی زۆر کەیفخۆش دەردەکەوت، باکی بەو قسانە نەبوو لەسەری دەیکەن. ناچار شەوان درەنگ سەرم لێ دەدا، دەترسام پێ بزانن و بەر نەفرەتەکەیان بکەوم. سەردەم سەردەمی مەلا بەیجووری بوو، خۆی با دەدا و بە دەنگە گڕ و ناخۆشەکەی دەیگوت: "نەمگوت کوڕینە، سەرەتا نەمگوت بە ریشە سپییەکەی

هەڵمەخەڵەتێن؟ نەمگوت بڕوا لە ڕوخساری نابینم؟ نەمگوت کەسی لاواز بڕوای لاوازە؟ یەکێ نەتوانی هێزەکەی ناخی پەروەردە بکات، یەکێ نەتوانێ ڕقی لە بێبڕوا ببێتەوە، ناشتوانێ لەم ئایینەی ئێمەدا جێگەی ببێتەوە. فەرمـوون بە چـاوی خۆتـان ببینن، بەم ئاخری تەمەنەوە لەباتی ڕووکردنە خـودا، ڕووی کـردووەتە کچێکی گاور، کەس نەچێت بە لایدا، با بۆخـۆی لە پاڵ بەرازەکاندا بژێت. ئێستا ئەوەندە شەیتانی گاورەکان چوونەتە ناو گیانی، بە ئاوی کەوسەریش پاک نابێتەوە. خودا لامان دا لەم جۆرە مرۆیانە. بە دەست من بێت چی لاواز هەیە وەک بامییە ڕەوقنگی دەکەم. زەوی شوێنی لاوازەکان نییە. ئایینەکەی ئێمە بیزانیایە بە لاوازی بڵاو دەبێتەوە، دەستی بۆ شمشێر نەدەبرد. نەمگوت موسڵمانینە، ئەم پیاوە لاوازە بەکەڵکی دینەکەی ئێمە نایەت."

قسـەکانی وی، لە قسـەی هەمـوو کەس ناخۆشـتر بـوون. مـن و غەرقـانـیی دامـاویش سـەری خۆمـان کـز کردبـوو و جووکە لە دەممانەوە نەدەهات. هەفتەیەک بەم شێوەیە تێپەڕی، لە ناو شار بوو بە حیکـایەت، شـێخ بەردەرگەی مـاڵی مووسـێ بەر نـادات. گەنجە قۆشـمەکان بـۆ خۆشـیی خۆیـان، دەهـاتن بەو نـاوەدا تێدەپەڕین، بە هۆوهۆ و هاوارکردن دەیانقیڕاند: "جەنابی شێخ نەکەی دڵی ئۆرتینە بەی بۆ خۆت، ڕەنجی ئێمە بە خەسار نەدەی. دەمێکە چاوەڕانی دڵە ناسکەکەی دەکەین. تۆ یەک جار ڕوخساریت بینی حاڵت تێ کچوو، ئەی دەبێ ئەوەی چەند جارێک دیبێتی چی بەسـەر هاتبێت!" ئازاری زمـانە درێژەکەی خەڵـک لەسـەر دڵـم گەورەتـر دەبـوو، گەیشتمە بـڕوایەک هەوڵ دان بـۆ پاشـگەزبوونەوەی خۆمـانـدووکردنە. تـازە چارەنووسـی مـن لەو بەینـەدایە، دەبـێ گـوێ لە هەردوو لا بگرم، تا بزانم ئەم کەشـتییە لەنگەرگرتـووە کەی دەکەوێـتەوە نـاو ئاوەکە و بەرو کوێ دەڕوات.

شەوەکەی سەرێکم لێ دا، مشتێ خورما و مووچەیەک نانم بۆ برد. خورما و نانەکەم لە بەردەمی دانا. پرسی: "کەلوپەلی نووسینت پێیە؟" بە بەڵێ وەڵامم دایەوە. گوتی بنووسە. بە نابەدڵییەوە کەلوپەلەکانم دەرهێنا و نووسیم: "هەر کەسێک بۆ پیرۆزکردنی خۆی شوێن بڕوا کەوێت، بڕوا نادۆزێتەوە. هەر کەسێک بۆ جوانکردنی خۆی دەمی پڕ بکات لە ناوی خودا، بەر جوانی ناکەوێت. هەر کەسێک لە قسەی خەڵک بترسێت ناگات بە هیچ. خودا لە ناو جوانییەکاندایە، من بەرەو رووی کەسێک چووم، یەکێک لەو جوانییانەیە کە لە خودا نزیکم دەکاتەوە. کوڕەکەم با تۆ لەوە تێبگەی، من شێت و شەیدای لەشولاری ئەو کچە نیم، من شێت و شەیدای ئەو ڕووناکییەم لە ناخیدا و لە ڕوخساریدا دەدرەوشێتەوە. ئەوەی من دەیبینم، هەر کەس ببینێت ژیانی بۆ لە دەست دەدات. ڕووناکییەکەی ڕووناکیی ئاوین و بڕوایە. ئەم کچە بە ناوی فریشتەیەکەوە چەندین ساڵە دێتە خەوم، چەند جار هاتبێت شتێکی فێر کردووم. ئەو فریشتەیەی پێم رابوو لە ئاسمانەوە دێت، لەم ماڵەی بەردەممماندایە. ڕاستییەکە تاڵە، چی بکەم فریشتەکەی من کچی مووسێی باجگرە. بەس کردەوەکانی خۆی نیشانەی کەسایەتی خۆین، مافی بە کردەوەکانی باوکیەوە نییە. شەوی بردنی دەرهەمەکان کتوپڕ پەچەکەی لا دا و نیگایەکی بۆ کردم، بە نیگاکەی سەرتاپای گیانم کەوتە لەرزین. ویستی پێم بڵێت من فریشتەی ناو خەونەکانتم، لەوانەشە خۆشی ئاگەدار بێت چۆن هاتووەتە خەونم و فێری کردووم. جا کوڕم تۆ لێم تێبگە، بینووسەوە، من خەڵەفاو نیم، وێڵی دوای ڕووناکییەکەم جگە لە خۆم کەسی تر نایبینێت. عاشقبوونی من بۆ کچەی باجگر، سەرتاپای بیر و هۆشی بردووم."

دیسانەوە کەمێ تێگەیشتم و سوکناییم بۆ هات، ئەم پیاوە بۆ شتێک دەگەڕێ پەیوەندیی بە بیرکردنەوەی ئێمەوە نییە. شتەکانم بۆ نووسی و گەڕامەوە سەر جێگەکەی خۆم. شەبەق بە دەنگەدەنگی

"ئەستەغفیروڵا" و "تۆبە خودایە لامان بدەیت" خەبەرم بووەوە.
کاتێکم زانی قەوماوە.
مووسێی فیڵباز نەخشەی بۆ داناوە، بە ئۆرتینەی کچی گوتووە بچۆ بۆ لای شێخ، ئەم پێنج مەرجەی بۆ دابنێ، بەبێ جێبەجێکردنی ئەم پێنج مەرجە ئامادە نییە پێشوازیی بکات. کچە هەوڵی دابوو باوکی ئەو کارەی پێ نەکات، بە زۆر پێی کردبوو. من دوایی ڕاستیی ئەم باسەم زانی، ئەویش لە تاریکەشەودا چووبووە بەردەمی و بەزمانێکی لاڵەوە، مەرجەکانی خستبووە بەردەمی. نەشیهێشتبوو ڕوخساری ببینێت و لەترسی باوکی لە پشتییەوە خۆی مەڵاس دابوو، نەیوێرابوو ڕاستیی چیرۆکەکەی پێ بڵێت. مەرجەکانیش ئەمانە بوون:
یەکەم: سوتاندن و پەڕپەڕکردنی *قورئان*.
دووهەم: دەستهەڵگرتن لە ئایین.
سێهەم: مەیخواردنەوە و کردنەوەی مەیخانەیەک.
چوارەم: خزمەتکردنی مووسێی باجگر.
پێنجەم: خواردنی گۆشتی بەراز.
شێخ جگە لە مەرجی یەکەم هەموو مەرجەکانی قبووڵ کردبوو، گوتبووی: "چ مەرجێک تایبەت بێت بە خۆم و کەسایەتیی خۆم قبووڵمە. مەرجی یەکەمم بۆیە قبووڵ نییە و جێبەجێی ناکەم، نامەوێت دەست بۆ شتێک ببەم ئازاری خەڵک بدات. دەست بۆ شتێک دەبەم ئازارەکەی بەر خۆم بکەوێت. مەرجی یەکەم مەرجی ئازاردانی خەڵکە، ئەوە کاری من نییە، موڵکی منیش نییە. واز لە مەرجی یەکەم بهێنن و شتێکم پێ مەکەن لەبری خۆم ئازاری خەڵکی بدات. ئەوەی لێ لابدەن باقیەکەی ڕازیم."
دەروێش و فەقێ و موریدەکان شێت ببوون، ئاگر لە چاویان دەباری، لە حەوشەکەدا وەک شێری بریندار دەیاننەڕاند. یەکێک دەیگوت: "قەسەم بە خودا ئێوە خەوتبوون، ئێوە ئاگاتان لە هیچ نەبوو، بەم چاوانەی خۆم بینیم ئەمشەو مانگ گیرا. گیرانەکەی مانگ هیی

لەئایینوەرگەڕانی شێخ بوو. تۆبە خودایا!" ئیتر ئاوا هەریەکە و گیای سەرکێوێکی دەخوارد. سەرم ژانی دەکرد بەو هەڵایە، تازە کار لە کار ترازابوو.

**مووسێی باجگر** داواکەی **شێخی** قبووڵ کردبوو،ڕازی ببوو دەست لە قورئان نەدات و چوار مەرجەکەی دیکە جێبەجێ بکات. بەرگەم نەگرت، جەسارەتم دایە بەر خۆم بچمە لای و دوو قسەی دڵی خۆمی بۆ بکەم. لە ناو ژاوەژاوی قەرەباڵغیی ناو خانەقاکە گوێی خۆم کەڕ کرد و هاتمە دەرەوە. خەبەرم لەوە نەبوو **ڕۆدانی ڕۆمی** بە دوامەوەیە، بەرەو مەنزڵەکەی **شێخ** ڕۆیشتم. لە شوێنی خۆی نەبوو، بێ ئەوەی شەرم بکەم بە هاوارکردن بانگم کرد، وەڵامی نەداوە. بە نیاز بووم جارێکی دیکە بانگی بکەم، **ڕۆدان** دەمی گرتم: "وس بە کوڕە، بۆ شێت و هار بوویت! جارێ هیچی نەکردووە، جارێ هیچت نەبیستووە. کێ ناڵێ بە نیازی تاقیکردنەوەی ئێمە نییە." دەستیم لەسەر دەمم لا دا:

- دە واز بێنە! دەمەوێ بیدۆزمەوە و چی لە دڵمدایە هەڵی بڕێژم. بە ئاشکرا سوکایەتیمان پێ دەکەن، نە خەوم ماوە نە خۆراک. ئەمە کەی حاڵەی ئێمەی تێدایین! سەرشۆڕی ناو خەڵک بووین و ئەویش بە کەیفی خۆی چیی پێ خۆشە دەیکات بەبێ گوێدانە ئێمە. لە ژیانمدا هێندەی ئەم ماوەیە تانە و تەشەرم لێ نەدراوە. ئەو نانە ناخۆم بە بنووسی پەیدای دەکەم و سوکایەتیم پێ بکرێت.

- باشە برام، ئەوەتا لە لای ئاخووڕی بەرازەکانەوە، جوان سەیری بکە با شێتتر بێت. دەی سەیری بکە، نابینی ڕیشکەی گیا دەدات بە بەرازەکان. ئەها باش ورد ببەوە لێی، ڕیشکە گیاکان دەبینی بە دەستیەوە؟ قەپۆزی بەرازەکان دەبینی لە دەستەکانی ئاڵاون؟

ڕاستی دەکرد، وای خودایا! بووەتە شوانی بەرازەکان. ئەک خودا لە ناو دەمت بدا **مووسێ**! بۆچی وا بەو پیاوە دەکات! چاوم چووە تەوقی سەرم، هەناسەم تەنگ بوو، لە جێی خۆم ڕەق وەستام. خێراخێرا

تەماشایەکی ئەو و تەماشایەکی ڕۆدانم دەکرد و بەبێ ئەوەی بتوانم زمانم بگرم، دەمگوت:

- خۆ خۆیەتی! ئەوە خۆیەتی! ئەوە بووە بە شوانی بەرازەکان!

- بەڵێ، خۆیەتی. تۆ نەهاتبوویت زووخاوی خۆتی پێ هەڵبڕێژیت، دە فەرموو بڕۆ هەڵیبڕێژە.

بەرەو ڕووی چووم، نە سەلامم کرد و نە ماندوبوونم پرسی. وەک بڵێیت هیچ ڕووی نەداوە، تەماشایەکی کرد و خەریکی پێدانی ڕیشکە گیا بوو بە بەرازەکان. ئەوەندە بە هەستەوە بەرازەکانی دەلاواندەوە، دەتگوت باوکێکەوە و دڵی منداڵەکانی دەداتەوە. ماوەیەک لەوێ وەستام و پاشان پرسی:

- چییە **غەزنەوان**؟ کوا سەلام، کوا کەلام؟

- جا قوربان سەلام و کەلامت بۆ ئێمە هێشتەوە؟ تۆ هیچت لە مەنجەڵەکە نەهێشتەوە، بووی بە شوانی بەرازان. گوتمان عاشقی کچێک بوویت و لەبەر خاتری چاوە کاڵەکانی لە ئایین وەرگەڕای. بەس نەمانگوت ببیتە عاشقی بەرازان و مەیخۆران! ئەوانەی دەیبیستم ڕاستن؟

- هەمووی ڕاستن. بۆ مەگەر بەراز چییەتی؟ گیاندارێک نییە لە گیاندارەکانی سەر زەوی؟ بۆ تۆ وا دەزانی خوداپەرستی بەس لە سوچی مزگەوت و خانەقاکان دەکرێت؟ تێرکردنی گیاندارێکی برسی، چ جیاوازییەکی هەیە لە پاککردنەوەی ڕۆحێکی پیس؟ ڕێزگرتنی گیاندارێکی بێزمان و ڕێزگرتنی مرۆڤێکی بێزمان جیاوازیی هەیە؟

- قوربان ئەمانە بیانوون بۆ خۆت، تۆ پشتت لە ئایینەکەت کردووە بۆ کچێک. خەریکی بیانووهێنانەوەی تا هەڵەکەت جوان بکەیت. بیانوو مەهێنەوە، نەمبینیوە و نەمبیستووە کەسێک زۆربەی تەمەنی لە پێناو خودا بردبێتە سەر و لە کۆتاییەکەیدا پشت لە ئایینەکەی بکات لەبەر کچێک.

-**غەزنەوان** قسەکانت لە قسەی ڕقلەدڵەکان دەچێت، من پشتم لە ئایین کردوە نەک بڕوا. چەند جار ئامۆژگاریم کردی ئایین لە بڕوا

جیا بکەرەوە. بۆ گەیشتن بە خودا، مرۆڤ پێویستی بە بڕوایە نەک ئایین. بەبێ ئایین دەتوانی نزیک بیتەوە لە خودا، بەبێ بڕوا ناتوانی. بیانوو ناهێنمەوە، عیشقەکەی من تاقیکردنەوەی منە. من ڕووناکیی خۆمم دۆزیوەتەوە و ئێوەش کەیفی خۆتانە. عاشق بووم بە کچێکەوە و ئەو کچە بۆمن بڕوایە.

-ئەی کەسایەتیت؟ ئەی ئەم ڕسواییە چی؟

- هێشتا تێنەگەیشتوویت کوڕم، کەسێک لە پێناو بەرزکردنەوەی کەسایەتیی خۆی خوداپەرستی بکات، ئەو کەسە دەتوانێت ماوەیەک کەسایەتی بە دەست بهێنێت، بەس ناتوانێت خودا بە دەست بهێنێت. خودا کاری بە دڵ و ڕۆحە، کاری بە کێش و کەسایەتی نییە. عیشقێک نەتوانێت تێکت بشکێنێ، نەتوانێت ڕسوات بکات، عیشق نییە. هەموو کەسە مەزنەکان بە ڕاستی عاشق بوون، شەرمیان نەکردوە باسی ڕسوابوونی خۆیان بکەن. عیشق لە سەردەمی خۆیدا ڕسوات دەکات و لە سەردەمی پاش خۆتدا مەزنت دەکات. عاشق باکی بە ڕسوابوون نییە، باکی بە سووتان نییە. باکی بە مەرگیش نییە، عیشق ئاگرێکە کە داگیرسا، ناکوژێتەوە تا نەتکات بە خۆڵەمێش. ڕقلەدڵەکان چی دەڵێن؟

-جا چی ناڵێن قوربان! بەو ئاسانییە دەستت لێ هەڵناگرن، لە پاڵ تۆدا ئازاری ئێمەش دەدەن. دەترسم شەوێک بە خەنجەر هەڵبکوتنە سەرمان. تانەو تەشەریان گیانمانی هەنجنەنجن کردووە. بە تانە و تەشەریشەوە بوەستن سوپاسگوزارین.

- نا، مەترسە. دەمێکە بۆ چەوریەک دەگەڕێن نانەکەی خۆیانی تێچەقێنن، ئەوەتا من چەوریەکەم بۆ دروست کردون، با بزانین تا کوێ دەڕوات. کێشەیان لەگەڵ منە نەک ئێوە. خۆم پێم خۆشە نانەکەم بۆ چەور کردوون.

-قوربان شاریان پڕ کردووە لە باسی تۆ، مووسێ خودانەناس، سەری زمان و بنی زمانی گێڕانەوەی چیرۆکی تۆیە، هەقە تەمبێی بکەین، هەقە بیوەستێنین.

- نا غەزنەوان، دەست لە توڕەبوونەکانت بشۆ. مووسێ چیی پێ خۆشە با وا بکات. ڕقلەدڵەکانی ناو خانەقاکەش هەروا. ئارام بەرەوە و بڕوا بەم ڕیشە سپییەی من بکە. لەوەتەی هۆشم بە خۆم هاتووەتەوە، تا ئەم چرکەساتەی بۆ تۆ دەدوێم، زەڕڕەیەک بڕوا لە دڵمدا کاڵ نەبووەتەوە. دەمێکە دەرکم بە ونبوونی لەتێکی خۆم کردبوو، لەتەکەم دۆزییەوە؛ بەرەو کەماڵی عیشق و بڕوا دەچم. ئەمشەو وەرە بۆ لام، کەلوپەلەکانیشت بهێنە. دەمەوێت هەندێک شتم بۆ بنووسیتەوە. من مەیگێرم یان مەیخۆر، زاهیدی گۆشەنشینی خانەقا بم یان شوانی بەرازان، ئەو بڕوادارەم سەرجەم ڕێگەکانی ژیانم ئەزموون دەکەم تا بگەمە کەماڵی خۆم. نارەحەت مەبە، گوێ لە هەموو کەس بگرە، چی قسەی جوان بوو وەری بگرە و چی قسەیەکیش خراپ و ناشیرین بوو، لە خۆتی دوور بخەوە. گوێیەکانت بکە بە بێژن، قسەکان باش ببێژە، جا جوانەکانیان هەڵبچنە. بڕۆ بە دیار کارەکانتەوە، من کارم هەیە، دەبێ بەرازەکان تێر بکەم، دە بڕۆ باوکەکەم.

هەموو جارێک کە دەمبینی دەتگوت نزام بەسەردا خوێنراوە، ساردسارد دەبومەوە. لاژەلاژ هاتمەوە لای ڕۆدان، ئەویش بەعادەتەکانی خۆی کۆڵێ سەری خستە سەرم. دەست و دڵم نەدەهات بچمەوە بۆ خانەقاکە، بە پیاسە تا نزیک بازارەکە ڕۆیشتین. من بە بێدەنگ و ڕۆدانە فیلبازیش پڕ لە قسە، بە مەیلی خۆی گاڵتەی پێ کردم: "باشت کرد غەزنەوانی برام، باشت کرد. تۆ زۆر داماوی، زۆر زوو بڕوا بە شتەکان دەکەیت. هونەری گوێگرتنت لاوازە، ناتوانی قسە پاک بکەیت جا هەڵی بگریت. بە کاڵی قسەکە قووت دەدەی. کوڕی باش کێ خودا پێی دەدات ببێتە بنووسی شێخی سەنعان! کەرێک بە کەری خۆی مانگێک لەگەڵیدا بێت دەبێتە حەکیم، کەچی جەنابت تا بێت گوێیەکانت درێژتر دەبن. ئەرێ تۆزێک چاو و گوێت پاک بکەرەوە، کەمێ دەست بگرە بەسەر هەستە خۆشباوەڕەکەتدا، بۆ

ناتوانی ناخی مرۆڤەکان لەسەر زمانیان ببینی. نازانم بۆ گەورە نابیت، تۆ گەورە نابیت و هەمیشە منداڵیت. هەڵچوونەکانیشت کەفی بێعەقڵیی پێوەیە، میهرەبانییەکەشت پڕە لە گەمژەیی. سادەییەکەت پەیوەندیی بە بیرکردنەوە و قووڵیتەوە نییە، پەیوەندیی بە بێئاگاییتەوەیە، دڵسۆزییەکەت لە دڵسۆزی کۆیلەیەک دەچێت بۆ بارۆنە کڕیارەکەی. ڕۆڵە تا کەی پێت بڵێم عاقڵ بە، بێزار بووم لەم هەڵچوون و داچوونەی تۆ."

ئەویش گاڵتەی خۆی پێ کردم و ناچاری کردم بە توڕەییەوە پێی بڵێم:

-تۆش باشتر نییە تۆزێک دەمت دابخەی؟!

-نا، باشتر نییە. پێویستە زیاترت پێ بڵێم، لەبەر تۆمە. ئەوپەڕی یان شێخ دەرت دەکات و دەبیتە دەستەی مەلا بەیجووری، یان بڕوا بە کەس ناکەیت و دەکەویتە شوێن دۆزینەوەی هەقیقەتەکە. براکەم گرتنی هەقیقەت گرتنی ڕەشووەی ئەسپ نییە، دۆزینەوەی هەقیقەت دۆزینەوەی سکەیەکی کۆن نییە، چۆن عیشق پیاوی خۆی دەوێت، هەقیقەتیش عەقڵی خۆی دەوێت. بەدبەخت تاکەی لەم نێوانەدا هاتوچۆ دەکەیت و دەمێ بڕوا بەمبەر دەکەیت و دەمێ بڕوا بەوبەر. مەگەر قەول نەبوو پێکەوە بە شوێن ڕاستیەکە بکەوین؟ هێشتا لە یەکەم هەنگاودایە خۆت کردووە بە کێشە لە نێوان دوو لاکەدا. فەقێیەک و موریدێکی بەستەزمان دوو ئایەتی بە زۆر پێی لە بەر کراوە، چی دەزانێت لەسەر عیشق و ئایین تا بڕوا بە قسەکانی بکەیت، بۆچی سەرکونەی شێخ دەکەیت، کەی لە تەمەنی تۆدایە بەو زمانە زبرەوە بەرەو ڕووی بوەستیت. شەرم لە خۆت بکە، ئەمە خۆشەویستی نییە، هەڵچوونێکی گەمژانەیە.

-نا من وا نیم، من شێخم خۆش دەوێت و کارەکەی ئەزیەتم دەدات. ئازارێکی زۆر کەوتووەتە ناو ناخم، نامەوێ بەو جۆرە بێ ئێستا دەیبینم.

خەمی ڕاڕایی

- خەمی شێخت نەبێت، خۆی دەزانێ خەریکی چییە. خەمی ڕاڕایی خۆت بخۆ. ئاشکرێت ڕێگەیەک پێچەوانەی ویستی خەڵک بێت، بە هەڵە سەیر بکرێت. بڕۆ حیکایەتە کۆنەکان بخوێنەوە، ڕێگەی عیشق و ڕێگەی هەقیقەت، لە سەردەمی ڕوودانیاندا بەردەوام نەفرەتیان لێ کراوە. عیشق دەرچوونە لە دابەکان، دەرچوونە لە سنوورەکان، کۆمەڵگە و ئایینەکان هەزاران پاسەوانیان هەیە، ئەرکی ئەو پاسەوانانەی کۆمەڵگە و ئایینەکان ئەوەیە دژی دەرچوونەکان بن. عیشقێکی لەوەی شێخی سەنعان، دەستی لە ئایین هەڵگرتووە و ڕووی لە ڕووناکی ناخی خۆی و بڕوایەک کردووە، حەتمەن لای پاسەوانەکانی دابەکانی کۆمەڵگە جێگەی نەفرەتە و هاواریان لێ هەڵدەستێت.

-باشە، بەسە، بوەستە، با لە ژێر ئەو درەختە بشوویەک بدەین، هیلاک بووم. توو سەری خۆت بێدەنگ بە، مێشکم خرەی دێت. با ساتێ بیر بکەمەوە، با ساتێ تەنیا تەماشای دیمەنەکان بکەم و ڕەنگەکانم بۆ ڕوون ببێتەوە. دۆخەکە وای لێ کردووم تەنانەت ڕەنگی نیگارەکانی باوکیشم نایەتەوە یاد. من بۆ ئەم دۆخانە دروست نەکراوم، بەرگەی ئەم شەپۆلە توندانەی ژیان ناگرم. ژیانی من بە ڕەنگ و پیتی جوان دەورە درابوو، ئێستا بە دەیان کەسی ناجۆر دەورە دراوە. بوەستە با بیرێک لە خۆم بکەمەوە. هەست بە پیسبوونی ڕۆحم دەکەم. تا زیاتر مرۆڤی زۆر بناسی، زیاتر ڕۆحت پیس دەبێت.

***

لە بن درەختێک شانمان دادابو، منداڵێکی قشتی لەوز و قسە شیرن هاتە لامان. لێی پرسین کاممان ناومان **غەزنەوان**ە، منیش بە شێوازێکی منداڵانە پەنجەم بەرز کردەوە. منداڵەکە ڕووی تێکردم و گوتی: "باجی **تینا** منی ناردوە بە شوێن تۆدا بتبەم بۆ ماڵی خۆیان."

هەواڵێکی غەریب بوو لامان، **تینا** خانم چ ئیشی بە منە؟ لەو ڕۆژەوەی لە خانەقاکە دامان بە شوو، نەمبینیوەتەوە. هەستاین پێکەوە کەوتینە شوێن منداڵەکە، پێشمان کەوت و چەند گەڕەکێکی پێچاوپێچی پێ کردین. لە بەردەرگەیەکی بچووکی شین وەستا و لە دەرگەکەی دا، تینا خانم دەرگەکەی کردەوە و فەرمووی لێ کردین و ئێمەش خۆمان کرد بە ماڵدا. دوو جام دۆی بۆ هێنایین، ویستی چایەکیش لێ بنێت، نەمانهێشت. لەگەڵمان دانیشت و پرسیاری کرد ئاساییە هەموو شت بڵێت، سەرمان بۆ لەقاند و فەرمووومان کرد بە دڵی خۆی قسە بکات، ئەویش بە شەرمەوە کەوتە باسکردن:

- ڕاستییەکەی من تا ماوم مەمنوونی **شێخم**، کە حیکایەتەکەیم بیست خۆم بۆ نەگیرا. منیش و ئێوەش لە شوێنی ئەو بین هەمان شت دەکەین. سەرێکم لە **ئۆرتینە**دا، زۆر شتی بۆ باس کردم. پێش باسکردنی شتەکان خۆشترە ئەوە بڵێم، ئەو برە پارەیەی قەرزاری **مووسێ** بووین و منی لەبری لای خۆی هێشتبووەوە و ئێوە بۆتان برد تا منی لێ وەربگرنەوە، لە ناو توورەکەیەکدا بوو **ئۆرتینە** بەخشییەوە بە من و ئاگەداریشی کردمەوە لای کەس باسی نەکەم، نەبا باوکی پێی بزانێت. پاشان شتی سەیرسەیری بۆ باس کردم و سەرم لە شتەکان دەرناچێت.

-شتی وەک چی؟

- ئەوەی بەسەر **شێخ**دا دێت باوکیەتی نەک ئەو، ئەو زۆر ڕێزی شێخی لە لایە و نایشارێتەوە شێخ لە ناو دڵیەتی. خۆی دەڵێ پیاوی ناو خەونەکانمە، گوایە پێشتر چەندین جار بە هەمان جلوبەرگی سپییەوە **شێخ** هاتووەتە خەونی. کاتێ دەرهەمەکان دەبات بۆ سەندنەوەی من، کتوپڕ چاوی پێ دەکەوێت دەبینێ هەمان کەسی ناو خەونەکانیەتی. پەچەکەی لا دەدات و نیگایەکی تێدەگرێت. ویستویەتی بزانێ تەنیا ئەم خەون بەوە دەبینێت، یان ئەویش خەون بەمەوە دەبینێت. لادانی پەچەکەی سەر ڕووی بۆ فریودانی نەبووە، بۆ

لەخەونەکانیدا **شێخ** فریشتەیەک بووە شتی خۆئاشکراکردنی بووە. ئێستا ڕۆژانە بە دزی باوکیەوە لە سووچێکی باشی فێر کردووە. ئێستا ڕۆژانە بە دزی باوکیەوە لە سووچێکی پەنجەرە شینەکەوە تەماشای دەکات. کچێکی بڕوادارە، کردەوەکانی باوکی بە دڵ نییە، دەسەڵاتی نییە بەسەر باوکیدا، ناچار بە هێمنی و بێدەنگی و خۆشاردنەوە لە دوورەوە تەماشای ئەو هەڵایە دەکات کە پەیوەندیی بە ژیانی ئەوەوە هەیە.

- ئەی باوکی بۆ وا دەکات؟

دیارە چارەنووسەکە وایە، باوکی لە سەروەختێک کەسێکی بڕوادار بووە، کاسپیی حەڵاڵی کردووە. کڵێسە سپییەکەی لای ماسیفرۆشەکان بە پارەی باوکی دروست کراوە، خۆشی ڕۆژانە سەردانی کڵێسەی کردووە و نوێژی کردووە. جارێک لە گەشتێکیدا دایکی **ئۆرتینە** لەگەڵ خۆی دەبات و **ئۆرتینە** جێ دەهێڵن، کتوپڕ لە گەشتەکەدا کۆمەڵێ ئایینداری توندوتیژ دەدەن بەسەر قافڵەکەیاندا و دەست دەکەن بە کوشتنیان، لە بەر چاوی خۆی ژنەکەی دەکوژن و خەنجەرێکیش دەکەن بە سکی خۆیدا. قەدەر وا بووە نەمردوە. قافڵەیەکی دیکە دێن و لەگەڵ خۆیان هەڵی دەگرن، برینەکەی تیمار دەکەن و دێتەوە بۆ شار. لە دوای کوشتنی ژنەکەیەوە بە دەستی ئاییندارە شمشێربەدەستەکان، بە تەواوەتی پشت لە ئایین و بڕوا دەکات و دەبێتە کەسێکی باجگر. سوێند دەخوا تا لەم دونیا ماوە چی پێچەوانەی ئایینە بیکات. کێشەی ئەم پیاوە دووڕوویی، شەوان ناخەوێت شەونوێژی دەکات و بە ڕۆژیشدا چی پێ بکرێت دژی ئایینەکان دەیکات. **ئۆرتینە** خۆی سەری سووڕ ماوە لە باوکی، خۆشی پاش مەرگی دایکی پەچەیەک دەدات بە ڕوویدا و خۆی لە بینینی دونیا بە دوور دەگرێت.

ئێستا نازانێت چی بکات، ناشتوانێت لە نێوان باوکی و **شێخ**دا بڕیارێک بدات و پشت لە یەکێکیان بکات. باوکی پێی گوتووە یان من یان **شێخ**، دۆش داماوە لەو بەینەدا. بە منی گوت ئەم شتانە بە ئێوە بڵێم، دڵنیا

بن فریشتەی ناو خەونەکانی ئۆرتینە هەمان شێخە. ئارەزووی ئازاردانی ناکات، ئارەزووی گاڵتەکردن بە دڵە پاکەکەی ناکات.
تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە، سەرم کاس بوو.
- تۆ بڵێی ئەم دوانە فریشتە بن لە بەرگی مرۆڤدا، ناچێتە عەقڵمەوە. ئەی هۆی چییە خەونیان بە یەکەوە بینوە؟! من لەم نهێنیە حاڵی نابم. ڕۆدان تۆ چی دەڵێی؟
- چی بڵێم! نهێنییەک هەیە، نهێنییەکە پەیوەندیی بە دڵی دوو کەسەوەیە. وانەیەک لەم عیشقەدایە، با ئیتر خۆمان گێل نەکەین، با لە خۆمانەوە بڕیار نەدەین. بیرتە گوتم مووسێی باجگر دڵی شتێکە و زمانی شتێک؟ ئێستا بۆت ئاشکرا بوو برینەکەی چی لێ کردووە؟ ئەو نەدەبایە بە شوێن تۆڵە و ڕقەکەی ناخی بکەوێت، بە شوێن ئارامی بکەوتایە ئاوای لێ نەدەهات. با واز لەوە بهێنین، چی بکەین؟
-من بۆیە پرسیارم لە تۆ کرد تۆ چارەیەک بدۆزیتەوە، کەچی تۆ پرسیار لە من دەکەیتەوە.
- ناتوانم باش بیر بکەمەوە، جارێ هەستە با بڕۆین. دوایی بیرێکی لێ دەکەینەوە. بە بڕوای من ئێمە بەس ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین باشترە.
-دە زۆر باشە، درەنگە با بڕۆین، شەو سەر لە شێخ دەدەم خۆی گوتی، تۆش وەرە لەگەڵم.
تا گەیشتینەوە خانەقاکە تاریکی کرد، لەسەر چۆک نانێکی پەلەمان خوارد و کەلوپەلی نووسینەکەم پێچایەوە و بەرەو لای شێخ کەوتینە ڕێ.
سینییەک نان و تەماتە لە بەردەمی بوو سڵاوێکمان لێ کرد و بەخێرهاتنی کردین. من ئەمدیوم گرت و ڕۆدانیش ئەودیوی. بەدەم نانخواردنەوە ئەمری کرد بنووسم: "من لە نێوان بڕوا و ئاییندا بڕواکەم هەڵبژارد، لە نێوان خۆشەویستی و ڕقدا خۆشەویستیم هەڵبژارد، لە نێوان شکۆ و ڕسوایدا ڕسواییەکەم هەڵبژارد، لە نێوان

خەڵک و خۆمدا خۆمم هەڵبژارد. خوداش لە نێوان جوانییەکاندایە، کەسێک نەتوانێت جوانییەکان هەڵبژێرێت، ناشتوانێت خودا هەڵبژێرێت. خودا لە ناو خۆشەویستیدایە، مرۆڤێک نەتوانێت خۆشەویستییەکەی ناخی بدۆزێتەوە، بێگومان ناتوانێ خوداش بدۆزێتەوە. عیشقەکەی من بۆ کچە بڕواداریکە، کچێکە لە چاوەکانی مرۆڤ پاکترە. گەردێک بەسەر ژیانییەوە نییە. فریشتەکان بۆیە لای خودا خۆشەویستن لەبەر جوانی و پاکییەکەیانە، ئەم فریشتەیەی من عاشقی بووم تەنیا خۆشەویستی من نییە، خۆشەویستی خودایە. بەدەستهێنانی خۆشەویستیی ژنێکی پاک و جوان، بەدەستهێنانی خۆشەویستیی خوداشە."

کاری زۆری کردبوو، ماندووبوونی پێوە دیار بوو. ئەمما زەردەخەنەکانی سەر ڕوخساری زۆرتر بوون لە جاران، نائارامی و دڵتەنگیی پێوە دەرنەدەکەوت. چاوەڕێ بووم شتی تر بڵێت بینووسمەوە، ڕۆدانی ڕۆمی لێی پرسی: "جەنابی شێخ، تا کەی لێرە دەبی؟" لە وەڵامدا گوتی:

- تا گەیشتن بە کەماڵی خۆم. مووسێی باجگر چی بڵێ دەیکەم. ئەو کارانەی ئەو دەیدات بەسەر مندا، نەک ڕۆحم پیس ناکات، بەڵکو پاکتری دەکاتەوە. خزمەتکردنی عیشقەکەی ناخم، خزمەتکردنی بڕواکەمە. دڵنیام ئەو تێناگا و زۆر کەسی دەروەبەریشم تێناگەن. ئێمە بەر لەوەی ڕووبەڕوو یەکتر ببینین، لە خەونەکانماندا یەکمان بینیوە. دوو پەیکین هاتووین پەیامێک بگەیەنین، یەکێ لە پەیکەکان ئازاری زۆر دەدرێ کە منم، یەکێکیشان لە ناو قەفەزێکدا پەڕوباڵ دەکرێ کە ئەوە. ئازاری عیشق تامی لە هەموو ئازارێک سەختترە، من ئامادەم بۆ چەشتنی تامی ئازارەکە، منێک نەتوانم ئازارێکی عیشق هەڵبگرم، ئیتر بوون و نەبونم چ کەڵکی هەیە؟ با ئێوە بزانن تەنیا نهێنیی ئەم عیشقە ئەوەیە، عیشق گەورەترە لە ڕق، عیشق گەورەترە لە ئایین و لە قسەی خەڵک.

- ئەی ئەگەر هەموو شتەکانت کرد و مووسیٚ ڕازی نەبوو بە یەک بگەن، ئەوسا چی؟
- جا ئامانجی عیشق کەی گەیشتنە بە یەک، عیشق هیچ شتێک لە ناوی نابات، بە یەکگەیشتن نەبێت. بەیەکگەیشتن ئامانجی عیشق نییە، عیشق خۆی ئامانجەکەیە. من نەهاتووم ئۆرتینە ببەم، هاتووم ڕووناکییەکەی ناخی خۆم ئاوەدان بکەمەوە. کەسێک وێڵی دوای زانین بێت، ئەو کەسە بە خۆی بزانیٚ یان نەزانیٚ عاشقێکی گەورەیە. گەیشتن و نەگەیشتن باسێک نییە، باسەکە خودی پەیامەکەیە بیگەێنم.
- ئەی ئێمە چی بکەین، چیمان لە دەست دیٚ؟
- گوێ بگرن، باش ببینن، پەیامەکەی من بۆ ئێوەیە، ڕاستە خۆم تێیدا دەسووتێم و دەکەومە بەر تانەی دونیا، ئازار دەدرێم، دوای خۆم لە پەیامەکە تێدەگەن. زەوی خۆشەویستی و عیشقی لیٚ دەربهێنە، دۆزەخێکە بۆ خۆی. قەت بیستوو تانە لەباسی بەهەشتدا، باسی ڕق و تووڕەیی بکرێت؟ نا، نایبیستن. بەهەشت عیشقە، پڕە لە جوانی و خۆشەویستی، تەنیا عیشق دەتوانیٚ تامی بەهەشت بدات. من ئێستا لە ناو بەهەشتەکەی خۆمم، جاربەجار سەرم لیٚ بدەن، نیگەران مەبن سبەی چەشنی مەستێکی ناو کۆڵانەکان بمبینن، مەیخۆرەکان و عاشقەکان سەر بە یەک ماڵن؛ هەردوو لا پێکەوە مەست دەبن، یەکیٚ بەمەی، یەکیٚ بە عیشق. هێشتا لە سەرەتای ڕێگەکەدام، لەو شوێنەدام لە خەونەکەمدا ئۆرتینە دەستی گرتووم و بەرزیی کێوەکەم پیشان دەدات.

دەی با لەو باسانە بگەڕێین، دەرنگە و پێویستم بە پشوودانە. سبەی کارم زۆرە، ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت. وەک هەمیشە گوتوومە، شتی جوان ببیست و دەرگەی گوێیەکانتان بەسەر شتە ناخۆش و پیسەکاندا دابخەن.

## نەفرەتی خانەقا

من و غەرقانی ڕۆیشتبووین بۆ دەروازەی شارەکە تا مۆری سەر مەچەکمان تازە بکەینەوە، پانزە ڕۆژ جارێک هەمان کارمان دەکرد. کارەکانمان تەواو کرو و گەڕاینەوە بۆ خانەقاکە. جمەی دەهات، خەڵکێکی زۆریان کۆ کردبووەوە. مەلا بەیجووری ڕیشە ناشیرینەکەی بە خەنە باش سوور کردبوو، ڕیزێک ریش سپی لە پێشەوە دانیشتبوون، خۆشی لە ناو میحرابەکە بە پێوە وەستابوو. عەبا پاکستانییەکەی لەسەر شانە خوارەکانی گیر کردبوو، لە بەینی عەباکەوە ورگی دەرپەڕیبوو. دەستێکی هێنا بە تۆپەڵە ورگەکەیدا، سەیرێکی حەشاماتەکەی کرد و بزەیەک کەوتە سەر دەموچاوی. هەر کەس لای خۆیەوە لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی،خەریکی قسەکردن بوو. بە چ خۆترنجانێ لای دەرگەکەوە شوێنمان بوو و دانیشین. دەمێک بوو بۆی نەبوو لەسەر مینبەر بوەستێت، ئەمڕۆ خۆی میر و خۆی مەلا بوو، بەربەستەکانی بەردەمی نەمان و خۆی بوو بە میری ناو خانەقاکە. بە کەیفییەتێکەوە وەستابوو و لە خەڵکەکەی دەڕوانی، خۆی لێ ببوو بە نوێنەری ئاسمان.

دەستەکانی بەرز کردەوە و بە دەنگە گڕەکەی هاواری کرد: "خەڵکینە! خەڵکینە تکایە بێدەنگ بن و گوێ بگرن." ورتەورتی ناو خەڵکەکە

بەرەبەرە نەما و کشومات بوو. جا کۆکەیەکی بۆ کرد و باسی لەوە کرد گوتەی ئەمڕۆ باسی هەڵگەرانەوەی دینداریک دەکات بۆ خانمێکی گاور. هەر کە ئەم قسەیەی کرد بە جاریّ خەڵکەکە خرۆشا و دەستیان کرد بە گوتنی "تۆبە خودایا! تۆبە!"

شارەزا بوو لە خرۆشاندنی خەڵک، دوای نیشتنەوەی دەنگی خەڵکەکە، دەستی پیّ کردەوە: "خودا لامان دا، لە سەردەمێکدا دەژین بێبڕوای رامان تێدایە لەبەر خاتری کچی گاورێک پشت لە ئایینەکەی دەکات." خەڵکەکەش بە جاریّ دەنگیان بەرز دەکردەوە و ئەستەغفیروڵایان دەکرد.

کەوتە هاندان و درێژەی دایە: "موسڵمانانی ئازیز، ئەرکی ئێمە تەنیا ئەوە نییە نوێژ بکەین و سوننەتەکان جێبەجیّ بکەین، ئەرکی ئێمەیە نەهێڵین کەس دەست بۆ ئایینەکەمان ببات. ئایینەکەی ئێمە ئایینی پیاوە لاوازەکان نییە، ئایینی پیاوە دەستوەشێنەکانە. بۆیە لە پاڵ *قورئانە*کەماندا شمشێرێک هەبووە، بۆ ئەوەی فێرمان بکەن کەسێک سەرپێچیی کرد سەرەتا ئامۆژگاری بکرێت، لە سەرپێچیەکەی بەردەوام بوو، بە شمشێر چارەی بکرێت. کەسیّ خۆی بیّئایین بێت سزاکەی کەمترە لە کەسێک لە ئایینەکەی وەرگەڕابێت. ئێمە لێرەداین تا ببینە بەرگریکاری ئایینەکەمان، کیّ ئامادەیە بەرگری لەم ئایینە پیرۆزە بکات؟" بە جاریّ هەمویان هەستانەوە و مشتەکۆڵەی خۆیان بەرز کردەوە و توند مشتەکۆڵەیان دەهێنا و دەبرد و هاواریان دەکرد: "من لە پێناو ئایینی خودا دەجەنگم! من لە پێناو ئایینی خودا بیّئایینەکان لە ناو دەبەم! وەرگەڕاوەکان شایەنی مردنن و نابێت بژین!"

بە باشی دنەی خەڵکەکەی دەدا، من و **غەرقانی**یش خۆمان گرمۆڵە کردبوو. یەک ئاماژەی بەس بوو تا هەڵبکوتنە سەرمان و لە پەلوپۆمان بخەن. لە ترساندا نەکا ژەهرەکەی بە ئێمە برێژێت، باوەشمان بە ئەژنۆی خۆماندا کردبوو و باش گوێمان لیّ دەگرت. لە

حەشاماتە تووڕەکە ورد دەبووینەوە، بۆنی خوێنی لێ دەهات. یەکێک لە ناویاندا هەڵدەستایەوە خۆی ڕادەوەشاند و دەمارەکانی ملی دەردەپەڕین و دەیقیژاند: "ئەمە ئایینی ئێمەیە، کەس ناتوانێت عەیبداری بکات! نابێت لێرە دابنیشین و تەماشا بکەین، با بچین هەقی ئایینەکەمان بکەینەوە!" **مەلا بەیجووری** بە دەست ئاماژەی بۆ دەکرد لە شوێنی خۆی دابنیشێ. کابرای تووڕەی دادەنیشاند و جارێکی دی دەستی دەکردەوە بە ژەهرڕشتن: "موسڵمانە ئازیزەکان، کەس لە سزای خوداپەرستان ڕزگاری نابێت. لەبەر چاوی ئێمە و خودا ئایینەکەمان گۆڕاوەتەوە بە کچە گاورێک. **شێخ** کە بینیمان بە بڕوادار هاتە بەرچاومان، کەچی بە بینینی کچە گاورێک دڵی ڕەش هەڵگەرا و بوو بە خزمەتکاری پیاوێکی چەپەڵی باجگر. ئێوەش ئەم سوکایەتییە بە ئایینەکەمان قبوول بکەن، من قبووڵی ناکەم. خودا منی بۆ پاراستنی ئایینەکەی هێناوەتە سەر زەوی. غیرەت و کەرامەتم ناهێڵێت بە بەرچاومەوە ئایینەکەم بشکێنرێت لەبەر کچێکی گاور."

بە جارێ ئاگری بەردایە نوێژخوێنە بەستەزمانەکان. سەرجەمیان خۆیان بە دانیشتنەوە نەگرت و هەستانە سەرپێ، هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە، دەیقیژاند: "با بڕۆین! با بڕۆین حەیا و ئابڕووی ئایینەکەمان بهێنینەوە!" ئێمەش هەستاینە سەر پێ، چاوەڕێ بووم یەکێ لە دەرگەکەوە پێشیان بکەوێت و ئەوانیش بە شوێنیدا بڕۆن. دەنگە گڕەکەی مەلا لە ناو هەموویاندا دەنگی دەدایەوە. ئەوەندەم زانی ناو حەوشەی خانەقاکە و دەوروبەری پڕ بوو لە سەرباز. یەکێکی باڵابەرزی ڕەشتاڵە هاتە بەردەم دەرگەکە و دەستێکی دایە لاشیپلانی ئەمبەر و ئەوبەری دەرگەکە و هەتا بۆی کرا هاوارێکی کرد: "بێدەنگ بن! بێدەنگ بن!"

خەڵکەکە ڕوویان لە هاواری دەرگەکە کرد، بینیان سەربازێکی ڕەشتاڵەی کەلەگەت شمشێرێک و کڵاوێک بەسەریەوە و لە تەنیشتیشی چەند سەربازێکی تر دەستیان لەسەر شمشێرەکانیانە،

بێدەنگ بوون. سەربازە ڕەشتاڵەکە دیار بوو ئەفسەرێکی باڵایە، بە توڕەییەوە گوتی: "دابنیشن، هەمووتان لە شوێنی خۆتان دابنیشن، کەس نەجووڵێت و کەسیش ورتە لە دەمی نەیەتە دەرەوە."

خەڵکەکە لە ترساندا دانیشت. **مەلا بەیجووری** سەری سووڕ ما بە هاتنی سەربازەکان، ویستی بڵێ: "جوان نییە بە چەکەوە هاتوونەتە ناو خانەقاکە." ئەفسەری بەردەرگەکە نەڕەیەکی کرد بەسەریدا و بە خۆی و دوو پاسەوانەوە بەسەر شان و ملی خەڵکەکەدا هەنگاوی ناو چووە بەردەمی و لەبەر چاوی حەشاماتەکە، بە ناشیرینییەوە پێی گوت: "تۆ دەمت دابخە. ئەم شارە شاری بێ حاکم نییە، ئاگامان لێتە خەریکی دروستکردنی پشێوی و ئاژاوەیت." ئینجا پەنجەی بۆ نوێژخوێنان ڕاوەشاند و ئاگاداری کردنەوە، ڕێکوپێک نوێژەکانتان دەکەن و بە بێدەنگ بەرەو ماڵی خۆتان دەچنەوە. دوای هەڕەشەی لە خەڵکەکە، کەس نەیوێرا وەڵامی بداتەوە، دیسانەوە بۆ شکاندنی، ڕووی کردەوە **مەلا بەیجووری** و بە زمانە سەربازییەکەی خۆی بە دەنگی بەرز تا هەموان گوێیان لێ بێت، پێی گوت: "تۆ هەی مەلا، ئاخر جارتە خەریکی ئاژاوە بیت. چ تۆ چ ئەوانەی لێرەن، بچووکترین پشێویی دروست بکەن پشتی ملتان دەگرین و بۆ هەمیشە تەمێتان دەکەین. زیندانت دەوێت، زیندان دەستت ماچ دەکات. وا نەزانی پیاوێکی زۆر خوداپەرستی، ئەوە من هاتووم جەسارەتت هەیە لە پێناو ئایینەکەت ڕووبڕووم ببەرەوە. کێ لە ئێوە جەسارەتی هەیە با هەڵبسێتەوە." دوو جار دووبارەی کردەوە، کەس هەڵنەستایەوە. ئینجا بێمنەتانە چۆن بەرخ هەڵدەستێنی، بە دەست هەڵیساند و کردینیە دەرەوە، خودا شاهیدە هێشتا بە تەواوەتی نەیگوتبوو هەستن بۆ دەرەوە، دەرگەکە بەر نەدەکەوت و بە پاڵپاڵێن ترنجابوونە ناویەوە، پەلەی ڕاکردنیان بوو، من و **غەرقانی** خۆمان لا نەدایە دەبووین بە ژێر پێوە. مزگەوتەکە چۆڵ بوو، چاکەتی مەلای گرت و بە شێوەیەکی گاڵتەجارانەوە چاکەتەکەی ڕاتەکاند و پاڵێکی پێوەنا لە شوێنی خۆی

داینیشاند. چاوەڕێ نەبوو کەس وەڵامی بداتەوە، خۆی بە پێکەنینەوە لە ناو هۆڵەکە دەیگرماند: "ئەوە دواجارتان بێت. ئەم جارە ئاژاوە ببیستم، لەباتی زمانم شمشێرەکان بەکار دەهێنم. ئێوەی خۆبادەر دەتانتەنەڕاند لە پێناوی خودا دەجەنگین، ئەی بۆ کەستان نەیوێرا لەگەڵم بجەنگێت!"

چاوەڕێی وەڵامی نەکرد و خۆی و دەستە سەربازەکەی ڕۆیشتن. بە **غەرقانی**م گوت: "ئەم فریشتەیە لە کوێوە هات؟ ڕاستیان گوتووە، کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە. بزانە کەسیان وێرای نووزە بکات. تەماشای ڕیش‌سوور بکە، سەری خۆی داخستووە و نوێژم بۆ دەکات. ئەمەت لە چی و ئەوەت لە چی! خۆ بینیت، بە چ پرتاوێک دەچوونە دەرەوە، ئەها چۆن ئاوێک دەکەی بە ئاگرێکدا خامۆش دەبێت، خامۆشی کردن. ئەوە هوتافەکانیان چی بەسەر هات؟ ئەی کابرای خۆبادەر دەماری ملی خۆی دەردەپەڕاند، لەکوێوە چووە دەرەوە. ئەی **مەلا** بۆ ناڵێیت، شین هەڵگەڕابوو. وا عاقڵ و بێدەنگی کردن، بە ژیانیان ناوێرن شتی وا بکەنەوە." گوێم لێ بوو یەکێک لە پشتەوە بانگی دەکردین، لام کردەوە **ڕۆدانی ڕۆمی** بوو. بە دەست بانگی کردین، هێواش هەستاین و چووینە حەوشەکە. لێم پرسی:

- ئەوە تۆ لە کوێ بوویت؟ خودا ڕەحمی کرد ئەگینا شتێکمان بەسەر دەهات!

- نا خەمتان نەبێت، سەلامەتن. بێدەنگ بن، ئاوا بێدەنگیان دەکەم!

تومەز **ڕۆدان** زانیویەتی دۆخەکە بەرەو خراپی دەچێت، بە دزییەوە ڕای کردوە بۆ لای بنکەی سەربازییەکە. بنجوبنەوانی ئاژاوەکەی بۆ ئەفسەرەکەیان گێڕاوەتەوە، ئەویش نەیکردبووە نامەردی، خۆی و دەستەیەک هاتبوون. پێش ئەوەی ڕوو بدات، چارەیەکی بکەن. هاتنی سەربازەکان نەبوایە، جۆش و خرۆشی خەڵکەکە نەدەوەستایەوە. حەتمەن هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵی **مووسێی باجگر** و **شێخی سەنعان**یان دەکوشت و ماڵەکەشیان گڕ تێبەردەدا. بۆ خۆم بڕوا ناکەم ئەم ڕقە هەڵگیرساوە بە ئاسانی دامرکێتەوە و بەم زووانە کۆتایی

بپێت؛ مەلا واز ناهێنێت تا ڕقەکەی ناخی خوێنی نەڕێژێت و وێرانەیەک نەبینێت. نوێنەری ڕقێکە بە خوێن و کاولبوون دادەمرکێتەوە. لەو ساتەوەی هاتوینەتە ئەم شارە، شاهیدی چەندین جار شکاندنی ئەو مەلایەم و کۆڵیش نادات. شێخ شکاندی، دەروێشێک شکاندی، سەربازەکان شکاندیان، ئەم شکانانە بەسەر خۆیدا ناهێنێت و لە لایەک کپی دەکەنەوە، لە لایەکی ترەوە سەر هەڵدەداتەوە. تەحا پیاوێکی ڕووقاییمە!

ڕۆدانم هێنایە لایەکەوە، بە چرپەوە تێمگەیادن چارەیەکی من و غەرقانی بکات، خەریکە شوێنمان تەنگ دەبێت. ئەو زۆر ئاسایی وەری گرت و بە نەرمییەوە دەستێکی خستە سەر شانم، دڵنیایی پێ دام هیچیان پێ ناکرێت. پاشان گوتی: "جارێ بوەستن، منیش لە ئێوە باشتر نیم. نیازیان خراپ بوو شوێن زۆرە. بیرت دێت سەرمان لە قەشەی کڵێسەکەی خوارەوە و هاخامی جوولەکەکانی گەڕەکی سەرەوە دا، ئەو دوو پیاوە هەمیشە پەناگەی باشن بۆمان. چ کات زانیمان مەبەستیان خراپە، دەچینە لای یەکێک لەوان. دڵنیام مادام وای لێ هات، دونیا وێران بێت شێخ دەست لە عیشقەکەی خۆی هەڵناگرێت. لە ناو ئەو عیشقەدا بۆ کەماڵی بڕوا دەگەڕێت و ئەمانەش لە ناو ئاییندا بۆ خوێن و ڕق دەگەڕێن. بە هەڵسوکەوتەکانی دنەی تورەییەکە و ڕقئەستوورەکان دەدات، نائومێد بووە لە چاکبوونیان و ڕقەکەی ناخیان دەهێنێتە دەرەوە. دەی مرۆڤ وایە، ڕقەکەی ناخی بهێنێتە دەرەوە بە شوێنێک، بە کەسێک بیڕێژێت باشترە، تا کەڵەکەی بکات و گەورەی بکات. ڕق تا بچووک بێت، ئازاری بچووک دەبەخشێت، گەورە ببێت ئازارەکەشی گەورەیە. دەزانی ڕق لە برین دەچێت، ئازارەکەی پەیوەندیی بە گەورە و بچووکیەکەیەوەیە."

قسەکەم پێ بڕی، خۆمانە پێم گوت:

- با قسەیەکیش بۆ خودا بکەین، ڕێبازی سۆفیگەری لەئایینوەرگەڕان نییە. ئەم پیاوە لای ئێمە لە ئاییم وەرگەڕا و چی کۆڵەکەی ئایین

هەبوو تێکی شکاندن. کەی ڕەوایە پشت لە ئایین بکەیت و ڕوو لە کەسێک بکەی. لە لایەکیش هەقی خۆیانە دەهری بوون، ئەمانە لەوەتەی لەم شارەن و شتی وایان بە خۆیانەوە نەبینیوە. چونکە شارەکەش ئاینی جیاوازی تێدایە، ناتوانن لە بەردەم ئاییندارەکانی تردا خۆیان بگرن و بە شکانی دەزانن.

- نا وا نییە غەزنەوانی برام، وا نییە. جارێ بۆ کەس نییە لە بڕوا و بیبڕوایی مرۆڤەکان بڕیار بدات، پاشان شێخ بە تەنیا خۆی دەچێتە ناو گۆڕەکەیەوە. گرنگە خەڵک فێر بکرێن دەست لە پاسەوانیکردنی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان هەڵبگرن. ئایینەکە وا لاواز نەبووە ڕق لە دڵێکی ڕیشدرێژی خەناوی بەرگری لێ بکات. خودا خۆی باشتر دەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ بەندەکانی خۆی بکات. بەرگرییەکەی تۆ لەوان چیرۆکەکەی مووسام بە بیر دەهێنێتەوە. چیرۆکەکەی موسا و مێرووڵەکەت بیستووە؟

- کامە؟

- جارێک مووسا لەسەر کێوی توور لەگەڵ خودا قسە دەکات، داوا دەکات بچێتە شوێنی خودا، خودایی بکات. خوداش پێی دەڵێت: "کاری تۆ نییە و بەرگە ناگریت خودایی بکەیت." مووسا نکۆڵی دەکات. لەو کاتەدا مێرووڵەیەک گازێک لە قولەپێی مووسا دەگرێت، بە هۆی ئێشی گازەکەوە، مووسا پێ بە مێرووڵەکە و هێلانەی مێرووڵەکەدا دەنێ و چەندین مێرووڵەی بەستەزمانی تر پان دەکاتەوە. خودا پێی دەڵێت: "بینیت، بینیت بەرگەی ئازارێکی بچووکت نەگرت و بە هۆی ئازارێکەوە دەیان مێرووڵەی تری بێگوناهت کوشت. ئەی لەشوێنی من بیت و ئەو هەموو ئازارە گەورەیە ببینی، دەبێ چی بکەیت؟!"

براکەم مرۆڤ لەبەر ئەوەی مرۆڤە، خودایەتیی پێ ناکرێت. مرۆڤ دەبێ شوێنی خۆی و خۆی بناسێت، نابێ زیاد لە خۆی دەربچێ. ئەمانە زیاد لە خۆیان دەرچوون، خۆیان لێ بووە بە شوێنگرەوەی

خودا. ڕقەکەی ناخیان بە ناوی خوداوە بڵاو دەکەنەوە، تا کەی نایاننانسی و تا کەی ڕاپایی بەرۆکت بەر نادات.

- باشە ڕۆدانی ڕۆمی، ئەی خودا بۆ نایەت چارەی ئەم دەردە بکات؟!

- پرسیارەکەت جوانە، بە بە، پرسیارەکەت فرە جوانە؛ لە ناوچەکەی خۆمان لە ڕۆم، لە نێوان دوو بنەماڵەدا شەڕێک ڕووی دا، یەکێکیان غەدری لەوی دیکەیان کرد. غەدرەکە لە دڵم دەرنەدەچوو، هەمان پرسیارم لە باوکم کرد. باوکم بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: "خودا یەک جار گەردونی دروست کردووە، ژیان و مردنی داناوە بۆ مرۆڤ. لەو تەمەنەی لە ژیانیدا بۆی داناوە، چی دەکات با بیکات، ڕۆژی مردن ڕۆژی حیسابکردنە. ناکرێت بۆ هەر کێشەیەک خودا بێتە سەر زەوی و دەست بکات بە چارەسەرکردن، کاتێ مردن هات و دەستی خستە قورگت، بارەکەی سەرشانت چی بێت، هەقی بارەکەی خۆت وەردەگریت. زەوی لە چاو ئەستێرەکانی تر بچووکە، خودایەک گەردونێکی بەم گەورەییە دروست کردبێت، کاری ئەوە نییە بۆ کێشە بچووکەکان دەست بخاتە ناو ژیانمانەوە. دەست و چاو قاچ و مێشکمان هەیە، بە ڕێگەی باشدا بڕۆ، کاری باش بکە، بە باشی بیر بکەوە، ژیانێکی باش دەێتە بەردەمت. لا دەدەی و ئازار دەگەیەنیت بە بەرامبەرەکانت، بێگومان لە شوێنێکدا باجی ئازاربەخشینەکە وەردەگریتەوە، ئیتر ئەو شوێنە سەر زەوی بێت، یان دەرەوەی زەوی. قەت پێم وا نییە خودا بەو گەورەییەوە خۆی سەرقاڵ بکات بە کارە بچووک و بۆگەنەکانی مرۆڤەوە. مرۆڤ خۆی ترسنۆکە، مرۆڤ ترسی نەبوایە لە مردن و حیسابکردن لەوە ناشیرینتر دەبوو کە ئێستا دەیبینین."

- جا ئەمە چ خودایەکە وەک سوڵتان سەیر دەکات و هەقی بەسەر هیچەوە نییە؟

- ئەوە ئەو خودایە، باش و خراپ، جوان و ناشیرین، عەقڵ و هۆش و گوێی داوە پێت، بەکاری دەهێنی بەکاری بهێنە، بەکاری ناهێنی

چاوەڕێی ئازار بکە. مرۆڤ خراپترین جۆری دڕندەکانە، جگە لە مرۆڤ یەک گیانەوەرم پێ بڵێ لە نزیک خودا دەرکرابێت بە هۆی خراپییەکەیەوە؟ بڕوا ناکەم لەبەر بیرکردنەوە مرۆڤ دەرکرابێت، لەبەر گەمژەیەتی و دڕندەیەکەی دەرکراوە. لەو تەمەنەدا هۆش دەکەیتەوە، دەزانی مردن هەیە، مردن ونبوون نییە، مردن ساتی پیشاندانی وێنە ڕاستەقینەکەی خۆتە، تا بزانرێت لەم سەر زەوییە مرۆڤ بوویت، یان نامرۆڤ. تۆ بەتەمای خودا بێنی **مەلا بەیجووریی پاکستانی**ت بۆ چاک بکات، نابینی براکەم نابینی. ئەم مەلا ڕیشخەناوییە کاتی خۆی دێت و لە ناو گۆڕەکە بە خامێکی سپییەوە دەکەوێتە بەردەستیان، بەڵی دەکەوێتە بەردەستیان، باش دەکەوێتە بەردەستیان.

- شێت بووم بە دەستتەوە! ئەوە بۆ شت دووبارە دەکەیتەوە! یەک جار بیڵێ و تەواو!

-جا بۆ شێت دەبیت، سروشتی من وایە. تۆ بەرگەی سروشتی هاوەڵێکی خۆت ناگریت، بە تەمای خودا بانگ بکەیتە سەر زەوی کێشە بچووکەکانت بۆ چارە بکات.

-باشە کاکە گیان، بیبڕەوە، لێگەڕێ با بچین شتێک بخۆین، لە بەیانییەوە قووتێک نەچووە بە قوڕگماندا. ئەم **غەرقانی**ی کوڕی بەردە، قسەیەک لە دەمی نایەتە دەرەوە. لە برساندا بمرێت ناڵێت برسیمە، ناخۆشی کردوە بەم بێدەنگییەی.

***

پێم وایە ئاگرەکە لە بنەوە گەرمای ماوە، دەستەدەستە سۆفی و مورید و فەقێیەکان لە دەوری یەک گرمۆڵە دەبن و فسکەفسک دەکەن، لەوانەیە بیانەوێت دەستێک بوەشێنن. کاتێ ئێمە دەبینن لە بوین، ئەو **غەرقانی**ەی دوو قسەی نەدەکرد، چرپاندی بە گوێمدا کە خەریکی نان چاککردن

گوێی لێ بووە دەیانەوێت ئەمشەو و دوانیان بچنە سەر شێخ، بوەستن تا دەخەوێت و بەردێک بکێشن بە سەریدا و لە کۆڵی بکەنەوە. ڕێک بەرچاوم تاریک بوو، لێم پرسی:

- ئەوە بە ڕاستتە؟

- بەڵێ بەڕاستمە.

دیارە ئەمانە واز ناهێنن تا بەڵایەک بەسەریدا نەهێنن. بە پەلە نانەکەمان خوارد و بێ ئەوەی کەسیان هەستمان پێ بکەن، لە پشت خانەقاکەوە چووینە ناو باخەکە. جەنابی **شێخی سەنعان** لە شوێنی خۆی چوارمشقی دانیشتبوو، ئاگرێکی کردبووەوە، بە چیلکەدارێک دەستکاری ئاگرەکەی دەکرد. بە لایەوە سەیر بوو لە پشتیەوە هاتووین، پرسی کە شتێک بووە، بە هانکەهانگ هەواڵەکەمان پێ دا. زۆر لەسەر خۆی گوتی: "ناتوانن. من خودام هەیە، ناتوانن. خەمی منتان نەبێت. مەرگی من بە دەستی مرۆڤەکان نییە. لە شوێنی خۆم ناجوڵێم، با بزانین چییان پێ دەکرێت. خودا لەپشتم بێت مرۆڤ پێم ناوێرێت، خوداش پشتی بەر دابم مێرووولەیەکیش پێم دەوێرێت."

بە هەرحاڵ، گوێمان بۆ نەگرت. تەنیا ئاگەدارمان کردەوە و زانیمان بێمنەتە. بۆ شەوەکەی **غەرقانی**م هێنایەوە و پێکەوە لە سووچێکی لاتەریکدا، دانیشتین و یەکی خامێکی سپیمان پێ بوو. درەنگانی چاومان لێ بوو **شێخ** لە جێگەکەی خۆی پاڵ کەوت بۆ خەو. مانگەکە گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان، لەوسەرەوە دوو تارمایی دەرکەوتن. وردەبەردە بە ئەسپایی بەرەو جێگەکەی **شێخ** هەنگاویان دەنا و یەکی کوتەکێکی زل بە دەستیانەوە بوو. ئەوەندەیان نەمابوو بگەنە نزیکی، من و **غەرقانی** خامە سپییەکانمان دا بەسەر خۆماندا و بەرەوڕوویان چووین. دوو تارمایی سپی لە ناو باخەکەدا لەو مانگە شەوەدا، کە بینیانین یەکەم جار وەستان و سەیرێکیان کرد، زانییان بەرەوڕوویان دەچین، دەستیان کرد بە بیسمیللا بیسمیللا. نەخێر سوودی نەبوو، هەنگاوهەنگاو لێیان نزیک دەبووینەوە. هەرچەند بیسملای و یائەڵا و

ئەستەغفیرولڵایان کرد، ئێمە هەر بەرەو ڕوویان چووین. چەند هەنگاوێکمان مابوو بگەینە لایان، دەستی خۆیان و کوتەکەکانیان بەرز کردەوە.
کە گوێیان لە یائەڵاکەی ئێمە بوو، کوتەکەکانیان دانا و هەتا پێیان کرا بە هاوارکردنەوە ڕایان کرد. بەدەم ڕاکردنەوە هاواریان دەکرد. لە ژێر خامە سپییەکەدا پێکەنین قوڕگی گرتبووم، خەریک بوو بدەم لە قاقای پێکەنین و ئاشکرا ببین. باش بوو ئەوان دوور کەوتنەوە، بە دەنگی هاوارەکەیان شێخ خەبەری بووەوە. خامەکانمان لە سەری خۆمان لا داو خۆمانمان پێ ناساند. چیرۆکەکەمان بۆ گێڕایەوە، خەریکی چی بوون و ئێمە چیمان لێ کردن. بەو نیوەشەوە ئەوەندە پێکەنین ئاو لە چاومان دەهاتە خوار.
بەیانییەکەی خۆمان خەڵەفاندبوو، گوێمان لێ بوو باسی فریشتەکانی شێخیان دەکرد، گوایە شەو چوون سەرێکی لێ بدەن، فریشتە پاسەوانی کردووە. وا بە ڕژدی دەیانگێڕایەوە، خەری کبوو خۆشمان بڕوا بکەین. ڕۆدانی ڕۆمی بە شڵەژاوییەوە وتی: نەمگوت، نەموت ئازیزان، نەمگوت شێخ کەراهەتی هەیە. فەرموو چوون بۆ لای بە چاوی خۆیان فریشتەیان بینیوە." خۆی و شڵەژاندبوو گوایە مژدەیەکی خۆشی بۆ هێناوین، من و غەرقانیش سەیری یەکتریمان دەکرد و پێدەکەنین، ئەویش تەواو بە پێکەنینەکەمان تێک چووبوو. خۆمان نەگرت، لە سەرتاوە بۆ بن بۆمان گێڕایەوە. کەمێک لە شوێنی خۆی وەستا و دوای کەمێک بە دەنگی بەرز قاقای لێ دەدا و گاڵتەی بە گەمژەیی خۆی دەکرد. ئەم جارە ئێمە ئەویشمان خەڵەتاند و گەمژەمان کرد، ئەوەندە خۆش بوو پێکەنینمان لێ نەدەبڕاوە.
زانی گەمژەمان کردووە، ئینجا کەوتە پیاهەڵدانمان: "ئەک دەستتان خۆش بێت! برا قەسەم بە خودا بڕوام کردبوو، خۆتان نەتانگوتایە بڕوام کردبوو. هەی نامەردینە، ویستویانە شتێکی لێ بکەن. دە بڕۆن

بخۆن، ئاواتـان لـێ دەکەن. گلەیی بێ بۆچی منتـان نەبـردووە؟ با بووینایە بە سێ فریشتە. گلەیی بێت، باش گلەیی بێت."

ڕۆژێکی خۆشمان گوزەراند. تەواو ترسا بوون لە شێخ، نەیاندەوێرا لە پشتەملەش قسـەی پێ بڵێن. سۆفییە ڕیش چڵکنەکەی جاران، کە بیستوچوار کـاتژمێر لـۆمەی دەکـرد، زمـان لە دەمیـدا ئاوسـابوو. بشیزانیایە یەکێـک باسـی دەکـات، خـۆی لـێ دوور دەخسـتەوە. وا ترسـابوون، هەنـدێکیان ئارەزوویـان دەکـرد بە دزییەوە بچنە لای و دەستی ماچ بکەن. ڕوویان لەگەڵمان گۆڕا، سڵاویان لێ دەکردین و هەواڵیـان دەپرسـین. گونـاه بـوون، مەلا بەیجووری بە دڵـی خـۆی دەیهێنان و دەیبردن. هەمیشە چاوەڕێ بووم ئێمەش وەدەر بنێن.

## کڵێسەکە، ماڵی دووەم

هەفتەیەک تێپەڕی و هیچ ڕووی نەدا. ئێوارەیەک من و **غەرقانیی تەنبوورژەن** کتێبی دەستنووسی نەهج بەلاغەی **ئیمامی عەلی**یمان لە ناو ڕەفەی دەستنووسەکان دەرهێنابوو، دەمان خوێندەوە. چاومان بەو بەشەی گوتارەکانی دەخشاند کە باسی دووڕوویی خەڵکی *عێراق* دەکات. دوو ڕوویی خەڵکی *عێراق* دیارە یەکێکە لە برینەکانی سەردڵی، بۆیە لە زۆر شوێن باسی دەکاتەوە. شاری بەسڕە و کووفە، دوو شاری کۆنی *عێراق*ن، زۆربەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی خەڵکی یەمەنن. لە کاتی فەتحی ئیسلامیدا ئەو دوو شارە گەورەتر بوون، خەڵکەکەیان لەو جۆرە بوون دەسەلات لای هەر کەسێک بێت خۆیانیان داوەتە پاڵی. گوێیان بەوە نەداوە کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە، باکیان بەوە نەبووە هەق بە کێیە، ژیانی خۆیان و بەرژەوەندیی خۆیان نەکردووەتە قوربانی کەس. دەسەلات و هێز لای کێ بووە خۆیانیان داوەتە پاڵی و دژی بێدەسەلات و خاوەنهەقەکان وەستاونەتەوە. لەو کتێبەیدا **ئیمامی عەلی** دەست دەخاتە سەر دووڕووییەکەیان، ئێمەش دێڕەکانمان دەخوێندەوە و فەقێ و موریدەکانی ناو خانەقاکە دەهاتنە بەر چاومان.

لەناو کتێبەکەدا ڕۆ چووبووین، لەناکاو **مەلا بەیجووری** لە بەردەمماندا قوت بووەوە. بێشەرمانە نەڕاندی بەسەرماندا کتێبەکە دابخەین و بیخەینەوە شوێنی خۆی. **غەرقانی** بە شەرمەوە کتێبەکەی داخست و خستیەوە ناو دەستنووسەکان. وامان زانی خوێندنەوەی کتێبەکە بۆ هەموو کەس نییە، کەچی پاشان لێی پرسین: "لەگەڵ منن یان **شێخ**؟!" ئێمەش تەماشایەکی یەکترمان کرد و بە نیازی خۆگێلکردن خۆمان خەریک کرد بە ڕەفەی کتێبەکانەوە. ئەم جارە بە دەنگێکی گڕی ناخۆش دیسانەوە نەڕاندی بەسەرماندا: "لەگەڵ ئێوەمە! لە کامیانن؟"

منیش تووڕەبوون هاتە لای لووتم و بە شێوەی خۆی لێم پرسی:

- مەبەستت چییە؟

-مەبەستەکەم ڕوونە، لە کام لان؟

-بڕوا لای کێ بێت، هەقیقەت لای کێ بێت، لە لای ئەوین.

- کەواتە شێخەکەتان بڕوای هەبوایە ئێستا لە ناو ئەم خانەقایە دەبوو.

- ئارەزوو ناکەم وا قسە بکەین. شێخەکەی ئێمە بێبڕوا نییە، مەرج نییە هەر کەسێک نەهات بۆ خانەقا و مزگەوت بێبڕوا بێت. مەرجیش نییە هەر کەسێک لەو دوو شوێنە دەرکەوت بڕوادار بێت. سەوزەفرۆشێکی ڕاستگۆ لە سەد هاتوچۆکاری ناو مزگەوت و خانەقاکان بڕوادارترە. هاتوچۆکارێکی ڕقلەدڵابووی ناو مزگەوت و خانەقاکانیش، لە سەد بێبڕوا بێبڕواترە. تۆ بە ڕەواڵەتدا بڕوا دەناسی، بۆیە خەریکی ڕیش و خەنەیت قوربان.

- بە خودا جوانە! دەمیشتان کراوەتەوە. خەتای منە، لە تەڕ دەخۆن و لە وشک دەنوون. شەرم لە خۆشتان ناکەن، ئاوا وەڵامم دەدەنەوە. زانیم نیازی خراپە، ئەو کەمە شەرمەی هەمبوو فڕێم دا، بە زمانێکی ناخۆش لەگەڵماندا دەدوا، بە هەلم زانی هەقی لێ بکەمەوە. بۆیە پێم گوت:

- جاری پێش هەموو شت ئەمە موڵکی باوکت نییە، تۆ نانخۆرێکی ئێرەیت. خۆشت بەم خانەقایەوە با مەدە، تۆ هیچت لە ئێمە زیاتر نییە

لەم شوێنەدا. گەر هاتینە ماڵەکەت هەقی خۆتە بەم جۆرە بدوێیت. شەرمیش لە کەسێک دەکەین، شەرمکردن لێی قابیلی بێت. تۆیەک سەرتاپای ناخت ڕق و کینەیە، تۆیەک جگە لە دووڕوویی هیچی دیکە نازانیت، بۆچی شەرمت لێ بکەین؟ کەی لایەقی ئەوەیت شەرمت لێ بکرێت. لەوەتەی دەتناسم خەریکی کاری گەنیت، کارە گەنەکانت خانەقاکەشی بۆگەن کردووە.

-تۆزێ تەربییەتت هەبێت کوڕە! بزانە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت، با نەنێرم بێن باش بتانکوتن.

- مەلا، من ئەدەبم هەیە و بێتەربییەتیش نیم، دەشزانم لە بەردەمی کێدام. وەڵامەکانم لە ئاستی خۆتدایە. بیریشت نەچێ نە تۆ و نە کەس ناتوانێ دەستمان لێ دا، ئێمە شێخ نین هەموو شتت لێ قبووڵ بکەین. یەک کەس دەستمان بۆ بەرز بکاتەوە، بە خەنجەر ئەو ورگە زلەت هەڵدەرێژینە سەر زەوییەکە.

چاوی سوور هەڵگەرا، بڕوا ناکەم لە ژیانیدا کەس بەو جۆرە شکاندبێتی. خۆشم دام نابوو زیاد بڕوات و تا هێزم تێدایە تێیبسرەوێنم. فەقێیەکان سەرسام حەپەسابوون لەم دەنگەدەنگە و وەڵامدانەوەیەی ئێمە. ویستی گەلەکۆمە بکات و دەستی کرد بە فیلکردنی: "تۆبە خودایە! لە ناو خانەقایەکین شاگردی دەمڕووت، سوکایەتی بە مامۆستاکەی دەکات!" ئەم فیلەی بۆ هاندانی فەقێیەکان بوو. کە ناوی مامۆستای هێنا، هاوارم کرد بەسەریدا: "بوەستە! تۆ حەدت نییە مامۆستای ئێمە بیت. مامۆستای ئێمە کەسێکە دەیانی لە جۆری تۆی کردووە بە مرۆڤ. تۆ مامۆستای کەسی گێلیت، نەیەت بە دەمتدا خۆت بە مامۆستای ئێمە بزانیت. ماوەیەکی زۆرە سوکایەتی دەکەیت، قسەی ناشیرین دەکەیت، دەنگمان نەکردووە، لەمەودوا دەبینی چۆن باجی دەم و ناخە پیسەکەت دەدەیت."

یەکێک لە فەقێیەکان هەڵی دایە و پەنجەی ڕاوەشاند بێدەنگ بم. لە ژیانم یەکەم جارم بوو خەنجەر هەڵگرم، خەنجەرەکەم لە تیشووەکەم

دەرهێنابوو و لە بن کراسەکەوە شاردبوومەوە. دەمەویست کە فینکی کرد بچمە کەناررووبارەکە، دەستەیەک قامیش ببڕم و وشکیان بکەمەوە بۆ نووسین. کاتێ فەقێیەکە پەنجەی ڕاوەشاند، دەستم برد خەنجەرەکەم دەرهێنا. مەلا کە خەنجەرەکەی بینی ڕەنگی پێوە نەما، نوکی خەنجەرەکەم خستە سەر تەوێڵی و پێم گوت: "باش گوێ بگرە گرگن، جارێکی دی ناوی ئێمە، ناوی شێخ، بە باش و خراپ بهێنی، بەم خەنجەرە لەتلەتت دەکەم. ئەم خانەقایەش ماڵی خودایە، بۆت نییە بە ئێمە بڵێی چی دەکەین و چی ناکەین. نەخشە بۆگەنەکانی سەریشت پاک بکەرەوە، ئەگینا بەم دەستانەی خۆم دەتنێرم بۆ دۆزەخ. هەی دۆزەخی، تۆیەک بەو پیسییەوە چۆن دەتوانی پێ بخەیتە ماڵی خودا و بە ناوی خودا و ئایینەوە قسە بکەیت. نە ڕێزت دەگرین و نە بە گوێشت دەکەین و نە بە مرۆڤیشت دەزانین."

زیرەی کردبوو، دەمی تەتەڵەی دەکرد. فەقێیەکان هاتنە بەینمان، زانی کەوتوونەتە بەینمان، لە دوورەوە هاواری دەکرد: "لێرە برۆن، نابێ لێرە بن." منیش هاوارم کرد: "لێرەش برۆین، لەم شارە ناڕۆین تا تۆ پارچەپارچە نەکەم. هەی پیسی چەپەڵ، ناخبیمار." بویە پەلامار پەلامار، خوداکردی فرسەتێکم بۆ هەڵکەوت، تا هێزم تیدا بوو دەسکی خەنجەرەکەم کێشا بە تەوقی سەریدا. خوێن لەسەری فیچقەی کرد و بەو زلییەوە کەوت. نەیانهێشت باش بیکوتم، غەرقانیش یەک شەقی تەڕی تیهەڵدا، شلپەی هات. ئەوەندە گۆشتی پێوە بوو، شەقت بدایە لە هەرشوێنێکی دەنگێکی خۆشی لێوە بەرز دەبووەوە.

لە یەکیان دوور خستینەوە و فەقێیەکان دەستیان لێ نەوەشاندین. ئەم ناخبیمارە هاتبوو پێمان بڵێ خانەقاکە جێ بهێڵین، ئێمەش بەرگەمان نەگرت و ئەو گورزەمان تێسرەواند. منێک کە لە سەرەتای ژیانمەوە تا ئەمڕۆ دەستەکانم لەگەڵ وشەکان و ڕەنگەکان و جوانییەکانی ناو نیگارەکان تێکەڵبوو، وایان لێ هات خەنجەر بگرن بە دەستەوە و بیوەشێنن. مرۆڤ هەندێک جار ناچار دەبێت ببێت بەو شتەی کە

نەیوستووە ببێت، ناچارە شتێک بکات بیری لێ نەکردووەتەوە. چاوەڕوان نەبووم لە ژیانمدا شەڕ بکەم، پەشیمانیش نیم لە کەسێکم دا، هەقی لێدانی بوو. بۆنی ناخە پیسەکەی کونجوکەلەبەری خانەقاکەی پیس کردبوو. کەوتبوومە دۆخێک یان من بم یان ئەو. لە پاڵ حەوزەکەی پاڵیان خستبوو دەموچاوە خوێناوییەکەی بشۆن، خوێنەکە نەدەوەستاوە. جۆشێک گرتبوومی بە تەمای فرسەتێک بووم بە تەواوەتی لە پەلوپۆی بخەم.

غەرقانیم دڵنیا کردەوە نەترسێت، شەریان ویست تا پێمان بکرێت دەست دەوەشێنین و دەیکەین. ئێرە جێ ناهێڵین، یان عاقڵی دەکەین، یان ئێرە دەبێتە گۆڕمان، تا کەی قبووڵی بکەین؟ فەقێیەکان کۆمەڵەیەکیان لە دەوری ئێمە بوون، نەکا پەلامار بدەین و کۆمەڵەیەکیشیان خەریکی تیمارکردنی مەلا بوون. ڕۆدانی ڕۆمی لە دەروازەی حەوشەکەوە دەرکەوت، دۆخەکەی بینی و بەرەو لای مەلا چوو. پرسی: "ئەوە چی بووە؟" یەکێ لە فەقێیەکان بۆی ڕوون کردەوە ئێمە لێمان داوە. دیسان پرسی: "بۆچی؟" ئەویش گوتی: "برۆ لە خۆیان بپرسە." هاتە لای ئێمە، پرسی: "ئەوە چی بووە؟" منیش بە تووڕەبوونەوە وەڵامم داوە: "جا چی نەبووە! ئەم کابرا ناخپیس و ورگزلە، لە سوکایەتیکردن ناوەستێت. وا دەزانێ خانەقاکە هیی باوکیەتی. هاتووە جوابمان بکات، ئێمەش لێرە ناڕۆین. بشڕۆین کاتێک دەڕۆین ورگە زلەکەی هەڵبڕێژین." قسە ناخۆش و ڕەقەکانی منی پێ سەیر بوو، چاوەڕێی نەدەکرد من ببینێت شەڕ بکەم. گەرچی دڵنیام لە دڵەوە زۆری پێ خۆشبوو، دەستی برد بۆ خەنجەرەکە لە دەستمی وەربگرێت، پاڵێکم پێوە نا و نەمهێشت. تێگەیشت تووڕەبوونەکەم هیی ئەوە نییە بەو زووییە ئاسایی ببێتەوە، بە بێدەنگ لە شوێنی خۆی وەستا.

بینیم کەلوپەلەکانمان لە گۆشەیەکدا دانراون، ئەو نامەردە پێش هاتن بۆ لامان کەلوپەلەکانمانی کۆ کردبووەوە و ئامادەی کردبوو بۆمان

بیبەین و بڕۆین. کە چاوم پێیان کەوت هاربووم، بە فەقێیەکم گوت: "ئەو کەلوپەلانە ببەرەوە شوێنی خۆی، کێ غیرەتی هەیە بە ئێمە بڵێی لێرە بڕۆن، با هەستێتە سەر پێ، یان ئێمە دەبین یان ئەو." یەک کەس بەرەنگاریی نەکرد. فەقێیەکە کەلوپەلەکانی بردەوە هۆدەکە، ئەوانیش دۆخەکەیان پێ خۆش نەبوو، بە ناچاری قبووڵیان دەکرد.

شەڕەکە تەواو بوو، ڕۆیشتینەوە سەر ژیانە ئاساییەکەی خۆمان. من و غەرقانی جارێکی تر نەچووینەوە پشت مەلا نوێژ بکەین، لە وانەکانیشیدا بەشداریمان نەکرد. بووینە دوو میوانی ڕەزاگران. تاقمێک حەزیان لێ بوو بڕۆین، تاقمێکیش مانەوەیان پێ خۆشبوو. مەلاش خۆی بە تەواوی ترسابوو، گەیشتبووە یەقین دەرمان بکات بەلایەکی بەسەردا دێنین. بەردەوام شتەکانیان لێمان دەشاردەوە. ڕۆژانی ڕۆمی بۆی گێڕاینەوە لە یەکەم ڕۆژەوە چاودێریمان دەکەن، چەند جار سەردانی **شێخ**مان کردوە زانیویانە. **شێخ**یان لێ بووە بە شەیتان. منیش لە داخی چرپەچرپ و کارە بەدەکانیان، لە ناوەڕاستی حەوشەکە هاوارم کرد: "**غەرقانی** کەمێ نان و خورمام بۆ حازر بکە، دەستە قامیش و مەرەکەبەکەشم بۆ بهێنە، سەرێک لە **شێخ**ی بڕوادار دەدەم." هەموویان گوێیان لێ بوو، خۆیان کەڕ کرد. بوومە دەستوەشێنی ناو خانەقاکە. شتەکانی بۆ هێنام و لە بەرچاویان کەوتمە ڕێ بۆ لای **شێخ**.

لە بندرەجتی حەوانەوەکەی پاڵی دابووەوە، نان و خورماکەم بۆ دانا و کەلپولەکانی خۆشم ئامادە کرد. بە نەرمی دەستی کرد بە نان و خورما خواردن و بەدەم نانخواردنەوە پرسی: "چی ڕووی داوە؟" نەمتوانی لێی بشارمەوە، بۆم گێڕایەوە چی ڕووی داوە. زۆر نیگەران بوو، بە نیگەرانییەوە گوتی:

- هەڵەت کردووە، بهاتنایە لەم باخە لە پاڵ من بە نانە سکێ بژیانایە، باشتر بوو لە شەڕکردن. دەستێک قەڵەمی پێ هەڵدەگریت، دەستی هەڵگرتنی خەنجەر نییە. ڕاستە ئێوە لێتان داوە و خستوتانە، ڕاستە

ئیتر ناوێرێت باستان بکات، لێ ئەو براوەیە. توانی وا بکات ڕقەکەی ناختان زیندوو بکاتەوە. مرۆڤ ڕقێک لە ناخی نەبێت ناتوانێت شەڕ بکات. ڕقەکە دەبێتە تۆڵەکردنەوە، ئەو هێزی ڕقەیە مرۆڤ لە مرۆڤەوە دەکاتە دڕندە. زللەکەی مەسیح پەیامبەرت بیستووە؟ مەسیح دەڵێ: "گەر زللەیەکیان لێ دای، لاکەی تریشان بدەرێ." زللەیەکت لێ بدەن و تۆ مشتەکۆڵەیەک بکێشیت بە بەرامبەرەکەتدا و بیکوژی، تۆ براوە نیت. یارییەکە وایە، ئەو دەیەوێت شتێک بکات تۆ بچیتە ناو یارییەکەوە، کە چوویتە ناو یارییەکەی ئەوەوە، وێرانیشی بکەیت براوە ئەوە. حیکمەتی زللەکە ئەوەیە، ئاگەدارمان دەکاتەوە نەکەوینە ناو یاری بەرامبەرمانەوە. ئێوە بە ئاسانی تێیکەوتن، ڕقەکەی ناختانی بە خەبەر هێنا، کاتی دەوێت تا ڕقەکە بکوژێنەوە و ببنەوە بە خۆتان. شەڕکردن لەو ساتەدا نییە پەلامار دەدەیت، لەو ساتەدایە لە ناختدا شەپۆلێک تەنگت پێ هەڵدەچنێت و شەپۆلەکەی ناخت بەرەو شوێنێکت دەبات، بە دەستوەشاندن دادەمرکێتەوە. دوای دەست وەشاندنەکە شەپۆلەکە کەمێ ئارام دەبێتەوە، کەمێک دێیتەوە سەر خۆت، ئەو ڕقەی شەپۆلەکەی دروست کردوە کۆتایی نایەت. چەند جار شەڕەکە دێتەوە یادت، ئەوەندە جار ڕقەکە زیندوو دەبێتەوە.

– جەنابی شێخ تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام خۆ پێویستە سنوورێکی بۆ دابنێین.

– سنوور لە بەرامبەر ڕق، پیشاندانی میهرەبانییە. سەبر و ئارامی ڕق لە ناو دەبات. ڕق لە کرمەکانی سەر گیانی **حەزرەتی ئەیووب** دەچێ؛ **حەزرەتی ئەیوب** کرم تێی دابوو، دەیشیزانی کرمەکان دەیخۆن، هەر دانەیەکیان بکەوتایەتە سەر زەوی هەڵیدەگرتەوە و دەیخستەوە سەر برینەکە. دەیگوت: "خۆراکی ئەم کرمە لەسەر ئەو برینەیە." بە سەبر و میهرەبانی کۆتایی بە کرمەکان هێنا. ئەو کرمانە ڕقەکەی ناخمانە. لە ناو مرۆڤەکاندا دەیان کرم هەن، بە سەبر و میهرەبانی کۆتاییان پێ دێت. تۆ خەنجەرت لێ داوە، خەنجەر ڕقەکە گەورەتر دەکات. جاران

چی دەکرد ڕقەکەی بریندار نەدەکرا، ئێستا ڕقەکەیت بریندار کردووە، جا بزانە چی بەسەر دێت. نەدەبوو لە بەرامبەری بوەستن، بیمارە، پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. بیماری کەسی وا دەواکەی میهرەبانییە، تەنیا بە میهرەبانی ئەو مرۆڤانە چارە دەکرێن کە لە ناخەوە نەخۆشن.

- من تۆ نیم جەنابی **شێخ**، من خۆمم. ئەی تۆ تا کەی وا دەبیت؟ دەمەوێت بزانم تۆ ئەو خانمە دەبینی وا لەم باخەدا بەرامبەر ماڵیان کەوتوویت؟

- یەک جار ڕووبەڕوو بینومە، زۆر جاریش شەوان دێتە خەونم. لە خەونەکاندا چیم پێ دەڵێت، بۆ بەیانییەکەی باوکی دێت هەمان شتم پێ دەڵێت. ئاگای لە دڵی باوکیەتی، پێش باوکی ئاگەدارم دەکاتەوە بە نیازی چییە و چیم لێ داوا دەکات. نامەوێت بێپەیمانی بکەم، نامەوێت بێوەفایی لە مندا دروست ببێت. چاوەڕێی خراپتر بکە. بە جۆرێک داگیری کردووم بە دونیاش ئازاد ناکرێم. شەڕەکەی من لەوە قورسترە لە دەرەوە تەماشای بکەیت، شەڕێکە لە ناخدایە، بە پەلاماردان و ئازاردانی شوێنێکی مرۆڤەکان یەکلایی نابێتەوە، بە دەرهێنانی ئەوینەکەی ناخم بۆ دەرەوە یەکلایی دەبێتەوە. عیشق دیوەکەی تری ناخی مرۆڤە؛ چۆن لەناخماندا ڕقێک هەیە، عیشقێکیش هەیە. ئازا کەسێکە ئەوەیان گەشە پێ بدات کە ژیان جوان دەکات.

جاربەجار باوکی دێتە خەونم، دەیەوێت بەرەو شوێنێکی سەختم ببات. گەیشتبوومەتە بڕوایەک ئەم شەڕەی من شەڕی پاکی و پیسی، شەڕی خۆشەویستی و ڕق، شەڕی بڕوا و ئایینە. لایەکم گرتووە و لە چەندین لاوە تیرم تێدەگرن. کەسیان ناخی من و ویستەکەی من نابینن، تەنیا ئەوە دەزانن بڵێن: "**شێخی سەنعان** لە ئایین وەرگەڕا بۆ کچە گاورێک." نە کچە گاورە و نە لەئایینوەرگەڕانەکەی منیش پشتکردنە لە بڕوا و خودا. ئەوان باس لە شتێک دەکەن و منیش وێڵی دوای شتێکی دیکەم. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕق و تۆڵەسەندنەوە و

ڕۆحی میهرەبانی، سەختترین جۆری ڕووبەڕووبوونەوەیە. من شێت و شەیدای ڕوخساری کچە نیم، من شێت و شەیدای ئەو عیشق و بڕوایەم کە پێم دەبەخشێت. چەند مرۆڤێکی مەزنە، کچی پیاوێکی وا لە ناو ژیانێکی وادا بەرگی فریشتەی لە بەردا بێ، جوانترین دیمەنی سروشتە لە بەر چاوم. **ئۆرتینە** منی خستووەتە ناو ئاگری عیشقەوە، **ئۆرتینە** لە ناو ئاگرەکەی عیشقدا دەستی منی گرتووە و سەمام پێ دەکات، ڕووناکیم پیشان دەدات و دەملاوێنێتەوە و نوێم دەکاتەوە. هەموو ئازارەکانی دونیا رووت تێبکەن، یارەکەت دەتوانێت بە نیگایەک لە بیرت بباتەوە. وەی بە حاڵی عاشقێک مەعشووقەکەی پشتی تێکردبێت.

– بمبەخشە قسەکەشت پێ دەبڕم، زیادەڕەویی نەبێت، عیشقەکەی تۆ ڕوونە بۆ کچێکە، ئیتر بۆ دەتەوێت بە پەردەی بڕوا دایبپۆشی؟

– **غەزنەوانی بنووس**، عیشقێک نییە بڕوایەکی تێدا نەبێت. نهێنییە گەورەکەی دونیا، لە ناو عیشقە گەورەکاندایە. تەمەن و ژیان هەقی بەسەر عاشقبوونەوە نییە. جوانترین دڵ، دڵێکە تا ساتی وەستانی بۆ عاشقبوون دەگەڕێت. پیری دوو شت ڕای دەچڵەکێنێت، عیشق و مردن. هەیە عاشقی ژنێک دەبێ، هەیە عاشقی دونیا، هەیە عاشقی خودا. من عاشقی هەرسێکیانم بەم دڵە پیرەی خۆمەوە. یارەکەی من یارێکە، خودا و دونیا و ژنێتیی تێدایە. چیرۆکێک دەنووسمەوە بمکاتە پیرترین عاشقی دونیا، چیرۆکەکەی من چیرۆکی سەرەداوی سەدەیەک دەگێڕێتەوە و دەبێتە کێڵگەی چاندنی ئەوین. پەردە بەسەر عیشقەکەمدا نادەم، بانگی من ئاشکرایە، بانگی من بانگێکە دڵە ڕەشەکان سپی دەکاتەوە، خەوتووەکان بە خەبەر دەهێنێت، ڕقەکان دەسڕێتەوە و خۆشەویستی لە شوێنی دادەنرێت. گوێیە کەڕەکان دەزرنگێنێتەوە. تێشووەکەی سەر شانم نیوەی بڕوایە، یارەکەشم نیوەکەی تر. ژن خۆی نیوەی بڕوایە، ئێستا بەم عیشقەوە هەموو

بڕوام هەڵگرتووە، کێ دەڵێ بە بەرگی بڕوا دای دەپۆشم. من خۆم عیشقەکەم بە بڕواکەم دەزانم.

کوڕی گەنج، تۆ کەیفی خۆتە چۆت بیر دەکەیتەوە، من لەوسەری ژیان گەڕاومەتەوە، درەختی عیشق بنێژم و سێبەرێک دروست بکەم جا سەفەری یەکجارەکی بکەم. دڵێک بەبێ عیشق و خۆشەویستی بەسەر زەویدا بگەڕێت، بۆ ناو گۆڕ باشە. ڕاستەقینەترین عیشق لە تەمەنی کامڵبووندا سەر هەڵدەدات. بیانوو ناهێنمەوە، ئەوە نییە بە ئاشکرا دەڵێم عاشقم. کێشەکە لەجۆری بینینەکەیە، من لە ناو عیشقەکەمدا بڕوا دەبینم، تۆ و کەسانی وەک تۆ، تەنیا خانمێک دەبینن. لە شوێنی من و بە چاوی منەوە تەماشای عیشقەکەم بکەیت، ئەوسا دەزانیت بڕوای تێدایە یان نا. هەقی خۆشمە بە بڕواوە بەرەو پیری عیشقەکەم بچم و بە عیشقەوە بەرەو پیری بڕوا بچم.

خەجاڵەتی کردم. وای خودایا! چەند بە دڵەوە باسی عیشقەکەی ناخی دەکات. بریا منیش بگەیشتمایەتە شوێنێک باکم بە کەس نەبوایە و پشتم لە دونیا بکردایە و باوەشم بە عیشقێکدا بکردایە. عیشق وایە، لە دونیات دەسەنێتەوە و دەتدات بەو کەسەی عاشقی بوویت. ئەم پیاوە ئەو کەسەیە کە دەڵێن "وشەکانی سەر زاری لە دڵی دەچن." بە ڕاستی لە دڵی دەچن. من خۆم دڵم پاکپاک و خاڵیخاڵییە. خۆشەویستییەک هەبێت لە مندا بۆ دایکوباوکمە. دەشێ ڕۆژگارێک بێ، دڵە خاڵییەکەم پڕ ببێت لە خۆشەویستی و بگەمە مەقامی عیشق. دەشێت نەبم و بە دڵێکی خاڵییەوە ماڵئاوایی لە ژیان بکەم. لە ناو خۆمدا ڕۆ چووبووم بەم ئەندێشانەوە، بە دەست ڕای وەشاندم و هاتمەوە سەر خۆم. گوتی: "دوو نامەم بۆ بنووسە، نامەیەک بۆ قەشەی گەورە و نامەیەک بۆ هاخامی گەورەی جوولەکەکان. کاتیەتی، کاتی ئەوەیە گرێکوێرەکان بکەمەوە." منیش تیانووسێکم ڕێک کرد و چاوەڕێ بووم بلێت بۆی بنووسم. خورمایەکی خستە ناو

دەمی، ناوکە خورماکەی لە دەمی هێنایە دەرەوە، ناوکە خورماکەی خستە سەر تیانووسەکە و گوتی ئا لەویادا بنووسە:

"سڵاو بۆ قەشەی مەزن،

سڵاوی خۆشەویستی و بڕوا،

قبووڵ بفەرموون، سبەی پاشنیوەڕۆ کڵێسەکەی خۆتان بکەن بە ماڵی میوانداری. نیازمە جەنابت و هاخامی گەورە، لەگەڵ بەندەی خودا پێکەوە گفتوگۆیەکی برایانە بکەین. باکم بەوە نییە خەڵک لەوێ بێت. مەبەستی من ئاشکرایە، گەیاندنی خۆشەویستییە لە نێوان مرۆڤەکاندا. لە پشتمەوە گرێ دروست دەکەن، نامەوێت لێیان بگەڕێم زەمەن گرێیەکان بکاتەوە. دەمەوێت خۆم گرێیەکان بکەمەوە.

چاوەڕوانی من بکە و چاوەڕوانی ئێوەی ئازیزم

دۆستی بڕوادارت، **شێخی سەنعان**."

کوڕم بە هەمان شێوە نامەیەکیش بۆ هاخام بنووسە، با تەشریفی بهێنن بۆ کڵێسە. کێش بانگ دەکەن بانگی بکەن، خۆشت نامەکانیان بۆ ببە و سبەی پێشوەختە وەرە بە شوێنمدا."

نەمپرسی هۆکەی چییە، چی ئەمرێکی کرد بۆم جێبەجێ کرد. نامەکانم گەیاند و گەڕامەوە بۆ خانەقا. لەوێش باسم کرد سبەی لە کڵێسەی خوارەوە گفتویەک لە نێوان هەرسێکیان دەکرێت. دروستبوونی گفتوگۆ لە نێوانیان و هاتنی خەڵک بۆ کڵێسەکە، بۆ خۆی بابەتێکی سەرنجڕاکێش بوو. دیار بوو مەبەستی خۆی هەبوو لە دروستکردنی کۆبوونەوەیەکی وا لە ناو شاردا و سەرجەم ئایینەکان بانگهێشت بکات.

***

من و غەرقانی و ڕۆدانی ڕۆمی، پوخت و جوان خۆمان گۆڕی، دەتگوت جەژنمانە و دیاریش نەبوو چی دەقەومێت، کەچی هێندە بڕوامان بە شێخ بوو، دڵنیا بووین شتێک دەکات و حیکایەتەکانی

پشنی قلپ دەکاتەوە. لە ناو حەوشەی خانەقاکە بە غروورەوە بە موریدو و فەقێیەکانمان دەگوت: "ئێمە دەچین شێخ دەبەین بۆ کڵێسەکە، ئارەزووتان لێیە وەرن بۆ ئەوێ، پێ دەچێت پێتان خۆش بێت ببینن چی دەکات."

ڕۆیشتین بە شوێنیدا. زۆر جوان بوو، جلە سپییەکانی لە بەر کردبوو، خۆی شوشتبوو، قژە سپی و درێژەکانی تێکەڵ بە ڕیشە سپییەکەی ببوون؛ نوری لێ دەباری. پێشمان کەوت و نەرمەنەرم بەرەو کلێسەکە کەوتینە ڕێ. لە ڕێگە خەڵک تەماشای دەکردین و لە بەر خۆیانەوە شتیان دەگوت. یەکێ دەیگوت "ئەمە ئەوەیە لە ئایین وەرگەڕاوە بۆ کچە گاورێک"، یەکێک دەیگوت "ئەوە نوری لێ دەبارێت" و یەکێک دەیگوت "ئەوە عاشقە پیرەکەی دونیا لە خەڵوەت هاتە دەر". هەر یەکە و شتێکی دەگوت. ئێمە گوێی خۆمان گرتبوو و هیچمان نەدەژنەوت و بەدەم پێکەنینەوە هەنگاومان دەنا.

بەردەم کڵێسەکە قەرەباڵغ بوو، ئێمەیان بینی سەرنجی خۆیان خستە سەر شێوەی شێخ. دەموچاوەکان دوو دەستە بوون، دەستەیەک بە مۆنییەوە لێیان دەڕوانی و دەستەیەکی کە بە زەردەخەنەوە. ڕێگەیان بۆ کردینەوە بچینە ژوور، کە چووینە ژوورەوە هۆڵەکە سیخناخ بوو، کورسیەکان پڕ بوون و خەڵکێکی زۆریش بە پێوە وەستابوون. چۆن ئەم هەموو خەڵکە ئاگەدار کرابووەوە، ئەوەیان نازانم.

بازنەیەکمان لە دەوری شێخ دروست کردبوو، چەشنی سەربازە پاسەوانەکان، ڕیگەمان بۆ دەکردەوە و بە خەڵکمان دەگوت بێزەحمەت خۆت لادە. هەرچۆنێک بێت گەیاندمانە سەر سەکۆکە. لەسەر سەکۆکە سێ کورسی داندرابوون، قەشە و هاخام پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد، هەرسێکیان لەسەر کورسییەکان دانیشتن. لای دەستە چەپەوە، بە داوای یارمەتییەوە بە پێوە شوێنێکمان بۆ خۆمان کردەوە. ڕیزی دانیشتونی دەستی چەپ جووەکان و مەسیحییەکان بوون، ڕیزی لای ڕاستیش سۆفی و دەروێش و خەڵک. لە ناو ڕیزی پێشەوەدا مەلا

بەیجووری و مووسێی باجگرم ناسین، کتوپڕ لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون. چاوێکم گێڕا بە ناو هۆڵەکەدا، دەموچاوی زۆرم ناسییەوە لە دەستەی موردیدەکانی خانەقا. ئەوەی جێی تێرامان بوو، خەڵکە ئاساییەکە زۆرینەیان گەنج و ژن بوون.

بە ڕۆدانی ڕۆمیەم گوت: "تەماشا، تەماشا، خودا تەختەتاش نییە، تەختەڕێکخەرە، نوێنەری ڕقەکان کەوتوونەتە پاڵ یەک." پێکەوە پێکەنینێکمان بۆ کردن. باش ورد بوومەوە و دەموچاوەکانم ناسی، خورپەیەک کەوتە دڵم. خۆم گەیاندە شێخ و چرپاندم بە گوێیدا: "دەستەکەی مەلا هاتوون، لەوانەیە ئامانجێکیان هەبێت." بە هەمان شێوە چرپاندی بە گوێمدا: "هاتنی هەر یەک لە ئێمە بۆ ئەم شوێنە بەبێ ئامانج نییە، چۆن من و تۆ ئامانجی خۆمان هەیە، ئەوانیش بە هەمان شێوە. لێگەڕێ دڵیان چی پێ خۆش بوو بیکەن، من کاری خۆم دەزانم."

لە ڕیزی پێشەوەی لای چەپ، یەکێک لە قەشەکان هەستایەوە و هاتە سەر سەکۆکە. تاوێ بە پێوە وەستا و دەستەکانی بەرز کردنەوە و بە دەنگێکی بەرز تا هەموان گوێیان لێ بێت گوتی: "بە خێر بێیت، ئەزیزیەتتان کێشاوە هاتوون. ئەمڕۆ کڵێسە دەبێتە شوێنی گفتوگۆی سێ بڕواداری شارەزا، هیوادارین بێدەنگ بن. حەتمەن گفتوگۆی سێ بەڕێز لەم بەرێزانەی دەیانبینن، سوودی هەیە. کاتێ گفتوگۆی ئەوان کۆتایی هات، دەرگە والایە بۆ پرسیاری ئێوە، تکایە بێدەنگ بن تا بزانین باسی چی دەکەن و سوودێکیان لێ وەربگرین. بێدەنگیی ئێوە تێگەیشتنمان زیاد دەکات."

ڕووی کردە هەرسێکیان و بەڕێزەوە داوای کرد کامتان لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات، هاخام داوای کرد لەوەوە دەست پێ بکات. قەشە بۆی چەمییەوە و دەرگەی ولا کرد بۆی و لەسەر سەکۆکە هاتە خوار و لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە.

ماخامیش پاش بەخێرهاتنی خەڵکەکە، ڕووی کردە **شێخ** و عوزرخواهی پیشان دا پێش ئەوان کەوتووە، شێخ فەرمووی لێ کرد. ماخام یەکسەرە چووە ناو بابەتێکی گەرمی سەردەمەوە. بە **شێخی** گوت: "مۆڵەتم بدە لە جەنابتەوە دەست پێ بکەم، قسەکانم بە نائەدەبی وەرمەگرە، ئەمڕۆ باسێکی زۆر لەسەر تۆ دەکرێت، من پێشتر جەنابتم نەبینیبوو، دانیشتنەکە هەلێکە بتخەمە بەردەم پرسیارگەلێک. ڕاستی بە داداگاییکردن لێی مەڕوانە و بە گفتوگۆ وەری بگرە. عیشقەکەی لای تۆ لە دیدی مندا لە چیرۆکێکی کۆنی **مووسا** و میللەتەکەی دەچێت؛ **مووسا** میللەتەکەی خۆی لە ناو پەراندەوە و ڕزگاری کردن، لە شوێنێک جێی هێشتن تا گەڕایەوە پشتیان لە **مووسا** کردبوو، گوێرەکەیەکی زێڕینیان دەپەرست. هەڵبەتە ڕۆژی پەرستنەکە ڕۆژی سێشەممە بوو، دوای پەشیمانکردنەوەیان، ڕۆژی سێشەممە کرایە ڕۆژی تۆبەکردن و جووەکان لەو ڕۆژەدا نە سەریان، نە ڕیشیان ناتاشن. بە گوناهی دەزانن لەو ڕۆژەدا مووەکانی گیانیان لێ بکەنەوە و بە گوناگبارییەوە دروویان بخەنەوە لە خۆیان. دەپرسم، تۆش لە ئایینەکەت وەرگەڕایت و ڕووت کردە خانمێکی زێڕین، پێت وا نییە لێکچوونێکی هەیە؟

شێخ وەڵامی دایەوە:

- دەست و چاوت خۆش هاخامی ئازیز، گومانێکی باشت وروژاند. دەکرێ چیرۆکەکەی من وەک خۆی نەهاتبێتە لای تۆ، جیاوازیی زۆر هەن لە بەینی چیرۆکێک لە زمانی خەڵکەوە ببیستی و چیرۆکێک لە زمانی کەسەکە خۆیەوە ببیستی. چ تۆ و چ بەڕێزانیش هەقی خۆیانە گومان لە هەقیقەتێک بکەن، کە هێشتا هەقیقەتەکە لایان ڕوون نییە. من و میللەتەکەی **مووسا** زۆر جیاوازین، ئەوان پشتیان لە هەقیقەتێک کرد و ڕوویان کردە وەهمێک، من وەهمێکم جێ هێشتووە و ڕووم کردوەتە هەقیقەتێک. پشتم لە ئایین کردووە نەک بڕوا، لە دین دوور کەوتوومەتەوە نەک خودا. هەزار ڕێگە هەن بۆ نزیکبوونەوە لە خودا،

یەکێکیان ئایینە. بۆچی دەبێ تۆ **خاتوو ئۆرتینە** بە پەیکەری زێڕ ببینی، بۆچی ناتوانی ڕووناکی بڕواکەی ناخی ببینیت؟ لاریم لە عاشقبوونم نییە، لاریم لە خراپتێگەیشتنە لەو عیشقە. پەیکەرێک خۆت دروستی بکەیت و ڕووی تێبکەیت و بیکەیتە بڕوات، جیاوازە لە مرۆڤێک لێوانلێوە لە بڕوا و ڕووکردنە ئەو مرۆڤە، ڕووکردنە لە بڕوا. مرۆڤ گیانی تێدایە، ڕۆحی تێدایە، عەقڵ و هەستی هەیە. ئەو شتانەی لە مرۆڤدا هەن دەستکردی خۆی نین، کەسێک شتەکانی خۆی بە باشی بەکار بهێنێت، لێی نزیک بکەویتەوە نزیککەوتنەوەیە لە بڕوا. پەیکەرەکەی جووەکان بێگیان و بێهەست و بێجووڵە بوو، هەڵەکە لەوەدایە بەراوردی بێگیانێک بە گیانێکی پاک بکەین.

- شێخی بەڕێز، بۆمان ڕوون بکەوە یارەکەت مرۆڤ نییە و بڕوایە؟ بۆمان ڕوون بکەوە ڕێگەی یارەکەت بۆ گەیشتنە بە خودا و بۆ گەیشتن نییە بە تام و چێژی دونیا؟ بۆشمان ڕوون بکەوە بڕوای ناو یارەکەت جوانترە لە بڕوای ناو ئایینەکەت؟

- گومان و سەرنجەکەت بان چاوانم، نزیکەی نیو سەدەیە لە ناو ئایینەکەم بۆ بڕوا گەڕام، بڕوایەکی جوانم لە ناو ئایینەکەم دۆزییەوە، بڕوایەک میهر و خۆشەویستیی تێدابوو. بڕواکەم فێری کردم مرۆڤ دەتوانێت لە دەرەوەی ئایین بۆ بڕوا بگەڕێت. تەنانەت بڕوا لە ناو بەردێکیشدا هەیە. چۆنتان پێ بڵێم، **ئۆرتینە** بۆ من بەشە نادیارەکەی بڕوایە. لە ژیانم یەک جار بەرەوڕوو ڕوخساریم بینیوە، باقی جارەکان لە خەونەکانمدا بینیومە. لە خەونەکانمدا هەمان کچ و هەمان ڕوخسار، فریشتەیەکە دەستم دەگرێ و بەرەو لای خودا دەمبات. من عاشقی بڕواکەی ناخیم، نەک جوانیی ڕوخساری. هەریەک لە ئێمە مامۆستایەکی پێویستە فێری بکات، لە ئێستادا مامۆستاکەی من **ئۆرتینە**یە. ئامانجی من گەیشتن نییە بە ڕووناکییەکە، ئامانجی من شەیدابوونە بە دیار ڕووناکییەکەوە. عاشق لە پەروانە دەچێ، دەزانێت ڕووناکییەکە دەیسووتێنێت و بەرەوڕووشی دەچێت. شەیدابوون گوێ

بە سووتان نادات، تەنیا ڕووناکییەک دەبینێت و شەیدای ڕووناکییەکەیە. هەر ڕۆژێک گەیشتمە ڕووناکییەکە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی فەنابوونی منە و ماڵئاوایی یەکجاری لەم دونیایە دەکەم. ئایا سەرنجەکانم ڕوونن بۆت هاخامی بەڕێز؟

هاخام ملێکی ڕەزامەندبوونی بۆ ڕاوەشاند و زەردەخەنەیەکی پانی بۆ کرد. پاشان بەوە نەوەستا، کەوتە سەرنجدان لە نیگەرانیی موسڵمانان لە شێخەکەیان. سەرنجەکانی بە پرسیار خستە ڕوو، بۆچی قبووڵی کردوە ببێتە شوانی بەرازەکان و ئامادەیە مەی بنۆشێت و لە ئایین وەربگەڕێت؟

شێخ بە سروشتە هێمنەکەی خۆی وەڵامی دایەوە: "موسڵمانەکان دوو تاقمن، تاقمێک شمشێرەکەی دەستیان تیژ و بەهێزە لە ڕۆحیان، تاقمێک ڕۆحیان بەهێز و تیژە لە شمشێرەکەی دەستیان. ئەوانەیان بەبێ شمشێر ناتوانن بەرگری لە ئایین بکەن، ئەوانەیانن ڕقەکەی ناخیان ژیانی تاریک کردوون و لە لاوازیی خۆیانەوە دەست بۆ شمشێر دەبەن. ئەم تاقمەیان توانایان نییە بڕوا بگەیەنن بە کەس، چونکە خۆیان ئەهلی ئایینن نەک بڕوا. تاقمی ڕۆحانییەکان پێویست ناکات بۆیان ڕوون بکەمەوە من خەریکی چیم، خۆیان تێدەگەن بڕواکەی من لە کوێیە. ڕوونکردنەوەی من بۆ شمشێربەدەستەکانە، پێیان دەڵێم بڕوادار لە هەر شوێنێک بێت بڕوادارە و ئامادە نییە بڕواکەی بۆ شوێنێک لە دەست بدات. عاشقبوونیش گەیشتنە بە پلەی باڵای هۆشیاریی مرۆڤ. عاشق باکی بەوە نییە لە کوێیە، باکی بەوەیە هۆشیارییەکەی ناخی شوێنە تاریکەکان ڕووناک بکاتەوە. من زەوییەکەی خۆم کێڵاوە و خەریکی چاندنم. گۆشتی بەرازم خواردووە مانای کوفر نییە، زۆربەی دانیشتوانی ناو ئەم هۆڵە لەسەر ئایینە جیاوازەکانی خودان و گۆشتەکەیان خواردووە، کەوایە ئێوەش بێبڕوان. نا براکانم، وا نییە. شەرابم هێشتا نەخواردووەتەوە، پێویست بکات دەیخۆمەوە. شەراب خواردنەوە پەیامبەرەکانە، پەیامبەر نەبووە

شەرابی نەنۆشیبێت. شەراب و مەی بۆ کەسێک حەرامن هۆشیار بێت و هێندە بنۆشێت هۆشیارییەکەی لە دەست بدات و بێئاگا بکەوێت. شەراب بۆ کەسێک حەرام نییە خۆی ناهۆشیار و گێلە. شەرابیش بخۆمەوە بە نییەتی گەشانەوەی هۆشیاریم دەیخۆمەوە، نەک بە نییەتی خۆگێلکردنم. شەرابێک پەیامبەرەکان نوشیبێتیان ئیتر من لە پێناو عیشقەکەم بۆ نەینۆشم؟ بۆ مەیخانەکان و ماڵەکانی خودا لەم ڕۆژگارەدا چ جیاوازییەکیان هەیە، هەردووکیان خەریکی بێئاگاکردنی خەڵک نین؟

بەڕێزان کەسانێک هەن خەریکی ناشیرینکردنی هەموو جوانییەکن، ئەمانە خۆیان بۆ ئەوە هاتوونەتە دونیاوە جێ پێی ناشیرینی جێ بهێڵن. لۆمەی من دەکەن بە پیری عاشق بووم، لۆمەی خۆیان ناکەن تا مردن ڕقەکەی ناخیان ناخەوێت و بە ناشیرینی دەمێننەوە. لۆمەی من دەکەن لە ئایین وەرگەڕاوم، لۆمەی خۆیان ناکەن بە پێی ویستەکانی خۆیان ئایینیان وەرگەڕاندوە. لۆمەی من دەکەن بوومەتە خزمەتکاری گاورێک، لۆمەی خۆیان ناکەن بوونەتە خزمەتکاری ناشیرینترین کردەوەکانی سەر زەوی. لۆمەی من دەکەن شەرمەزارم کردوون، لۆمەی خۆیان ناکەن بڕوا و خودایان شەرمەزار کردووە. ئایینیان وا لێ کردوە چۆنیان بوێت بەو شێوەیە دەیرپێسن. ئێوە بڕیار بدەن، کاممان ناشیرینین؟"

کتوپڕ سەرتاپای هۆڵەکە هاواریان دەکرد: "تۆ باشتری! تۆ باشتری!" قەشەی گەورە هەستایەوە و هاوارهاوارەکەی کپ کردەوە. ئێمە لە شوێنی خۆمانەوە لە خۆشیدا نەماندەتوانی دەممان دابخەین. **مەلا بەیجووری** و **مووسێی باجگریش** پێشیان خواردبووەوە، پلتۆکت لێدانایە دەتەقین. کە خەڵکەکە بێدەنگ بوون، قەشە سەری قسەکانی گرتە دەست و دەستی کرد بە گوتاردان: "خەڵکینە، **عیسا** پەیامبەر شەو و ڕۆژ دەگەڕا خۆشەویستی بخاتە دڵی مرۆڤەکانەوە. کەچی لای ئێمە عیشقێک لە دڵی کەسێک هەڵی کردووە لە سەد لاوە، دەیانەوێت عیشقەکە بکوژن. چ ڕۆژگارێکە ئەم ڕۆژگارە، مرۆڤەکان وا

گۆڕاون بە ئاشکرا دوژمنایەتیی خۆشەویستی دەکەن و ستاییشی ڕق و تۆڵەکردنەوە دەکەن. مرۆڤ نابێ لەو شتانە بترسێت ژیان جوان دەکەن، مرۆڤ پێویستە ترسی لە شتانێک بێت ژیان وێران دەکەن. خۆشەویستی لای خودا جوانترین ئاکاری مرۆڤە. بڕوای تەواوم بە پەیامبەرەکەی خۆمانە، بڕوای تەواوم بەوەیە خودا لەسەر خۆشەویستی مرۆڤ ئازار نادات و ڕێزی دەگرێت.

ئازیزان، بە پیر و جوانەوە، کەس لە ناو ئێوەدا نییە خۆشەویستییەک لە دڵیدا نەبێت. بۆچی بۆ خۆتان بە ڕەوای دەزانن، بۆ خەڵکی تری بە ناڕەوا دەزانن؟ من باش لە برا موسڵمانەکان تێدەگەم، تووڕەبوونیان لە **شێخ** هۆکارەکەی تەنیا عیشقەکەی نییە، هۆکارەکەی کردنی شتە حەرامەکانە. ئەی ئازیزان، عیشق خۆی گەورەترین حەرامی ناو حەڵاڵەکانە. **عیسا** پەیامبەر **مریەمی مەجدەلی**ی کرد بە هاوەڵی خۆی، کەس لە هاوەڵەکانی چاوەڕێی کاری وایان نەدەکرد. **عیسا** پێچەوانەی هاوەڵەکانی ناخی **مریەم**ی بینی، نەک کردەوەکانی پێشووتری. بۆیە گوێی بە لۆمەی هاوەڵەکانی نەدا. لەوانەیە **شێخ**یش شتێکی بینیبێت ئێوە نەتوانن بیبینن، لێ گەڕێن با ئامانجەکە بە تەواوەتی دەربکەوێت. ئایینەکەی ئێمە لە ئایینەکەی ئێوە جیاوازترە، بڕوا بکەن توندگرتنی ئایین نیشانەی تێنەگەیشتنە لێی. خودا ئایینەکانی نارد بۆ ڕێکخستن و جوانکردنی ژیانی مرۆڤەکان، کەچی ئایینەکان گەیشتنە دەست مرۆڤەکان، کردیانە کەرەستەی وێرانکردنی ژیان. بۆ ناگەڕێن لە ناو ئایینەکاندا چی جوانە هەڵیبچنن. من لەسەرەتاوە نەمتوانیوە عیشقەکەی **شێخی سەنعان** بە جوانی وەرنەگرم، لە ئێستاشدا لە بەرچاوی هەمووتان دەڵێم مرۆڤ تا عاشق نەبێت جوانییەکانی ناخی دەرناکەون، مرۆڤ تا عاشق نەبێت لە ئایین و دونیا تێناگات."

کە ئەم قسەیەی کرد، گەنجە مەسیحییەکان دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان و هەیاهوکێشان. شێخ داوای کرد زیاتر ڕوون کردنەوە بدات، قەشە فەرمووی کرد دەست پێ بکات.

شێخ گوتی: "بەڵێ من عاشقم، عاشقی کەسێک بڕوا و دونیای تێدا دەبینم. عیشقێک نەتوانی لە پێناویدا خۆت لە دەست بدەیت، عیشق نیە. عیشق توندلێدانە لە دەرگەی ئازار، ڕێکردنە بە ناو تولەڕێ پێچاوپێچەکانی هەقیقەتدا، دۆزینەوەی خۆتە لە سووچێکی تاریکی زەویدا، هەڵکۆڵینی بەردێکە بە خەیاڵ، نووسینەوەی دونیایە بەخەون، عیشق خەونبینینە بە مەحاڵەوە، سەماکردن لەگەڵ مەرگدا، خۆدانە دەست شەپۆلێکی شێتە، هێنانە قسەی بەردێکە. عیشقەکەی من زەنگێکە ڕۆحە نوستووەکان بە خەبەر دێنێت، من پەیکێکم هاتووم عیشقێک لەم سەر زەمینە بچێنم و دوای خۆم بەرەکەی هەزاران دڵ ئاوەدان بکاتەوە. ڕەنگ و ئایین بۆ عاشق گرنگ نین، عیشق لە سینەدا هەڵی کرد دونیات بۆ دەکات بە خاڵێک. نەهاتوومەتە سەر زەوی بە دەستی بەتاڵ جێی بهێڵم، هاتووم دڵەکانتان بە ئاگا بێنم. بەڵێ ئازیزان بانگی من ئاشکرایە، من پیرەی لەئایینهەڵگەڕاوی عاشقم، کێ بۆ مەنزڵی عیشق لەگەڵم دێت، با برینەکانی ناخی گەورە بکات. منم پیری عاشقی لەئایینهەڵگەڕاو، تەنیا ئەو کاتە تەنیا دەبم کە یارەکەم پشتم تێبکات و ئێوە ڕووم تێبکەن. ئەو کاتەش ئێوە پشتم تێدەکەن و یارەکەم ڕووم تێدەکات، من هەموو دونیام بردووەتەوە."

هۆڵەکە خامۆش بوو، هاخام ویستی قسە بکات، **مووسێی باجگر** دەنگی لێوە بەرز بووەوە. چەندە هاخام ویستی بێدەنگی بکات، پێی نەکرا. ئیدی قەشە ڕێگەی پێ دا قسە بکات. ئەویش چاکێکی عەباکەی گرت بە دەستییەوە و ڕووی کردە **شێخ**، پەنجەی بۆ ڕادەوەشاند و بە تووڕەییەوە دەیگوت: "هەی عاقیبەت شەڕ! بەم ئاخری تەمەنەتەوە چی داویەتی لە سەرت! خەڵکینە باش گوێ بگرن، **ئۆرتینە**ی کچم ناوتان بیستووە و ڕوخسارتان نەبینیوە، کچەکەم لە من ناچێت. داوێنپاکترین کچی شارەکەیە. کوڕی گەنج نییە ئاواتی بۆ نەخوازێت. بە گیانی ژنە ئازیزە لەدەستچووەکەم، چی کوڕی بارۆنی شارە هاتوونەتە داوای و وەڵامی کەسیانی نەداوەتەوە. هاتنەدەرەوەکەشی لە

هاتنەدەرەوەی کچ و ژنانی شار ناچێت، نایەوێت کەس بینێت و نایەوێت چاو لە کەس بکات. کچێکی تەنیا و پاکە، جوان و میهرەبانە، خەونی گەورەی هەیە و بیر لە شتی باش دەکاتەوە. خۆتان بڕیار بدەن، گونجاوە کچێکی جوانی بە ناز پەروەردەکراو، بخرێتە بەر دەستی پیرێکی کەنەفت کە دوو کۆکەی ماوە لە ژیان، ئەرێ گونجاوە؟"

خەڵکەکە سەری نەخێریان بۆ بادا، گەنجە شەیتانەکانیش بۆ خۆشکردنی باسەکە، بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد: "هیچ گونجاو نییە، پیرێکی کەنەفت بەری ڕەنجی پەپوولەیەک بخوات. کەی ڕەوایە دڵی ئێمەی گەنج بشکێنێت بۆ پیرێکی بێ دەستوپێ." بە هاواری گەنجەکان **مووسێ** گێڤ بووەوە، دەستەکانی خۆی با دەدا و خۆی سوور کردبووەوە و تف لە دەمی دەردەپەڕی، **مەلا بەیجووری**ش لە شوێنی خۆی بزەی دەهاتێ. **مووسێ** ویستی دەست بکاتەوە بە هوتافکێشان، قەشە لێی پرسی:

- ئەرێ **مووسێ** من تۆ و کچەکەتم داوەت کردبوون، بۆچی نەتهێشت ئەویش بێت؟
- هیچ پێویست ناکات، خۆشی نەدەهات.
- کێ دەڵێ نەدەهات؟ با بهاتایە لێرە قسەی دڵی خۆی بکات.
- قەشەی بەڕێز، نامەوێت کچەکەم بخرێتە بەر تەرازووی دادگاییکردنی ئێوە. باسەکە گەورە مەکە، پیرێکی ترازاو عاشقی کچێک بووە، کچە گرنگی پێ نادات و لەمە زیاتر نییە. بۆ فشارم بۆ دەهێنی کچێک بێنمە ناو مەجلیسێکەوە بکەونە پرسیارکردن و گومانکردن لێی؟

هاخام گوتی:

- تۆ چۆن لێکی دەدەیتەوە لێکی بدەرەوە، تازە عیشقەکەی **شێخی سەنعان** بۆ کچەکەت بووەتە حیکایەتی شار. خۆشت سەرمەشقی بڵاوکردنەوەی حیکایەتەکە بوویت، لە یەکەم ساتەوە مەیخانە و

دوکان نەما نەگەڕێیت و چیرۆکەکەی بۆ باس بکەیت. ئێستا بۆ خۆت تووڕە دەکەیت پرسیارێکی باشت لێ دەکرێت.
- جا لەوە خۆشتر هەیە، بابەتێکی وا خۆش ببێتە حیکایەت بۆ گاڵتەوگەپی خەڵکی. ئەوپەڕی مانگێکی دیکە تەمەنی نەماوە، با لەم مانگەدا تۆزێک کەیف بکەین. بە ڕاستی چیرۆکێکی خۆشە بۆ گاڵتەوگەپی گەنجان.
- ئەی بۆچی پێی تێک دەچیت و مەرجی ئایینیت دا بەسەریدا؟
- تێک نەچووم و ئارەزووشم لێ بوو پەنجا ساڵەیەکی ناو ئایینەکان بکەمە گاڵتەی سەر زاری گەنجەکان.
- کەوایە کاری تۆیە نەک کچەکەت! خەڵکینە گوێتان لێ بوو دانی پێدا نا کارەکان مافی بەسەر کچەکەوە نییە؟!
مووسێ هەڵوەستەیەکی کرد، پێشتر وا بڵاوی کردبووەوە مەرجەکان مەرجی کچەکەیە، لێرە تێکەوت. کچەکەی ئاگای لێ نەبووە، بە ناچاری دانی پێدا نا کاری خۆیەتی. ئەمە هەواڵێکی تازە بوو لای خەڵکەکە، هەواڵێک بوو درۆیەکی مووسێی ئاشکرا کرد.
هاخام گوتی:
- دەی پێمان بڵێ بە نیازی چیتری؟
- لە ئایینم وەرگەڕاند، کردم بە شوانی بەرازەکان، دەبێ مەی بخواتەوە و ببێتە مەیگێڕی مەیخانەکان.
قەشە ڕووەو شێخ گوتی:
- جەنابی شێخ بۆ قسەیەک ناکەیت؟
- مەییش دەخۆمەوە و دەشبمە مەیگێڕی مەیخانەیەک. کاتێ یەکەم هەنگاو دەنێیت بەرەو عیشقێک، تا کاتی بەچلوچێوبوونت بڕۆ. لەوانەیە وا تێبگات ئەم شتانە بۆ ئەوە دەکەم بگەمە یارەکەم، نازانێ بۆ ئەوەی دەکەم هۆشیارییەکەی ناخم نەکوژێتەوە. عیشق ئامانجی تێدا نییە، سووتانی تێدایە. ئاگری عیشق وەختێک کڵپە دەکات، نەگەیشتبی بە ئامانجەکە. کەسێک لە ناو دونیای عیشق نەبووبێ،

کەسێک ڕووناکییەکەی ناخی دانەگیرسابێ، تێناگات باسی چی دەکەم. من بە ڕێی خۆمدا دەڕۆم تا بگەمە سەر لوتکەی کێوەکە، چی دەخەنە بەردەمم بیخەن. چی داوا دەکات لە چوار مەرجەکەی خۆی بۆی دەکەم و توسقاڵێک لە بەڵێنی خۆم لا نادەم.

مووسێ گوتی:

- زۆر باشە جەنابی عاشقی پیر، لە سبەینێوە مەیگێڕی.

- بە چاوان، لە سبەینێوە دەبمە مەیگێڕ. با دڵشکاوەکان بێنە مەیخانەکە، بە مەی بیرینی دڵە شکاوەکانیان تیمار دەکەم. تەنیا خۆشم نیم (دەستی ڕاکێشا بۆ من و غەرقانیی تەنبوورژەن و ڕۆدانی ڕۆمی) ئەو گەنجە جوانانەش بە خۆیان و تەنبوور و قامیشی بنووسییەکەیانەوە لەوێ دەبن. مەی و تەنبوورژەنین مرۆڤ لە درۆکردن دوور دەخاتەوە. مەیخانەکە گەرم دەکەم و خۆشم خزمەتی مەستەکان دەکەم. چ عەیبی تێدایە خزمەتی کەسێک بکەی بۆ لەبیرکردنەوەی برینەکانی ناخی خۆی مەست و بێهۆش دەکات؟ چ لە مەیخانە بی یان بیمارخانە، یەک کارت هەیە، چارەکردنی برینەکان. کەسێک ناچێتە مەیخانە برینێک لەسەر دڵی نەبێت، کەسێکیش ناچێتە تیمارخانە برینێک لەسەر گیانی نەبێت. من لە سبەینێوە دەبمە حەکیمی دڵی برینداری مەستەکان. بوونم بە مەیگێڕ ئازارم نادات.

مووسێ دیسان دەستی کردەوە بۆ هوتافدان: "چاوتان لێ بوو! چاوتان لێبوو! باسی بڕواشم بۆ دەکات و هەنگاوێک ناهاوێت پێچەوانەی بڕوا نەبێت. ئەوەتا دەبێتە مەیگێڕ و حیکایەتی بڕواداریی خۆیشی دەکاتە پەردەیەک بۆ خەڵەتاندنی ئێوەی بەستەزمان. ئێوە کەی تێدەگەن خەڵکەکە!"

هاخام گوتی: "مووسێی بەڕێز، تۆ دادوەریی بڕوات پێ ناکرێت، بڕیاردان لەسەر بڕوا کاری تۆ نییە. خەریکە تەنگەتاو دەبی، ئەوە دوا ڕێگەیە دەیگریتە بەر و جێبەجێشی دەکات، ئەوسا بیانوویەک نامێنێ.

قەولت داوە، مەرجەکان جێبەجێ بکات کەژاوەی بۆ ڕێک دەخەیت. کەوایە ئامادەی کەژاوەکە بە."

دیسانەوە هەمان ئەو گەنجانەی هاواریان دەکرد "هەق نییە جوانێک بدرێتە پیرێک"، دەستیان کردەوە بە قاوقیل و پیرۆزباییان دەگوت. تاقمێک گەنجی قۆشمە بوون، دونیایان بە گاڵتەوە گرتبوو، قەشمەرییان بە هەموو شت دەکرد، دەیاندا لە ناڵ و لە بزماریش، ناچار هاخام بێدەنگی کردن.

زەرڕەیەک پەشیمانبوونە لە قسەکانی شێخدا بەدی نەکرا. مورید و فەقێیەکانی خانەقاکە وشەیەک لە زاریان دەرنەهات. جا چی بڵێن، شێخ خۆی یەکلایی کردبووەوە بۆ ڕێگەی عیشقەکەی، ئەو ڕێگەیەی ئەوان داوایان دەکرد، فەرامۆشی کردبوو. لە زیاد دڵنیابوونەکەی باش تێگەیشتم، ئامانجەکەی تەنیا ئۆرتینە نییە، ئامانجی ئەزموونکردنی دیوێکی یاخیبوونی ژیانە. ژانێک جیاواز بێت و ڕوو لە کەسێک بکەیت و پشت لە زۆرینە بکەیت. پشتکردنە زۆرینە کەسی خۆی دەوێت، کۆمەڵگەکەی ئێمە زمانیان زۆر پیسە، کۆمەڵگەیەکی بێڕەحمە، ئەوەندە زانییان کەسێک کەوتووە، وەک گەلەگورگ تێی بەر دەبن و پارچەی پێوە ناهێڵن. کەسێکیش سەر بکەوێت دەوروخولی دەدەن و خۆیانی پێوە هەڵدەواسن و بە ستاییشکردن وای لێ دەکەن کەسەکە خۆی بیر بچێتەوە. خەڵکی ئەم مەملەکەتە متمانەی هیچی پێ ناکرێت، نە ڕاستیگوتنیان ڕاستییە و نە پێکەنین و تووڕەبوونەکانیان لە جێگەی خۆیەتی. دونیا بە چاوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن.

ئەو قەشەیەی سەرەتا هاتە سەر سەکۆکە و گفتوگۆکەی دامەزراند، دیسانەوە هاتەوە سەر سەکۆکە و بە گوتارێکی کورت کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا. لە کۆتایدا بوو بە چەپڵەرێزان، ژنەکان ئافەرینیان لە شێخ دەکرد، ئافەرینەکەیان لە وەفاکەیەوە بوو بۆ عیشقەکەی. موریدەکانی دەوری مەلا بەیجووریش بە شێوای لە دەموچاوە زەردهەڵگەڕاوەکەیانەوە، نەفرەت دەڕژا. مەبەستەکەی شێخیش

گەیشتە لای هەموان. ئێمەش لە جێگەی خۆمانەوە چاومان لە خەلکەکە کرد و بە توندی چەپڵەمان بۆ سەرکەوتنەکەی لێ دەدا. ئەوانەی گومانیان لە زۆر شت هەبوو، لەو گفتوگۆیەدا گومانەکەیان رەوییەوە و دیمەنەکەیان بە باشی هاتە بەر چاو.


Search in نووسینی\'s posts
کردن بە pdf
نووسینی کتێبەکان
EDIT
EDIT
نووسینی کتێبەکان
What city are you from?
Activity Log
Update Info

## مەیخانەکەی ئۆرتینە

### شەوی یەکەم

لەسەر تاقی پەنجەرە و مێزەکان ڕیزێک مۆم داگیرسابوون، **غەرقانیی تەبنوورژەن** لە سووچێکی دەستەڕاستی سەرەوە، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، تەنبووری دەژەنی. مێزەکان سیانیان مەیخۆری لەسەر بوون. **شێخ** خۆی لەبەردەم مەیگەدەکەدا بە پێوە وەستابوو؛ زۆری لێ دەهات، لە مەیگێڕێک دەچوو نیوسەدەیە خاوەنی مەیخانەیە. ڕیشە سپی و درێژەکەی و قژە سپی و درێژەکانی و کراسە سوننەتییە سپییەکەی بەری لە بەردەم گۆزە مەیەکاندا، دێوانەی کردبووم.

مەیخانەکە پێشتر ناوی *مەیخانەی غەریبان* بوو، لەو ڕۆژەوەی **شێخ** بووە مەیگێڕی مەیخانە، خەڵکی ناوەکەیان گۆڕی و بە *مەیخانەی ئۆرتینە* ناویان دەهێنا. **مووسێی باجگر** ناوە تازەکەی پێ خۆش نەبوو، دڵتەنگ دەبوو بەو ناوەوە ناوی بهێنێت. من و **ڕۆدانی ڕۆمی** لە تەنیشت **غەرقانی** دانیشتین. هاتنم بۆ مەیخانەکە خەیاڵێکی نوێی خستە سەرمەوە، لەوە دەچوو بۆ خانەقایەکی تازە چووبم. دەنگی تەنبوورەکە، سێبەری مەیخۆرەکان و شەوقی مۆمەکان، دیمەنێکی دڵگیریان هەبوو. مەیخۆرەکان بەدەم مەینۆشینەوە، لە دونیای ئێمەدا

نەمابوون. ئاوا ورد دەبوومەوە لە دیمەنی ناو مەیخانەکە؛ شێخ بە خۆی و پەیمانەیەک شەرابەوە هاتە لام و فەرمووی لێ کردم بێهۆشم، منیش بە شەرمەوە گوتم: "ئاخر مەیگێڕ گیان، من کەی مەیخۆر بووم، ناتوانم لێوی لێ بدەم. چیت کرد لەگەڵت بووین، بۆ ئەمەیان نا." بە پێکەنینەوە پەیمانەکەی دانا و لەسەر سەکۆکە دانیشت و کەوتە باسکردنی مەی و گاڵتەکردن بە من: "غەزنەوانی ئازیز، تۆ چەندین ساڵ بێهۆش و بێئاگای، بۆچی لە مەستی دەترسیت؟ جیاوازییەکی وای نییە، چ بە مەی مەست بی، یان بە هەر بیروباوەڕێکی تر، مەستی هەر مەستییە. نامەوێت خراپ لێکی بدەیتەوە، لە نێوان مەیخانەکان و مزگەوتەکاندا، لێکچوونێکی زۆر هەیە؛ بێئاگاکردن و مەستکردنی مرۆڤەکان لەو دوو شوێنەدا ڕوو دەدات، دڵشکاوەکان ڕوو لە مەیخانەکان دەکەن و ڕۆحشکاوەکانیش ڕوو لە مزگەوت و خانەقاکان. ئەی نەمگوت تیمارخانەیە. مەترسە، پەیمانەکە دەوای تێدایە، بینۆشە. کەسمان نییە لە شوێنێکدا بریندار نەبووبین، برینەکانی ناخمان بە مەیخانە و مزگەوتەکان چارە دەبن. ڕۆژهەڵات شوێنی برینە گەورەکانە، بۆیە شوێنی ئایینە زۆرەکانیشە. ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی ڕۆحێکی بریندار و وێرانە، بەبێ ئایین و مەی ناژێت. ئێمەش ڕۆژهەڵاتین و جیا نین لە کەسەکانی دیکە. دەبێ ئەهلی یەکێک لەوانە بین. سەرەتا ئەهلی خانەقا بووین بۆ چارەی برینەکەی ڕۆحمان، ئێستا ئەهلی مەیخانەین بۆ چارەی برینەکانی دڵمان. سەخت نییە مرۆڤ هەردووکیان بێت، با لەمشەوەوە هەردووکیان بین. ئێمە لە دوو لاوە بریندار و وێرانین؛ چ ڕۆحمان و چ دڵمان بە تەواوەتی کەلێنی تێکەوتووە."

بەو زمانە شیرینەی قسەی بۆ کردم، بە هەمان شێوە وەڵامم داوە: "نایخۆم قوربان، نایخۆم. چۆن نامەوێت لە خانەقاکە ببمە مەلا بەیجووریەک، لە مەیخانەکەش نامەوێت ببمە مەستێک. لەبەر ترسی مەستبوون ڕەتی ناکەمەوە، لەبەر بێهۆشکردنم ڕەتی دەکەمەوە.

هێشتا ئامادە نیم لەم دونیایە بۆ ساتێکیش بێهۆشبم. دەمەوێت بە ئاگاییەوە بە چاوی خۆم ئەو شتانە ببینم کە بە نیازم بیانبینم."

زۆر خەریک بوو لەگەڵم بینۆشم، نەمتوانی. بانگی کردمە لای مەیگەدەکەوە و لە سووچێکی پشتەوە شوێنێدانیشتنێک هەبوو، لەوێ دای نیشاندم و تکای کرد، هەندێک شت هەیە دەیەوێت بینووسمەوە. منیش چی گوت بە پوختی وەک ئەرکی هەمیشەی خۆم، نووسیمەوە.

بەم جۆرە باسی کارە نوێیەکەی خۆی کرد: "کارە نوێیەکەم پێ قورس نییە، مەیگێڕی سۆفیگەرییە. مرۆڤەکان لە ناخەوە برینداری، لە ناخەوە ئازاریان هەیە، برینەکەیان برینێکی نادیارە، بۆیە ئازارەکەیان بە باشی دیارە. برینێک دیار نەبێت ئازاری زۆرترە لە برینێک برینەکەی دیار بێت. ئازاری ناخی مرۆڤەکان، مرۆڤی ناچار کردووە دەیان شوێن دروست بکات بۆ خۆی، تا بچێت لەو شوێنانە کەمێک ئازارەکەی ناخی سارێژ بکات. مەیخانە یەکێکە لەو شوێنانەی مرۆڤەکان دروستیان کرد، تا ڕووی تێبکەن و لەوێ بۆ ساتێک خۆیان لە دونیا و لە ئازار دوور بخەنەوە. دڵپاکترین جۆری مرۆڤەکان ئەوانەیانن هاتوچۆی مەیخانە دەکەن. مرۆڤ کە مەست بوو، دەبێتەوە بە خۆی. لێرە شەوان مەیخۆرەکان درەنگانێ، مەست دەبن و دەمامکەکانی سەر ڕوویان لا دەچێت و ڕووت و پاک دەبنەوە و دەبن بە خۆیان. لە پێش مەستبووندا جۆرێکن، دوای مەستبوون جۆرێکی دیکە. لە مەستبووندا ڕاستەقینەکەیان دەبینیت و هەستی پێ دەکەیت. مەی ناهێڵێت دەمامکەکان بە ڕوخسارتەوە بمێننەوە. مەی بۆیە جوانە دەمامک بەسەر ڕووی مرۆڤەوە ناهێڵێت.

غەزنەوانی ئازیز، ئەزموونی مەیخانەکە بنووسەرەوە، جیهانێکی زۆر تایبەتە، جیهانێکە پڕە لە خۆبوون و دڵتەنگی و خۆشی. کەسێک لەم دونیایە نابینم ئەهلی مەیخانە بێت و لە ناخەوە وێران نەبووبێت. دەزانی کەم کەسیان خۆی بە بێبڕوا دەزانێ، مەی بۆ ئەوان پەیوەندیی بە حەڵاڵ و حەرامەوە نییە، بۆ ساتێک لەبیرکردنی خۆیانە.

دەیانەوێ خۆیان لەم ژیانە لە بیر بکەنم دەیانەوێ ون ببن. مەی دەخۆنەوە تا هۆشیان دوور بکەوێتەوە، تا کەمێک خۆیان بن و ئەوە نەبن کە ئەندێشەیان پێیان دەبەخشێت. مرۆڤ کە مەست بوو دڵی لەباتی زمانی قسە دەکات. یەکێ دەیگرێت بە گۆرانییەوە، یەکێ دەیگرێت بە گریانەوە، یەکێ دەیگرێت بە هەڵدانەوە سوتماکی برینەکانییەوە، یەکێ بە بێدەنگییەوە دەیگرێت. کەسیان وەک خۆی کە هاتووە بۆ مەیخانە نامێنێتەوە. ئەم جیهانە تایبەتە، پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە. تا نەیەیتە ئێرە نازانی مرۆڤەکانی دەرەوە و ناو مەیخانە جیاوازن. لە مەیخانە دەبنە ئەوەی کە هەن، لە دەرەوەش دەبێ ساڵانێکی زۆر لەگەڵیان بی تا بە تەواوەتی دەمامکەکەیان لا دەبەن و خۆیانیانت پێ دەناسێنن. مەی بە چەند ساتێک ئەو کارە دەکات، مرۆڤ بە ساڵێک گەر بۆی بکرێت بیکات."

ئەم پیاوە زۆر سەیر بوو، لە هەموو شتێکدا بیری لەجوانییەکان دەکردەوە و بۆ دیوە تایبەتییەکە دەگەڕا. لەوانەیە ئەزموونی ئێرەش هێندەی ئەزموونی خانەقا بیرکردنەوەکانی بگۆڕێت. عاشقبوونەکەی بردیە شوێنانێک بە خەونیش نەچوبووە ئەو شوێنانە. دیارە لە لای ئەم ژیان هەزاران تامی هەیە. عاشقەکان ئەوانەن، دەتوانن جۆرەکانی تامی ژیان ئەزموون بکەن. بۆم گرنگ نەمابوو پیاوێکی ئاییندارە یان بێئایین، بە لاشمەوە گرنگ نەبوو ژیانە پڕ لە کەسەرەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات. لەم ژیانەدا هەر کارێک بکەیت و بە ڕۆحەوە نەیکەیت، کارەکە هەرچی بێت ناتوانێت وات لێ بکات بەر تامی ژیان بکەویت. ئەو لەو کەسانەیە بە ڕۆحەوە دەجووڵێتەوە، ڕۆحی دەدا بەو کارەی دەیکات. خەڵک با بۆخۆی چەنە بدات، ڕۆح لەکوێ بوو، چوون بۆ ئەو شوێنە چوونە بەرەو پیری بڕوا. چاک لە بیرمە ساتی تالێهاتنەکەی بەدەم تاوە دەیگوت: "عیشق لەکوێ بوو، قیبلەی من لەوێیە."

چەند جوانن ئەو کەسانەی بە عیشقەوە سەیری هەموو شتێک دەکەن، باوکم دەستی دەکرد بە نیگارکێشان، وا بە ئەوینەوە دەچووە ناو

نیگار و ڕەنگەکانەوە، لە مەستێک دەچوو بە گۆزە مەی نۆشیبێت. یان کە پەنجەکـانی لە دەوری قامیشـەکە دەئاڵانـد، وا پەنجەکـانی دادەنەواندنەوە بۆ نووسینی وشەیەک، لە سوژدەی بڕوادارێک دەچوو بۆ خودا. دڵیشی لەگەڵیدا دەکەوتە سەر تیانووسە سپییەکە. هەمان عیشقی باوکم بۆ نووسین و ڕەنگ، لە **شێخی سەنعان**دا بۆ بڕوا و ژیان بینییەوە. گەرچی باوکم لە کارەکەیدا درکت بەو عیشقەی دەکرد، کەچی **شێخ** لە ڕێوڕەسمتنیدا وا بوو.

شەوی یەکەم بە دیار مەستەکانەوە تا درەنگانێ قسەی بۆ کردم و **غەرقانی**یش تەنبووری دەژەنی. بەرەبەیان مەیخانەکە چۆڵ بوو، یارمەتیمان دا مێزەکانمان پاک کردەوە. لە پشت مەیخانەکە هۆدەیەکی بچووکیان بۆ دابین کرابوو بۆ خەوتن. من و **ڕۆدانی ڕۆمی** لەوێ نەماینەوە، جێمان هێشتن و بەرەو خانەقاکە کەوتینەوە ڕێ. شەوێکی فێنک بوو، لە ڕووبارەکەوە شنەی بایەکی خۆش هەڵی دەکرد و خۆی دەکێشا بە شارەکەدا. بە ئاسمانەوە هەورەکان لە سەفەردا بوون، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا. جارجارەش هەورەکان خۆیان دەدایە بەر ڕووناکی ئەستێرەکان. نە مەیمان خواردبووەوە و نە تامیشمان کردبوو، کەچی لە دوو مەست دەچووین بەدەم ڕێوە خەریکی گۆرانیگوتن بووین. نازانم هێی ئەوە بوو گۆرانیی مەستەکانی مەیخانەکە لە ناوماندا مابووەوە، یان مەیخانە خۆی هەر وایە، کە چوویتە ناوی دڵت دەگۆڕێت. تا گەیشتنەوەمان بۆ بەردەم خانەقاکە، پشوومان نەدا و گۆرانیمان گوت.

## شەوی دووەم

ئیدی تەنیا ئەهلی خانەقا نین، ئەهلی مەیخانەشین. مورید و فەقێیەکان دەیانزانی شەوان دەچینە مەیخانەکە، هەڵسوکەوتیان نەگۆڕا و تانەیان لێ نەدەداین، پێیانەوە دیار نەبوو نیگەران بن لە هاتوچۆکردنمان. کۆبوونەوەی ناو کڵێسەکە بۆچوونی هەندێکیانی گۆڕیبوو، بە

تەواوەتــی دەســـتیان لەوە شوشـــتبوو ئامۆژگـــاریکردن و فشارخستنەسەری ناچاری بکات پەشیمان ببێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ناو خانەقا. ئێمەش خۆمان یەکلایی کردبووەوە تەرەفداری شێخین و چی بکات دەستی لێ بەر نادەین. مەیخانەکەش خراپ نەبوو، خۆش بوو، وردەوردە خەڵکی ڕوویان تێدەکرد. دەستەیەک دەهاتن گوێ لە قسە عاشقانەکانی شێخ بگرن و دەستەیەکی کە دەهاتن ببینن بە ڕاستی بووە بە مەیگێڕ. دەستەکان هاتنەکەیان بە مەبەست بوو. تاقە مەیخانەش بوو تەنبووری تیا دەژەنرا. لەوێ بۆم دەرکەوت ڕۆدانی ڕۆمی دەنگێکی پێوەیە خوشکی خۆی حەیرانی دەبێ.

ئەویش بەوەدا زانیم کتوپڕ لە نیوەشەوێکدا شێخ گوتی: "فریشتەکەم هاتە خەوم و پێی گوتم: 'دەنگێک لە تەنیشت چاکی عەباکەتە، شارێک بە خۆیەوە مەست دەکات.' دا دەی دەست پێ بکەن بزانم کامەتانن." سەرەتا من گوتم، کە دەمم کردەوە دایانە قاقای پێکەنین. دەنگێکی زیقنی هەناسە کورت، گوێچکەی ئەزیەت دەدا. دوای من ڕۆدانی ڕۆمی گوتی، وای خودایە! چ دەنگێک بوو. چەهچەهەیەکی دەکرد، موچرکی بە گیاندا دەهێنا. تا زیاتر دەنگی بەرز بکردایەتەوە، زیاتر قورگی ساف دەبوو. لە خۆشیی تەنبوور و دەنگە خۆشەکەی مەیخۆرەکان کەوتبوونە دونیایەکی تایبەتەوە. مەیگێڕیان دەهێنا و دەبرد. ئێمە هاتبووین بۆ خۆمان دابنیشین، لێ گۆرانی و تەنبوور حاڵێکی دروست کرد لە زیکری ناو خانەقاکە خۆشتر. هێندە هۆگری دەنگی بووم ئارەزووم لێ بوو کە دەمی کردەوە تا کاتی ڕۆیشتنەوەمان نەوەستێت.

لە لایەک چەپڵە لێ دەدرا، لەل ایەک پەیمانە بەرز دەکرایەوە، لە لایەک سەریان با دەدا و هەڵدەستانەوە قریوەیەکیان بۆ دەکرد، تەواو بەچێژ بوو. شێخ بە خۆی و پەیمانەیەکەوە تێکەڵی مەستەکان بوو، یەکەم جارم بوو ببینم مەی بنۆشێت. مرۆڤ چووە هەر شوێنێکەوە، ڕەنگی شوێنەکە دەگرێت. چاوەکانی قورس دەردەکەوتن، دەستە سپی و

دەمارە شینەکانی لەرزینیان تێکەوتبوو. بە مەیخواردنەوە لەو کاتانە دەچوو کە زیکری دەکرد. مەیخۆرەکان برینەکانی ناخیان هێنابووە سەر زمانیان، **شێخ**یش بە دەنگی بەرز کە هەرگیز لە دەنگی ئەو نەدەچوو، بە ئاوازێکی خەمگینەوە کەوتە باسی بەسەهاتی دڵە وێرانەکەی خۆی، پەیمانەیەکی بەرزکردەوە و گوتی: "بۆ ئێوە دەدوێم دڵپاکەکان، لەخۆمەوە ناڵێم دڵپاکەکان، دڵی پاک لە بنەوانەوە دڵی هەموو مرۆڤێکە. مرۆڤێک نایەتە دونیاوە دڵێکی پاکی نەبێت. تۆ بڕوانن منداڵ دێتە دونیاوە، نە دڵی، نە مێشکی، هیچی تێدا نییە و پاکپاکە. بە پێی ڕۆژگار گەورە دەبێت و شت دەچێتە ناو دڵ و مێشکی. ئەوە ڕۆژگار نییە دڵەکان پیس دەکات، مرۆڤ خۆیەتی. لە بەرچاوی من ئێوەی مەست و خۆشخەیاڵ، لە منداڵەکان دەچن. مەی تۆز و گەردی سەر دڵەکان لا دەبات و پاکی دەکاتەوە. بیهێنە بەرچاوی خۆتان هەمیشە مەست و بێئاگا بن، چی دەقەومێت؟ من وا دەزانم مرۆڤ تا زیاتر بێئاگا بێت، زیاتر ترسناک دەبێت. مەست و بێئاگا زۆرن لەم دونیایەدا، جوانترینیان و پاکترینیان هیی ناو مەیخانەکانن. ئێوە خۆتان خۆتان بێئاگا دەکەن تا ڕاستەقینەی خۆتان بدۆزنەوە. بێئاگاکانی تر لە ئەسڵدا بێئاگان، بۆیە نامەوێت ئێوە بەراورد بکەم بەوان. خۆتان خۆتان بێئاگا بکەن زۆر جوانترە لەوەی لە بنەوانەوە بێئاگا بن. ئێوە ترسناک نین مەستەکان، ئەوانە ترسناکن خۆیان بە بەئاگا دەزان و بێئاگان. پێتان خۆشە باسی مەستیی دونیاتان بۆ بکەم؟"

مەستەکان بە جارێک پەیمانەکەی خۆیان بەرز کردەوە و دەیان دا لە یەک و دەیانگوت: "بیگێڕەوە مەیگێڕی ئازیز، بیگێڕەوە. **شێخ**ی مەیگێڕ بە ڕویەکدا مەستمان بکە و بە قسەکانیشت خەنجەر لە دڵمان بدە."

جا ئەوەندە جوان بوون، لارەلار بە حاڵێ خۆیان دەگرت بە پێوە. بە زمانە گیراو و خوارەکەیان، داوایان دەکرد بەردەوام ببێت. بینینیان سەربەقوڕی دەهێنایە پێکەنین.

شێخ دەستی ڕاکێشا بۆ بەرامبەری، پیاوێکی سەروڕیش ماشوبرنجیی ئەسمەر دانیشتبوو. لێی پرسی:

- کارت چییە مەیخۆری ئازیز؟

- قوربان دارتاشم.

- بە بە، تۆ ئەی دارتاشی ئازیز، ئەو کورسییەی دروستی دەکەیت مرۆڤ مەست دەکات. مرۆڤ بۆ یەکەم جار کورسیی دروست کرد دەستی لە سادەیی هەڵگرت. کورسی مەودایەک نییە لە نێوان مرۆڤ و زەویـدا، مەودایەکە لە نێـوان سـادەیی و غـروووردا. لە ڕێبـازی سۆفیگەریدا کورسی نییە، مرۆڤ پێویستە بە زەوییەوە بنووسێ، بۆ ئەوەی دوور نەکەوێـتەوە لە سـادەیی. زەوی نهێنییەکـی تێـدایە، کە پێیەوە بەسـترایت ڕۆحە سـادەییەکەت دەهێنێـتەوە خەیـاڵ. لە کورسـییەکان دوور کەونەوە و لەسـەر زەوی دابنیشـن، بـا سادەییەکەتان نەمرێت. ئیشی عیشق فێربوونی ئەم شتانەیە، عیشق تەنیا دڵدان نییە بە دولبەرێک، عیشق خۆداماڵینە لە هەموو پیسییەک. پێکەنینم بەوانە دێ کاتێ لەسەر زەوی دادەنیشن ئاسایین و کاتێ لەسەر کورسیەک دادەنیشن غرووورێک لە هەیبەتی خۆیاندا دروست دەکەن. عیشقی ڕاستەقینە فێرت دەکات لە هەرشوێنێک بیت مرۆڤە ڕاستەقینەکە بیت، مرۆڤە سادە و پاکەکە بیت. کەلوپەلەکانی دونیا بۆ فریـودان و بەهەڵەبردنـی مـرۆڤە. عیشـق دێـت مـرۆڤ لەو هەڵە و فریودانە هۆشیار دەکاتەوە. لەم شارەی ئێمەی تێدایین، دەیان کەسی تێدان کورسـی مرۆڤبـوونی لـێ سـەندووەتەوە. مەسـتیی مـرۆڤ بە کورسـییەوە ناشیرنترین جۆری مەسـتییە. ئـاخ چەنـدە لەو گـرێیەی ناخی مرۆڤ دەترسم! گرێیەک لە ناخی مرۆڤدایە، کرایەوە دەیکات بە دڕندەیەکی وێرانکار. بۆیە بانگتان دەکەمە بۆ سـەر زەوی و سـادەیی. لە سـادەییدا کەلوپەلەکـان نـاتوانن مـرۆڤ ئاڕاسـتە بـکەن. کەسانێک نەخـۆش دەکەون بە کورسـییەوە لەگەڵ خۆیانـدا یەک کـۆمەڵگەش

نەخۆش دەخەن. ترسناکترین جۆری نەخۆشی، نەخۆشیی هۆگربوونە بە کورسییەوە.

لەم کاتەدا پەیمانەکەی بەرز کردەوە و خستیە سەر لێوی و قومێکی نۆشی. بەوەی تەنیشتی خۆی گوت:

- ئەی تۆ کارت چییە؟

- قوربان من ئەسپوعەرەبانەم هەیە، ڕێبوارەکان دەگوازمەوە.

- چاکە، چاکە... تەماشا ئازیزان، تەماشا، ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بیر دەکەینەوە دوور بکەوینەوە لە سروشتی خۆمان و خۆمان جیا دەکەینەوە. ئەسپمان خۆش ناوێت لەبەر ئەوەی گیانەوەرێکی هێمن و جوانە. خۆشمان دەوێت چونکە خزمەتمان دەکات. تەنانەت مرۆڤ بە جۆرێک خۆپەرستە، جیاکاری لە نێوان گیاندارەکانیشدا دەکات. ستایشی سەگ دەکەین بەوەفایەوە پاسەوانیمان بۆ دەکات، نەفرەت لە گورگ دەکەین دڕندەیە و مەڕەکانمان دەخوات. هەردووکیشان یەک چینن و سەر بە یەک خێزانن. مەڕەکان و مانگاکانمان خۆش دەوێن، دەیانلەوەڕێنین و شمشاڵیان بۆ لێ دەدەین تا بە ئاوازی شمشاڵەکە شیری زیاترمان بدەنێ، نەفرەتیش لە ورچەکان دەکەین، لە کاتێکدا سەر بە یەک خێزانن. چی بۆ خۆمان باش بوو جێگەی ڕێزە، چی بۆ خۆشمان خراپ بوو بەر نەفرەتی دەدەین. مرۆڤ ئاوایە، خۆپەرستە. تەنیا عیشقە وا لە مرۆڤ دەکات هەموو شتێک وەک خۆی ببینێ و لە بەرژەوەندییەوە لێکیان نەداتەوە. لە ناو بڕوادا عیشقێکی گەورە هەیە، لە ناو مرۆڤیشدا هەمان عیشق هەیە. کەسێک بتوانێت خۆی لە ناو ئەو عیشقەدا بدۆزێتەوە، دەتوانێت سەرتاپای تێگەیشتنی بۆ ئایین و دونیا بگۆڕێت. عیشق دونیابینییە.

لە سووچی لای دەرگەکەوە پیاوێک تاکوتەنیا دانیشتبوو و بۆ خۆی گوێی دەگرت. لەناکاو هەستایە سەر پێی و بە شێخی گوت: "سووچی ئەم مەیخانەیە ماڵی دووەمی منە. ژیانم باش و خۆشە، کاسپیی خۆم دەکەم، نزیکەی سی ساڵە دەخۆمەوە. تۆ لە چاو ئێمەومانان نوێیت و

بە خێر بێیت بۆ مەجلیسەکەمان. من ئازاری کەس نادەم و فێڵیش لە کەس ناکەم، عاشقی ژنەکەی خۆمم، مەرج نییە هەر کەسێک هاتە مەیخانە جێدەستی کەسێک لەسەر دڵی بێت. دڵی من بێ برینە، مەی بۆ من سارێژکار نیە، ئارامییە. ڕۆژانە کار دەکەم، شەوانیش دێمە ئێرە دەخۆمەوە. مەیخانە و باوەشی ژنەکەم ئارامم دەکەنەوە. بۆ من دەستبردن بۆ پەیمانەیەک و دەستبردن بۆ ئارامییەک جیاوازیی نییە. کاتێ ماندوو دەبی لە ژیان، پێویستت بە سێبەرێک و باوەشێکی ئارام هەیە ماندوویێتیت لێ دەربکات. مەیخانە ئەو باوەشەیە بۆ دەرکردنی ماندوێتیی من. بەم بۆنەیەوە پەیمانەیەک شەرابم بۆ بهێنە." شێخ هەستا چووە ناو مەیگەدەکە و پەیمانەیەک شەرابی هێنا و لە بەردەمی دانا و لە تەنیشتی دانیشت، خەیلێ پێکەوە قسەیان کرد. خەریک بوو بەرەو دەمەوبەیان بچین، غەرقانی دەستی کرد بە ژەنین و ڕۆدانی ڕۆمیش گۆرانیی گوت.

دووبەدوو حاڵیان خستە ناو مەیخانەکە. مەیخانە ئەو دۆزەخە نەبوو کە باسیان دەکرد، مرۆڤەکانی ناوی هەمان ئەو مرۆڤانەن ڕۆژانە دەیانبینین. جیاوازییەکە لەوەدایە ئەوانەی ناو مەیخانەکە پاکترن و خۆیانن و لە دەرەوە ئەوانە نین کە لە مەیخانەدا دەیانبینی. تێناگەم بۆچی مرۆڤ کە مەست بوو ئایینەکان بەر نەفرەتی دەدەن؟ بۆچی ئارەزوو دەکەن مرۆڤ بە ئاگا بێت بۆ فێڵکردن و دەمامکپۆشین؟ بۆ ئارەزوویان لە پاکی و ڕوونی نییە؟ مەی پاکیان دەکاتەوە و ڕوونیان دەکاتەوە، بۆیە ئایینەکان ڕقیان لە مەیە.

سەیرە، لای من جێگەی پرسیارە، ئایین خۆی شوێنی مەستکردنی خەڵکە و دژی مەستبوونی خەڵکیشە!

## شەوی سێیەم

ئێوارەکەی غەرقانی ناردبووی بە شوێنمدا زوو بچین بۆ ئەوی میوانی تایەتیان هەیە. بۆ خۆمان بووینە میوانی هەمیشەیی مەیخانەکە بێ ئەوەی پەیمانەیەکیش بخۆینەوە. گەیشتینە مەیخانەکە، هاخام و قەشە و شێخ پێکەوە دانیشتبوون و مەی لە بەردەمیاندا بوو. چاویان بە من کەوت بانگیان کردمە لای خۆیا، کورسییەکم برد و سڵاوێکم لێ کردن و لە تەنیشتیان دانیشتم. ئەوان دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن و منیش نووسیمەوە.

قەشە بە نیگەرانییەوە گوتی: "ڕاستی بۆ داخوازییەک هاتووین و پێ دەچێت تاقیمک لەوانەی خۆتان لە ناو خانەقاکە، نیازیان خراپ بێت. ئۆقرە ناگرن شێخێک لە ئایین وەرگەڕابێت و بووبێتە مەیگێڕی مەستەکانی شار. خەڵک تانەیان لێ دەدەن و پێیان دەڵێن "بۆ خانەقاکەش ناکەن بە مەیخانە؟!"" چارەیەکی دۆخەکە نەکەین خراپ دەقەومێ. نازانم نیازیان چییە، بە جووڵەکانیاندا دیارە دەستێک دەوەشێنن."

خەمێک نیشتە سەر ڕوخساری شێخ، پێیەوە دیار بوو دەسەڵاتی چارەکردنی نییە، ئامادەش نییە لە ترسی دەستوەشاندنی ئەوان، بێوەفایی بکات لە بەڵێنەکانی خۆی. بە خەمگینییەوە وەڵامی قەشەی دایەوە: "من سوورم لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی خۆم، پێشم وا نییە هاتبمە شوێنێک خودا نەفرەتی لێ کردبێت. لەم مەیخانەیە کەس نەبینی بێبڕوا بێت. خودایەک لە ناو دڵی شکاوی مەستەکاندا هەیە. کەسێکم دەوێت بتوانێت بێتە ناویان و لە ئازارەکانیان تێبگات. زۆربەی مەلاکان لە دوورەوە بڕیار لەسەر بڕوا و بێبڕوایی مرۆڤەکان دەدەن، جارێک نایەن بۆ مەیخانەکان بزانن شوێنی بێبڕواکانە، یان شوێنی بریندارەکان. وا دەزانن هەر کەسێک نەچووە ناو مزگەوتەکانەوە دوورە لە خوادوە، لە کاتێکدا هێندە مرۆڤی نابەجێ دەچنە ناو ئەو مزگەوتانەوە، خودا خۆی بێزارە لەوێوە بانگی

بکەن. من دەستم لەوان هەڵگرتووە و نازانم بۆچی ئەوان دەست لە من هەڵناگرن. چی ڕسوایی هەبوو خستیانە پاڵ من، من ڕسواییەکانم قبووڵ کرد، کەچی ئەوان بەوەشەوە ناوەستن. خودا لامان دا لەو ئاینپەرستانەی ڕقەکەی ناخیان لێ بووە بە بڕوا. ئەمانە بۆ جارێکیش سەر بەرز ناکەنەوە بۆ ئاسمان و لە گەردوون بڕوانن تا بزانن ئەوان لەم سەر زەوییە چەند بچکوون و خودا کاری بەوە نییە ئەوان بەرگری لێ بکەن."

هاخام کەمێ دڵی شێخی دایەوە و پاشان پێی گوت: "وا نییە شێخ، ڕسوایی تۆ بە قسەی ئەوان ڕسوایی خۆیان و ئاینەکەیانە. لە شوێنی تۆ من بوومایە، موسڵمانەکان بە گاڵتە و پێکەنینەوە باسیان دەکردم. ئێستا ناتوانن ڕسوایەکە بەس لە تۆدا ببینن، خۆیان کردووە بە خاوەنی ڕسواییەکە. جیاوازییەکە لەوەدایە، تۆ لایەکی دەبینی و ئەوانیش لایەکی دەبینن. نە من و نە تۆ و نە قەشە نامانەوێت کارێکی خراپ ڕوو بدات. لە بیری مەکە، کە ئاینندار تووڕە بوو لە هەورەبروسکە خراپترە. بەر لەوەی تووڕەبوونەکەیان بگاتە بەکارهێنانی مشتەکۆڵەیان، چارەیەک پێویستە. شارەکەی ئێمە بە درێژایی مێژوو شاری ئاینەکان بووە، شارێک نەبووە ئایین بتوانێت ڕق لە نێوانماندا دروست بکات. وا خەریکە حاڵەتەکەی تۆ ڕقەکەی ناخی کەسە ئاینییەکان دروست دەکات. بە داخەوە ئەمە دەڵێم، بەس وایە و ئێمە ترسمان لەوەیە."

شێخ لە وەڵامیدا گوتی: "تێگەیشتم، هاتوون پێم بڵێن بۆ دامرکاندنەوەی ڕقەکە دەست لە عیشقەکەم هەڵبگرم و بگەڕێمەوە ناو ئاینداره توندەکان، یان شارەکە جێ بهێڵم و ئاوێک بەم ئاگرەدا بکەم. هەق بە ئێوەیە، بوومە هۆی کێشەی زۆر بۆتان. هەفتەیەک مۆڵەتم بدەنێ، بیرێکی لێ دەکەمەوە.

هاخام گوتی:

- جەنابی **شێخ** لەوە تێپەڕی کردووە هەفتەیەک مۆڵەتت بدرێتێ، ڕقی موسڵمانەکان و تانەی نەفامەکانی ئێمە لەوان، گەیاندوویەتی بە ئاستی دەستوەشاندن. دوێنێ **مەلا بەیجووری** هاتبووە لام، بە کورت و پوختی خستیە بەردەمم موسڵمانەکان قبووڵی ناکەن لەوە زیاتر لەبەر شێخێکی خەڵەفاو، تانەوتەشەریان لێ بدرێت. تۆش تازە دەستتکردوە بە مەیخواردن و گەرمکردنی عیشقەکەی خۆت. چی تێدایە دەستی لێ هەڵبگریت؟!"

- کاتی خۆی باوەڕدارەکان کەمبوون، کەمبوونیان نەیتدەتوانی لاوازیان بکات و لەشکری گەورە گەورەیان تێک دەشکاند، چونکە بڕواکەیان لە مەچەکەکانیان بەهێزتر بوو. سەردەمێک هات زۆر بوون، زۆرییەکەیان نەبووە هۆی بەهێزییان، زۆری لەشکرەکانیان و لاوازیی بڕواکەیان تێکی دەشکاندن. من ئامادەم دەست لە دونیا، دەست لە خۆم و ژیان هەڵبگرم، بەڵام ئامادە نیم دەست لە عیشقەکەم هەڵبگرم. لەم شارەش ناڕۆم، قیبلەی من لەم شارەیە. ئارەزوو دەکەم ڕۆژی هەزار جار پێم بڵێن شێخی کافری لەئایینوەرگەڕاو، بەس جارێک پێم نەڵێن شێخی لەعیشقوەرگەڕاو.

- جا تۆ قوربان یارەکەت نابینی، کەوایە لە هەر شوێنێک بیت دەتوانی عیشقەکەی ناخت بهێڵیتەوە و گەشەی پێ بدەیت.

- هەوای عیشقەکەی من لەم مەملەکەتەیە، بەو هەوایە دەژیم کە عیشقەکەم دەیهێنێت. ئێواران دەچمە سەر گوێسەبانەکە و ڕوو دەکەمە ماڵی **ئۆرتینە**، دڵم گەردی تێدا نامێنێت. چی دەکەن بیکەن، یار لە کوێ بوو، ئەوێ قیبلەی دڵی عاشقە. منێک ئەو هەموو ڕسواییەم قبووڵ کرد لەبەر عیشقەکەی ناخم، دەتانەوێت بەو ئاسانییە پشتی تێبکەم؟ نا دۆستان، لە من ناوەشێتەوە کاری وا بکەم. زۆر لە **مەلا بەیجووری** مەترسن، پیاوێکی ترسنۆکە، پیاوێک دەمی گەورەتر بوو لە کارەکانی، نە جێگەی ئومێدە نە جێگەی ترس. ڕاستە کاری نامەردانەی لە دەست دێ، کاری نامەردانەش کاری پیاوی دەمکراوە

و لاوازە. با بزانین کارە نامەردانەکەشی چییە و ببینن. لەم ڕۆژهەڵاتەدا شوێنی زۆر و شار و گوندی زۆرم بینیوە، بەقەد شار و گوند و شوێنەکان پیاوی نامەرد و پیاوی مەردم بینیوە، من لە مەردەکان ناترسم، لە نامەردەکان دەترسم. ئەم پیاوە گەرچی نامەردە، لێ ترسەکەی ناخی ئەوەندە زۆرە نامەردیشی لێ نایەت. بۆیە تکا دەکەم لێی مەترسن، بە هەڕەشەیەک دەست لەو ئایینەش هەڵدەگرێت کە خۆی کردووە بە خاوەنی.

قەشە گوتی:

- دەی قوربان، ئێمەش لەو نامەردییە دەترسین. دەمێکە دەیناسین، کاتی خۆی هاتە ئەم شارە، ئاژاوەیەکی نایەوە. مانگێک خەریک بووین تا ئاژاوەکەمان دامرکاندەوە. ئێستاش دوور نییە هەمان کار دووبارە بکاتەوە.

- خەمتان نەبێ قەشەی ئازیز، ئاژاوەش دروست بکات بۆ خۆمانە، بۆ ئێوە نییە. چارەی دەمە هارەکەی و ناخە پیسەکەی لای منە. خۆم تەمێی دەکەم، تەمێبوونێک بۆ پشتاوپشتی عاقڵ بێت.

شەوێکی گەلێ ناخۆش بوو، تا درەنگانێ خەریکی چارەسەرێک بوون، نەیانتوانی ڕازی بکەن شارەکە بەجێ بهێڵێت. ئەوان ڕۆیشتن و خۆمان ماینەوە، بە بێدەنگ و خەمگین لە شوێنی خۆمان دانیشتبووین و مەیخۆرەکانیش لە هەوای خۆیاندا بوون. مەیخانەکە کەوتبووە سەر ڕوکنی ڕیزی مەیخانەکانەوە، دەرگەیەکی بچووکی تەختەی دوولایی هەبوو، بە هەر لایەکدا پاڵت بە دەرگەکەوە بدایە، دەکرایەوە و پاشان دەچووەوە شوێنی خۆی. شوێنی مەیگێڕەکە بەرامبەر دەرگەکە بوو، مێزەکان بە ناو مەیخانەکەدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک داندرابوون. تابلۆی کچێکی چاوڕەشی لەچکبەسەر، کاتی خۆی قەشەیەکی گەورە دروستی کردبوو، لە پشت سەری مەیگێڕەکەوە هەڵواسرابوو. نیگارێکی مووسێی باجگریش بە ڕەنگی ڕۆنی لە لایەن نیگارکێشێکی هاوڕێیەوە بۆیە کرابوو، بە جلێکی سپیی پۆشتە، لەسەر لا وەستابوو،

له لای مەیگێڕەکەوە هەڵواسرابوو. باقی دیوارەکانی مەیخانەکە هیچیان پێوە نەبوو، بە قسڵی سپی سواغ درابوون.
شەوان تاریکی دەکرد، وردەوردە موشتەرییەکان ڕوویان لە مەیخانەکە دەکرد. موشتەرییەکان تا دەهات زیادی دەکرد، تەنبوورەکەی غەرقانی و دەنگی ڕۆدان و ناوبانگی شێخ، خەڵکی بەرەو مەیخانەکە ڕادەکێشا. دەمەوتاریک، لەسەر تاقی پەنجەرەکان و سەکۆی بەردەم مەیگێڕەکە ڕیزێک مۆم دادەگیرسێندران و ناوەوەی مەیخانەکەیان ڕووناک دەکردەوە. کاتێک مەیخۆرەکان دادەنیشتن، شەوقی مۆمەکان سێبەری ئەوانی دەدا بەسەر یەکدا.
شێخ بانگی کردم و پێی گوتم: "ئێستا بگەڕێوە بۆ خانەقاکە و مەلا بەیجووری ئاگەدار بکەرەوە، هەڵەیەک بکات گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە." دەستیشی والا کردمەوە، گەر زیادەڕەویی کرد تێیبسرەوێنم. ئەم بڕیارەیم گەلێ پێ خۆش بوو، گەرچی لە کاری ئەو نەدەچوو، ئەما سەبری نەمابوو. ناچار بوو بەم هەڕەشانە بیوەستێنێت و نەهێڵێت ئاژاوەیەک بنێتەوە خەڵکی بێگوناە پێوە بێن.
چیی پێ گوتبووم بێ زیاد و کەم جێبەجێم کرد.
مەیخانەکەم جێ هێشت و بەرەو خانەقاکە کەوتمە ڕێ. پێش ئەوەی بچمە لای، لە ناو تێشووەکەم خەنجەرەکەم دەرهێنا و بە کەمەرمدا هەڵم واسی. خواخوام بوو شتێک بڵێت و تێیبسرەوێنم و خۆمان و شارەکە ڕزگار بکەم لە دەستی.
تەقەم لە دەرگەکە دا و فەرمووی کرد بۆ ژوورەوە، دەرگەکەم کردەوە و منی بینی، لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکی. دەستم خستە ئەمبەر و ئەوبەری دەرگەکە و خۆم دەرپەڕاند تا باش دەسکی خەنجەرەکە دەربکەوێت. بە زمانێکی هەڕەشەوە پێم گوت: "شێخ ناردوومی پوخت و پاک پێت بڵێم هەر هەڵەیەک بکەیت گیانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە. وا نەزانی لێت قبووڵ دەکرێت." ڕەنگی تێک چوو، هەستایە سەر پێ، لە ژێر باڵەکانمەوە تەماشایەکی ناو هۆڵی

نوێژخوێنەکانی کرد، چۆڵ بوو. بە پرتەپرتەوە وەڵامی دامەوە، بە تەمای هیچ نییە و بیری لە هیچ خراپەیەک نەکردووەتەوە. ئەوەی بە ناوی ئەوە دەیڵێن زیادەڕەوییە. دڵنیای کردمەوە سەردانی شێخ دەکات و عوزرخواهی بۆ دەهێنێتەوە. منیش دووبارەم کردەوە، کۆتا جاری بێت لە ژێرەوە خەریکی بەدکاری بێت. ئەوانەی ئەو پشتیان پێ دەبەستێت بە قسەیەکی شێخ شاربەدەری دەکەن. دڵنیام کردەوە باری لاری شێخ ئەو ناکات بە نوێنەری بڕواداران، جا باشترە بۆ خۆی سەری کز بکات و بێدەنگی لێ بکات.

هاتە پێشەوە و دەستی خستە سەر شانم و دەستی کرد بە پاڕانەوە و ئامۆژگاری کردنم، بە زمانە وەرگەڕاوەکەی گوتی: "نا کوڕم، وا خراپیش نیم کە باسی دەکەن. تەنیا ئازار دەکێشم بە دەست تانەی خەڵکەوە. ئارەزووم نەدەکرد ئەمە ڕوو بدات، ڕووشی داوە قبووڵی دەکەم. تۆش زۆر توندی، کەمێ هێمن ببەرەوە. ڕێزی تەمەنم بگرە، جوان نییە لە ناو مورید و فەقێیەکاندا بەو شێوە ناشیرینە ڕووبەڕووم دەبیتەوە."

بە هێواشی دەستیم لەسەر شانم لا دا و لووتم بردە پێش لووتی و پێم گوت: "ڕێزی خۆت بگرە با ڕێزت بگیردرێت، کارە بەدەکانت بووەتە هۆی ناشیرین بوونت لە ناو خەڵکدا، تا زووە خۆت پاک بکەرەوە. تۆ بۆت نییە ڕێ پیشانی شێخ بدەیت چی دەکات یان نایکات. ناو مەیخانەکە خەڵکی زۆر باشتری تێدایە لە ناو خانەقاکە، ئەوانەی دەچن بۆ ئەوێ هەموو گوناهەکەیان مەیخواردنەوەیە، ئەوانەشی دێنە ئێرە تەنیا یەک گوناهیان کەمە، ئەویش مەیخواردنەوەیە. سەد مەیخۆری بەدمەست بەقەد ناخپیسێکی ناو ئایین ژیان وێران ناکات. من غەریبەیەکی دەستلەخۆشوشتووم، شتێکم نییە بیدۆڕێنم و ڕاشی سپاردووم عاقڵت بکەم، خۆشم کەیفخۆشم بەوەی عاقڵ بیت و بەو ناخە پیسەتەوە دەست وەرنەدەیتە ناو ژیانی کەس. جا جیتر کەیفی خۆتە، قسەکانم بکە بە

زنجیرێک و بیخە گوێت. پێ دەچێت ئەم دەستە نازدارانەم کە بۆنی مەرەکەب و بۆنی وشە دەدەن، دواجار بۆنی خوێنی تۆ بگرن."
هەڕەشەکانم لێ کرد و جێم هێشت. ئەوەندە ترسابوو شەو خۆی نەگرتبوو، بە دزی موریـد و فەقییەکـانەوە خـۆی گەیانـدبوویە مەیخانەکە و بەڵێنی دابوو درۆو دەبێت لە کێشەکان.

## شەوی چوارەم

مێزەکان پڕ بوون، مەیخانە جمەی دەهات، لە هەوای خۆماندا بووین، **مووسێی باجگر** خۆی کرد بە ژووردا. وا باسیان دەکرد لە ژیانیدا یەکەم جاریەتی شەوان هاتبێتە مەیخانەی خۆی. ئەسپەکەی **شێخ** لە باخەکەدا بوو، هاتبوو بەسەریدا زینی کردبوو، بە سواری ئەسپەکە هاتبووە ئێرە. بە هاتنەژوورەوەی مەیخانەکە کپ بوو، کەچی ئەو دڵی زۆر خۆش بوو، بە دەستە گێڕەکانی سڵاوێکی کرد لە هەموان و لە خۆیەوەی گوتی: "ئەمشەو هەمووتـان میوانی بەنـدەن، بە دڵی خۆتان نۆش بکەن." سەرەتا مەیخۆرەکان بڕوایان نەکرد، جەختیان لێ کردەوە بە ڕاستیەتی یان گاڵتە، ئەویش بەڵێنی دا چیی گوتووە وا دەبێت و میوانداریی مەستەکان دەکات.
بـوو بە هەڵا و خۆشی. نهێنـیەک لەم خۆشیدەربڕینەی و هاتنەیدا هەبوو، لای خۆمەوە وا لێکم دایەوە، موشتەری مەیخانەکە زۆر بوون و پارەی باشی دەست دەکەوێت، بۆیە بەکەیفە و ئەم میوانداریيەی کرد. پیاوێک بوو ژیان و کەسایەتیی مرۆڤەکانی بە پێی گیرفانیانی دەپێوا، چەندە پارەت هەبوایە بە پێی پارەکەت کەسایەتیی دەپێوا. لەوانەشە گۆڕابێت، کێ دەڵێت وایە کە من دەیڵێم. خۆشی و هەڵای مەیخانەکە دەست پێ کرد، مەیخۆرەکان زانیان بە خۆڕاییە، دەستیان نەدەپاراست، پەیمـانە دوای پەیمانە هەڵیان دەدا. ئەو **شێخە** داماوە فریـا نەدەکەوت پەیمانەیـان بـۆ تێبکـات. **مووسێ** خـۆی گەیانـدە مەیگەدەکە و خۆشی بۆی تێدەکردن و لە پاڵ تێکردنی پەیمانەدا،

قسەی لەگەڵ شێخ دەکرد. خۆم نەگرت و چوومە لایانەوە، بەدەم پێکردنی پەیمانەوە ئەم قسانەیان دەکرد:
- جەنابی مەیگێڕ، مەیخانەکەی منت ئاوەدان کردووەتەوە. گەرچی پێم ناخۆشە خەڵک بە مەیخانەی ئۆرتینەی کچم ناوی دەبات، مادەم کچەکەم نیگەران نییە و بازاڕمان گەرمە، ئارەزوو دەکەم ناوی باوکیشی لەسەر بنووسن.
- مووسەی بەڕێز، بازاڕی باش لای کەسی باش و دەستپاکە، تۆ پیاوێکی دونیادیدەی، پارە نەیتوانیوە جوانت بکات. پارەیەک نەیتوانی مرۆڤێکی ناشیرین جوان بکات، پارەیەکی بێکەڵکە و بۆ سووتان باشە. ژیان خەوتن و خواردن نییە، ژیان ڕازاندنەوەیە، مەبەست لە ڕازاندنەوە دروستکردنی باخچەیەکە خەڵک بتوان لەو باخچەیەدا بە ئاسودەییەوە دابنیشن و جوانییەکان ببینن. تۆ بەس کوێ دەکەیتەوە و باخچەت نییە.
- هەمە مەیگێڕ، هەمە. باخچەکەی من بۆ تاقە کچەکەمە. لەم ژیانە یەک کەسم بۆ ئاسوودە دەکرێت، ئەویش کچەکەمە. ناتوانم خۆم دابەش بکەم، پارچەکانی خۆمم کۆ کردوونەتەوە و خستومنەتە خزمەتی یەک کەس. ئایین و دونیام کچەکەمە، چیی بوێت بۆی دەکەم، چی ئارەزوو بکات لە خزمەتیدام. تۆ بەم پیرییەوە هاتوویت دەستت بۆ ڕۆحی من بردووە، کچەکەم ڕۆحمە. چەندێک بیری لێ دەکەمەوە، ناچێتە عەقڵمەوە ڕێ بدەم لە نزیک تووە بێت. سەروەت و سامانەکەم لە دەست دەدەم بۆ کچەکەم. تۆ باوک نیت، لە باوکایەتی تێناگەیت، با ببیت بە باوک جا دەزانی من باسی چ برینێک دەکەم. منداڵ بۆ باوک گیان و ڕۆحە، ڕۆحی خۆم دەربهێنێت و بە ناو درکوداڵدا ڕای بکێشی، بەس دەست بۆ کچەکەم نەبەیت. هەناسەیەک لەم ژیانە منی هێشتبێتەوە کچەکەمە. بەیانیان هەڵدەستم ڕوخسارە پاک و جوانەکەی دەبینم، تا ئێوارە بە خۆشی ئەو ڕوخسارەوە دڵم

خۆشە. تۆ باوک نیت مەیگێڕی بەڕێز، لەم بابەتە تێناگەیت. با ببیت بە باوک دەزانی باسی چیم بۆ کردوویت.
- مووسێی بەڕێز، من نامەوێت لەگەڵی بژیم، من عاشقی بووم. نە داوام کردووە و نە بەم ئاخری تەمەنەم ڕێگە بدەم ژنێک بێتە ناو ژیانم. لە خۆشم نابوورم کچێکی جوان گیرۆدەی پیاوێکی پیر بکەم. بە تەماش نەبیت بە باشی بۆت شی بکەمەوە، شیکردنەوە و دەرخستنی نهێنییەکەی ناو دڵم هونەری ئەوینەکەم کاڵ دەکاتەوە.
- ئەی ئەمە چی بوو کردت؟ مێشکم خەریکە دەتەقێت، بە نیازی چیت؟
- مووسێی بەڕێز، من خەریکی ئاوەدانکردنەوەی باخچەکەم، من هاتم بە خەڵکم گوت عیشق گرنگترە لە ڕق، پێم گوتن بڕوا گەورەترە لە ئایین، تێمگەیاندن لە ناو عیشقدا بڕوا هەیە، لە ناو بڕوایشدا عیشق. ئایین سوننەتجێبەجێکردنە، عیشق و بڕوا لە ناو مرۆڤدان و پەیوەندیی بە دەرەوە نییە. مرۆڤ تا ناوەوەی ڕووناک نەکاتەوە، ناتوانێت دەرەوە بە جوانی ببینێت. باخچەکەی من ڕسوایی بۆ خۆم بوو، خۆم کردە جێی نەفرەتی موسڵمانان. ڕسوایی و نەفرەتەکانیان نەیوەستاندم، سووربوون لەسەر ئاوەدانی باخچەکەم بۆ پاش خۆمە، پاش خۆم هەزاران کەس دێنە ناو باخچەی عیشقەوە و ژیان جوانتر دەکەن.
- بە ڕاست؟! دەک ماڵت ئاوا بێت! وا تێگەیشتبووم داخوازی دەکەیت. کەلەیی ببووم! جا کەوایە زووتر قسەت بکردایە، با بەم جۆرە خراپە تووشی تانە و ئازاردان نەبویتایە. بۆ زوو ئەمەت نەگوت و منیش ئەوەم بەرامبەر نەدەکردیت!
- بوەستە جەنابی **مووسێ**، من عاشقی **ئۆرتینە**م، لەبەر ئەویش ئەم ڕسواییەم بەسەر خۆمدا هێناوە. پێت وا نەبێت تا من مابم لەم ژیانە کەس بتوانێت لە دەوری بێت. مەرگی من ئازادبوونی ئەوە، مەرگ لە نێوان من و **ئۆرتینە** کۆتایی بە چیرۆکەکە ناهێنێت، چیرۆکەکە

دەمێنیتەوە، تەنیا منم دەڕۆم. دڵی خۆت خۆش نەکەیت وا بزانی کۆنایی هاتووە. بۆ لە کچەکەت ناپرسی من کێم؟ من پیاوی ناو خەونەکانیم یان نا؟ بۆ ناپرسی ئەو چۆن تەماشای من دەکات؟ باخچەکەی من ئاوەدان بووەتەوە بۆ زۆر کەس، پەیامی من پەیامێکە نۆ و دڵڕەقەکان لێی تێناگەن. تۆ بەس پیرییەکە و لەئایین‌وەرگەڕانەکەم دەبینی، ئەوەی بیستووتە دەیڵێیتەوە، چاوەکان و زمانی تۆ کز بوون و توانای بینین و بیستنت باش نییە. عیشق ئەوە نییە کەسەکە بهێنیتە ناو ژیانت و لەگەڵی بژیت، عیشق ئەوەیە عیشقەکەت دەچێتە سەر ناوی مەعشوقەکەت و تا مرۆڤێک مابێت دەماودەم باسی ئەو عیشقە دەکات.

- نامەوێت هیچ ببینم، تاقەتی ئەم جۆرە قسانەی تۆم نییە. دونیام بۆ بهێنیتە بەر دەست، ناهێڵم شەوێک لەگەڵ کچەکەم ڕۆژ بکەیتەوە. باش بیخە گوێتەوە، مەرگی من ئێوە لە یەکتر نزیک دەکاتەوە.

- بەڵێنشکێن مەبە، بەڵێنەکەت بیر بێت، شکاندنی بەڵێنەکەت ڕسوایەکی گەورەت بەسەردا دەهێنێت. من دڵی ئۆرتینەم بردووە، بێوەفاش نەبووم لەسەر بەڵێنی خۆم. زۆرم نەماوە بگەمە ئامانجەکەم. نەیشیدەی بە من بە پێی خەیاڵ و بیرکردنەوەی هەموو کەس هیی منە. بتەوێت ژنێک ببەی پێویست ناکات دەستی بگریت و بیبەیت، دڵی ببە. ژن تا دڵی داگیر نەکەیت نابێت بە هیی تۆ. من دڵی ئۆرتینەم بردووە، چ بمرم یان بمێنم لە خەیاڵ و یادەوەریی خەڵک و خۆماندا هیی منە. دڵنیام دڵی خاڵی نییە لە من. ژن بۆی گرنگ نییە لە چ تەمەنێکدایت، بۆی گرنگە چەند عاشقیت، عاشقبوونەکەت دیاری دەکات ژنەکە خۆی دەکات بە هیی تۆ یان نا. پیاوەکان وا دەزانن جەستەی ژنەکان بخەنە باوەشیان ئیتر ژنەکە هیی ئەوانە. گیلە ئەو پیاوەی لە ناو دڵی ژنێکدا نییە و لە ناو باوەشیایەتی؛ هەزاران ژن لە باوەشی پیاوێکدان و دڵیان پیاوێکی تری تێدایە. چ ژنەکان و چ پیاوەکان جارێک عاشق دەبن و بەو برینەی عیشقی یەکەمەوە ژیان

خۆشبەخت ئەو پیاوەیە کە لە باوەشی ژنێکدایە و ژنەکە جێ دەهێڵێ. پیاو ژن کە عاشق بوون باکیان بە هیچ نییە. تۆ عیشقت نەبینیوە، با ڕووت تێبکات ئەوسا دەزانیت ڕاستگۆیی چ واتایەکی هەیە. من ئەو پیاوەم سەرەتا دڵی ژنەکە داگیر دەکەم و کە داگیرم کرد دەزانم ئەو ژنە بۆ ئەبەد هیی منە. لەو پیاوانە نیم جەستەی ژنێک داگیر بکەم و دڵی لای پیاوێکی تر بێت.

مووسێ حاڵی خراپ تێک چوو، قسەکان ئازاریان دەدا. ناچار بە شڵەژاوییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: "بەڵێن چییە و وەفا چییە، هەزار مامەڵەم کردووە و بە دڵم نەبووە و هەڵم وەشاندووەتەوە. با یەکێک لەو مامەڵانەش ئەوەی تۆ بێت. مەرجم بۆ دانەنایت جێبەجێی بکەیت و کچەکەم ببەیت، مەرجم بۆ دانایت بتکەمە خزمەتکاری خۆم و خەڵک تێبگەیەنم ئەو پیاوانەی باسی دونیایەکی ترتان بۆ دەکەن، خۆیان شێت و شەیدای ئەم دونیایەن. سەلماندم بۆیان باشترینەکەیان تۆ بوویت، چۆن لە ئایینەکەت وەرگەڕای بۆ کچێکی جوانی نازدار."

شێخ پێکەنینێکی بۆ کرد و گاڵتەی بە قسەکانی دەهات. پەیمانەیەک شەراب بە دەستیەوە بوو، خستیە بەردەمی و فەرمووی لێ کرد بینۆشێت بۆ حاڵی باشە. ئەویش پەیمانە شەرابەکەی ڕەت کردەوە و خۆی سەرقاڵ کرد بە سەکۆ تەختەکەی بەردەمی. زەوق و شەوقی یەکەم جاری نەما، بۆ خۆخاڵیکردنەوەی دەستی کرد بە هەڵەیتوپەڵێت گوتن: "مەیگێڕ تۆ لە لایەک دەڵێیت چاوەڕوانی بەیەکگەیشتن نیم و لە لایەکی دیکەش خۆت داناوە بۆ بەیەکگەیشتن. جارێک خۆت یەکلایی بکەرەوە، دوایی قسەیەکی تری لێ دەکەین." شێخ پەیمانەکەی بەردەمی خۆی دایە دەست یەکێک لە مەیخۆرەکان و بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

- مووسێی بەڕێز، عیشق ئامانج نییە، عیشق خۆناسین و دونیابینینە، برینێکە لە ناوتدا دروست دەبێت، برینێکی بەئازار. ئەوەی دەیەوێت ئەو برینە سارێژ بکات، کەسێکی گەمژەیە. برینی عیشق نابێ هەوڵی

سارپێژبوونی بدەی، لێ گەڕێ با بەردەوام بکولێتەوە و هۆشیارت بکاتەوە. خۆشەویستی ئامانجی تێدایە، ئامانجەکەی بەیەگگەیشتنە. عیشق ئەم ئامانجەی تێدا نییە، مۆمێکە دەسووتێت و دەوروبەری خۆی ڕووناک دەکاتەوە. مۆمەکە بە سووتانەکەی خۆی تەواو دەکات، خۆتەواوبوونەکەی بۆ ڕووناککرنەوەی دەوروبەریەتی. عاشقیش هەمان مۆمی داگیرساوە بۆ ڕووناککردنەوەی شوێنە تاریکەکانی ناخی مرۆڤ و ناخی دونیا. دونیا بە هەتاو ڕووناک دەبێتەوە، ناخی مرۆڤیش بە عیشق. هەتا عیشق هەبێت ژیان ناوەستێت."

- جا جەنابت کوێمان بۆ ڕووناک دەکەیتەوە؟

- من ڕووناککەرەوەی ئەو دڵانەم کە بە تاریکی داپۆشراون. عاشقە گەورەکان خۆیان دەڕۆن، دوای ڕۆیشتنیان ڕووناکیی عیشقەکەیان دەمێنێتەوە. عیشق نەگەیشتنە بە ئامانج، گەیشتن بە ئامانج کاری عاشقەکان نییە. تاقە ئومێدی عاشقە ڕاستەقینەکان بەخشینی ڕووناکییەکەیە. هەتاو نەسووتێت دونیا تاریکە، دڵێکیش عیشقی تێدا نەبێت لەو دیوە تاریکەی مانگ دەچێت کە ڕووناکی پێ نەگەیشتووە. کاری من ڕووناککردنەوەی دونیا و وێرانکردنی خۆمە. کەسێک نەتوانێت خۆی وێران بکات، چۆن دەتوانێت دونیا ڕووناک بکاتەوە. بە هۆی ڕووناکیی دڵە عاشقەکانە خودا لە زەوی نائومێد نییە. ڕێگەی خۆشەویستی ئەوسەری دیارە، ئەوسەری ڕێگەی خۆشەویستی بەیەکگەیشتنە. ڕێگەی عیشق سەرەتای دیارە و کۆتاییەکەی نادیارە. زۆر جار دوای مردنی عاشقەکان ڕووناکییەکەی دەگاتە دڵەکان. من بە هۆشیارییەوە عاشقبوون لێک دەدەمەوە، تۆش بەبێ ئاگایی باسی عیشقم بۆ دەکەیت. دڵێشان و ئاخ و ئۆف کاری عاشقەکان نییە. عاشقەکان کەسانێکن هۆشیارییان باڵاترە لە هوشیاریی زۆرینەی خەڵک. بۆیە عاشقەکان جیا دەکرێنەوە چونکە هۆشیارترن لە خەڵکە ئاساییەکە. سەد ساڵ ئازارم بدەیت باسی ئازارەکەم ناکەم، چونکە عیشقەکەم گەورەترە لەو ئازارانەی لە ناو عیشقدا دەیانبینم.

که گوێی لەم کۆمەڵە قسەیە بوو، لەوە زیاتر خۆی نەگرت و پەڕۆکەی دەستی دانا و چۆن بە پێکەنینەوە هاتبوو، بە دەموچاوێکی ترشاوەوە ڕۆیشت.

## شەوی پێنجەم

ڕاستی نەکرد، دەستی خۆی وەشاند. تا ڕۆیشتنەوەی مەستەکان لەوێ بووین، مێزەکانمان پاک کردەوە و گسکێکی مەیخانەکەمان دا و گۆزەکانمان خاوێن کردنەوە. بە ئاسوودەیی گەڕاینەوە سەرخەوێک بشکێنین و نوێژی بەیانی هەستین وانەکانمان بەسەر بکەینەوە. **ڕۆدانی ڕۆمی** بە هەڵەداوان بە ئاگای هێنام: "هەستە با بڕۆین، گریان لە مەیخانەکە بەرداوە! خودا بکات **شێخ** سەلامەت بێت." بە پەشۆکاوی ڕێگەکەمان لێ بوو بە دوو هەنگاو. بە گەیشتنمان ئاگرەکە خامۆش کرابوو، کتوپڕ کاتێک ئاگریان تێبەردابوو، لە مەیخانەکەی تەنیشتی کۆمەڵێک مەست نەچووبونەوە، هاتبوون بە خواروخێچی دەستیان کردبوو بە کوژاندنەوەی. باش بوو ئاگرتێبەرەکان دەستیان نەگەیشتبووە هۆدەکەی **شێخ**، دەستیان بگەشتایەتە ئەوێ لەگەڵ **غەرقانی** پێکەوە دەسووتان.

دیوارەکان ڕەش هەڵگەڕابوون، مێز و کورسییەکان ببوون بە خۆڵەمێش، چوار دیوارێکی ڕەش و کۆمەڵێک گۆزە بە ساغی مابوونەوە، ماباقی کەلوپەلەکان سوتابوون. **غەرقانی** و **شێخ** دەستەوداما لە حەوشەکە دانیشتبوون، تەماشای مەیخانە سووتاوەکەیان دەکرد. دڵم بۆ **شێخ** سووتا، چاوی فرمێسکی تێزابوو، دەیگوت: "ئەمەماڵی دڵشکاوەکان بوو، ماڵی کافرەکان نەبوو. بۆچی دەست بۆ خۆم نابەن و دەست بۆ ماڵی خەڵک دەبەن. ئەی هاوار من دەستم لەوان هەڵگرتووە بۆ ئەوان دەست لە من هەڵناگرن! چییان لەم گیانە پیرە و تێکشکاوی من دەوێت. سەیر بکەن سووتانی مەیخانەکەی *ئۆرتینە* لە سووتانی دڵم دەچێت. من بۆیە لە پیاوە

ئایینییەکان دەترسم، چونکە یقەکەی ناخیان بەهێزترە لە هەستەکەی ناخیان. ڕێبازی سۆفیگەری نەبوایە ئایین ژیانی وێران دەکردین. ڕقیان لە هەموو شتێک دەبێتەوە لە دەرەوەی عەقڵە بچووکەکەی خۆیان بێت."

چارە نەبوو، کار لە کار ترازا. کەسیش نەیدەزانی کێ بووە و چۆن هاتووە، بە مەزەنەی عەقڵ خەڵک خستیە سەر تاقمەکەی **مەلا بەیجووری**. بەڵگەیەک نەبوو بیسەلمێنێت ئەوانن. دەستەیەک سەربازی شارەکە هاتن، دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد. پاش گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر شتێکیان دەست نەکەوت دڵخۆشکار بێت. بەئامانجنەگەیشتنی لێکۆڵینەوکەیان نائومێدی کردین. دانیشتین تا ڕووناکی کرد، دەستوبردمان نەکرد شوێنە سووتاوەکان پاک بکەینەوە، **مووسێی باجگر** هات. ئەم جارە لەبری وەرگرتنی باجی بەیانیان، بەسەرماڵێکی سووتاودا هات. تاوێ لە شوێنی خۆی وەستا و سەیری کرد، بە وردی چاوی بە ناو سووتاوییەکەدا گێڕا، دەمی کردەوە و قسەی ناشیرینی فڕێ دەدا، ڕووی کردە **شێخ** و بە بێئەدەبانە پێی گوت: "هاتنی تۆ بۆ ئەم شارە تەنیا ئابڕووی منی نەبرد، ماڵەکەشمی دا بە سووتاندن. بۆ یەخەم بەر نادەی؟ ئیتر بەسە بڕۆ، بڕۆ لە بەرچاوم ون ببە. جارێکی دی بۆت نییە ڕوو بکەیتەوە ئەم مەیخانەیە. بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ، لە من نزیک مەبەوە. حەیا بوو بردت و مەیخانە بوو دات بە سووتاندن. بە تەمای چیترمان لێ بکەیت پیری ئاخرشەڕ!"

پڕی دایە هۆدەکە و چی کەلوپەلی تێدا بوو فڕێی دایە دەرەوە. تەنبوورەکەی **غەرقانی**ی وا فڕێ دا بوو بە دووکەرتەوە. ویستم پەلاماری بدەم و گوزەیەک بکێشم بەسەرە قۆقزەکەیدا، **شێخ** دەستی گرتم و بە چاو ئاماژەی پێ دام ئارام بم. دەستمان لە مەیخانەکە نەدا، کەلوپەلەکانمان کۆ کردەوە و **غەرقانی**ی بەستەزمان تەنبوورە شکاوەکەی گرتبوو بە باوەشیەوە، لە دایکێک دەچوو کۆرپەکەی لە

باوەشیدا بێت. من هەندێک کەلوپەلم دا بە شانم دا و ئەوانیش یەکی شتێکیان هەڵگرت و بەرەو خانەقاکە کەوتینە ڕێ. ڕۆژێکی تەواو ناخۆش بوو، نەمدەزانی دوای ئەمە بەرەو کوێ دەچین و دڵیشم نەدەهات لێی بپرسم بۆ کوێ. نزیک بووینەوە لە خانەقاکە، لە بەینی خانەقاکە و ماڵی **مووسێی باجگر** لە ناو باخەکاندا لای دا، درەختی تووەیەکی لێ بوو، لە ژێریدا بارگەی خۆی هەڵدا. بێ لانە و بێ شوێن خەمگینانە لەوێدا پاڵ کەوت. کەسمان هیچمان نەگوت، پوشوپەڵاشی بنردەختەکەمان هەڵگەند و بە توولەهەنار گسکێکمان دروست کرد و بنردەختەکەمان گسک دا و حەسیرێکمان ڕاخست.

بن درەختەکە بووە ماڵی سێیەمی. دەی عیشق کەی ئەمە دەهێنێت مرۆڤ وا خۆی بۆ سەرگەردان بکات! چ نهێنییەک لە دڵی ئەم پیاوەدایە کە وا بەرەنگاری ئەو هەموو سوکایەتییە دەبێتەوە. قەسەم بە خودا من بوومایە لە یەکەم ساتەوە دەستم لەو نەفرەتییەی ناخم هەڵدەگرت. ئاخر پیاوی بڕوادار، ویقارت نەبوو؟ جێی ڕێز نەبووی؟ خۆشەویست نەبووی؟ بۆ وات لە خۆت کرد. بۆ دەست لە کەلی شەیتان هەڵناگریت و بگەڕێیتەوە سەر شکۆی خۆت. ئەوە حاڵە تۆی تێدایت! تا کەی سەرگەردان و جێی تانەوتەشەر دەبیت، تا کەی قبووڵ دەکەیت بابایەکی باجگری بێڕەحمی پارەپەرست ئاوا بتهێنێت و بتبات. لە دڵی خۆمدا شەڕێکی توندم هەبوو لەگەڵی و بە زمانیش نەمدەتوانی شەڕەکەی ناخمی بۆ دەرببڕم.

ئارام پاڵی دابوو بە درەختەکەوە، داوای پارووەیەک نان و قومێک ئاوی کرد. کە تێکشکانێک بەسەریدا دەهات، وا بێدەنگ دەبوو، دۆخی بەردێکی دەنواند. ڕەنگی وەک خۆی بوو، بیری لە شتێک دەکردەوە. لەمن ئازاتر **ڕۆدانی ڕۆمی** بوو کە لە بەردەمی وەستا و گوتی: "جەنابی **شێخ** دوای ئەمە چی؟ ڕێگەیەک نەماوە بۆ گەیشتن بە خەونەکانت، بە تەمای چیت؟"

ئەویش بە پاڵکەوتنەوە گوتی: "دوای ئازارەکان دڵخۆشییەک ڕوو لە مرۆڤ دەکات. خودا بە شێوەی جیاجیا تاقیمان دەکاتەوە، تا توانا و بڕواکانمانی بۆ دەربکەوێت. مرۆڤ بە خۆشبەختی تاقی ناکرێتەوە، مرۆڤ لە ڕێی ئازارەوە تاقی دەکرێتەوە، چونکە لە بەردەم ئازاردا لاوازە. بۆ ئەوەی مرۆڤ بناسی، پێویستە لە ساتی ئازاردا ببینی. یەکەم سات عیشقەکەی ناخم سەری هەڵدا خۆم دانابوو چ ئازارێک بەرەو پیرم دێت. من لە ئازار ڕاناکەم. لەوانەیە ئەمە دواهەمینیان بێت و لەوانەشە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ ئاگرێکی گەورەتر. ئێستا من لە نێوان ئایین و کوفردا دەواری خۆم هەڵداوە، بڕوا بارگەی خۆی لە نێوان ئایین و کوفردا هەڵداوە، منیش وام کردووە. لەم نێوانەدا پشتم لە ئایینە و ڕووم لە عیشقە، نابینن پشت لە عیشق بکەم. گەر بوومەتە بارگرانی بۆتان، بارەکەی سەر شانتان دابگرن و بچن بە شوێن ژیانی خۆتاندا. گەر دەشتانەوێت پشت لە ڕووناکیەکەی ناخم بکەم، توانای ئەوەم نییە کاری وا بکەم. ئەوەی دەیەوێت لە من تێبگات، پێویستە خەڵوەتنشین بێت. خەڵوەتنشینی و تەنیایی، مرۆڤ دەکاتە چرا، دەیکاتە دێوانە. لەمەودوا کەسێک باسی کردم پێی بڵێن تۆ کە خەڵوەتنشینیت نەدیوە و لە تەنیایی دەترسی، دەمت مەکەرەوە و باسی من بکەیت. کورەکانم، هەمیشە ئەم قسانە بەوانە بڵێن کە لێتان تێناگەن."

بە دڵتەنگییەوە لای مانەوە. ئێوارە مووسێی باجگر گەڕایەوە بۆ ماڵ، چاوی پێمان کەوت و هیچی نەگوت. دوای کەمێ مەلا بەیجووری و کۆمەڵێک مورید هاتنە لای، نیازپاکیی خۆیان دەربڕی. داوایان لێ کرد بگەڕێتەوە ناو خانەقاکە. داواکەیانی ڕەت کردەوە و قبووڵی نەکرد. موریدەکان زۆری لێ پاڕانەوە کۆتایی پێ بهێنێت و سەرلەنوێ بگەڕێتەوە شوێن و مەکانی خۆی، بە قسەی نەکردن. بە هێمنی پێی گوتن: "مرۆڤ توانی درۆ لەگەڵ ناخی خۆی بکات، دەشتوانێت درۆ لەگەڵ هەموو کەس بکات. ناخی من زمانمە، لە ناخمدا چی هەبێت

لەسەر زمانیشم گوێتان لەوە دەبێت. گەر مرۆڤ لە خۆشییەکاندا خۆی بە عیشقەکەیەوە با دا و لە ناخۆشییەکاندا دەستی لە عیشقەکەی هەڵگرت، ئەو مرۆڤە شایەنی ئەوەش نییە پێی بگوترێت مرۆڤ. ئێوە چۆن بڕوا بە من دەکەن دەست لە ناخم هەڵبگرم و لەبەر قسەی خەڵک بێمەوە لای ئێوە؟ من نامەوێت ڕاستگۆییەکەم لە دەست بدەم. ئێوەش دەمامکەکەی سەر ڕووتان لا بدەن و جارێک خۆتان بن. کەسێک بە دەمامکەوە بژێت تامی هەموو شت بکات تامی ژیان ناکات. نە دەمەوێت لە ئێوە بم، نە دەشمەوێت کەسێک بم درۆ لەگەڵ ناخم بکەم. جا خۆتان ماندوو مەکەن، هەزار جار سەدبارەم کردەوە ڕێگەی من جیاوازە لە ڕێگەی ئێوە. نامەوێت خۆم لەسەر ڕێگەی ئێوە ببینم. تامی ڕاستەقینەی ژیان لای منە. بەڵێ تامی ڕاستەقینەی ژیان لای کەسێکە وشەکانی سەر زمانی ترپەکانی دڵیەتی. ترپەکانی دڵم وشەکانی سەر زمانمە. لەو ساتانەی تەنیام و دوورم لە مرۆڤەوە ئاسوودەم، دڵخۆشم، ئارامم. بریا بمتوانیایە بۆ هەمیشە تەنیا بم و مرۆڤ نەبینم. بێزم لە کارەکانتان دێتەوە مرۆڤەکان، بێزم لە دووڕوویی و فێڵەکانتان و دڵە پیسەکانتان دێتەوە."

بە نائومێدییەوە گەڕانەوە. شەوەکەی لای ماینەوە و شەوێکی گەرم بوو. لە گەرما کەسمان خەوی لێ نەکەوت. نوێژەکانیشی تەرک کردبوو، مەلابانگدان لەگەڵمان دەستنوێژی نەشوشت. شەو درەنگ لە شوێنی خۆی چوارمشقی دانیشت و ڕووی کردە ماڵی **ئۆرتینە** و تا خەومان لێ کەوت دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردبووەوە.

## کەرنەڤاڵی شار

بێکەس و تەنیا لە بن درەختی تووەکە ژیانی بەڕێ دەکرد. لەم دونیایەدا تەنیا ئێمەی مابووین لە دەوری بووین. جاربەجار **تینا**، کچە نازدارەکەی بە مێردە فەقێیەکەی دا، خواردنێکی بۆ دەنارد. **غەرقانی** تەنبوورەکەی بردبوو لای دارتاشە مەستەکەی شەوانی مەیخانەکە، چاکی کردبووەوە. **ئۆرتینە** بۆ جارێکیش نەهات سەرێکی لێ بدات و لە حاڵی عاشقەکەی بپرسێت، کچێکی تا بڵێی بێڕەحم بوو. کلیلی کردنەوەی ئەو نهێنیەم بۆ نەدۆزرایەوە، بۆچی **شێخ** بەردەوام شەڕ بۆ ئەو دەکات و ئەویش دوور لەم لە گۆشەی پەنجەرەیەکەوە تەماشای دەکات و ئامادە نییە بۆ جارێک ببینێت. تاقە دڵخۆشییەک باس دەکرا گوایە شەوان دەچنە خەوی یەکترەوە و لە ناو خەونەکاندا عیشقەکەیان پەرە پێ دەدەن. چ عیشقێکی نەفرەتییە وا لە مرۆڤ دەکات بە خەونبینینیش ڕازی بێت! باشە مرۆڤ خەونی نەبوایە چی بەسەر دەهات؟ خەون ئومێدێکی خەوتووە، خەون وزەیەکە ناهێڵێت لە شکستدا بمێنێتەوە. خەون نەبێت ئومێدیش نابێت. هەتا خەون هەبێت ئومێدی مرۆڤ ناکوژێتەوە. ئەم دوو عاشقە لە ناو خەوندا خۆیان دەبینییەوە. لە ناو خەونەکانیشدا پێکەوە بوون و نەخشەیان بۆ ژیانە بەئاگاکەیان دادەنا و شارێکیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردبوو.

لە بێکاری و دڵتەنگیدا، ئەو ماوەیە خەریکی ڕێکوپێکردنی ئەو تیانووسانەبووم کە نووسیبوومنەوە. ڕێکوپێک بە دوای یەکەوە دام دەنان و لای بەرگگرێکی بازاڕ بەرگێکی شینی ڕەقم پەیدا کرد و بە جوانی بەرگم گرتن. لەسەر بەرگەکەش نووسیم "مەیخانەکەی ئۆرتینە" و لە ژێریشیدا بە خەتێکی شکستەی فارسیی ورد، نووسیم "عیشقەکەی شێخی سەنعان و کچەی گاور". دڵم خۆش بوو بە کۆکردنەوەی بەشێکی وردی چیرۆکەکە، بیریشم لەوە دەکردەوە ئەوەی من نووسیومەتەوە بەشە دیارەکەی چیرۆکەکەیە، بەشێکی نادیاری هەیە، لە دڵی هەردووکیاندایە، خۆزگە دەمتوانی بچمە ناو دڵیانەوە و ئەو بەشەش بنووسمەوە، یان خۆزگە جارێک چاوم بە ئۆرتینە دەکەوت تا بزانم ئەو چی دەڵێت و دڵی چیی تێدایە، لانیکەم دیوێکی شاراوەی چیرۆکەکەم بۆ ڕوون دەبووەوە. بەس چارە نەبوو، کەسێکی بێدەنگ لە بەردەم عیشقێکی گەورەدا کاری تەماشاکردن بوو، لە دوورەوە و لە گۆشەی پەنجەرەیەکەوە تەماشای ژیان و دێوانەیەکی دەکرد بۆ ئەو دێوانە بووە.

ڕۆژانە باسی زیادە دەهاتە سەری و تیانووس زیادی دەکرد و پەڕاوە بەرگشینەکەم ئەستوورتر دەبوو. منیش باسەکانم دەنووسییەوە و دەمخستنە تەنیشت ئەوانی دیکە. خەریک بوو وردەوردە ببمە خاوەنی کتێبێکی پوختی مامناوەندی، کتێبێک پڕ لە شەڕ و پڕ لە میهرەبانی، کتێبێک لە نێوان ئایین و بڕوا و عیشقدا، چەندین کەوتن و هەڵسانەوەی تێدایە. بۆ هەندێک کەس ژیان تێپەرینە بەلای خۆشبەختیدا، بۆ هەندێکیش ژیان بەرکەوتنی ئازارە. کتێبەکە پڕ بوو لەو جۆرە کەسانەی دیوەکانی ژیان تانوپۆی دەکردن. گەشتەکە وێنەیەکی بۆ کێشام، بەر شتانێک بکەوم پێشتر بەریان نەکەوتبووم. شێخ ڕاستی دەکرد، خەریکی ئاوەدانکردنەوەی باخچەکەیە. لە باخچەکەیدا دڕکەکان دەچن بە دەستی خۆیدا و بۆنی خۆشی گوڵەکان بۆ میوانەکانی باخچەکەن. ئارەزووم لێ بوو زۆر ئاگام لە

کتێبەکەم بێت و لاشم ڕوون نەبوو کەی تەواو دەبێت. چەند جار دەمخوێندەوە، بڕوایەکم دەبینی لە نێوان ئایین و کوفردا بەرگری لە خۆی دەکات. عیشقێکیش لە نێوان ڕق و خۆشەویستیدا ئاگرەکەی خۆی کردبووەوە. بڕوا بە عیشق کاری کەسانێکە بتوانن بە پێی پەتی بە ناو پشکۆکاندا ڕێ بکەن. گەیشتن بە عیشق و بڕوا سەختترە لە گەیشتن بە مەرگ. وەختێ کتێبەکەم دەگرتە باوەشم بۆنی ئازاری دەدا. لە ساتی بێتاقەتی و هەستکردن بە تەنیایی غەرقانیم بانگ دەکرد تەنبوور بژەنێت و بەدەم گوێگرتن لە تەنبوورەوە دەمخوێندەوە. وای خودایا! ئەم کوڕی شاری *تاقەوسان*ە چەند جوان بوو، بە ساڵ گوێت لە دەنگی نەدەبوو، دەبایە لە ناو ئاوازەکانیدا بۆ برین و دڵخۆشییەکانی بگەڕێیت. خۆشییەکانی بە ژەنین دەردەبڕی و نیگەرانییەکانیش هەر بە ژەنین. تەنبوورەکەی زمانی بوو، بە ئاوازی ژەنینەکانیدا دەتزانی دڵی چیی تێدایە. من خۆم تەواو غەریبی گەمارۆی دابووم، بە گوێگرتن لەو تەنبوور و خوێندنەوەی کتێبەکە، هەستم بە وێرانبوونی ناخی خۆم دەکرد. کتێبەکە ببووە جێی ئومێد و نائومێدیم. لە جێگەیەک دای دەگیرساندم و بەهێزی دەکردم، لە جێگەیەکیش تاروماری دەکردم. لە بەشێکیدا هەڵی دەستاندمەوە و دەیکردمە عاشقێکی بێ موبالات، لە بەشێکیدا چەکوشێکی دەگرت بە دەستەوە و وردوخاشی دەکردم. لە لایەک دەستی دەخستە ناو ڕۆحم و پاکپاکی دەکردەوە، لە لایەکیش سەرمی دەگووشی و هۆشیاری دەکردمەوە. شوێنێکی نەبوو تێیدا بوەستم و ئارام بگرم، کتێبێک بوو پڕ لە شوێن و ڕەنگی جیاواز.

ڕاستە ژیان ئەزموونکردنە، کەسێک ئەزموونی کەمی هەبێت لە ژیان، گەورەترین کاریش بکات، هێشتا جێی گومانە. بە ئەزموونـدا دەردەکەوێت کاری بچووک و کاری گەورە چلۆنن. باوکم ئەزموونی لە ناو پیتەکاندا هەبوو، پیتێک نەبوو لای ئەو لەگەڵی نەژیابێت و ناوێکی لێ نەنابێت. دەستی دەبرد بۆ پیتێک بینووسێتەوە، بە پیتەکەدا

تێدەگەیشت ژیان لەو ساتەدا چ جۆرێکە. مرۆڤی زۆر هەن لەم سەر زەمینە بە بێدەنگی دەستکاری ژیان دەکەن، بێدەنگەکان یان تۆراوەکانی ژیانن، یان ئەوانەن خەریکی گۆڕینی ژیانن. باوکم و **غەرقانی و شێخی سەنعان**، سێ لەو مرۆڤە کەمدوو و فرە جوڵەیە بوون کە لە شوێنی خۆیانەوە خەونی گۆڕینی ژیانیان دەست دابوویە. بە بیرم نایەت کامیان بوو، پێی گوتم: "کەسێک توانی زۆر بڵێت، ناتوانێت دەستکاری ژیان بکات. زۆربڵێکان جگە لەوەی زەوی قەرەباڵغ دەکەن، ڕەوتی بوونیش تێک دەدەن. مێشکی بچووک هیی کەسی دەمکراوەیە، مێشکی گەورەش هیی کەسی بێدەنگ. بێدەنگ لەو جۆرەیان نا بێدەنگ کرابێت، لەو جۆرەیان بیرکردنەوەی گەیاندبێتیە کەناری بێدەنگی. بەردەکان لەبەر ئەوەی قورس نین سەنگیان زیاترە، لەبەر ئەوەی قورسن بێدەنگن. هەموو شتێک لەم سەرزەمینە جۆری جیاوازی هەیە، بێدەنگیش جوانترین جۆری. جۆرێکە مرۆڤەکە لە ناو شەپۆلی پرسیارەکانەوە هاتبێتە کەناری بیرکردنەوە."

بە ئەزموونم لە تەک ئەم سێ کەسەدا، لە هونەری بێدەنگی نزیک بوومەوە. بە ڕاستی بێدەنگی هونەرە، بەتایبەت گەر کەسی بێدەنگ بە هۆشیارییەوە بێدەنگ بێت. حیکمەتی بەشێک لە پیاوە گەورەکان بێدەنگییە. پیاوی بێدەنگ نەزانیش بێت سامی خۆی هەیە.

خۆش نییە زۆر باسی خۆم بکەم، بڕوا بکەن هەست بە خۆشبەختی دەکەم لە قۆناغێکدام چاوەکانم باشتر دەبینن، گەیشتوومەتە جێگەیەک لەبری هەنگاونان بۆ دەرەوەی خۆم، بۆ ناو خۆم دەگەڕێمەوە. گەرچی کەسیان ئامۆژگاری نەکردبووم چۆن بگەڕێمەوە بۆ ناو خۆم، بە سروشتە بێدەنگەکەیان ئەزموونی گەڕانەوە بۆ ناو خۆ و خۆدۆزینەوەم تەی کرد. وام لێ هاتبوو لە گۆشەیەکی باخەکە، یان لە گۆشەیەکی خانەقاکە دادەنیشتم و ڕۆ دەچوومە ناو دیمەنەکانی ناو یادەوەریمەوە. دیمەنەکانی ناو یادەوەری تووشی هەڵوەستەکردن و بیرکردنەوەیان دەکردم.

گەر بتوانیت خۆت بخەیتە دەرەوەی خۆتەوە، دەتوانی بچووکیی هەموو ئەو شتانە ببینی کە لە ناویاندا بوویت و بە گەورەیی بینیوتن. لەبری سەرکردن بە دەرگەی ماڵی خەڵکیدا دەرگەکەی خۆمم کردەوە و سەرم بە ناو ماڵەکەی خۆمدا کرد. کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات دەرگەکەی خۆمان دابخەین و خەریکی گەڕان بین بە ناو دەرگەی خەڵکدا. ئی چۆن بتوانم دونیای خەڵک بناسم، گەر دونیاکەی خۆمم نەناسیبێت. خۆناسین سەرەتای یەکەم هەنگاوە بۆ دونیاناسین. عیشقەکەی شێخم گەڕانەوەیە بۆ ناو خۆی، بۆیە باکی بەوانەی دەرەوە نییە چی دەکەن. نایەوێت بە ئاشکرا بانگ بدا کار لە ناو خۆیدا دەکات، بە هەڵسوکەوت پیشانمان دەدا کارکردن لە ناو خۆدا بەو شێوازەیە. قسەکانی و تێگەیشتنەکانی ئاشکران، بە ئاشکرا دەستمان دەگرێت و لە خەڵک دامان دەبڕێت و دەمانباتەوە بۆ ناو خۆمان.

بیوورن، هۆشی من کەمێک خاوە، لەو هۆشانە نییە بە زوویی لە کاتی خۆیدا درک بکات. پاش ماوەیەک تێدەپەڕێت، جا درک بە دیمەنەکانی ناو یادەوەری دەکات. خەفەت بۆ خاوی تێگەیشتنم دەخۆم، ئارەزووم دەکرد لەوانە بم زوو تێبگەم، چی بکەم لەوانە نیم. هیچ نەبێت درەنگ تێگەیشتن باشترە لەوەی هەر تێنەگەیت. لەم سەفەرەدا شتی سەیر ڕوویان دا، ڕووداوەکان دڵخۆش و خەمگینیان کردم، نا ئومێد و ئومێدەواریان کردم، هیچ نەبێت بە بەتاڵی ناگەڕێمەوە بۆ نیشتمان. بەهیوام چۆن هاتبووین، ئاوا پێکەوە بگەڕێینەوە؛ کاتێ هاتین بە ئومێدەوە هاتین و بە ئومێدیشەوە بگەڕێینەوە. غەریبەکان بەوە تارومار دەبن بە ئومێدەوە بچنە دەرەوە و بە نائومێدییەوە بگەڕێنەوە. ترسم لەوە بوو یەکێک بم لەو غەریبانەی تێشووەکەم نائومێدیی تێدا بێت. لە گۆشەیەکی تەنیادا دانیشتبووم خەریکی ئەم بیرکردنەوانە بووم لە خۆم و گەشتەکەمان و گەڕانەوەمان. ئەم

دانیشتنانە لەم ئاخیرییەدا پیشەی هەمیشەییم بوو، کەسیش نەیدەگوت بۆچی بەم جۆرە گۆشەگیریت هەڵبژاردوە.

***

لە ناو باخەکە دانیشتبووم، بینیم هاخام و قەشەی گەورە بە خۆیان و دەستەیەک لە پیاوانی شار، بە لاماندا تێپەڕین و خۆیان کرد بە ماڵی مووسێی باجگردا. هاتنەکەیان کتوپڕ بوو، لای ئێمە باسیان نەکردبوو. بۆچی هاتبوون؟ مەبەستیان چییە؟ ئەم پرسیارانە کێچیان خستبوویە کوڵم، دەمەویست نهێنیی هاتنەکە بزانم. تا درەنگانێ لەوێ مانەوە، کە هاتنە دەرەوە سەر ڕێگەکەیانم گرت. لە قەشەی گەورەم پرسی: "باسەکە چییە؟" بە زەردەخەنە هەمیشەییەکەی سەر ڕوویەوە گوتی:" باش دەبێت، گفتوگۆیەکی برایانەمان کرد. بیرمان لەوە کردەوە تا ئێرە بەسە و چارەسەرێکی یەکلایی بدۆزینەوە. خاوەنماڵیش کەمێ گۆڕاوە. کێشەمان کچەیە، کچە نایەوێت بمانبینێت. نهێنی خۆشاردنەوەکەی و یاخیبوونە بێدەنگەکەی تێناگەین."
قەشەی چیی پێ گوتم بۆ شێخم گێڕایەوە. بەرماڵەکەی داخست و سوژدەیەکی برد، دوای سوژدەکەی کەمێ پاڕایەوە لە خودا، ئینجا پێی گوتم: "عیشق نابینرێت، هەستی پێ دەکرێت. ئۆرتینە پێویست ناکات خۆشی پیشان بدات ئەو عیشقە، عیشقیش بینرا ئیتر عیشق نییە. چارەی عیشق بە هاتوچۆی پیاوچاکان ناکرێ، چارەی عیشق عیشق خۆیەتی. دوێنێشەو فریشتەکەم هاتە خەنم، خودا پەنام بدات گیانی من لە دەرچوون نزیک بووەتەوە، دەنگی فریشتەکەم دەنگی مەرگ بوو. تەماشام مەکە کە بە ڕوخسار و لەشولار ساغ و سەلامەتم، مەرگ پەیوەندیی بە کەنەفتییەوە نییە، مەرگ مەرگە، ناوەکەی خۆی بە خۆیەوەتی. ئەوەی کردوومە لە ژیانم لێی پەشیمان نیم، دڵنیام خوداش کردەوەکانمی پێ ناخۆش نەبووە. مەرگ بۆ پیرەپیاوێکی وەک من گەیشتنە بە بڕوا. نەتبیستووە دەڵێن خودا

بڕوای بدات، ئێ مەبەست ئەوەیە هەندێک جار مەرگ ناوی بڕوایە و خودی بڕواشە. لەم نزیکانە کە جێم هێشتن ڕێگەی گەڕانەوە بگرنە بەر، دڵنیا بن لە هەر شارێک ئایین لە بڕوا بەهێزتر بوو، لەو شارەدا خۆشەویستی گوناهێکی گەورەیە. بریا ئایینەکەی ئێمەش لەو ئایینانە بوایە، کە خۆشەویستی تێیدا بڕوایە نەک گوناه. من بەم دەستە لەرزۆک و بێهێزانەی خۆم، درزی دیوارەکەم پڕ دەکردەوە، کەچی مرۆڤەکان نەیاندەهێشت و ئارەزوویان لێ بوو ماڵەکە بە وێرانی و ناشیرینی بمێنێتەوە. ئارەزوومە دوای من کەسێک بێت ئەم ماڵە ئاوەدان بکاتەوە؛ درزەکانی ژیانم پڕ کردووەتەوە، کاری ئێوەیە جوان سواغی بدەن و ڕەونەقەکەی دەرکەن."

قسەکانی بۆنی نائومێدی و وەسێتیان دەدا، لای خۆمەوە ئارەزووم لێ نەبوو لە بارەی مەرگیەوە وشەیەک ببیستم. چەندێک بیرم لێ دەکردەوە نەمدەتوانی ئەو هەستە دروست بکەم لێی دادەبڕێم. گەرچی مەرگ لای ئەو کردنەوەی دەرگە ڕاستەقینەکەی ژیانە، لای من بە تەنیا گەڕانەوە بۆ ماڵ و دڵشکانێکی قورس بوو. ئەو ڕۆژەی دەستمان بە سەفەر کرد باوکم پێی گوتم: "سەفەر لەگەڵ پیاوی بەئەزموون کۆکردنەوەی هەموو دونیایە." وام دانابوو دێمە ئێرە وانەکانم دەخوێنم، پلەی مەلایەتی وەردەگرم و بە مێزەرێکەوە دەگەڕێمەوە. چیم لە خەیاڵی خۆم دانابوو پێچەوانەکەی هاتە بەردەمم. یەکێک لە جوانییەکانی سەفەر لەوەدایە، لەگەڵ خەیاڵت یەک ناگرێتەوە. کە سەفەر دەکەیت باشترە خۆت بدەیتە دەست سەفەرەکە، نەک خۆت بدەیتە دەست خەیاڵەکانت. سەفەر نایەوێت ببێتە خەیاڵ. تۆ خەیاڵ مەکە و سەفەر بکە. خۆدانە دەست سەفەر لەبری خەیاڵ خۆدانە دەست چێژەکانە.

دەستەکەی هاخام و قەشەی گەورە چۆن سەریان لە ماڵی مووسێی باجگردا، سەریان لە خانەقاکەش دا. دوو ڕۆژێک لە هاتوچۆدا بوون، بڕوایان بە هەردوو لا کردبوو چارەسەرێکی ناوەندی بدۆزنەوە.

کتوپڕ ئێوارەیەک ڕۆدانی ڕۆمی بە هەڵەداوان هات، لە دوورەوە دەستی با دەدا و خۆشیی خۆی دەردەبڕی. بە هەناسەبڕکێوە دانیشت و بەدەم پێکەنینەوە گوتی: "ئۆرتینە ڕازی بووە سەرێک لە جەنابی شێخ بدات و پێکەوە قسە بکەن. بە مەرجێک کەس لە نێوانیاندا نەبێت." ئێمە بەم هەواڵە گەشاینەوە، کەچی شێخ هیچ دڵخۆشییەک بە ڕوویەوە دەرنەکەوت.

کاتەکە دانرا، سبەی بەیانی ئۆرتینە بێت و دیدارەکە ڕوو بدات. ئێمە لە خۆشیی دیدارەکە چووین بۆ بازار دەستمان کرد بە کڕینی میوە و سەوزە و خواردنەوە. بە ڕۆدانی ڕۆمیم گوت: "خۆ دونیا نارۆخێت، گۆزەیەک شەرابیش دەکڕین. تا ئێرە گوناهێکمان نییە، با بەم بۆنەیەوە گوناهێک بخەینە ناو تەمەنمان." ئەویش لاریی نەبوو، گۆزەشەرابەکەمان کڕی و بە دەستی پڕەوە گەڕاینەوە. میوە و سەوزەکانمان پاک شوشتنەوە و خوانێکی سەوزی تەڕمان ڕازاندەوە. چوارقوڵی دەوری خوانەکەمان دا و گۆزەشەرابەکەشمان قیتوقنج لە ناوەڕاستدا دانا. سەرەتا شەرممان دەکرد، دەترساین شێخ کەیفی پێ نەیەت بەو جۆرە بخۆینەوە. خۆی دەمی پێوە نەدا و نیگەران بوو، مۆڵەتی دا ئێمە هەوای خۆمان وەربگرین. بەدەم ژەنینی تەنبوورەوە لە ناو ئەو باخە خۆشەدا دەستمان کرد بە نۆشینی شەراب. یەکەم قومی پەیمانەکە تامێکی تاڵی تفتی هەبوو، لە تامی بۆڵەترییەکی گەنیوو دەچوو. لە پەیمانەی دووەمدا خۆشتر بوو. وردەوردە سەرم دەسووڕایەوە و ئارەزووم لەجوڵەجوڵ بوو. لە پەیمانەی سێیەمدا هەرسێکمان خۆش بووین.

مەستبوون جیهانێکی سەیرە، قاچەکانت، خەیاڵ و هۆشت پێکەوە هەڵتدەگرن و دەتبەنەوە بۆ ناو یادەوەری. یەکێک لە جوانییەکانی مەستبوون زیندووکردنەوەی خۆشییەکان و ئازارەکانی ناو ژیانتە. لەوانەیە من یەکەم جارم بووبێت بۆیە وا سەرحاڵ ببووم. نیوەی ژیانم بە خراپ و باشەوە هاتەوە بەر دیدەم، گەڕامەوە بۆ سەردەمێک

تەنیا مەی دەتوانێت وا بە خێرایی بتگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمە.
گەیشتمەوە بەردەم کۆڵانەکەی ماڵی خۆمان، لە بەردەم دەرگەی ماڵەکەمان ریزێک کورسیی کۆنی شکاو و خواروخێچ داندرابوون، ئێواران لەسەریان دادەنیشتین.
لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتم و لە نێوان گەڵای درەختەکاندا بۆ شینایی ئاسمان دەگەڕام. باخەکەی بەرامبەر ماڵەکەمان نۆباوی بوو، ئاوێکی پاک ب ەخوڕ بە تەڵانەکاندا دەهاتە خوارەوە. خۆبادانی لقەکان و هەڵکردنی شنەباکە و خوڕەی ئاوەکە، درەختەکانیان هێنابووە سەما. جارجارە چۆلەکەیەک بە شەقەی باڵەکانی دەنگی سروشتی خۆشتر دەکرد و لەم لقەوەی دەفڕی بۆ ئەو لق.
منداڵەکانیش لە ناو باخەکەدا بەلەمی بچکۆلانەیان دروست دەکرد و دەیان دا بەدەم جۆگەئاوەکانەوە، جۆگەئاوەکان بەلەمەکانیان دەبرد و منداڵەکانیش بە خۆشییەوە دەکەوتنە شوێنی. لە پشت باخەکەشەوە ڕیزە خانووەکەی بەرامبەر کێوەکە، سێبەری خۆیان درێژ کردبووەوە بۆ سەر لقی درەختەکان.
من سەیری دیمەنەکانم دەکرد و دایکم بە خۆی و قاپێک هەنجیرەوە لە تەنیشتم دانیشت، بە چاوە سەوز و میهرەبانەکانیەوە لێم ورد بووەوە. هەمیشە خەمی بوو پیر ببم، بە ناو تاڵ تاڵی قژەکانمدا دەگەڕا بزانێت تاڵە سپییەکانی سەرم لە کوێدا دەرهاتوون. لە گەڕانی ناو سەرم دەبووەوە و خۆشحاڵی دای دەگرت هێشتا سپێتی نەیداوە لە سەرم. بە دەنگە ناسک و پڕ لە میهرەکەیەوە دەکەوتە ئاواتخواستن بۆم: "خۆزگە نەدەمردم و ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم دەبینی بوویتە خاوەن ماڵی خۆت. شەرت بێت بە شەرتی خودا حەوت ڕۆژ و حەوت شەو بۆت هەڵبپەرم. وای خودایە لەم دونیایە بمهێڵەوە تا نەوەی نەوەکەم ببینم. بهێڵە چاوم لەم دونیایە نەبڕێت تا جارێک بیخەمە باوەشم. ئاواتی من ئەوەیە نەوەی نەوەکەم بە ناو ماڵەکەمدا

بگەڕێت." بەم جۆرە دەستی دەکرد بە هەڵرشتنی ئاواتەکانی و منیش گوێم بۆ دەگرت.

دەمەوعەسران نەرمەنەرم باوکم لەوسەری کۆڵان دەردەکەوت، بە خۆی و سەبەتەیەک کەلوپەلەوە بەرەو ماڵ دەهاتەوە. سەبەتەکەی باوکم هەمیشە پڕ لە میوە بوو، ڕەنگی مەرەکەبەکان دەڕژا بەسەر میوەکاندا و هەمیشە دایکم بۆڵەی دەهات لەسەر چەندبارەبوونەوەی ئەو حاڵە. بە زمانێکی گلەیئاساوە بە باوکمی دەگوت: "ئاخر پیاوەکە، نە ڕۆژێکە نە هەزار، من دەبێ خەریکی پاککردنەوەی مەرەکەب بم بەسەر میوەکانەوە. دەی جارێ مەرەکەبەکە بە جیا هەڵبگرە با نەرژێت بەسەریاندا." باوکیشم گەرچی ماندو بوو، خۆشی بەم گلەییانە دەهات و پێکەنینێکی بۆ دەکرد. بە چاوی خۆم بە دەستی ئەنقەست وای دەکرد، شەیدای مەرەکەب بوو، مەرەکەبی دەبینی دەڕژا بەسەر شوێنێکدا بە دیارییەوە دەوەستا و چێژی لە تەماشاکردنی دەبینی. دوانزە مانگە پەنجەکانی شین و سوور و ڕەش ببوون بە مەرەکەب، دەستەکانی بەرز دەکردنەوە و بە کەیفەوە دەیگوت: "ئەم ڕەنگانەی سەر دەستەکانم ژنیانمن، ژیانی من لەناو شوشەیەک مەرەکەبدایە. ژیان خۆشی لە شوشەی مەرەکەب دەچێت، تکتک لێی دەردەهێنی و پێی دەنووسی، تا لە کۆتاییدا چۆرەی لێ دەبڕێت. چەند جوانە ئەو دەستەی بە ماندووبوونی خۆی ژیان بەدەست دەهێنێت. دەستەکانم خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانیان چەشتووە. سوپاس بۆ خودا ئەم دەست و هۆشەی پێ دام لەباتی دەستم بە خوێنی مرۆڤ و باڵندەکان سوور ببێت، بە مەرەکەب سوور دەبێت."

بە دەنگی پێداکێشانی پەیمانەکان لە یادەوەرییەکانم دادەبڕام و دەگەڕامەوە سەر خوانەکە. **غەرقانی** قژە درێژەکانی بەردابووەوە و یەخەی کراسە سونەتییەکەی کردبووەوە، تەنبوورەکەی لە باوەش کردبوو دێوانە ئاسا دەیژەنی و سەری لەگەڵدا با دەدا. قژەکانی تێک

ئالابوون بەسەر یەکدا و چاوەکانی داخستبوو، ژەنینەکەی و سەرگەرمییەکەی لای ئێمە دوری خیستبوویەوە و بردبوویەوە بۆ ناو جیهانەکەی خۆی. لە بەرامبەریشم ڕۆدانی ڕۆمی بە خۆی و دەنگە خۆشەکەیەوە، گۆرانییەکی کۆنی ناوچەی کەلهووڕیانی دەگوت. گۆرانییەکەی باسی لە چیرۆکی غەریبەیەک دەکرد، لە غەریبدا بیری یارەکەی دەکات. پاش ئەو گۆرانییە بە ئاوازێکی تر گۆرانییەکی لووڕی دەگوت، کوڕە تەقە لە دەرگەی ماڵی کچە دەدات و کچەش لە ترسی باوک و دایکی دەرگە ناکاتەوە، ناچار تا بەیانی ئەم لەمدیو دەرگە و ئەو لەودیو دەرگە بە چرپەوە قسە دەکەن.

خوانەکەمان تەواو زەریف بوو، بە هەوای دیداری عاشق و مەعشوقەوە خۆمان خزاندە ناو جیهانی مەستییەوە. دەچیتە ناو مەستییەوە و ئارەزووی گەڕانەوە ناکەیت. مەستی هۆشت لێ وەردەگرێت، لە تەنیشت وەرگرتنەوەی هۆشت نیوە ونبووەکەی خۆتت دەداتەوە. دەکرێ لە ئایینەکاندا بۆیە مەستییان حەرام کردبێت، لە ناو مەستیدا دەتوانی هەموو ئەو شتانە بکەیت کە لە ئاگاییدا ناتوانی بیانکەیت. وای خودایا! ئایینەکان چەند بێزارن لەو مرۆڤەی خۆی بێت. دە وەرە نەفرەت نەکەیت، مەی حەرامە و شمشێروەشاندن و سەرپەڕاندنی مرۆڤ حەڵاڵ! ئاخر کوشتنی مرۆڤەکان لەسەر ئایین کەی داخوازیی خودایە؟! خودا مرۆڤی دروست کرد نەیچرپاند بە گوێیدا گەر لەگەڵ من نەبیت، یەکێک دەنێرم بتکوژێت. داخوازیی خودا لە سەرەتای مرۆڤدروستکردنەوە خۆشەویستی بوو. گوتی لای من خۆشەویستی مەکەن، زەویتان بۆ دروست دەکەم بۆ خۆتان لەو زەوییە فراوانەدا خۆشەویستی بکەن و پێکەوە بن. لەبەر خاتری خۆشەویستی دوو کەس خودا ئەم گەردوونەی دروست کرد. یەکەم شەڕی **هابیل** و **قابیل** یەکەم دڵشکانی خودا بوو. لە ئەفسانە کۆنەکاندا شەڕی دوو براکە نیشانەیە بۆ تاریکبوونی زەوی، نیشانە نییە بۆ دڵخۆشیی خودا. دروستکردنی زەوییش لەبەر خۆشەویشتییەک بووە.

پەیمانە دوای پەیمانە تێمان دەکرد و دەمانئۆشی، شێخ تاقەتی هاروهاجییەکانی ئێمەی نەما، لە شوێنەکەی خۆی لەسەر پارچەحەسیرەکە پاڵ کەوت و دەستی چەپی خستە سەر چاوی و خەوت. ئێمە تا گۆزەکە قەترەیەک شەرابی تێدا ما دەستمان هەڵنەگرت، هێندەمان نۆشی کوڵمەکانمان ئاگریان تێبەر بوو و سوور هەڵگەڕان. دەستمان دەبرد بۆ پەیمانە و میوەکان دەهاتن بە دەستمانەوە، مێشکمان توانای ئاراستەکردنی دەست و قاچەکانمانی نەما. لە پەلوپۆ کەوتبووین و لە خۆمانەوە بە یەکتری پێدەکەنین. ماوەیەک گرتمان بە لقێکی درەختی توەکەوە، با دەهات و دەیجوڵاند، پەیمانەکانمان بۆ بەرز دەکردەوە و هاوارمان دەکرد: "هێی! بوەستە! کەمێکمان لەگەڵ بخۆرەوە، چییە تۆش با مەستی کردوویت؟ ئێ دەزانین با مەی درەختەکانە و مەستیان دەکات، ئێمەش مەستین قوربان." ئاوا قسەی هەڵیتوپەڵیتەکانمان بە ناو باخەکەدا دەنگی دەدایەوە.

ئەو ڕۆدانە هاروهاجە بەس لە سۆفیگەریدا شارەزا نەبوو، لە مەیئۆشینیشدا شارەزا بوو؛ هەڵدەستایەوە سەر چۆک و سەرە بچووکەکەی با دەدا، ئارەزووت دەکرد تەماشای بکەیت. ئەمە بۆیە میر و بارۆنەکان شەیدای مەیخواردنەوەن، مەی دەتباتەوە بۆ شوێنێک و دونیایەک منداڵ دەبیتەوە. شەیتان هاتبووە ناو مێشکم و پێی دەگوتم: "ژنێکی نازداری قەدباریکتان لا بوایە، بەو شەرابە چاوەکانی مەست دەبوون و سەمای بۆ دەکردن و بۆ خۆتان دەبوون بە میر و بارۆن." میرو بارۆنەکان بەبێ ژن ناخۆنەوە. ژنەکان زۆر گوناهن، تا ساتی جوانکردنی ژیان لە بەرچاوی پیاوان ستاییشیان دەکەن، پێچەوانەی ویستی پیاوانیشەوە جووڵانەوە پەلاماریان دەدەن. ئایینەکانیش چونکە ئایینی پیاوانەن، شوێنی ژن لە ناویاندا لە شوێنی شەیتان باشتر نییە. مەگەر ئایینێک بێت پەیامبەرەکەی ژن بێت بتوانێت شوێنی ژن بگەڕێنێتەوە شوێنە ڕاستەقینەکەی خۆی. ئەم

ئایینە پیاوانانە تازە ژنیان خستووەتە گۆشەیەکی تەنگەبەری بێ هەناسەوە. لە ئەفسانە کۆنەکاندا هاتووە یەکەم خوداوەندی ژن بە دەستی پیاوان تێکش کا، لە دوای تێکشکانەکەیەوە تا کۆتایی زەوی ژنەکان لە ژێر دەستی پیاوەکاندا دەمێننەوە. بەدەم ئەم خەیاڵە شەیتانییانەی ناو مێشکم، ئاگام لە خۆم نەماو کەوتم بە پشتدا.

***

تیشکی هەتاوەکەی بەیانی بە ناو لقی درەختەکاندا خۆی شۆڕ کردبووەوە، تینی خستبووە سەر ڕوخسارم. لە نێوان ئاگایی و خەودا هەستم بە گەرمایەکی زۆر دەکرد لەسەر دەموچاوم، چەنێ خۆم ئەمدیو و ئەودیو پێ کرد سودی نەبوو. زۆری بۆ هێنام و ناچار هەستامەوە.

تەماشایەکی ئەمدیو و ئەودیوی خۆم کرد چۆڵ بوو، تەنها **شێخ** لە بندرەختەکە ئێوارە چۆن کەوتبوو، جووڵەی نەکردبوو لە شوێنی خۆی. دڵم نەهات خەبەری بکەمەوە، خۆم گورج کردەوە و بەرەو خۆشۆری خانەقاکە بەڕێ کەوتم. ئاوێکی فێنکم کرد بە خۆمدا و گورج بوومەوە. هاتمە بەردەم حەوزەکە و قژە تەڕەکانم شانە کرد. قاپێ شەکراوم گرتەوە و خواردم، تا ئەو تۆزە سەر ئێشەیەم چاک بێت. لە قەراغحەوزەکە دانیشتبووم، **مەلا بەیجووری** بە خۆی و ڕیشە خەناوییەکەیەوە دەرکەوت. دەستی کرد بە تانەوەشاندن دیسان، بە دەنگە بێتامەکەی گوتی: "چییە تەنیشت خانەقاکەتان کردوە بە مەیخانە؟ چۆن لە ڕووتان دێ بێنەوە ئێرە؟ ئێوە چ جۆرە ئایینداریکن! شەوان لەسەر مێزی بادەن و بە ڕۆژیش لە خانەقا. دیارە شەوان لای ئێوە تاریکە و خودا ناتانبینێت. باش ئایینەکەمان پڕ بووە لە خەڵکی دوورلەئایین. یەکێکیان بکەن، خودا بە ئێوە ناخەڵەتێت. قسەی قۆڕە وا بزانن هەموو شت لە شوێنی خۆیەتی. یان ئەوە بن یان ئەمە."

تاقەتم نەبوو وەڵامی بدەمەوە، ئارەزووشم دەکرد لەم خانەقایە نەمێنم. ئەوەندەی خەڵکانی ناو خانەقاکە ئازاریان دام، نیو ئەوەندە مەستەکانی ناو مەیخانەکە ئازاریان نەدام. هەواڵی دیدارەکەی **شێخی سەنعان** و **ئۆرتینە**ی بیستبوو و حاڵی پەرێشان بوو بەو هەواڵە. ئەو دوانە دیدارەکەیان بکردایە و بگەیشتنایەتە ئامانجێک، دەگەڕاینەوە ناو شوێنی خۆمان و کۆتایی بەم ڕق و کینەیە دەهات. مورید و فەقێیەکان بەردەوام چاوەڕێی گەڕانەوەی **شێخ** بوون. هاخام و قەشەی گەورە هەوڵیان دابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، **مەلا بەیجووری** ڕازی بکەن و لەگەڵیان بێت، قبووڵی نەکردبوو بچێتە نێوەندگیرییەکەوە. ئارەزووی لێ نەبوو چیرۆکەکە بەو خۆشییە کۆتایی بێت.

قاچم خستە ناو ئاوی حەوزەکە و کەمەکەمە سەرئێشەکەم بەرەو باشبوون دەڕۆیشت. ماسیە خنجیلانەکانی ناو حەوزەکە بە دەوری قاچە تووکاوییەکانم دەخولانەوە و بە دەمە ناسکە ختووکەدەرەکەیان گازیان لە بەینی پەنجەکانی قاچم دەگرت، بە حیسابی خۆیان بۆ خۆراک دەگەڕێن، کەچی ختووکەی منیان دەدا.

حەوشەکە ورتەورتێکی تێکەوت، زۆر گوێم نەدایە، ڕاهاتبووم بە ورتەورت و کێشەکانیان. بۆ خۆم سەرم نەوی کردبووە سەر حەوزەکە و سەرنجی ماسییەکانی دەوری قاچەکانمم دەدا. سەرم بەرز کردەوە، لە دەروازەکەوە **غەرقانی** بە شێواوی خۆی کرد بە حەوشەکەدا. بە چاوی پڕلەفرمێسک و گریانەوە قیڕاندی: "**شێخ** مرد! **شێخ** مرد!"

لە جێگەی خۆم حەپەساو و سەراسیمە تەماشام دەکرد، نەمدەتوانی لێوم بجووڵێنم. یانی چی مرد؟! زۆر نییە جێم هێشت، خەوتبوو. وای خودایە! ناشێ شەو مردبێت و نەمانزانیبێت! چەند گێلم!

شەو ئەو هەموو گۆرانی و هاتوهاوارەمان کرد، هۆشمان لای ئەوە نەبوو خەوی وا قورس نییە بە ئاگا نەیەتەوە و بێدەنگمان بکات. ئەها

بەردێک دەکێشرێت بە سەرتدا و زرمەیەکی لێوەدێت و ئازارێکت پێ دەگات، هەواڵەکە بۆ من وا بوو. لەم غەریبییەدا تاکە کەس و پشتیوانم ئەو بوو، ئەویش بڕوات دەبێ بە چ ئازارێکەوە بگەڕێمەوە! ئەی لای کێ کار بکەم؟ کێ نهێنییەکانی دڵی خۆیم بۆ هەڵدەڕێژێت و بیاننووسمەوە! کێ پێم بڵێت "غەزنەوانی بنووس دەی بنووسە"! بۆچی مرۆڤ لەم ژیانە ناخۆشەدا هەمیشە ئازیزەکانی پێش هەموو شتێک لە دەست دەدات؟ تا یەکێک دێتە دڵت و دەبێتە ئازیزت، نیوەی تەمەنت دەڕوات، کەچی بە چەند ساتێک ئەو کەسەت لە دەست دەچێت. مەرگ بۆ هێندە بێڕەحمە چێژ لە شکانی دڵەکان دەبینێت؟ مەرگ بۆ چێژ لە بردنی ئازیزەکان دەبینێت؟ ئیتر کێ زەردەخەنە و لۆچەکانی سەر تەوێڵی بکات بە نەقش بۆم! کێ فێری هێمنی و سەبرگرتنم بکات! کێ ڕیشە سپی و جوانەکەی تێکەڵ بە قژە سپییەکانی بکات و پاڵ بە کۆڵەکەیەوە بدا و دەست بکات بە ئامۆژگاریکردنم! کێ بە نەرمی لە تەنیشتمەوە دابنیشێت و ئاگەدارم بکاتەوە بە جوانی پیتەکان لە تەنیشت یەکدا بنووسم! نا، بڕوا ناکەم مردبێت، ئەو نامرێت. لەوانەیە خەو بردبێتییەوە و خەون بە ئۆرتینەوە ببینێت. نا نەمردووە، ئەو بمرێت من چی بکەم؟!

دڵم دەگوشرا، تا دەهات سنگم ئازاری زیاتر دەبوو. سەرئێشەکە بەری دام، دڵم زۆر تەنگ بوو، زۆر تەنگ. دڵم وا تەنگە، دونیا لە بەرچاوم تەنگ بووەتەوە و هاتووەتە ناو سینەمەوە و بە خێرایی لێ دەدات. نازانم بۆچی من لە شتەکان تێناگەم، نازانم چۆن بڕوا بە خەڵک بکەم ئەوەی بینیم ڕاست بوو و خەون نەبوو. ئەها چ ژیانێکی بێمرووەتە! تۆ بڕوانە، پیاوێکی پیری بڕوادار، پیاوێکی جوانی نوورانی، بە پاڵەوتنێک ژیانی جێ هێشت. لەدەستدانی ژیان چەند ئاسان بووەتەوە! لە چاوتروکانێکدا ئەوەی بیرت لێ نەکردوەتەوە ڕوو دەدات. سەیرە، شتە گەورەکانی دونیا بە بێدەنگی دێن. مەرگ،

هۆشیاری، دەستکاریکردنی ژیان و خودا. ئەمانە گەورەترین شتی ناو دونیانن و بێدەنگیشن.

نەفرەت لە جوانی، چی لە مرۆڤ دەکات. دەی من هیچ نالێم، تۆ لەباتی من بیر بکەرەوە و بپرسە، عیشق چییە؟ عیشق دەردە، ڕسواییە، ئازار و بێمروەتییە؟ عیشق خەونبینینە بە کەسێکەوە کە لە ژیاندا نایبینی و لە خەونەکاندا بۆی دەگەڕێیت؟ وای خودایە ئەو پیاوە بۆ وای کرد؟ من تێناگەم، بە خودا هیچ تێناگەم. ئا بیرم کەوتەوە، خۆی گوتی: "تەنیا مەرگ دەمگەیەنێتە ناو خەونەکانم." ئەوەتا مەرگ هات، تۆ بڵێیت ئێستا پێی گەیشتبێت؟ تۆ بڵێی یارەکەی لەگەڵیدا بێت؟ خوزیا دەمزانی کەسێک دەمرێت بۆ کوێ دەڕوات؟ چیی لێ دەکەن؟ چی دەبینێت؟ ئەی بابە سەرم لێ تێک چووە! حاڵم باش نییە، دڵم بە جۆرێک تەنگ بووە لە سینەما جێی نابێتەوە.

ناتوانم هەڵبستمەوە، حەوشەکە جمەی دێت، خەمگینی بە ڕوخساری موریدەکانەوە دیارە و مەلا بەیجووریش بزەی لێوی دێت، هەرچی دەکات ناتوانێت بزەکەی بشارێتەوە، بزەکەی سەر لێوی لەو ساتە دەچێت نامەکەی دەستی شێخی خوێندەوە و ڕوخساری تێک ئاڵابوو بەسەر یەکدا و نەیدەزانی بیشارێتەوە. چەندی دەکرد وا خۆی پیشان دا خەمگینە بە مەرگەکەی، کەچی بزەکەی دەردەکەتەوە و فێڵەکەی هەڵدەماڵی.

ئاوارەبوون و بەدبەختیی خۆم کەوتە بەردەمم، ئاوی ناو حەوزەکە بووەتە ئاوێنەیەک دیمەنەکانی تێدا دەبینم؛ ئێستا چی بکەم؟ کردمان ڕاست بوو مردبێت، دوای ئەوە چی؟ ئەی چی لەم خەمە گەورە و ئەم دڵە تەنگەم بکەم؟ تەنانەت ناتوانم بیر بکەمەوە، کێوێک لە پشتم بوو، کێوەکە ڕووخا و پشتم خاڵی بووەوە.

ئاوی ناو حەوزەکە تەزووی دەهێنا بە گیانمدا، ماسییەکان لە پەنجەکانم ئاڵابوون و هۆشم لە شوێنێک و خۆشم لە شوێنێکی دیکە بووم. چاوم تە ببوو، هاتوچۆی موریدەکان بە لێڵی دەکەوتە بەر

چاوم. بەسەری قۆڵەکەم فرمێسکەکانم سڕی، غەرقانیەم بینی چۆکی دادابوو و سەری خستبووە سەر ئەژنۆکانی و خوڕخوڕ دەگریا و جاربەجارە سەری بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان. داخەکەی ئەو لە هی من گرانتربوو، ئەو دەمێ پێش من دەیناسی. هێزم دایە بەر خۆم و قاچەکانم لە ناو حەوزەکە دەرهێنا و خستنمە ناو سەرپاکانم و چووم بۆ لای. نەمدەتوانی دڵی بدەمەوە، چونکە دڵی خۆم لە هی ئەو وێرانتربوو.ماڵخراپە لایەکی تەمەنی بڕوخایە قسەیەکی نەدەکرد، دەستم خستە سەر شانی و پێم گوت: "ئەمە چی بوو بەسەر ئێمەدا هات؟ بە ڕاستی بە چاوی خۆت بینیت مردبوو؟ ناتوانم بڕوا بکەم، ناتوانم. لە خۆم ڕانابینم بە مردوویی لێی بڕوانم. لەوانەیە کەمێکی دی هەڵبسێتەوە و قسەمان بۆ بکات. لەوانەیە ئامۆژگاریمان بکات. هێشتا زۆر شت ماوە فێرمان بکات. زۆر زووە بۆ مردنی."

بە چاوی پڕلەفرمێسک و دەنگێکی تەڕی پڕلەگریانەوە دەمی کرایەوە و وەلامی دامەوە: "بەڵێ، بە چاوی خۆم بینیم مردبوو. ئێمە نەزان بووین، دوێنێشەو سەری نابووەوە و مردبوو. گۆرانی و کەیفوسەفاکەی ئێمە سەری لێ تێک دابووین. حەیف نەگەیشت بە دیدارەکە. دڵنیام خۆی بە مەرگی خۆی دەزانی بۆیە کەیف و سەفاکەی ئێمە دڵی خۆش نەدەکرد. کاتێ گوتی سەر دەنێمەوە و ئێوە گوێ بە من مەدەن کەیفوسەفای خۆتان بکەن، ئاگای لەوە بوو سەرنانەوەکەی بۆ مردنە. نەیویست بە ئێمە بڵێت دوادیداریەتی لەگەڵمان.

بە چاوی خۆم بینیم، چۆن منداڵێک دەخەوێت ئاوا خەوتبوو؛ دەست و قاچەکانی ساردسارد ببوونەوە، چاوەکانی لێک نابوون، دڵە گەورە و میهرەبانەکەی لە جووڵە کەوتبوو. ڕەنگی سپیسپی هەڵگەرابوو. چەند جار لەسەر یەک سەرم خستە سەر سینەی بۆ دڵنیابوون، گوێم لە ترپەی دڵی نەبوو. حەکیمی گەورە هاتە سەری، هەوڵی دا دڵی بخاتەوە کار، درەنگ بوو. چاوەڕێ بکە، ئێستا دەیهێنن بۆ ئێرە،

بەچاوی خۆت تەرمەکەی ببینە با بڕوا بکەیت. من بێکەس کەوتم، ئومێدم نەماوە. دۆستی پاک و چاک لەم ڕۆژگارەدا بە زەحمەت دەست دەکەوێت. چەند ساڵە هاودەممە. نە جارێ لێم توڕە بوو، نە جارێ هەڵەیەکی کرد. هێندە بڕوام پێ بوو هەرچی بکردایە بێ دوودڵی دوای دەکەوتم. بیر بکەرەوە **غەزنەوانی بنووس**، گەرچی تۆ زیاتر قسە دەکەیت و بیر ناکەیتەوە، بیر بکەرەوە چیمان لە دەست دا، بیر بکەرەوە چۆن سەرگەردان بووین.
باپیرم ئامۆژگاری کردم، گوتی: 'کەسێک عەقڵی کار بکات دەمی ئیش ناکات. کەسێک دەمی کاری کرد عەقڵی کار ناکات.' تۆ هەمیشە لەباتی عەقڵت بخەیتە گەڕ، دەمت خستووەتە گەڕ. بیر بکەرەوە **غەزنەوان**، ئەو پیاوەی ئێمە هاوسەفەری بووین چ مەحشەرێکی بەدی هێنا. دەزانم زۆر کەسی وەک تۆ لەو مەحشەرە تێناگەن، ڕۆژگارێک دێت، کەسانێک پەیدا دەبن ئەو مەحشەرەی **شێخی سەنعان** بەدی هێنا، دەیکەنە کتێب و دەیخەنە بەردەم لاوەکان. شەڕی نێوان عیشق و ئایین و بڕوا بە کەسی گێلی وەک **مەلا بەیجووری** ناکرێت، بە کەسی هۆشیار دەکرێت.
من کوڕێکی قسەکار نیم، دەربڕینەکانم باش نین. شارەزا نیم لە ڕیزکردنی وشەی بریقەدار و بڕوای کەسم پێ ناگۆڕدرێت. هەمیشە زمانم دەرگەیەکی داخراو بووە، نەمتوانیوە بیرکردنەوەکانم بگەیەنم. بە تەنبوورەکەم بیرکردنەوەکان و هاوارەکانی ناخمم گەیاندووە.
عیشقەکەی **شێخی سەنعان** پیشانی دام عیشق لە هەموو ئایینەکان گەورەترە. ئایین سوننەتە، سوننەت کلتوورە.
لەناو میللەتەکەی ئێمە بێدەنگترین پیاو گەورەترین و ژیرترینمانە. کلتووری ئێمە فێری قسەت ناکات، فێری بیرکردنەوەت دەکات. ئەو ئاوازانەی لە تەنبوورەکانمانەوە دێنە دەر، دەنگی ناخمانە. ئەم پیاوەی هاودەمی بووین، بە نەرمی شتانێکی پیشان داین خۆمان نەماندەتوانی بیانبینین. پیشانی داین قسەی ناخۆشی خەڵک و تانەکانی خەڵک، بۆ کەسێکە نایەوێت وەک ئەوان بیر بکاتەوە. پیشانی داین

مەیخانە شوێنی کوفر نییە، شوێنی بریندارەکانە. پێی گوتین خۆدانە دەست ئایین دەتکاتە فریشتە و دەشتکاتە درندە. خۆدانە دەست عیشق و بڕوایش، هیچت لێ نەکات دەتکاتە مرۆڤ. من لە پەیامەکانی گەیشتم. دلگرانی ئەوەم خۆم دانابوو بۆ فێربوونی زیاتر، چاوەڕێی ئەوە نەبووم لێرەدا کۆتایی بێت. حیکایەتی زیندوو ئەمەیە، حیکایەتی زیندوو حیکایەتێکە ڕۆژگارەکان ناتوانن لە ماناکەی کەم بکەنەوە. ئەم حیکایەتە یەکێکە لەو حیکایەتانەی بەسەر سەردەمەکاندا باز دەدات. قسەی ئەم تەنبوو ژنە دەبێتە بەڵگەیەک تا مرۆڤ لەسەر زەوی بێت ئەم حیکایەتە نامرێت. عیشق و ئایین دووەم و سێیەم شتن هاتوونەتە سەر زەوی و تا کۆتایی دونیاش دەمێننەوە.

گوێت لێبوو چیم گوت؟ دەبڕۆ بۆخۆت بیر بکەرەوە، زۆرمان نەماوە لێرە. ئەوەی بینیمان بەسە بۆ گۆڕینی سەرتاپای ژیانمان. بیرکردنەوە و ڕووداوێک نەتوانێت ژیانت سەروخوار بکاتەوە، شایەنی گرنگیپێدان نییە. ئەوەی ئێمە بینیمان شایەنی ژیانمانە. لێت ناشارمەوە تەواوی بیرکردنەوەکانم گۆڕاون، ئیدی کوڕەکەی جاران نیم. گلەیی لە ئۆرتینە ناکەم بێڕەحم بوو لەگەڵی، دەشێ چارەنووسی حیکایەتەکە وا بێت. چارەنووس وشەیەکە لەسەر ژیانی یەک بە یەکمان نووسراوە، ئۆرتینە وای نەکردایە چارەنووسی حیکایەتەکە بەم شێوەیە نەدەبوو. تکا دەکەم لە هەموو شتێکدا بۆ دیوە جوانەکەی بگەڕێ. لە دیوە ناشیرینەکەی گەڕێ و جوانییەکان بە لاتەوە مەبەست بن. عەقڵی نەفرەتی بەردەوام حەزی لە شیکردنەوەی دیوە ناشیرینەکانە، تۆ ئەمەیان فەرامۆش بکە. دەزانی تا لە گۆشەی عیشقدا خۆت نەبینیتەوە ناگەیت بە بڕوا؟ تەواو، بەس ئەوە دەڵێم و زۆرم قسە کرد. چاوەڕوانی لە کەس مەکە و خۆت بیر بکەرەوە."

وای! هەرگیز ئەوەندە قسەی نەکردووە! دڵی هێندە تەنگ بوو، ئەو قسانەی هەڵنەڕشتایە شەقی دەبرد. خۆ مرۆڤ تا دەمی نەکاتەوە نایناسیت. وام دەزانی تەنها تەنبوورژەنێکی باشە، تومەز لە ناو خۆیدا

دەکولێت و بێدەنگییەکانی بۆ سەرنجدانی شتەکانە. ئەوەی ئەو دەیگوت بەشێکی خۆم پێی گەیشتبووم، بەشێکیشی تازە بوو لام.

***

بەسەر شانی چوار موریدەوە تەرمەکەیان هێنا لە مردووشۆرەکە دایان نا، جەسارەتم نەبوو بچمە ژوورەوە تەماشایەکی بکەم. تا دەهات خەڵکی کۆ دەبوونەوە. جگە لە من و **غەرقانی** و **ڕۆدانی ڕۆمی** کەس نەدەگریا. قەشەی گەورە و هاخام و **مووسێی باجگریش** لە ناو خەڵکەکە دەبینران. زۆر سەیر بوو، **مووسێ** هاتە لامانەوە و بە میهرەبانییەوە دڵی دەدایەنەوە، بە زمانێک جیاواز لە جاران گوتی: "حەیف، من دیوێکی باسەکەم دەدی، دیوە جوانەکەیم نەبینی تا ڕۆیشت. بڕواتان هەبێت پیاوێکی وا خراپیش نیم، بە دەست خۆم نییە ئاییندارەکان بینینیان ئازارم دەدات. شێخەکەی ئێوە لەوان نەبوو، چەندە ئازارم دا وشەیەک لە دەمی نەهاتە دەرەوە ئێشم پێ بگەیەنێت. پەپوولە بوو، پەیامی هەبوو، پەیامەکەی خۆی گەیاند و ئێمەشی شەرمەزاری دونیا و قیامەت کرد و خۆشی ڕۆیشت. ئەم شارە ڕق کوشتوویەتی. هات پێمان بڵێت عیشق تاقە ڕێگەیە بۆ ڕازاندنەوەی ژیان. ئێستا سەرتاپای شارەکە باسی گەورەیی دڵی دەکات، لە ناویشیاندا خۆم. دانی پێدا دەنێم پیاوێکم دوای لەدەستدانی ژنەکەم زەڕڕەیەک ڕەحم و خۆشەویستی لە دڵمدا نەما. دڵی من لەم شارە دەچێت، پڕە لە ڕق. شێخەکەی ئێوە هات شەڕی ڕقەکەی ناخمانی کرد. گوێ بگرن، هیچی نەکردبێت توانیویەتی منێک بگۆڕێت و وام لێ بکات لە دوای مەرگیەوە میهرەبانییەکەی ناخم زیندوو بکەمەوە و ڕقەکەی ناخم بکوژم. خوا بکات ئەوانی تریش وەک من گۆڕابن. خاکی ئەم شارە بێگیانە، خۆشەویستی تێدا ناچێنرێت.
گومانم نییە، گەردنم ئازاد دەکات. ئێوەش گەردنم ئازاد بکەن، چیتان بوێت بۆتان دەکەم، بەس بیرتان نەچێت تازە عیشقی ڕاستەقینە لەم

شارەدا دروست نابێتەوە، مرۆڤەکانی ئێرە ململانێی بەردەکان دەکەن. ئێوە بەرگەی ڕقی ئەم شارە ناگرن، بە قسەی برای خۆتان بکەن، بیر لە چارەنووسی خۆتان بکەنەوە. بەر لەوەی ڕقی شارەکە داگیرتان بکات لێی دور بکەونەوە. مەگرین، گریان نایگەڕێنێتەوە. ئێوە گەنجن، هێشتا زۆر ب ەبەرتانەوە ماوە. شانستان هەبوو لەم دونیا گەورەیەدا بوونە هاوەڵی پیاوێک، بۆ ئەوە هاتبووە ناو دونیاوە خۆشەویستی و میهرەبانی بچێنێت. بچن چی چاندووە ئاوی بدەن و بیگەشێننەوە. دوای مەرگی مووسی‌یەکەی پێشو نابم. کچەکەم مرۆڤێکی مەزنە، پێشوەختە شتەکانی دەزانی. جارێک لێم پرسی: 'کچم بۆ ئارەزوو ناکەی ئەو پیاوە ببینیت؟' بە نیگا تەڕ و ڕوونەکانیەوە لێی ڕوانیم و گوتی: 'باوکە، تۆ دەتەوێت چارەنووسی چیرۆکەکە تێک بدەم. کاری من نییە ڕێگری بکەم لە کاری مەزن، کاری مەزن دەبێ لێی گەڕێی ڕەوتی خۆی بگرێتە بەر. چارەنووسی ئەم چیرۆکە ئەوە نییە من بیگۆڕم، پێویستە ئارامم هەبێت تا بزانم بەرەو کوێ دەچێت. وازم لێ بێهننە و داوای هیچم لێ مەکە، ئەوەی من دەیزانم تۆش بیزانی وا دەکەی کە من دەیکەم.' ئەوکات باش لە قسەکانی تێنەگەیشتم، ئێستاش بە ئێوە دەڵێم نە لۆمەی من بکەن، نە ئەوانەی ئازاریان دا. ئەمە پەشیمانبوونەوە نییە، ئەمە بینینی ڕاستییەکانە."

بە سەرسووڕمانەوە گوێمان لێ دەگرت، لە دڵی خۆمدا دەمگوت هەقی خۆتە دەزانی لە کۆڵت بووەتەوە، هاتوویت بە زمانە خوارەکەت قەرەبووی کردەوەکانت بکەیتەوە. تازە چ سوودێکی هەیە، ئێستا ئەو لاشەیەکی ساردەوەبووە بە دەست مردووشۆرێکەوە ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکات. مرۆڤی ئەم مەملەکەتە هەتا زیندوویت چی ڕق لە ناخیانە هەڵی دەڕێژن بەسەرتدا و کە مردیشی بە زمانە خوارەکەیان دێن ستاییشت دەکەن.

لاشەکەیان شوشت، کفنیان کرد و و خستیانە ناو دارەمەیتێکەوە. من و ڕۆدانی ڕۆمی و غەرقانیی تەنبوورژەن و مووسێی باجگر

دارەمەیتەکەمان خستە سەر شانمان و بەرەو گۆڕستانەکە پێش قافڵەکە کەوتین. بە کۆڵانە باریکەکانی شاردا تێدەپەڕین، ژن و منداڵەکان لە بەردەم باڵکۆنی پەنجەرەکانەوە وەستابوون و سەیریان دەکرد. دارەمەیتەکە بە جاجمێکی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوو. هەندێک لە ژنی بەردەم باڵکۆنەکان دەگریان و هەندێکیان ئاویان دەپڕژاند بەسەر دارەمەیتەکەدا. حەشاماتێکی زۆریش کەوتبووە شوێن دارەمەیتەکە. حەشامات و سەیرکردنی خەڵکی وای کردبوو بۆت یەکلایی نەدەبوویەوە مەرگی ئەو پیاوەی تا مابوو نەفرەتیان لێ دەکرد، دوای مردنی چ کاریگەرییک جێ دەهێڵێت. لە نیوەی ڕێگەدا ئێمە ماندوو بووین و چوار کەسی تر هاتنە ژێر دارەمەیتەکە. لە ڕیزی یەکەمی پشتی دارەمەیتەکە پیاوماقوڵان و هاخام و قەشەی گەورە و **مەلا بەیجووری** بوون. زۆرمان نەمابوو بگەینە سەر گردی گۆڕستانەکە، یەکێک لە ناو خەڵکەکەدا هاواری کرد: "ئەوەی ئازارتان دەدا ئەوە مرد، ئەی دوای ئەو ئازاری کێ دەدەن! ئێوە خەڵکە بێڕەحمەکەی شار، کەمێک بیر لە مەرگ بکەنەوە با ڕەحمەکەی ناختان بتلیسێتەوە." کەس خۆی نەکرد بە خاوەنی پرسیار و قسەکەی و ڕێی خۆمان دەبڕی.

لەناو شاردا ئەنجوومەنێک هەبوو، کاری ئەم ئەنجوومەنە زۆرلایەنە بوو. پاکوخاوێنیی شارەکە و باجوەرگرتن و چاودێریکردنی سەروەت و سامانی خەڵک، گۆڕهەڵکەندن بۆ مردووەکان و چاندنی درەختێک لەسەر گۆڕی یەک بە یەکی مردووەکان و چەندین کاری دیکە. گۆڕستانەکە لە دوورەوە لە باخچەیەکی سەوزی ڕێکوپێک دەچوو بە دەستی باخەوانی شارەزا دروست کرابێت. گەیشتینە ناو گۆڕستانەکە و دارەمەیتەکەمان لە تەنیشت گۆڕێکی ئامادەکراودا دانا. کاری دەستەی گۆڕستان جگە لە ئامادەکردنی گۆڕ، تەرمەکەیان دەخستە ناو گۆڕەکە و بە شکڵی ئەو سەردەمە ئەمدیو و ئەودیوی تەرمەکەیان بە بەرد هەڵدەشنی و سەری تەرمەکەشیان بە بەرد دادەپۆشی.

پاشان خڕکەبەردیان دەکردە سەری و دوای خڕکەبەردەکان، بە خۆڵ دایان دەپۆشی. تەرمەکەیان هێنا و خستیانە ناو گۆڕەکە و جوان ژوورێکی لاکێشەی بە بەرد دەورەدراویان بۆ دروست کرد، خۆڵیان کرد بەسەریدا و بە دوو بەردی قنج دوو کێلیان بۆ دانا.

کاتێ دایان پۆشی، بوو بە دەنگەدەنگ و پرسیاریان دەکرد، کێ تەلقینی دەدا. هاخامی گەورە دەستی کرد بە قسەکردن و گوتی: "خەڵکینە هەمووتان بەخێر بێن، ئەمڕۆ پیاوێکی زانا و هاوڕێیەکی منماڵئاوایی لێ کردین. بێشک برا موسڵمانەکان نایانەوێت تەلقینی بە شێوازی ئەوان بخوێندرێت، چونکە لە ئایینەکەیان وەرگەڕابوو. نە من و نە قەشەش بۆمان نییە بە ئایینی خۆمان تەلقینی بدەین. لەم بەینەدا باشترە وەک بڕوادارێکی زانا ماڵئاوایی لێ بکەین. کارەکانی ئەم پیاوە هەمیشە بۆ من جێگەی تێڕامان بوون، دەمێک لێی تێدەگەیشتم و دەمێکیش تێنەدەگەیشتم. هەرچی بێت خۆی و خوداکەی باشتر یەکتر دەناسن. هیواخوازم مەرگی شێخی سەنعان مەرگی ڕق و تۆڵەکردنەوە بێت. با بە جوانی سەیری پەیامەکەی بکەین و کارێکی بەدیشی کردبێت لە بیری بکەین. نامەوێت درێژەی بدەمێ، دەمەوێت لە ئێوە مۆڵەت بخوازم قەشەی بەڕێز لە باتی هەموومان دوا ماڵئاوایی لێ بکات."

دوای ئەو قەشە گوتاری دا، گوتارەکەی هەستبزوێن و جوان بوو. بە هۆی نیگەرانی و دڵتەنگییەکەمەوە بە باشی تەواوی گوتارەکەیم لە بیر نییە. ئەوەی بیرم ماوە و یادداشتم کرد بەم جۆرە بوو: "خەڵکی شاری *سەمعا*، ئەی ئەو شارەی جێگای ئایینەکانە، ئەی خاکەکەی *سەمعا* گوێم لێ بگرە، ئەوە هاوڕێیەک و دۆستێکی ئازیزمان هاتە باوەشت، تا لە ژیاندابوو تێکۆشا مرۆڤەکان یەکتریان خۆش بوێت، ئەوانەی ئازاریان دا نەیاندەزانی مەرگ لەوان ئازاترە و لێیان دەستێنێت تا چیتر ئازاری نەدەن. پەیامی ئەو پیاوەی ئێستا بە بێدەنگ لە ناو گۆڕێک پاڵکەوتووە، پەیامێکی مرۆڤانە بوو. هەموومانی

بانگ کرد گەشە بە بڕوا و خۆشەویستییەکەی ناخمان بدەین. ئێمە تەنیا ئایینمان دەبینی و ئەویش بڕوا و خۆشەویستی. ڕاستە هەموو ئەوانەی لێرەین خۆمان بە بڕوادار دەزانین، لێ ناتوانین بەو جۆرە بڕوا دەربخەین کە ئەو دەری خست.

ئازیزان دوای ئەو من پێتان دەڵێم، ئایین بچووکترە لە بڕوا. عیشق لادان نییە لە ئایین، ئایین کلتوورە، سوننەتەکانی ناو ئایین تا ماوەیەک سوننەتن، دوایی دەبنە کلتوور. ئێمە دەتوانین کلتوورەکە جێبەجێ بکەین و نەشیکەین. بە جێبەجێکردن و نەکردنی ناتوانین بڕوا وەک خۆی بدۆزینەوە. بڕوا لە دەرەوە کلتوورە، لە دەرەوەی شوێنە. پەیامەکەی ئەم پیاوە ئاشکرا بوو، گرێدانی عیشق و بڕوا لە دەرەوەی سوننەت. ئومێدەوارم باش تێبگەن. جا باسی بکەن و لە خۆتانەوە مەکەونە سەروسەکوتکوتینی. ئەمە دوامالئاواییە و دڵگرانم بۆ کۆچی دوایی."

بە تەمابوون دوای قسەکانی قەشە، هەر کەسە و بەرەو ماڵی خۆی بچێتەوە. **مووسێی باجگر** دەنگی بەرز کردەوە و داوای لە خەڵکە کرد نەڕۆن و بوەستن، چی خەڵکی لێ بوو لە شوێنی خۆیان وەستان و ڕوویان کردە ئەو. ئەویش چووە سەر بەردێک و بە ڕاشکاوانە بە خەڵکەکەی گوت: "دەمەوێت دان بە هەڵەی خۆمدا بنێم، ئەم پیاوەم زۆر ئازاردا و لێشی تێنەگەیشتم. جوانترە مرۆڤ دان بە خراپییەکانی خۆیدا بنێت. چی خراپەیەک لەگەڵی کرابێت من بووم، کچەکەم نەبوو. ئەو بەیانییەی بڕیار بوو کچەکەم سەری لێ بدات و یەکتری ببینن و کێشەکەی چارەسەر بکرێت، بۆ شەوەکەی ئەم کوڕانەی لا بوو کە ئێستا لێرەن (دەستێکی بۆ ئێمە ڕاکێشا). ئێستا ئارەزوو دەکەم بە پوختی ڕاستییەکەتان بۆ بگێڕمەوە؛ بەیانییەکەی کوڕەکان جێیان هێشتبوو، تا هەردووکیان بە دڵی خۆیان دیداری یەکتری بکەن. من چەند جار بە کچەکەمم گوت: 'هەستە، درەنگە بچۆ بۆ دیدارەکەت.' ئەو دەیگوت 'باوکە سوودی نییە، تازە درەنگە.' نازانم چی لە بەینی

ئەو دوانەدا هەبوو، ئەوەی دەیزانم پێش ڕووداوەکان ئاگایان لە یەکتری بوو. زۆرم لێ کرد و ناردمە لای. لەوێ کاتێک گەیشتبووە سەری، شێخ ئەمری خوای کردبوو. لە ژێر سەرینەکەیدا پارچە تیانووسێکی دیبوو، پارچە تیانووسەکەی هێنایەوە و دایە دەستی من. ئەم وەسیەتەی تێدا نووسرابوو. ناڵێم شێخ موبارەکە، لێ زانیویەتی دەمرێت. گەر نەیزانیبێت بۆچی بە نهێنی و بێ ئەوەی کەس بزانێت ئەم وەسیەتەی نووسیوە. با وەسیەتەکەتان بۆ بخوێنمەوە:

'بڕوادارە خۆشەویستەکان، پەیامەکەی من گەیشت و خۆم دەڕۆم. تکام وایە یەکتریتان خۆش بوویت، من نەمدەوست ئازاری کەس بدەم، یەکەم ڕۆژ هاتمە ئەم شارە، بۆنی ڕق تێیدا ناخمی هەژاند. شارەکان لە دوورەوە جوانن، کاتێ دەچیتە ناویانەوە ئەوسا درک بە ڕەقی و بێڕەحمییەکەیان دەکەیت. بڕوا بکەن کاری من نییە ئازاری مرۆڤ بدەم. لانیکەم هیچم پێ نەکرێت، دەتوانم کەسێک بم بە بێ ئازاردانی مرۆڤێک ژیان جێ بهێڵم.

خودا زەوی لەبەر خۆشەویستی دروست کرد، دوو مرۆڤ خۆشەویستییان دەویست و شوێنیان نەبوو، ئەم زەوییەیان بۆ دروست کرا تا بێن بە کامی دڵی خۆیان تێیدا عیشق بکەن. نازانم چ ئافاتێک لە ناو مرۆڤدایە، پشت لە خۆشەویستی دەکات و یەکتری ئازار دەدەن. ئەوەی منی ئازارداوە، سوپاسی دەکەم. ئازاری ئێوە نەبوایە، عیشقەکەی ناخمم نەدەدۆزیەوە. ئەو کچەی بتوانێت عیشقی ناخی پیاوێک هەڵبگیرسێنێت، دەشتوانێت دڕندەیەک بکاتە پەپوولە. کەس لە ئێوە ڕقی لە پەپوولەکان نییە، چونکە جوان و میهرەبان و خۆشەویستن. باشە کاتێک پەپوولەکانتان خۆش دەوێت، بۆچی ناتوانن پەپوولەکەی ناخی خۆشتان کە عیشقە، گیانی بخەنە بەر و مرۆڤیشتان خۆش بوێت؟ بۆ پەپوولە نوستووەکەی ناختان لە خەو هەڵناستێنن بدات لە شەقەی باڵ؟ دەزانن مرۆڤ بە میهرەبانی و خۆشەویستییەوە چەند جوانە، دەی جوانییەکەتان بنوێنن.

ئازیزانی من، هەمووتانم خۆش دەوێت، تانەکانی ئێوە منی زیندوو دەکردەوە، قسە ناخۆشەکانتان زمانی شیرین دەکردم، دەستوەشاندنەکانتان فێری دەکردم عەقڵ هەبێت دەستوەشاندن پێویست نییە. لە نێوان خۆتاندا خۆشەویستی بچێنن تا ژیانەکەتان بە ئارامی بگوزەرێت.

ئێوە تێنەدەگەیشتن من و کچە لە خەونەکاندا یەکتریمان دەدی، عیشقەکەی ئێمە لە ناو ژیاندا نەبوو، لە ناو خەونەکاندا بوو. داخەکەم زۆربەتان بە تەمەندا کێشانەی عیشق دەکەن، داخەکەم زۆربەتان دوژمنی عیشقن و دۆستی ڕق و تۆڵەن.

عیشق لە ئازاری دووری باشترە، عیشق لە ڕق و تۆڵەکردنەوە باشترە. لە ناو مرۆڤدا دەیان بیرکردنەوە و دەیان خەیاڵ هەن، جوانترینیان ئەوانەن ڕێزی مرۆڤ دەگرێت. بمبوورن ئەوانەی بە وشەیەک، بە توورەبوونێک ئازارم پێ گەیاندبن، من خۆم دەناسم، پیاوێکی گۆشەگیر و خەمگینم، خەمەکانم گەورەترن لە ژیانەکەم، خەونەکانم گەورەترن لە ژیانەکەم. کەسێک ویستبێتی لێم نزیک بێت و نەمهێشتبێت، تەنیا مەبەستم بووە بەو کەسە بڵێم دوورکەوە لێم، با ئازارت پێ نەگات. ئاخر زۆر لەوە دەترسم ئازاری کەسێک بدەم، هێندە دەترسم لە ئازاردانی خەڵک، تا پێم بکرێت لە خەڵکەوە دوورم.

ئێستا کە ئەم وەسیتەی من دەخوێننەوە، من لە ناوتاندا نیم؛ فریشتەکەم دوێنێشەو هاتە خەونم و هەواڵی مەرگی پێ دام، هەواڵی پێ دام کاری من لەم سەرزەمینە تەواو بووە، دەبێت بچمە شوێنی خۆم، شوێنەکەی من لە دونیاکەی دیکە، یەکێکە لە خۆشترین شوێنەکان. کەسێک لەم دونیایەدا مرۆڤی خۆشویستبێت، لەودونیاش خۆشەویستی خودایە. خودا ئەوانەی خۆش دەوێت کە بە دڵێکی میهرەبانەوە دەژین و بە دڵێکی میهرەبانەوە زەوی جێ دەهێڵن. من یەکێکم لەوانە.

ناو شوێنە پیرۆزەکان مرۆڤ ناکاتە خۆشەویستی خودا، دڵێکی پاک و پڕ لە عیشق مرۆڤ دەکاتە خۆشەویستی خودا. ژیان وەک چنینی

فەرشێکە، چی لە ناو فەرشەکەدا دەچێنیت، ئەوە دێتەوە بەر چاوت. فەرشەکەی ژیانی منە، چنراوە بە خۆشەویستی و میهرەبانی و عیشق. دوای خۆم ئێوە دەتوانن لەسەر ئەو فەرشە دابنیشن و ئارامی ببینن. خۆشم بەرەو ئەو شوێنە دەچم، فەرشی جوانیان بۆ چنیوم. نامەوێت سەرتان بێێشێنم. ژیان بێ خۆشەویستی تام و بۆنی نییە، بێ عیشق ڕەنگی نییە، بێ ڕێزگرتن دۆزەخێکە. دۆزەخ شوێن نییە، ڕقەکەی ناخی مرۆڤە.

هیوادارم بمبەخشن و گەردنی ئەم پیرەپیاوە ئازاد بکەن، ماوەیەک لە ناوتاندا هاتوچۆی کرد.

## "شێخی سەنعان"

وەسیتەکەی خوێندەوە و تیانووسەکەی دەق کرد و دایە دەستی من. وردەوردە خەڵکەکە ڕۆیشت و سێ قۆڵی من و **ڕۆدانی ڕۆمی** و **غەرقانیی تەبنورژەن** مانەوە. خەریکی باشکردن و کوتینەوەی گۆڕەکەی بوین، گوێم لە دەنگی گریانی ژنێک بوو لە تەنیشتمانەوە. لایەکم بۆ کردەوە، ژنێکی ڕەشپۆش لە تەنیشتمانەوە دەگریا. **ڕۆدان** بە ژنەکەی گوت: "خودا سەبوریت بدات." سەری بەرز کردەوە، **تینا** بوو. تینا، ئەو کچە خەمگین و بەدبەختە و نازدارەی **مووسێ** بردبووی. ئەوەندە بەوەفا بوو هاتبوو بۆ سەر گۆڕەکەی **شێخ**. هەستا و بە خڕکەبەرد چواردەوری گۆڕەکەمان گرت و **تینا** گوتی: "من تا ئەمرم مەمنوونی **شێخ** و ئێوەم. بە خودا مردنی ئەو بەقەد مردنی باوکم دڵی ئێشاندم. بۆم بکرێت لەمەولا ئێوە بێن یان نەیەن، خۆم گوڵی جوان لەسەر گۆڕەکەی دەچێنم و بەخێویان دەکەم. ئارەزوو دەکەم گۆڕەکەی وەک دڵی خۆی پڕ ببێت لە جوانی."

ئێمە بەو خەمبارییەی خۆمانەوە دەستمان کرد بە دڵدانەوەی **تینا**. وەفای ئەو کچە لە کاتە سەختەکاندا دەردەکەویت، دەموچاوە پاک و

بێگوناهەکەی دونیایەک وەفای لێوە دەباری. دوای چاککردنی گۆڕەکەی، پێکەوە بەرەو ناو شار هاتینەوە. ئەومان لە نزیک ماڵی خۆی جێ هێشت و خۆشمان گەڕاینەوە بۆ خانەقاکە. ناو خانەقاکە کشومات بوو، **مەلا بەیجووری** قۆڵە تووکنەکانی هەڵکردبوو، دەستی وەردەدایە حەوزی ماسییەکەوە. ئێمەی بینی، بزەیەکی بۆ کردین و بە زمانە ناخۆشەکەی خۆیەوە گوتی: "پێویست ناکات پرسەی بۆ دابنێین، غەریبەکان پرسەیان ناوێت."

قسەکەی گەلێ ناخۆش بوو، منیش خۆم نەگرت و پێم گوت: "هێشتا ڕقەکەی ناخت نەمردووە؟! هێشتا نەگۆڕاویت؟! **مووسێی باجگر** بەو خراپییەی خۆیەوە کە تۆ باست دەکرد گۆڕا، بەس تۆ نەگۆڕاویت. تۆ بتەوێت و نەتەوێت پرسەمان بۆ دانەدەنا. پرسە بۆ سەبووریی کەسوکارە، کەسوکاری ئەو لێرە نییە تا سەبوری بدرێنەوە. ئێمەش کە هاوەڵێن، بە بینینی ئەو حەشاماتە بە شوێنیدا سەبووریمان هاتەوە. لە هەمووی خۆشتر حەشاماتەکە تۆی ئەزیەت دا."

دەستی لە ناو ئاوەکە دەرهێنا و قۆڵەکانی خۆی دادایەوە، ئینجا بە فیزێکەوە وەڵامی دامەوە، گوایە ئیتر ئەو نەماوە و بێ پشتوپەنا کەوتووین، باشترە بە گوێی بکەین و لە فەرمانەکانی دەرنەچین. منیش نەمکردە نامەردی و خستمە سەر دڵی، نە فەرمان لەو وەردەگرین و نە خۆشمان بە ئەهلی ئەم خانەقایە دەزانین کە پڕ بووە لە مرۆڤی بیمار. بۆیە بەم زووانە دەڕۆین و جێی دەهێڵین بۆ ئەوانەی بە ڕقەوە دەژین.

جێمان هێشت و چووینەوە هۆدەکەی خۆمانەوە. کتێبەکەم دەرهێنا و دەستم کرد بە نووسینەوەی وەسێتەکەی. **غەرقانی** داوای کرد ئەمشەو پێکەوە لە شوێنەکەی **شێخ** بخەوین، ئێمەش ڕازی بووین. دوای نووسینەوەی وەسێتەکەی، کتێبەکەم خستە ناو تێشووەکەم و ڕۆیشتن بۆ بن درەختی تووەکە.

لەوێ دانیشتبووین، **مووسێی باجگر** بە خۆی و سینییەک خواردنەوە هات بۆ لامان. بە ڕاستی گۆڕابوو، دەستمان کرد بە خواردن و گێڕانەوەی یادەوەرییەکان. لەو سەروبەندەدا باسی یادەوەرییەکان و نووسینەوەی چیرۆکەکەم کرد و کتێبەکەم پیشان دا، بە خۆشحاڵییەوە گوتی: "ئەمە شتێکی زۆر باشە. لەم شارە میرزای بنووسی باشی لێیە، ئارەزوو دەکەم هەفتەیەک خۆتان تەرخان بکەن ئەم کتێبە پێنج شەش نموونەی لێ بنووسنەوە و بیبیەخشینەوە بە کۆمەڵێک کەس بیخوێننەوە. ئەرکی بنووسییەکەی لەسەر من. دانەیەکیش بۆ **ئۆرتینەی** کچم." دەستپێشخەرییەکەیم بە لاوە جوان بوو، بۆیە بڕیارمان دا لە سبەینێوە دەست بکەینەوە بە نووسینەوە. دوای نووسینەوەی کتێبەکە، ئیتر بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان. گەرچی ئەو داوای کرد لە شارەکە بمێنینەوە، ئێمە پێمان خۆشبوو هەر یەکەوە بچێتەوە بۆ زادگەی خۆی.

شەوێکی خۆش و پڕئومێدمان بەسەر برد، ئەو پیاوەی بەردەوام ئازاری دەداین لە کۆتاییدا تێگەیشت نابێت وا بێت، بووە کەسێکی دڵکراوە و خۆشمەشرەب. یارمەتییەکی زۆری داین بۆ نووسینەوەی کتێبەکە و گەڕانەوەمان بۆ شوێنی خۆمان. بە یادی شێخەوە لە بن درەختی توووەکە بەسەرهاتەکانیمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. **مووسێ** ڕاستی دەکرد، گەیاندنی ناواخنی حیکایەتەکە بە خەڵکی، زیندووهێشتنەوەی ئەو باخچەیە کە نەخشاندبووی. وا ڕێک کەوتین کتێبێک بۆ خانەقاکە، یەکێک بۆ **ئۆرتینە**، یەکێک بۆ هاخام، یەکێک بۆ قەشە، یەکێک بۆ **تینا**، من، **ڕۆدانی ڕۆمی** و **غەرقانی** بنووسینەوە. ئەمەش پێویستی بە شەونوخوونینی و ئەرکێکی زۆر بوو، سێ قۆڵی ئامادەبووین شەونوخوونییەکە بخەینە ئەستۆی خۆمان و تا تەواوکردنی دەست هەڵنەگرین.

## تێشووەکەم خاڵی نەبوو

بەیانییەکەی بە دەنگەدەنگی **مووسێی باجگر** هەستاین؛ تەشتێک ئاوی هێنابوو لە تەنیشتمان دانابوو، دەموچاومانی پێ بشۆین و ناچار نەبین بچینەوە خانەقاکە. سینییەک بەرچاییش، سینییەکە هەنگوین و ماست و ڕەشکە و نانی گەرمی تەنووری تێدا بوو. بە زمانێکی شیرینەوە قسەی دەکرد، لە زمانی جارانی نەدەچوو. بەدەم دەموچاوشوشتنەوە کەوتە گاڵتەکردن لەگەڵمان و گوتی: "تەممەڵینە، کاتی گورجوگۆڵییە، من لە تەمەنی ئێوەدا بووم شەبەق لە ناو بازاڕ کارم دەکرد." بەرقولێکمان کرد و کەلوپەلەکانمان کۆ کردەوە و کەوتینە شوێنی بۆ ناو بازاڕ. لە ناو بازاڕدا ئەوانەی ئێمەیان دەناسی، غەریب دەکەوتە بەرچاویان **مووسێ**مان لەگەڵدایە. تاوێ بە ناو بازاڕەکەدا گەڕاندینی و لە سووچێکی خوارەوەی بازاڕی گەورەدا، بە پلیکانەیەکدا بردینیە ژێرزەمینێک. ژێرزەمینەکە بە هەرچواردەوریدا دوکانی بچووک بوون، لە سەرەوە بە پلیکانەکان دەهاتیتە خوارەوە، بۆنی مەرەکەب و تیانووس دەهات بەسەرتدا؛ بە بۆنی مەرەکەبەکاندا دەتزانی ئێرە شوێنی میرزای بنووسەکانە.

کە چاوم بەو هەموو دوکانی بنووسە کەوت، تەماشایەکی **ڕۆدانی ڕۆمی**م کرد و بە گلەییەوە پێم گوت: "کوڕی باش، تۆ منت بردە

شوێنە خراپەکانی ئەم شارە، جارێک منت نەهێنا بۆ ئەم ژێرزەمینە. ئاخر چیت دابوو لە ماڵی جێژفرۆشەکان، بۆچی منت نەهێنایە ئێرە؟ ئێرە شوێنی منە یان ماڵی جێژفرۆشەکان؟" سوێندی خوارد چەندە لەم شارەیە نەیزانیوە ئەم ژێرزەمینە هیی بنووسەکانی شارە. دوکانەکان بچکۆلانە بوون، کتێب و بەرگی کتێب و تیانووس بە دەستە و چین‌چین بە دیوارەکانیاندا هەڵواسرابوو. لە بەردەم مێزی خاوەن‌دوکانەکاندا دەیان جۆر قامیش و مەرەکەب لە کوپەدا ڕیز کرابوون.

مووسێ خۆی کرد بە دوکانێکدا، دوکانەکە کەوتبووە سووچی لای چەپەوە. پیاوێکی پیری سەرکەچەڵ، جلێکی کاڵی لە بەردا بوو، پەڵەپەڵە ڕەنگی مەرەکەب ڕژابوون بەسەریدا. لە پشت مێزێک دانیشتبوو، بە هۆی کورتەباڵاییەکەیەوە کەمێکی دیاربوو. سەری نەوی کردبوو و خەریکی کونکردنی بەرگی کتێبێک بوو. شاگردێکی لاوازی ملباریک بەنەکەی گرتبوو و بای دەدا تا وەستاکەی بەرگەکە کون بکات و بەنەکە بئاخنێتە ناو کونەکانەوە. مووسێ سەلامێکی لێ کرد، سەری هەڵبڕی و بە بینینی هەستایە سەر پێ. بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، لەو کەمە شوێنەی هەیبوو، لەسەر دەستە تیانووس و کتێبی بەرگگیراو دانیشتین. بۆنی نووسینی وشە وشکنەبووەکان حەیرانی کردبووم.

بەدەم چاخواردنەوەوە بۆی باس کرد بە نیازی نووسینەوەی کتێبێکی دەستنووسین و پێویستمان بە چەند میرزایەکی بنووس هەیە لە ماوەیەکی کەمدا کتێبەکە بنووسنەوە و خۆشمان هاوکاریان دەبین. ئەویش دڵنیایی داینێ خەممان نەبێت و ئەمڕۆ دەست دەکەین بە کارەکە دەکات و کاری ئەم بازارە ئەوەیە، ئێمە داوامان کردووە و شارەکەش پڕە لە میرزای بنووسی خەتخۆش و شارەزا لە کتێبدروستکردندا. پاش ئەوەی ئێمەی بەو میرزا بچکۆلانەیە ناساند، خۆی ڕۆیشت و گوتیشی ئەمشەو نەچینەوە بۆ خانەقاکە و لە ماڵی

ئەو داوەتـەین. منـیش ئەمەم زۆر بە لاوە خـۆش بـوو، بە بیـانووی داوەتەکەوە دەتـوانم ئۆرتینە ببیـنم و پرسیاری لـێ بکەم تـا بزانم چیرۆکی دڵی ئەو چۆنە و چەند پەیوەست بووە بە عیشقەکەوە.
لای پیـرەی بنووسـی بچکـۆلە مـاینەوە، ڕۆیشـت لەگەڵ خـۆی چـوار کەسی هێنا، کتێبەکەم لە تێشووەکەم دەرهێنا و لەسەر مێزەکە دام نا. پیرە بەرگی کتێبەکەی بینی، تەماشایەکی کردم و پرسی: "تۆ پێشتر کـاری کتێـب و بنووسـیت کـردووە؟" منیش بە بەڵـێ وەڵامـم دایەوە. کتێبەکەی ئەمدیو و ئەودیو پێ کرد و بە چاوە بچووک و قووڵەکانی ناونیشانەکەی خوێندەوە و بە زەردەخەنەوە گوتی: "ڕاستی لە زمانی خەڵکەوە ئەم چیرۆکەم زۆر بیسـتووە. سـەیر لەوەدایە ئەمڕۆ بـاوکی کچە خەریکی هەوڵدانە بۆ نووسینەوەی کتێبەکە. دیارە ڕۆژگـارەکە گۆڕاوە و ئەمڕۆ دوێنێ نییە." هەمووومان زەردەخەنەیەکمان کرد.
لەپشت دوکانە بچووکەکەیەوە هۆدەیەکی گەورەی لێ بوو، بردینیە هـۆدەکەوە و لەوێ بە ئاسـوودەیی شـوێنمان دەبـووەوە. هـۆدەی کـارکردن بـوو، تـا بنمیچـی دیـوارەکە بە تیـانووس و بەرگـی کتێـب هەڵچنرابـوو. داوام کـرد بەرگـی کتێـبەکە سـپی بێـت وەک دڵـی عاشقەکەی نـاوی. دەسـتمان بە کـارکردن کـرد، پێنج کەس سـەرمان خستبووە سەر دەستنووسەکەی من و خـەریکی گواستنەوەی بووین بـۆ نـاو تیانووسـە سـپییەکان. ڕۆدانـی ڕۆمـی کـاری تاڵتـاڵکردن و ڕستنیان بـوو تـا لەکۆتایدا بۆ بەسـتنەوەی بەرگ و تیانووسـەکان بەکاریـان بهێنین، غەرقانیـیش دەسـتنووسـەکانی بە باوەشێن وشک دەکردەوە و ڕیزی دەکردن و بە چەقۆیەکی تیژ زیادەکـانی لا دەبردن و ڕێک دەیبڕین.
کـاری یەکەم ڕۆژمـان خراپ نەبوو، شـەوق و ئـارەزوویەکی باشمان تێدا بوو بۆ لارەلە. میرزای بنووسەکانیش هێـور و لەسـەرخۆ بە خەتە خۆشەکانیان کاری خۆیان دەکرد. ئێوارەکەی پیرەی کەچەڵی چکۆلانە هاتە لامان و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: "ئەمڕۆ ماندوو بوون، بچن

پشوو بدەن. سبەی زوو وەرنەوە سەر کاری خۆتان. دوکانەکە دادەخەم."

کتێبە دەستنووسەکەم داخستەوە و خستمەوە ناو تێشووەکەم و کردمە شانم، بەرەو بازاڕەکە ڕۆیشتین. لە ناو بازاڕەکە گەڕانێکمان کرد و سەبەتەیەک میوەشمان کڕی، تا بە دەستی بەتاڵ نەچینە میوانداربییەکە.

ماڵەکەی تا بڵێیت خۆش بوو، بەردەم ماڵەکە هەیوانێکی ڕازاوە بە فنجانی گوڵ دەیڕوانی بە ناو باخەکەدا. لە هەیوانەکەوە دەرگەیەکی تێدا بوو بۆ داڵانە گەورەکەی میوانەکان، داڵانێکی گەورەی پڕ لە عەتیق و کورسیی تایبەت و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ. تابلۆیەکی گەورەی ژنێک لە سەرووی داڵانەکەوە دەیڕوانییە هەموو داڵانەکە، تابلۆکە ژنێکی زەریف، چاوڕەشی لێوئەستووری سەرپۆش بەسەر، سەرپۆشێکی سپیی دابوو بە سەریدا ڕوخسارە سپی و ناسکەکەی نوورانی کردبوو. بە خەیاڵی خۆم گوتم لەوانەیە ئەمە **ئۆرتینە** بێت. تێرامانی هەرسێکمان بۆ تابلۆکە **مووسێ**ی هێنایە قسە و دەستی کرد بە باسکردنی و گوتی: "ئەوە ژنە جوانەکەمە. پێش دوا سەفەرمان لای یەکێک لە نیگارکێشە دەستوپەنجە ئاڵتونییەکانی ئەم شارە کێشراوە. بە زمانی خۆم نەبێ، ژنەکەم یەکێک بوو لە ژنە جوانەکانی سەر زەوی. میهرەبان و شیرین، ژیانەکەی منی لێوانلێو کردبوو لە خۆشی. دوای مەرگی ئەو هەستم بە ژیان نەکردووە، چەندێک بیرم کردەوە نەمتوانی پاش ئەو ژنێکی تر بهێنمە ناو ژیانم. لەبەر ئەوە نا پیاوێکی بەوەفام، لەبەر ئەوەی وا دڵی داگیر کردبووم شوێنی کەسی تر نەدەبووەوە. لەبەر خاتری **ئۆرتینە**ی کچم نەبوایە نەمدەهێشت پاش ئەو ساتێک بمێنم، دەستی شکاوم کچەکەم ناچاری کردم ئەم ژیانە پڕوپووچە قبووڵ بکەم. هەر یەکەمان بیانوویەکی هەیە بۆ مانەوە لە ژیان، بیانووی منیش کچەکەمە."

چـووه هەوای خـۆی و دریـژەی دایە: "مـن گەنـج بـووم، گەنجێکـی شـەرمنی بڕوادار. دایک وباوکم ئاواتیان بوو ببم بە قەشـە، خۆشم حەزم لێ بوو. لە ناو کڵێسە بە چڕی خەریکی خوێندن بووم لەسـەر لاهـوت. زمـانی عیبـری و لاتینیم باشـە. کڵێسـە گەورەکەی ئەودیـو گردەکە، دووەم مـاڵی مـن بـوو. بەردەوام دەمخوێند و بوومە قەشـە. ڕۆژانی شەممە خەڵکی بۆ نوێژکردن و یادکردنەوەی خودا سـەردانیان دەکـرد. لە یەکێـک لە شـەممەکان ئەم فریشـتەیەم بینـی کە ئێسـتا تـابلۆکەی هەڵواسـراوە. بینینـی ئەم فریشـتەیە دڵە خەوتـووەکەمی ڕاچڵەکانـد. گوتـارم بـۆ خەڵکـی دەدا و هێـزی کـۆنترۆڵکردنی خـۆم لەدەست دابوو، چەندێک دەمویست تەماشای نەکەم، ملم دەسووڕا و چاوم دەچـووەوە سـەری. بە هەڵە نەچـووبم خەڵـکەکە زانیـان منـی قەشـەی گەنـج، تەماشـای کـچە جـوانەکە دەکەم. دوای یـادکردنەوە و گوتـارەکە، ڕیزیان بەسـت نانە بچووکەکەیـان پێ بدەم تـا بەرەکەت بکەوێتە ناو ژیانیانەوە. وەختێک سەرەی ئەو هات و دەمی کردەوە و نانەکەم خستە ناودەمی، هەناسـەیەکی گەرم هـات بەسـەر دەستمدا و لە حەسرەت هەناسـەکە دەسـتم دەلەرزی. بێ ئەوەی کـچە ئاگـای لـێ بێت، لە دوورەوە شـەیدای ببـووم. شـەممە دوای شـەممە چاوەڕێم دەکرد بێت.

ڕۆژێـک لە نـاو کڵێسـە خەریکـی پـاککردنەوەی گەردی سـەر پەیکەرەکەی حەزرەتی مریەم بووم، گوێم لە دەنگی پێی ژنێک بوو بەرەو شوێنی دانپێدانانەکە ڕۆیشت و لەوێ چاوەڕێی من بوو بچمە لای. منیش ڕۆیشتم گوێی لێ بگرم تا بزانم چ دەردێکیەتی. پەردەیەک لە نێوانماندا بوو، دەستی کرد بە دانپێدانان. باسی لەوە کرد باوکێکی هەیە هەمیشە مەستە، بە مەستییەوە دێتەوە مـاڵ و لە ئەو و دایکی دەدات. دوای ئامۆژگاریی لێ کردم چیی لێ بکەن. پاشان باسی لەوە کرد لەگەڵ دایکی گەیشتوونەتە بڕوایەک بیکوژن و ڕزگاریان ببێت لە ئـازاردان. کە باسـی کوشـتنی کـرد، پەردەکەم لا دایەوە و خـۆم پـێ

ڕانەگیرا. بە لادانی پەردەکە تووشی شۆک بووم، هەمان ئەو کچە جوانە بوو کە حەیرانی ببووم.
نەمهێشت بڕوات و ڕێگریم کرد لەو خەیاڵە خراپەی لە سەریاندایە. لەوێ دەرگە دڵی خۆمم بۆ کردەوە و خۆشەویستیی خۆمم بۆ دەربڕی. بەڵێنیشم پێ دا خۆشەویستییەکەی من قبووڵ بکات، کێشەکانی چارە دەکەم و لەو ئازارە دەیهێنمە دەرەوە و لە خزمەتیدا دەبم. وەڵامی نەدامەوە و ڕۆیشت. ترسام نەیەتەوە و ڕەنجەکەم بە با بچێت. ڕۆژی دوایی دەرکەوتەوە و بە ڕێزەوە پێشنیازی کرد گفتوگۆ بکەین. دەستمان کرد بە گفتوگۆکردن و ڕازی بوو پێکەوە بژین. ماوەیەک بەم جۆرە شوێنی دانپێدانانەکەمان کردبووە ژوانی خۆمان. بۆ قەشەیەک قورس بوو لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا ژوانی لەگەڵ ژنێک هەبێت، ناچار شوێنی دانپێدانانەکان بووە مەنزڵگەی دەردەدڵەکانمان.
لەو قەشانەش نەبووم دەست لەم دونیایە بەردەم و خۆم بۆ دونیایەکی تر هەڵبگرم، خۆشەویستییەکەمان دەستی پێ کرد و هاوسەرگیریمان کرد. بە هۆی هاوسەرگیرییەکەوە پێویستم بە کارکردن بوو، دەستم کرد بە کارکردن و دەستم بۆ هەر شتێک دەبرد قازانجێکی باش دەهاتە ناو دەستم. باوکی کچە بە هۆی مەستییەوە دواجار لە مەیخانەیەک سەری نایەوە. خانووەیەکی بچکۆلانەمان کڕی و دایکیم هێنایە لای خۆمان و ژیانە هێمن و خۆشەکەمان بەو جۆرە دەستی پێ کرد. کارکردنەکانیشم نەبوونە هۆی دوورکەوتنەوەم لە نوێژ و کاری قەشەیی.
ساڵێک بەسەر هاوسەرگیریەکەماندا تێپەری و ئەم کچە جوانەمان بوو، هاتنی ئۆرتینە بۆ ناو ژیانمان ڕژانی سەروەت و سامان بوو بەسەرمدا. نازانم بۆ لەو گەشتەمدا بردم لەگەڵ خۆم، لەوێ بەبێ گوناه و بەستەزمان و دەستەپاچە، بە تیخی پیاوە ئایینییە توندڕەوەکان کوژرا. ئێوەی موسڵمان دوو بەشن، بەشێکتان توندن و

بەشێکتان هێمن، بەشە هێمنەکانتان دەبنە حیکایەتی سەر زار و بەشە توندەکانتان دەبنە وێرانکاری ژیان. ئایینەکەی ئێمەش لەوەی ئێوە دەچێت. ئێوە بە ئێمە دەڵێن گاور، لە کاتێکدا ئایینەکەمان ئایینی خودایە.

دەی لێی گەڕێن، پەشیمان نیم لەوەی دوورکەوتومەتەوە لە ئایین. ئایین بۆ ئەوانەیە ڕەوتی ژیانیان نازانن و ئایین بۆیان ڕێک دەخات. کەسێک خۆی عەقڵی هەبێت و ڕەوتی ژیانی لێوە دیار بێت، پێویستی بە ئایین نییە. مەرگی ژنەکەم بۆشاییەکی گەورەی خستە ناخمەوە، **ئۆرتینە** ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە. بۆیە هەمیشە خەمی دەخۆم، بە دەستی خۆم گەورەم کردووە، خۆم دایک و خۆم باوک بووم بۆی."

بە هەلم زانی کە باسی کرد، بۆیە بە تکاوە تکام کرد ببینم و قسەی لەگەڵ بکەم. ئەویش پێی خۆش بوو بێتە ناومان و پێکەوە قسەبکەین، لێ گوتی: "پێش ئەوەی بێین بۆ ئێرە، پێم گوت، ڕازی نییە نە قسە بکات و نە بتانبینێت. کچەکەم سروشتێکی تایبەتی هەیە، تۆبەکارێکی ڕاستەقینەیە. ئێستا زانیم ئەوان پێش ئەوەی تەنانەت ئێوە بێن بۆ ئەم شارە، لە ڕێی خەونەکانەوە یەکتریان بینیوە و کاری باشیان بە یەکتری کردووە. کچەکەم بۆ کاری خێر نەبێت ناچێتە دەرەوە. هەمیشە پێم دەڵێت: 'باوکە، نهێنییەکانی دڵی خۆت بۆ کەس باس مەکە، با بە جوانی بمێننەوە.' پێی ناخۆش نەبوو **شێخی سەنعان** وای بۆ دەکرد، بڕوای وایە ئەوە پەیامێکە بۆ خەڵکی شارەکە. گوێش بە قسەی کەس نادات. نازانم شوو دەکات یان نایکات، یەک جار لێم بیستووە، شوو بە کەسێک دەکات لە دەرگەوە نەیەتە ناو ژیانی و لە پەنجەرەوە بێتە ناو ژیانی. جا بمبەخشن، نایەوێت دابنیشێت و دڵی خۆی بۆ ئێوە بکاتەوە."

دەستی خستە سەر شانی من و بە پێکەنینەوە گوتی: "دەزانم ئارەزوو دەکەی دەردە دڵەکەی ببیستیت و بینووسیتەوە، ئەو لەوانە نییە بە ئاسانی دەرگەی دڵی بۆ کەس بکاتەوە. کلیلی دڵی ئەو پێ ناچێت لای

ئێمەومانان بێت. ناشمەوێت دڵی بشکێنم و زۆری لێ بکەم بێتە لامان. نە پێشتر و نە دواتریش نامەوێت بچووکترین دڵشکانی تووش ببێت." نائومێد بووم، لە ژیانە پڕنهێنییەکەی ئۆرتینە تێنەگەیشتم. باشە بۆچی تینای بانگ کردبوو هەموو شتی پێ گوتبوو، کەچی ئێستا ئێمە هاتووینەتە ناو ماڵەکەیەوە نایەوێت بەخێرهاتنیشمان بکات؟ کارەکەی من قورسیش نییە، تەنیا باسکردنێکی خۆیەتی و بیرکردنەوەی خۆیەتی بۆ ئەو چیرۆکەی بەستراوە بە ناوەکەیەوە.

***

بە شەش ڕۆژ کتێبەکانمان تەواو کرد، باوەشێک کتێبی بەرگسپیی جوان، بە خەتی جوان نووسرانەوە. هەر کتێبێکمان کردە ناو سندووقێکەوە. یەکێکمان لە ناو کتێبخانەی خانەقاکە دانا، لە ژێر تیانووسی یەکەمدا نووسیم "پێشکەشە بە دڵە پڕ لە هەقیقەتەکەی **حەللاج**".

فەقێیەکان پێیان خۆش بوو بیخوێننەوە و دیوە شاراوەکەی چیرۆکەکەیان بۆ ڕوون ببێتەوە. یەکێک لە کتێبەکانیشمان برد بۆ ماڵی **مووسێی باجگر**. خۆی لەوێ نەبوو، دامانە دەست خزمەتکارێکی. من کتێبەکەی خۆم هەڵگرتەوە و پوخت و پاک دەسماڵێکی شینم تێوە پێچا و لە ناو سندووقێک دام نا. **ڕۆدانی ڕۆمی** و **غەرقانی**یش هەمان شتیان کرد و دانەیەکیشمان نارد بۆ ماڵی **تینا**.

کتێبەکەی قەشەی گەورەمان خستە بنباڵم و بەرەو کڵێسەکە بەڕێ کەوتم. قەشە لە باخچەی کڵێسەکە ئینجیلێک لە بەردەمیدا بوو و دەیخوێندەوە، سڵاوێکم لێ کرد و پاش هەواڵپرسینی یەکتری سندووقەکەم دایە دەستی. سندووقەکەی لێ وەرگرتم و پرسی ئەمە چییە، منیش گوتم کتێبەکەی **شێخی سەنعان**ە. دەرگەی سندووقەکەی کردەوە و کتێبەکەی دەرهێنا و ماچێکی کرد. پاشان سوپاسێکی زۆری کرد و پێی گوتم: "جوانترین دیاریت بۆ من هێناوە و ئەرکت

شاگردەکانیش دەست دەیدەمە نا، خۆم هەر ئەمە کێشاوە. بیخوێننەوە."
قەشەم جێ هێشت و گەڕامەوە سندووقەکەی هاخامیش ببەم. ئەویشم برد بۆ هاخام و بە هەمان شێوە ئەویش خۆشحاڵ بوو بە دیارییەکە.
ئیدی کارێکی وامان لە شارەکە نەمابوو، بریارمان دا بگەڕێینەوە بۆ زادگەی خۆمان. بڕە پارەکەی دەستمان بەشی ئەوەی دەکرد بمانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆمان. ماڵئاواییمان لە مورید و فەقێیەکانی خانەقاکە کرد و سەرێکیشمان لە ماڵی **مووسێی باجگر** دا. هات بە پیرمانەوە و پرسی خێرە، ئێمەش گوتمان دەگەڕێینەوە. بە پەلە ڕیۆشتە ژوورەوە و لەوسەرەوە بە سێ توورەکە پارەوە گەڕایەوە. چەندێک گوتمان نامانەوێت و بەشی خۆمان پێیە، سوربوونی لەسەر وەرگرتنەکەی ناچاری کردین وەری بگرین. پارەکەمان لێ وەرگرت و باوەشی پێدا کردین و ماڵئاواییمان لەویش کرد.
بە ناو شارەکەدا کەمێک گەڕاین و بۆ دواجار چاومان پڕ کردەوە لەو دیمەنە جوانانەی شار. بەرەو دەروازەکە کەوتینە ڕێ، لە بەردەم دەروازەکە وەستاین، ڕێگەکانمان لەوێوە جیا دەبوونەوە؛ **غەرقانی** بەرەو ڕۆژهەلات دەچوو بۆ شاری *تاقەوسان*، باوەشمان بە یەکتریدا کرد و ماڵئاوییمان لێ کرد. ڕێگەی **ڕۆدانی ڕۆمی**یش بەرەو باکور بوو، بۆ شاری *ڕۆم*، ئەویش ماڵئاوایی کرد و منیش بەرەو باشوور بۆ خاکی *حیجاز*.
لە دەروازەکەوە چوومە دەرەوە، کتوپڕ لایەکم بۆ شارەکە کردەوە، نووسینی سەر تەختە دارەکە هاتەوە بەر چاوم. بە ڕاستی ئەو نووسینە لە جێگەی خۆی بوو؛ مرۆڤ ناتوانێت بیبیار بدات هەموو شت دەبینێت. نووسینەکە دوا دیمەنی شارەکە بوو بینم، کە نووسرابوو:
"هەر کەسێک گوتی من هەموو شت دەبینم، کوێرێکی تەواوە."